# دۆزی کورد

## لە سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا

**(سەرچاوە کتێبی بەڵگەنامەیی)**

**بەشی یەکەم**

کۆکردنەوە و ڕێکخستنی

**لوقمان مەحۆ**

لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕانی

**عەبدولکەریم عوزێری**

بنکەی ژین

سلێمانی ٢٠٠٩

ل ٣٥٥ لوقمان مەحۆ

دۆزی کورد لە بەڵگەنامەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکاندا/ لەئینگلیزییەوە وەرگێڕانی عەبدولکەریم عوزێری. -- سلێمانی: بنکەی ژین، ٢٠٠٩.

٢١٨ل: ١٧،٥×٢٥ سم.-- زنجیرە: ١٠٥.

١- کورد- بەڵگەنامە. ٢- عوزێری، عەبدولکەریم (وەرگێڕ). ٣- ناونیشان.

کتێبخانەی گشتیی سلێمانی زانیاریی سەرەتاییی پۆلێن و پێرستی ئامادە کردووە

**سەرپەرشتی لەچاپدراوەکانی بنکە: سدیق ساڵح**

زنجیرە: ١٠٥

کتێب: دۆزی کورد لە سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکاندا

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: لوقمان مەحۆ

لەئینگلیزییەوە وەرگێڕانی: عەبدولکەریم عوزێری

پیتچنین: سیروان خەلیل

مۆنتاج: لاس

خەتو ڕووبەرگ: ئەحمەد سەعید

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: ٤٠٠٠ دینار

ژمارەی سپاردن: ١٩٩١ی ساڵی ٢٠٠٩

شوێنی چاپ: سلێمانی، چاپخانەی شڤان

سەرچاوە: The Kurdish Question In U.S Foreign Policy: A Documentary Sourcebook, Compiled by Lokman Memo, Greenwood Publishing Group, ٢٠٠٤.

**هەموو مافێك پارێزراوە. بەبێ مۆڵەتێکی پێشوەخت، بە هیچ شێوەیەك ڕێ نادرێ ئەم کتێبە یا بەشێکی دەر بکرێتەوە، یان لە چوارچێوەی زانیاری بەدەستهێناندا هەڵبگیرێ یا بگوێزرێتەوە.**

لە بڵاوکراوەکانی

**بنکەی ژین**

**بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی**

عیراق: هەرێمی کوردستان، سلێمانی؛ شەقامی ١١ پیرەمەگروون، گەڕەکی ١٠٧ بەرانان، تەلاری ژین- تەنیشتی (مزگەوتی شێخ فەرید)، تەلەفۆن: ٣١٩٤٧٣١-٢ ئاسیا: ٠٧٧٠١٤٨٤٦٣٣ یا ٠٧٧٠١٥٦٥٨٦٤

کۆرەك: ٠٧٥٠١١٢٨٣٠٩ ژ. سنووقی پۆست: ١٤

**www.binkeyjin.com**

## پێشەکیی وەرگێڕ

دڵخۆشکەر ئەوەیە میللەتەکەمان دەستەپاچە نییە؛ خەمخۆرو ڕۆشنبیرو تاکی لێهاتووی زۆری تێدایە، هەیانە لەلای خۆیانەوە کار دەکەن، کۆمەڵەو دەستەی بچووکیان پێك هێناوە، بەپێی تین‌و توانی خۆیان‌و خولیاو حەزەکانیان، لە گەلێ بواردا خزمەت دەکەن. خۆشبەختانە سانسۆریان لەسەر نییە. وەلێ پشتگیریشیان تاڕادەیەك بە کەمی لێ دەکرێ، ئەوەیش –کەم‌وزۆر– نایانگەیەنێتە ئاستی بەدیهێنانی هەموو مەیەست‌و ئامانجەکانیان.

(بنکەی ژین بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی‌و ڕۆژنامەوانیی کوردی)، یەکێکە لەو دەزگایانە کە بە هیممەتێکی گەورەوە دەستی کردووە بە کۆکردنەوەو وەرگێڕان‌و بڵاوکردنەوەی دەستاوێژو بەڵگەنامەی پەیوەندیدار بە مێژووی کوردو کوردستانەوە. ئەم بنکەیە بە تەمەن ساوایە، بەڵام بە کردارو بەرهەم خاوەنی کارنامەیەکی دەوڵەمەندە. ئەو ستافەی وا کاری تێدا دەکات، ماندوویی‌نەناسانە خەریکە.

من لێرەدا وەك وەرگێڕێکی زمانی ئینگلیزی، چمکێکی ئەم کارە پیرۆزەم پێ سپێردراوەو بەشێکی بەڵگەنامەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکام کردووە بە کوردی. مامۆستا لوقمان مەحۆ، زەحمەتێکی زۆری بە کۆکردنەوەو ڕێکخستنی ئەم بەڵگەنامانەوە دیوە، کە دڵنیام کارەکەی کەلێنێکی دیار لە کتێبخانەی کوردیدا پڕ دەکاتەوە.

ئێستا کە بەشی یەکەمی ئەم پڕۆژە فراوانە دەخرێتە بەردەستی خوێندەواران‌و شارەزایان، پێش هەموو شتێك سوپاسی بەڕێزان مامۆستا ڕەفیق ساڵح‌و کاك سدیق ساڵح دەکەم، کە ئەوی پێیان کرا بۆ سەرخستنی کارەکە

کردیان. سوپاسی دکتۆر عەبدوڵڵا مەردۆخ دەکەم کە (بنکەی ژین)ی پێ ناساندم. سوپاس بۆ کاک :سیروان خەلیل"ی پیتچن کە پیتچنینی کتێبەکەی بە دەستوبردیو خاوێن ڕاپەڕاند.

ئەم بەشەی وەرگێڕانەکە کە بەردەوام کارم تێدا دەکرد، لە ماوەی پێنج حەفتەیەکدا هاتە کۆتایی، ئەو ماوەیە نەمتوانی وەکوو پێویست ئەرکی خێزانیم بەرامبەر بە "ناسك"ی هاوسەرمو "ماردینو میران"ی جووتە کوڕم، جێبەجێ بکەم، سوپاسیان دەکەم.

ئەم بەرهەمە هەنگاوێکی بچووکە لەسەر شاڕێی ئەو ئامانجو ئەرکانە کە (بنکەی ژین) گرتوونیە ئەستۆ.

عەبدولکەریم عوزێری

ئۆکتۆبەری ٢٠٠٩

سلێمانی

بنکەی ژین
www.zheen.org

**بەشداران**

**مایکل گونتەر**، پرۆفیسۆر لە بەشی زانستی سیاسیی زانکۆی تەکنۆلۆجی تێنەسی. نووسەری گەلێ وتارو و دانەری گەلێ کتێبە لەبابەت کوردەوە، تازەترینیان؛ پرسی کورد و یاسای نێودەوڵەتی؛یە، توێژینەوەی مافە یاساییەکانی کوردە بە هاوکاریی "محەمەد ئەحمەد" لە ساڵی ٢٠٠٠دا بڵاو کراوەتەوە. ساڵی ١٩٩٩ کتێبی "قەیرانی کوردی لە عیراق" وەك توێژینەوەی سیاسی لەچاپ داوە. ژمارەیەکی زۆر وتاری لەسەر کورد، لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی وەك گۆڤاری نێودەوڵەتیی لێکۆڵینەوەی کوردی و گۆڤاری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئۆریەنت و گۆڤاری وەرزیی جیهانی سێهەم، بڵاو کردووەتەوە.

**لوقمان مەحۆ**، یاریدەری پرۆفیسۆر لە زانکۆی حکوومەتیی نیویۆرك، قوتابخانەی زانیاریی زانستی و سیاسی لە ئەلبانیی، چەندین کتێب و وتاری لەبابەت کورد و زانیاریی زانست و کاروباری کتێبخانەوە نووسیوەتەوە، لەوانە: کولتوور و باری کۆمەڵایەتیی کورد کە کارێکی سەرچاوەیی بیبلیۆگرافییە ساڵی ٢٠٠١ بڵاوی کردووەتەوە. بە هەمان شێوە، ساڵی ١٩٩٧ کتێبی کورد و کوردستانی لەچاپ داوە. وتارەکانی لە گۆڤارەکانی وەکوو کۆمەڵگەی ئەمریکی بۆ زانیاریی زانست و تەکنۆلۆجی، کتێبخانە و توێژینەوەی زانستی و ئارشیڤناسیی ئەمریکی دا بڵاو کردووەتەوە.

**میشێل نەحمە**، پرۆفیسۆر و ڕاگری کۆلێژی زانستی سیاسی، ئیدارەی گشتی و دیپلۆماسی، زانکۆی نۆتردام، زوك میکائیل، لوبنان، دانەرو نووسەری چەندین کتێب و وتارە لەبابەت کورد و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، لەوانە: ترس و شپرزەیی لە جیهانی عەرەبدا (٢٠٠٣). وتارەکانی لە بارەی کوردەوە لە گۆڤاری وەك: سەکۆی ئەتنی، گۆڤاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و ناسۆنالیزم و سیاسەتی ئەتنیدا لەچاپ دراون.

## پێشەکی

بیرۆکەی کۆکردنەوەی ئەم کتێبە سەرچاوەییە بەڵگەنامەییە، لەو کۆمەڵە لێکۆڵینەوەیەوە هات کە تایبەت بوون بە لێکۆڵینەوەی زانستی لە دیدی بەشی زانستی کۆمەڵایەتییەوە کە دۆزی کوردیان تاووتوێ دەکرد*. مەحۆو هاس Meho& Hass، بەتایبەتی لە کارەکانیاندا بۆیان دەرکەوت؛ زۆربەی مێژووناسان و زانایانی سیاسی، نزیکەی نیوەی لێکۆڵینەوەکەیان تەرخان کردووە بۆ لێکۆڵینەوە لە بەڵگەنامەکانی سەر بە کورد و حکوومەتی ویلایەتە یەکگرتوەکان. ئەم سکۆلەرانە، لەمیانەی لێکۆڵینەوە و پەخشکردنی ئەم بابەتەدا، چەندین ڕێگری پڕئاڵۆزییان هاتووەتە ڕێ، دەتوانرێ وەك لای خوارەوە کورت بکرێنەوە:

(١) کتێبخانەکانی زانکۆکان هەموو ئەو بەڵگەنامە حکومیانە ناخەنە ناو هێڵی کاتەلۆگی کۆمپیووتەرەوە "Online catalog"، لێرەدا، ئاسان نییە ئەو بەڵگەنامانەی وا داواکراون، بدۆزرێنەوە.

بنكەی ژین
www.zheen.org

(٢) پەخشەکانی حکوومەتی ئەمریکی زۆر بە کەمی لە کتێبخانەکانی زانکۆکاندا کۆ کراونەتەوە.

(٣) لەبەر خراپیی کاتەلۆگکردن —پۆلێنکردن، مەحاڵە بزانرێ کتێبخانەکان کام بەڵگەنامەیەیان لەلایە و کامیان لەلا نییە.

(٤) پۆلێنکردنی مادده حکومیەکانیان بەلاوە کارێکی ئاڵۆزە.

---

* بڕوانە: گۆڤاری کۆمەڵگەی ئەمریکی بۆ زانست و تەکنۆلۆجیا، لە نووسینی لوقمان حەمۆو هێلین تیبۆ– ٦ی نیسانی ٢٠٠٣، لاپەڕە ٥٦٩–٥٨٦. حەمۆ بە هاوکاریی ستیڤان هاس هەمان وتاری لەسەر زانیاریی کۆمەڵایەتی بەکارهێنان، لە لێکۆڵینەوەی ئەو نەتەوانەدا کە بێدەوڵەتن لە (زانست وتوێژینەوەی کتێبخانە و زانیاری)دا بڵاو کردووەتەوە. لێکۆڵینەوەی لە هەمان گۆڤاری ئەمریکیدا، بە هاوکاریی سوننوولڎ لەسەر کورد پەخش کردووە.

پـرسـی کـورد لـه سیاسـەتی دەرەوەی ویلایەتـه یـەکگرتوەکاندا: سەرچـاوە کتێبێکی بەڵگەنامەییە، هەڵبژاردەیەکی گشتگر لـەو بەڵگەنامانـە دەگرێتـە خـۆ کـە بنەما ئایدیۆلۆجیەکان و سیاسیەکانی سیاسەتی حکومەتی ویلایەتـە یـەکگرتوەکان بەرامبـەر بـە کـورد، لـە سـەدەی بیستەمدا دەخاتـە ڕوو. قوتابیـان، مامۆسـتایانی پـەروەردە، توێـژەرەوەکان، ئاژانسەکانی هـەواڵ و سیاسـەتمەداران کـە حـەز بـە زانیاری لەسەر دۆزی کورد دەکەن، لە گـەڕان و بەدواداچـوونی ئـەم بابەتانـەدا. ئـەم کتێبە وەك سەرچاوەیەکی بێوێنە لەبەرچاو دەگـرن. زیـاتر لـە ٥٢٧ مـاددە"item" خراونەتە ئەم سەرچاوەیەوە. ئەم ماددانە زنجیرەیەکن لە بەڵگەنامـەکانی کـۆنگرێس و سـەرۆکایەتیی ئیـدارەی ئـەمریکی و وەزارەتـی دەرەوە و ئاژانـسی ناوەنـدیی هەواڵگریی ئەمریکی CIA. وێڕای ئەمانە، کتێـب و مۆنـۆگراف و وتـاری توێژینـەوەی گۆڤارەکان و فەسڵی هەندێ کتێب لەخۆ دەگرێ. ڕۆژی پەخـشکردنی بەڵگەنامـەکان و ماددەکان و ڕیزبەندیەکانیان، هی نێوان ساڵەکانی (١٩٢٠–٢٠٠٢)ە.

ئەم کتێبە دابەش کراوە بـۆ ٣ بـەش: Essays (I) واتـە وتـارە نووسـراوەکان، Full-Text Document (II)؛ واتە دۆکومێنتەکان بـە دەقـی چـڕوپڕەوە، Non-full Item (III) واتە ئەو ماددانەی وا دەقەکانیان کەموکوڕییان تێدایە. بەشـی وتارەکـان دوو فەسـڵ دەگرێتـەوە؛ لـە فەسـڵی یەکەمـدا، گۆنتـەر Gunter سـەرنج دەداتـە ٣ ساتەوەختی کـاتی لـە سیاسـەتی دەرەوەی ویلایەتـە یـەکگرتوەکاندا بەرامبـەر بـە کـورد: سـەردەمی یەکـەم جـەنگی جیهـانی (بـە کـورتی)، سـەردەمی کیـسنجەر، ساڵەکانی حەفتا (بە کورتی) و تازەترین قۆناغ لە ساڵەکانی نەوەددا دەگرێتەوە.

گۆنتـەر، وەك تایبەتمەندییـەك، لـەوە دەکۆڵێتـەوە؛ کـە بۆچـی سیاسـەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکان ئارەزووی ئەوەی دەکـرد کوردەکـانی عـێراق بـە کـوردی بـاش ((Good Kurds)) و کوردەکـانی تورکیـا بـە کـوردی خـراپ ( Bad Kurds) دابنـێ: پـشتگیریی کـوردی عـێراق لـەو سـۆنگەیەوە بـوو کـە سیاسـەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکان دژ بە سەدام حوسـێن بـوو. تورکیـا، هەرچـۆنێك

بێ، وەك هاوپەیمانێكی گرنگی جیۆستراتیجیی ناتۆ ڕەچاو دەكرێ و دەبێ پشتیوانی بكرێ، تا ئەم هاوپەیمانییە بەردەوام بێ.

لە فەسڵی دووەمدا، مەحۆ و نەحمە بە وردی لەسەر سەروبەندی كیسنجەر دەدوێن و تیشك دەخەنە سەر ڕووداوی ساڵی ١٩٩١. ئەم دوو توێژەرە لە هەردوو ڕووداوەكەدا، لە ڕەوشی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەكگرتوەكان دەكۆڵنەوە، بە هەردوو ئاڕاستەی بزووتنەوەكانی بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین و دەستێوەردانی ویلایەتە یەكگرتوەكانەوە لە وڵاتانی جیهانی سێهەمدا.

بەشی دەقە چڕوپڕەكان Full-Text Part لە ڕووی كرۆنۆلۆجییەوە (بەپێی كاتی ڕوودان) لیستی بەڵگەنامەكان دەخاتە بەردەم. ئەم بەڵگەنامانەیش، لە ئاستێكدا، بەپێی سەرچاوەكانیان دابەش كراون.

سەرچاوەكان ئەمانەن:

١. The Congressional Record تۆماری كۆنگرێس

٢. Foreign Relations of the U.S پەیوەندیەكانی دەرەوەی ئەمریكا

٣. American Foreign Policy سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا

٤. Current Documents بەڵگەنامە هەنووكەییەكان

٥. U.S Department of State Dispatch

پەیامە نێردراوەكانی وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەكگرتوەكان

٦. Weekly Compilation of Presdential Documents

كۆكراوەكانی حەفتانەی بەڵگەكانی سەرۆكایەتیی (ئیدارەی كۆشكی سپی)

٧. Several other Sources چەند سەرچاوەی تر

هەرچەندە زۆربەی (دەقە چڕوپڕەكان) بەبێ بەرامبەر لە سایتەكانەوە دەست دەكەون، ئێمە هەموویانمان لەم كتێبەدا، لەبەر هەندێ هۆ كۆكردەوە، هۆكارە گرنگەكان ئەمانەن:

هەر توێژینەوەیەك لەسەر كورد، ئەگەر بە Online بكرێ، واتە وێبسایت بكرێتە سەرچاوە و بتەوێ سەرنج لە Congressional Record یاخود لە First

بنكەی ژین www.zheen.org

Gov. بدەی، بە واتای شرۆڤەکردنی هەزاران بەڵگەنامەی تۆمارکراو دێت. ئەگەر بتەوێ پەسندکراوەکان هەڵبژێری، ئەوە هەموو وەختەکەت لەکیس دەچێ.

٢. زۆر سەرچاوەی حکوومی لەئارادان، دەتوانرێ بەکاربهێنرێن و بەڵگە خوازراوەکان لەبابەت کوردەوە دەستنیشان بکرێن و دەر بهێنرێن. لێرەدا ئەم کتێبە سەرچاوەیییە کات بۆ زانستخوازەکان دەگێڕێتەوە و لەجیاتی ئەوانیش بەڵگەنامە پەیوەندیدارەکان دەخەینە بەردەست و زانیاریی ئەوەیش دەدەین کە کەی و لەکوێ پەخش کراون.

بەشی دەقە کەموکوڕەکان Non- Full- Text، هەردوو سەرچاوە حکوومیەکان و ناحکومیەکان دەگرێتە خۆ، لەسەرەتاوە بەم شێوانەی هاتوون: کتێب و فۆتۆگراف و وتاری نێو گۆڤارەکانی توێژینەوە و فەسڵی ئەو کتێبانەی کە باسی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەرامبەر بە کورد دەکەن. ئەم بەشە گەلێ بەڵگەنامەی تر دەگرێتەوە، لەوانە: بەڵگەنامەکانی CIA، وەزارەتی دەرەوە، بەڵگەنامەی سەرۆکایەتی یا ئاسایشی نیشتمانی کە تائێستا لە شوێنی داخراوی سەر بە ئارشیڤی نەتەوەییی ویلایەتە یەگرتوەکانە.

هەموو ئەو ماددانەی کە لەم بەشەدان، لەگەڵ پێچراوەیەکدا هاتوون کە ڕوونکردنەوەیەکی ٥٠-٣٠٠ وشەیە، کۆکەرەوە بۆ خۆی نوسیویەتیەوە یا لە سەرچاوەکەوە وەریگرتووە و دەیەوێ زانیارییەکی زیاتر لەسەر کتێب و ڕاستیەکان بەردەست بخات. ئەو ماددانەی کە لەم بەشەدا هاتوون، چوار لایەن دەگرنەوە: گشتی، ئێران، عیراق و تورکیا، ئەمانەیش بەپێی ڕیزبەندی ئەلفوبێ بە ناسناوی دانەرەکانەوە پۆلێن کراون. لەبەر ئەوەی گەلێ سەروتار یا سەردێڕ لەم بەشەدا و لە کتێبە سەرچاوەییەکەدا، چەند ناوچەیەکی جیۆگرافی یا چەندین بابەتیان تێدایە، پێڕستێکی گشتگر کراوە بە پاشکۆی کتێبەکە.

بەڵگەنامە و کەرەستەکانی ئەم کتێبەکە سەرچاوەیییە، لە چنینەوەی چەندین چاپەمەنی و سەرچاوە ئەلیکترۆنیەکانەوە هاتوون. پێش ئەوەی لەسەر

ئەم سەرچاوانە بدوێین، دەبێ ئەوە بخەینەوە یاد کە لە چەند ساڵێکی ڕابوردوودا، ئینتەرنێت، بەتایبەتی "WWW." World Wide Web بوو بە ئامێری یەکەم بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاریەکانی سەر بە حکومەتی ویلایەتە یەکگرتوەکان و ئەمڕۆ تێکڕای ئاژانسە حکوومیەکان، وێب سایتی خۆیان هەیە و زۆربەیان، بەبێ هیچ پارە تێچوونێك، دەقی تەواوی پەخشەکانیان پێشکەش بە خەڵك دەکەن، لەکاتێکدا بەشێکی زۆر لە بڵاوکراوەکانی حکوومەت بە بەردەوامی چاپ دەکرێت، یا لە "مایکرۆفیچ Microfiche"دا فۆرمات دەکرێ، بڵاو کراوەی تر هەن بە تێکڕایی لە وێبسایتدا پەخش دەکرێ. لە هەندێ حاڵەتدا، ئەو زانیاریانەی کە بە Print دەست نەدەکەوت، ئێستا خراونەتە سەر وێب، لەگەڵ ئەمەیشدا، هێشتا زۆربەی زانیاریەکانی حکوومەتی ئەمریکی نەخراونەتە سەر وێب. ئەوانەی لەسەر وێب دەدۆزرێنەوە، هەڵبژاردەیەکی تایبەتن.

زۆربەی ئەو سەرچاوانەی کە لای خوارەوە دەخرێنە ڕوو، هەموویان پەخش کراون، یا بە بەرفراوانی لەلایەن GPOوە، بڵاو کراونەتەوە، کە نووسینگەی چاپەمەنیی حکوومەتیی ئەمریکی و خاوەنی سایتی (WWW.gpo.gov)ـە، چاپ و یەکخستن و دابەشکردنی بڵاوکراوە حکوومیەکان جێبەجێ دەکات. هەروەها لە ڕێی ئۆفیسی سەرپەرشتیی بەڵگەنامەوە –کە ئەویش سەر بە GPOیە، هەڵبژاردەیەکی بڵاوکراوە دەفرۆشێ و خۆی لە ئیدارەی دەزگا ئەلکترۆنیەکانی ڕاگەیاندن نزیك دەکاتەوە و دەیەوێ کارگێڕیی پرۆگرامی گەنجینەی کتێبخانەی فیدراڵ بگرێتە ئەستۆ و خزمەتگوزاریی پەیوەندیدار ئەنجام بدات. ئەو سەرچاوە و ئامێرانەی کە لەم کتێبەدا بەکار هێنراون، دوو لق دەگرنەوە، کە دوو لایەنی جیاوازی حکوومەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانن[١].

---

[١] ئەو کتێبانەی کە بەکار هێنراون بۆ دەرخستنی پێناسە و وەسفکردنی سەرچاوەکان، ئەمانەن:

١) Getting the information you need. By Peter Hernon
٢) Introduction to U.S Government information Sources. By Joe Morehead
٣) Government Information on the Internt. By Greg R. Notess.
٤) Using Government Information Sources. Jean L. Sears.

## ئامێرە گشتیەکان*

FIRST GOV.WEB.First Gov (www.firstgov.gov) خۆی بە یەکەم وێبسایتی حکوومی وەسف دەکات، بە شێوەیەکی ئاسان دەتوانێ زانیاری بدات بە جەماوەر و یارمەتییان بدات بچنە نێو ئۆنلاینی سەرچاوە حکوومیەکانی ئەمریکای فیدراڵەوە. لە ڕێی خزمەتگوزاریی گشتیی ئیدارییەوە، First Gov هەوڵی ئەوە دەدات زیاتر لە پەنجا ملیۆن لاپەڕەی زانیاریی حکوومی بخاتە بەردەست، بەشی هەرە گرنگی First Gov لیستی ئەو بابەتانەیە کە دێنە سەر شاشە و پۆلێنکردنێکی بەرفراوان مادده دەخاتە بەردەست؛ ئەوەی زۆر پەیوەندیی بە کوردەوە هەبێ و بە یەك Click دێتە بەردەمت، پێی دەوترێ "Defense & Global Affairs" هەر لێرەیشەوە دەتوانرێ زانیاریی تایبەت و پەیوەست بە حکوومەتی فیدراڵ پەیدا بکەی، دەتوانرێ زانیاری لەسەر سیاسەتی دەرەوە و پراکتیزەکردنی ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ پەیدا بکرێ. سایتی وەزارەتی دەرەوە بە ناونیشانی "www.state.gov" دێت. لێرەیشەوە ڕاپۆرتەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ دەست دەکەون. سەرەتا، زانستخواز دەبێ بە وردی "Search Tips" بخوێنێتەوە، لێرەوە بە ئاستێکی زۆر کاریگەرەوە دەچێتە ناو زانیاریەکان. دوو دەرفەت و ئاست لە .First Govدا دێنە پێشەوە؛ یەکەم بنەمایی و دووەم پێشکەوتوو. لەبەر ئەوەی ئەم سایتە گەڕان Search بەدوای ملیۆنەها ڕیکۆرد (تۆمار)دا ڕێك دەخات، گرنگە بەکارهێن ماددەکە بە باشی بناسێ و لە گەڕانەکەیدا وشەکان بە وردی هەڵبژێرێ. ئامۆژگاریی ئەوەیش دەکرێ advanced Search بەکار بهێنرێ.

نووسینگەی چاپەمەنیی حکوومەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکان GPO Access لە خۆیدا سەرپەرشتی بەڵگەنامەکان و خاوەنی ئەم سایتەیە

---

ئەم کتێبانەیان بە چاپکراوی، یا لەسەر Website، یان پێکەوە دەست دەکەون.

* دیارە لێرەدا مەبەست لە ئامێری ئەلیکترۆنی و ئۆنلاین و ئینتەرنێتە. (وەرگێڕ)



بنکەی ژین www.zheen.org

(www.access.gpo.gov). هێڵی سەربەخۆ، بەهۆی GPOوە، بۆ گەلێ داتابەیزی حکوومەت و سەرچاوەی زانیاری، دێتە بەردەست. هەر ئەم سایتە دەچێتە سەر full-text muterials و لێرەیشەوە دەقی ڕیکۆردەکانی کۆنگرێس (لە ساڵی ١٩٩٥)وە دەست دەکەون. زانیاریدانی GPO لە تەشەنەکردندایە، ئەو ڕاستییەیشمان لەیاد نەچێ کە ئەم سایتە بە خۆڕاییە، ئەم و First Gov پێکەوە دەبنە کلیلی دەستپێکردن بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەکانی حکوومەتی ویلایەتە یەکگرتوەکان لە فۆرماتە ئەلکترۆنیەکاندا.

## پێڕستی وەرزیی حکوومەتی ویلایەتە یەکگرتوەکان

U.S. Gover ment Periodicals Index

لەوانە؛ خزمەتگوزاریی یەکگرتووی زانیاریی کۆنگرێس Congressional Information Service, Inc کە لە ساڵی ١٩٨٨وە پەخش دەکرێ، زیاتر لە ١٧٠ ١٧٠ گۆڤاری حکوومیی کاتەلۆگ کردووە، ئەم گۆڤارانە وەرزین و سەر بە ئاژانسە حکوومیەکانن، وەکوو: سوپا، هێزی دەریایی، مارینز و هێزی ئاسمانی. گۆڤارەکان ناوی جوێ جوێ هەڵدەگرن.

Cls/index ئەمەیش پێڕستی زانیاریی کۆنگرێسە، لە ساڵی ١٩٧٩وە دەردەچێ و هەموو بڵاوکراوەکانی کۆنگرێسی ئەمریکی دەگرێتە خۆی. لێرەدا وتارەکانی ناو گۆنگرێس بەدەنگەوە، چاپەمەنیەکانی کۆمیتە، ڕاپۆرتەکانی خانەی نوێنەران و پیران و بەڵگەنامەی بەرپرسە بەرزەکانی ئیدارەی جێبەجێکردن، بەرپرسە بەرزەکانی نوێنەران و پیران و بڵاوکراوە گرنگەکانی کۆنگرێس، بڵاوکردنەوەکانی کۆمیتە هاوبەشەکان و کۆمسیۆنەکان و ئاژانسە پەیوەندیدارەکان بە کۆنگرێسەوە، کۆدەکرێتەوە.

پێڕستی ڕیکۆردی کۆنگرێس Congressional Record Index ئەم پێڕستە تایبەتە بە ڕێباز و لێکۆڵینەوەکانی کۆنگرێس، لە ساڵی ١٩٨٣وە، مانگی دووجار

www.zheen.org

دەردەچێ، لە سایتی نووسینگەی چاپەمەنیی حکوومی GPO، بڵاو دەکرێتەوە. ئەم زامیاریانە لە هێڵە بازرگانیەکانیشەوەی وەکوو Congressional Universe and Westlaw دەردەکەون. لە مانەیشەوە full-textی ئەو بەڵگەنامانەی کە لە ١٩٨٥وە بڵاو کراونەتەوە، عەمار کراون. ئەم پێرستەی کۆنگرێس بە دوو حەفتە جارێ کۆدەکرێتەوە، لە بنەڕەتدا ڕۆژانە هەمووی لە Daily Congressional Record دا پەخش کراوە، هەر ئەم زانیاریانە دەخرێنە پێرستەکەوە. ژمارەی لاپەڕەکان، بەهۆی کەڵەکەبوونی پێرستی ساڵانەوە، بەپێی قولبۆم قەوارەی تازەوە دەگۆڕدرێن.

سیستمی زانیاریی گشتگر Congressional Universe تایبەتە بە جێبەجێکردنی هەموو چارکیەکانی کۆنگرێس. ئەم سیستمە لە ڕووی هونەرییەوە دیوێکی تری ئەلیکترۆنی ClS/mdexیە کە هەمووی بواری چالاکیەکان لە ساڵی ١٩٧٠وە دەگرێتە خۆ. وێڕای ئەمەیش، ئەم Congressional یوونیڤێرسە ژمارەیەکی مەزن لە full-textی بڵاوکراوەکانی کۆنگرێس دەگرێتەوە.

### وەزارەتی دەرەوە Stute Department

وێبسایتی ئەم وەزارەتە (www.state.gov) سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی زانیاریی سەر وڵاتانی ترە و باشترین تاقە سەرچاوەیە بۆ تێگەیشتن لە سیاسەتی ڕەسمیی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکان. ئەم سایتە، جگە لە زانیاریدان لەسەر ئەم وەزارەتە و خزمەتکردنی هاووڵاتیە ئەمریکیەکان، زانیاریی تریش دەخاتە ڕوو، وەکوو؛ باسی وڵاتانی تری سەر گۆی زەوی و مەسەلە گرنگەکانی جیهان، بە ناونیشانی وڵاتەکان و هەرێمەکان Countries & Regionsوە کە وێبسایتی www.state.gov/countriesی هەیە، بەکارهێن دەتوانێ شەش نووسینگەی سەرەکی بدۆزێتەوە، کە هەموو باسێکی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکان دەخاتە ڕوو. ئۆفیسەکان ئەمانەن: کاروباری ئەفریقا، کاروباری

ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و پاسیفیك، كاروباری ئەورووپا و ئەورۆئاسیا (ئەمەیان وڵاتە تازە سەربەخۆكانی بلۆكی سۆڤێتی كۆن دەگرێتەوە)، كاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیك، كاروباری باشووری ئاسیا و كاروباری بەشی ڕۆژئاوای گۆی زەوی. هەریەكە لەم نووسینگانە سەنگی مەحەكە لەنێو ئەو سیاسەتانەدا كە سەرۆك وەزیرانی دەرەوە لە واشینگتۆن جێبەجێی كردوون و بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ ڕاپۆرت و تێبینی لەسەر ئەو سەدان شاندانە دەدات كە ویلایەتە یەكگرتووەكان دەیان نێرێ بۆ هەموو لایەكی جیهان. بەكارهێن، لەڕێی "International Topics & Issues" و بەشە بچووكەكانیەوە، دەتوانێ كۆمەڵێ زانیاریی گرنگ و كۆمەڵێ سەرچاوەی لێكۆڵینەوەی كێشەی كورد بدۆزێتەوە، لەوانە:

**ڕاپۆرتی ساڵانە لەسەر ئازادیی ئاین**

ئەم ڕاپۆریە بە چاپكراوی و لەسەر سایت، لە نووسینگەی دیموكراسی و مافەكانی مرۆڤ و كرێكاران، ساڵانە لە ١٩٩٩وە دەست دەكەوێ —بڕوانە: سایتی "www.State.gov/g/drl/ifr/rpt" . ڕاپۆرتەكە لەلایەن كۆمیتەی پیرانەوە و بە هاوكاریی وەزارەتی دەرەوە سەبارەت بە پەیوەندیەكانی دەرەوە دەردەچێ، ساڵانە دەخرێتە بەردەم كۆنگرێس. دەبێ وەزیری دەرەوە —بەپێی یاسا— لە یەكی ئەیلوولی هەموو ساڵێكدا، یا لە یەكەم ڕۆژی دانیشتنی كۆنگرێسدا كە دوابەدوای یەكی ئەیلوول دەبەسترێ، ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی لەسەر ((ئازادیی ئاینیی نێودەوڵەتی لەگەڵ پاشكۆیەكی تازەترین ڕاپۆرتدا لەسەر مافەكانی مرۆڤ و زیادە زانیاری لەسەر وردە بابەتی پەیوەندار بە سەربەخۆیی ئاینیی ئاستی نێودەوڵەتی)) پێشكەش بكات. ئەم پێشنیارە ساڵانە ١٩٥ ڕاپۆرت لەسەر وڵاتانی جیهان دەگرێتە خۆی. ڕاپۆرتی چڕوپڕ full-text لەنێوان ساڵانی ١٩٩٩—٢٠٠٢دا لەسەر عیراق هاتووە، ((تەنها وڵات كە كوردەكان لەبەر هۆكاری ئاینی دەكوژێ)). ئەم پێشنیارە سەرچاوەییە، لەم ناونیشانانەی خوارەوەدا دەبینرێ.

www.zheen.org

١٩٩٩: www. State. gov/www/global/human rights/irf/rpt/١٩٩٩/ irf-Iraq gg.htm/

٢٠٠٠: www. State. gov/www/global/human rights/irf/irf rpt/ irf-Iraq htm/

٢٠٠١: www. State. gov/g/drl/rls/irf/٢٠٠١/٥٦٩٣.htm

٢٠٠٢: www. State. gov/g/drl/rls/irf/٢٠٠٢/١٣٩٩٦.htm

**تێبینییە بنچینەییەکان** Background Notes

هەموو ژمارەیەکی تێبینییە بنچینەییەکان لە سایتی www.state.gov/r/pa/ei/bgnدا دەبینرێ، زانیاریی بنچینەیی لەسەر هەر وڵاتە بەجیا پێشکەش دەکات. تێبینیی سەر وڵات" ئاماری مردوو زانیاریی ڕاستەقینە دەخاتە ڕوو. تێبینییە بنچینەییەکان سەرنجدانێکی وردو بەرفراوانن لە وڵاتێك بە گەل، مێژوو، ئابووری، جیۆگرافی و حکوومەتەکەیەوە.

تێبینیەکان ڕەچاوی لەلایەك پەیوەندیی نێوان ویلایەتە یەکگرتوەکان و ئەو وڵاتە و لە لایەکی تریشەوە پەیوەندیی هەمان وڵات لەگەڵ وڵاتانی تردا، دەکەن. ئەم زانیاریانە تازە دەکرێنەوە و نووسینگەی سەر بەو وڵاتە، پێداچوونەوەی لەسەر دەکات، لە کۆتاییدا دەخرێنە سەر data base و وێبسایتی وەزارەتی دەرەوە.

**ڕاپۆرتەکانی وڵات سەبارەت بە جێبەجێکردنی مافەکانی مرۆڤ**

Country Reports on Human Rights Practices

ئەو ڕاپۆرتانە دەگرێتەوە کە چۆنێتیی مامەڵەکردن لە بواری ڕێزگرتندا لە مافەکانی مرۆڤ نیشان دەدەن. ئەم جۆرە ڕاپۆرتانە وەك پەخشی هاوبەشی کۆمیتەی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانی سەر بە خانەی نوێنەران و کۆمیتەی پەیوەندیە بیانیەکانی سەر بە ئەنجومەنی پیران، ساڵانە جارێك لەسەر سایتی www. State. gov/g/drl/hr تۆمار دەکرێن. هەمان ڕاپۆرت ساڵانە، لەلایەن وەزارەتی دەرەوەوە، پێشکەش بە کۆنگرێس دەکرێ. ڕاپۆرتەکە باسی مافەکانی

مرۆڤ له ئاستی نێودەوڵەتیدا و مافەکانی تاکە کەس، مەدەنی، سیاسی و مافە تایبەتەکانی کرێکار بەو شێوەو دەقەی کە لە بەیاننامەی نێودەوڵەتیدا ئاماژەیان بۆ کراوە، دەکات.

ڕاپۆرتەکانی مافەکانی مرۆڤ ڕەنگدانەوەی هەوڵ و تەقەلای یەك ساڵی سەدان کارمەندی وەزارەتی دەرەوە و کارمەندانی تری حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانن. باڵوێزخانەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان ساڵانە لە هەموو لایەکی جیهاندا، ڕەشنووسی ئەم ڕاپۆرتانە دادەڕێژن و زانیاریی گرنگ لە سەرچاوەی جیاجیاوە کۆ دەکەنەوە. ئەم سەرچاوانە کاربەدەستانی ڕەسمیی حکوومی، عەسکەریەکان و ڕۆژنامەنووسان، چاودێرەکانی مافەکانی مرۆڤ، مافپەروەران، سەرچاوە عەسکەریەکان، ڕۆژنامەنووسان و ئەندامانی سەندیکاکانی کرێکار ئامادەیان دەکەن. ڕەشنووسەکە لە سەرەتادا، پێداچوونەوەی لەلایەن نووسینگەی مافەکانی مرۆڤ و کاروباری مرۆڤایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە بە هاوکاریش لەگەڵ نووسینگە هاوشێوەکانی سەر بە وەزارەتی دەرەوەدا، دەکرێ. ڕاپۆرتەکان دوای پشت ڕاستکردنەوە و شرۆڤەکاری، ئیمزا دەکرێن. لێرەدا وەزارەتی دەرەوە پشت بە سەرچاوەکانی خۆیشی دەبەستێ. ویلایەتە یەکگرتووەکان، لەپاڵ ڕاپۆرتەکانی خۆیدا، گوێڕایەڵی ڕێنماییی ڕێکخراوەکانی تری مافەکانی مرۆڤ و کاربەدەستانی ڕەسمیی حکومەت بیانیەکان و نوێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و ناوچەییەکان و شارەزا ئەکادیمیەکان و سەرانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن؛ ئەمانە هەموو بەهەند دەگرێ.

ڕاپۆرتەکان، تیشك دەخەنە سەر پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە هەموو قوژبنێکی ئەم جیهانەدا، باسی جیهانێك دەکەن کە خەڵکی تێدا بە ئازادی لەدایك بوون و خاوەنی شکۆ و سەنگی خۆیانن، کەچی گەلێ جار دوچاری مامەڵەی دڵڕەقانە دەبن و مافەکانیان لەلایەن حکوومەتەکانیانەوە زەوت دەکرێن؛ حکوومەتەکان دەیانەوێ بەم کارانە پێگەی خۆیان بەهێز بکەن. ڕاپۆرتەکان بە زۆری ئەو وڵاتانە دەگرنەوە کە دیکتاتۆرەکان حوکمی دەکەن، یا بەهۆی

پێکـدادانی عەسـکەرییەوە شـەکەتو مانـدوو کـراون. ئـەم وڵاتانـە؛ فیـشەك، ئەشکەنجە، زیندانیکردنی بێسەروبەر، دەستدرێژیی سێکسی، سەرنگومکردن و هەموو کارێکی تری دڕندانەیان بۆ دەمکوتکردنی ئەو دەزگایانەی وا داوای ئازادیی سیاسی دەکەن، تێدا دەکرێ. ئەم دیکتاتۆرانە دەیانەوێ هەموو ئەوانە تێك بشکێنن کە لە ڕووی ئەتنی و جێندەرو ڕەگەز یا ئاین و ئاینزاوە جیاوازن. ئەم جیاوازیانە وەك تاوان لەقەڵەم دەدرێن و سزای خاوەنەکانیان دەدەن، یا دەبنە داردەست بۆ چەوساندنەوەی ئەوانەی وا توانای خۆپاراستنیان نییە.

هەموو بەڵگەنامەکانی پێشێلکاری و کاردانەوەی هەرێمی و نێودەوڵەتی، هەموو ڕاپۆرتەکانی ساڵانی ١٩٩٦–٢٠٠١ لەسەر ئێران و عێراق و سووریا و تورکیا و وڵاتانی تری هاوشێوە، لەم ناونیشانانەی خوارەوەدا دەست دەکەون:

١٩٩٦: www. State. gov/www/global/human- rights/١٩٩٦ Hrp-report/٩٦hrp-report-toc. html

١٩٩٧: www. State. gov/www/global/human- rights/ ١٩٩٧-hrp report/٩٧ hrp -report-toc. html

١٩٩٨: www. State. gov/www/global/human- rights/ ١٩٩٨-hrp report/٩٨ hrp -report-toc. html

١٩٩٩: www. State. Gov/g/drl/rls/hrrpt/١٩٩٩

٢٠٠٠: www. State. Gov/g/drl/rls/hrrpt/٢٠٠٠

٢٠٠١: www. State. Gov/g/drl/rls/hrrpt/٢٠٠١

## پەیوەندیەکانی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکان

Foreign Relations of the United states

بە زنجیرە بەڵگەنامەیەکی مێژووییـن، لەبابەت بڕیارە گرنگەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکی و چالاکیە دیپلۆماسیەکانیەوە. ئەم زنجیرە بەڵگەنامەیە لە بەرهەمەکانی نووسینگەی مێژووی سەر بە وەزارەتی دەرەوەدایە، کە ساڵی ١٩٨١ دامەزراوە. ئەم کارە بە هاوکاریی نووسینگەی کاروباری گشتی Bureau of

Public Affairs ئەنجام دراوە. ژمارەی بەڵگەنامەکان ئەوەندە زۆرە دەکاتە ٣٥٠ بەرگە کتێب. ئەو بەرگانەی وا لە بیست ساڵی ڕابودوودا پەخش کراون، هەرچەندە پۆلێن نەکراون، وەلێ زۆر گرنگن، چونکە ڕاپۆرتەکانی هەموو ئاژانسەکانی کاروباری دەرەوە دەگرنەوە. بەرگی تایبەت بە پەیوەندیەکانی دەرەوە، بەڵگەنامەکانی کتێبخانەی سەرۆکایەتی، وەزارەتی دەرەوە، وەزارەتی بەرگری، ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی، وەکالەتی ناوەندیی هەواڵگری CIA، ئاژانسی ڕووداوە نێودەوڵەتیەکان و هەموو ئاژانسە پەیوەندیدارەکان، هەیە. لەپاڵ ئەمانە هەموویدا، ئەم زنجیرەیە بەڵگەنامەی کەسایەتیی تایبەت کە ڕۆڵی هەبوە لە پێکهێنانی شێوازی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکاندا، دەگرێتە خۆی.

بە شێوەیەکی گشتی، سەرنووسەران ئەو جۆرە ((بە بەڵگەنامەکردنەیان)) هەڵبژاردووە کە ڕووناکی دەخەنە سەر هەموو ڕووداوەکان و سەوداکانی لەناوبردن. ئەو بەرگانەی کە لەم ساڵانەی دواییدا پەخش کراون، بوارەکانی ئەم زنجیرەیەیان بە دوو ڕێگە فراوانتر کردووە: یەکەمیان بە لەخۆگرتنی ئەو بەڵگەنامانەی کە بە شێوەیەکی ڕەهاتر لە وەکالەتە حکوومیەکانەوە وەری گرتوون. وەکالەتەکان، ئەوانەن کە بە زۆری چالاکیی هەواڵگری دەنوێنن. دووەم بە خستنەسەری (ئیزافەکردن) ئەو نووسینانەی* وا لە سەرۆکایەتیی ئیدارەوە ئامادە کراون و لەسەر کاسێت هەڵگیراون.

ستافێك کە پێك هاتووە لە بیست مێژوونووس و سەرنووسەر، کار بۆ نووسینگەی مێژووی سەر بە وەزارەتی دەرەوە دەکەن و بەڵگەنامەکان دەکەن بە کتێبی قەبارەدارو و بڵاویان دەکەنەوە. ئەو وەکالەتانەی وا هاوبەشی لەم کتێبانەدا دەکەن، کاری دووبارەکردنەوەی پۆلێنی بەڵگەنامەکان ڕادەپەڕێنن Declassifcation Review. نووسینگەی مێژوونووسی هەڵسەنگاندنێکی ئەم پۆلێنە دەکات، چونکە دەیەوێ زۆرترین مادده بخاتە بەردەست. ئەم نووسینگەیە

* مەبەست لەم نووسینانە، نووسراوی ئەوەیە کە بەدەم دەوترێ. [وەرگێڕ]

لەلایەن کۆمیتەی ڕاوێژکارەکانەوە ڕێنمایی سەبارەت بە بەڵگەنامەکردنی بەڵگە دیپلۆماسیەکان وەردەگرێ. ئەم ڕاوێژکارانە گرووپێکن لەناو حکوومەتی ویلایەتە یەکگرتوەکاندا کار ناکەن، بەڵام لەڕووی مێژووەوە زاناو شارەزان، ساڵی چوار جار کۆبوونەوە ئەنجام دەدەن، بۆ هەڵسەنگاندن و پەسەندکردنی زنجیرە بەڵگەنامەکانی پەیوەندیەکانی دەرەوە. زنجیرە بەڵگەنامەکانی پەیوەندیی دەرەوە کە بەکورتی FRUSیە، ئەزموونێکی دووردرێژە هەر لە ساتەوەختی ڕووداوەکەوە تا بە بەڵگەنامەکردنی دەگرێتەوە، جاروبار ئەم ماوەیە زیاتر لە ٣٠ ساڵ دەخایێنێ. بەرگەکانی ئیدارەی سەرۆك نیکسۆن ئێستە لە بواری تاووتوێکردندان، پاش ئەوەی کۆکرانەوە و ڕێك خران، دەکرێنە بەرگێك. زنجیرە بەرگی کتێب لە ساڵی ١٩٥٢ەوە، بەپێی کرۆنۆلۆجی و ئیدارەی سەرۆکەکان و تایبەتمەندیی جوگرافی، دەخرێنە زنجیرەوە و هەریەکە لە بەشی تایبەتی خۆیدا لەم زنجیرەیەدا پۆلێن دەکرێ. هەرچەندە بابەتەکانی سەر بە کورد لە بەرگە پەیوەندیدارەکاندا، تێکڕا تۆمار کراون و لە ناونیشانی www.state.gov/r/pa/ho/frusدا دەکەونە بەردەست، ئەم کتێبە هەموو بەڵگەنامەکانی کۆ کردووەتەوە و بڵاویان دەکاتەوە، بەڵگەنامە هەرە کۆنەکانی هی بۆ ساڵی ١٩٣٦ن.

نموونەکانی تیرۆریزم لە جیهاندا Patterns of Global Tenorism، ئەم ڕاپۆرتە کە لە سایتی (www.state.gov/s/ct/rls/pgtrpt)دایە، لە بنەمادا ئەو دەقەیە کە وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکان پێشکەشی کۆنگرێسی کردووە و زانیاریی ساڵێکی تەواوی وڵات بە وڵاتی لەسەر هێرشە تیرۆریستیەکان کردووە بە بەڵگەنامە و بەدواداچوون و شرۆڤەیشی بۆ کردوون. ڕاپۆرتەکە، بە ئامار لەسەر ژمارەی هێرشە تیرۆریستیەکان و قوربانیەکان و وەسفکردنی پێشینەی ئەم ڕێکخراوانە و سروشتی کارەکانیان، دەوڵەمەند کراوە.

ئەم ڕاپۆرتە، لە ڕوانگەی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکانەوە، تۆکمەترین و چڕوپڕترین بەڵگەنامەی زانیارییە لەسەر تیرۆریزم. Full-Textەکانی ئەم

راپۆرتە سالآنی ١٩٩٦-٢٠٠١ی ئەوروپا دەگرنەوە (ئەم ناوچەیە چالاکیی تیرۆریستی pkkی بە خۆیەوە دی) و داتاکانی دەکەونە بەر ئەم ناونیشانانەی خوارەوە:

١٩٩٦: www. State. gov/www/global/terrorism/١٩٩٦ report/europe. html
١٩٩٧: www. State. gov/www/global/terrorism/ ١٩٩٧ report/eurasia.html
١٩٩٨: www. State. gov/www/global/terrorism/ ١٩٩٨ report/europe.html
١٩٩٩: www. State. gov/www/global/terrorism/ ١٩٩٩ report/europe.html
٢٠٠٠ : www. State. gov/s/ct/rls/pgtrp/٢٠٠٠/٤٣٤.htm
٢٠٠١ : www. State. gov/s/ct/rls/pgtrp/٢٠٠١/htm/١٠٢٤٠.htm

پەیامی وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکان. D.S. Department of State Dispatch*. پەیامی وەزارەتی دەرەوەو نووسینگەی گەیاندن "Communication اتصالات"ی جەماوەری و کاروباری میللییە. پەیامەکانی نێوان سالآنی ١٩٩٠-١٩٩٩یە، لە (www.state.gov/www/publ/disputch)دا عەمار کراون و دەقەکانی بەڵێننامەکان و ڕێککەوتننامەکان- تەنها هەڵبژاردەکانیان- و وتارەکانی سەرۆك و بەرپرسە بەرزەکانی وەزارەتی دەرەوەیان بەهەمان شێوە تێدایە، وردە بابەتی کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانیەکانیش دەگرێنەوە. ئەم پەیامە کراوە بە پێڕستی American Ioreign Policy & treaty و لەسەر داتابەیزی infoTrac. EBSCO. Expand Academic ASAP تۆمار کراوە و خوێنەرانیش دەتوانن بە چاوساغیی Periodical Literature بیدۆزنەوە. کۆکراوەی فوڵ تێکستەکان LEXISNEXIS و نێتۆرکی وەزارەتی دەرەوە، لە

* وشەی Dispatch مانایەکی زۆر دەگرێتەوە، بەڵام لە دەقەکەیدا بە (پەیام) ساغ دەکرێتەوە. وەکی تر، دیسپاچ نیشانەی ناردن و ڕەوانەکردنی تێدایە. [وەرگێڕ]

ناونیشانی (doslan.lib.uic.edu/ERC/index.html)دا عەمبار کراون. ئەمە جگە لە سایتی سەرەکیی وەزارەت ((www.state.gov))، ئەم ناونیشانە ئینتەرنێتیەی دوایی داوای زانیاریی تایبەت لەسەر بابەتەکان دەکات.

ئەو سەرچاوانەی تر، کە ماددەی تری وەزارەتی دەرەوە دەکەن بە پێڕست، ئەمانەن:

پێرستی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکی و Amercan Foreign Policy and Treaty Index بەڵێننامەکان، پێرستێکی وەرزییە، لە ١٩٩٣ بەدواوە ساڵی چوار جار کۆ دەکرێتەوە، یەکەم جار وشەی Treatyی لەگەڵدا نەبوو، پێك هاتبوو لە پوختەی کورتکراوە و پێڕست. ئەم پێڕستانە کەڵەکە دەبوون و دەکران بە بەرگ. هاوپێچی کۆکراوەی Microfiche AFPTI کە فوڵ تێکستی بەڵگەنامەکانی تێدایە، ئاوێتەی ئەم پێڕستە کراوە. AFPTI، وەك ڕێنیشاندەرێکی کۆکەرەوە ڕەچاو دەکرێ کە بە مەودایەکی بەرفراوان بابەتەکان "Topics"ی وەزارەتی دەرەوە، نووسینگەی سەرۆك کۆمار، لق و بەشەکانی جێبەجێکردنی یاسا، قەوارە سەربەخۆکان و کۆنگرێس... ئەو بڵاوکراوانەی کە پێڕست دەکرێن، بریتین لە مۆنۆگراف، زنجیرەبەست Serials و زنجیرەکان Series و وەرزاووەرزەکان. بەڵگەنامەی تاکە کەسی و ئەو وتارانەی کە لە AFPTIدا ڕاگەیەندراون، لە مایکرۆفیچەوە و لەسەر کاغەز دەست دەکەون.

سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکی American Foreign Policy: Current Document بەڵگەنامەکانی تایبەت بە ئێستا.

جیاواز لە پەیوەندیەکانی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکان کە ئەزموونی ٣٠ ساڵە پێش بڵاوکردنەوە لێك دەداتەوە، سیاسەتی دەرەوە بە بەڵگەنامە هەنووکەییەکانیەوە؛ ماددەکانی سیاسەتی دەرەوەی سەردەم، بەپێی سروشت و شوێنی جوگرافی دەکات بە پێڕست و لە ساڵی ١٩٥٥–١٩٦٧ بەدواوە ئەم جۆرە بڵاوکراوەیەوە دەردەکات، چەند ساڵێك وەستاو لە ١٩٨١دا دەستی پێکردەوە.

ئـەم سەرچـاوەیە گـەلێ شـتی تێدایـە؛ پەیامـە ڕەسمییـە سـەرەکیەکان، نامـە ئاڕاسـتەکراوەکان، لێدوانـە ڕەسمییـەکان. لـە میانـەی چـاوپێکەوتندا؛ کۆنفرانـسە ڕۆژنامەوانیـەکان، کورتــەی ڕاپۆرتــەکان و لــەپاڵ ئەمانەیــشدا شــایەتیدانەکانی کۆنگرێس و گەیاندن و پەیوەندیکردنی کۆشکی سپی و وەزارەتـی دەرەوە و ئـەو وەکالەت و کاربەدەستە ڕەسمییانەی وا سەرقاڵی کاروبـاری سیاسـەتی دەرەوەن. ئــەم پەخــشە لــە ســاڵی ١٩٩٠دا ڕاگــیرا، بــەڵام هــەموو دەقــەکانی بەڵگەنامــە پەیوەندیدارەکان خراونەتە ناو ئەم کتێبە.

U.S. Foreign Affairs on CD. RoM ١٩٩٣

ئەمە داتابەیزێکە بە ڕێکوپێکی دەرناچێ، بەڵام وێڕای دەقـی تـەواوی پەیامـەکانی وەزارەتــی دەرەوە، کۆنفرانــسە ڕۆژنامەوانیــەکان، لێدوانــەکانی ســەرۆك و گــەورە بەرپرســـانی وەزارەتـــی دەرەوە و شـــایەتیدانەکانی کـــۆنگرێس و تێبینییـــە بنچینەییەکان دەگرێتەوە.

### سەرۆکایەتی Presidency

زۆربـەی ئـەو بەڵگەنامانـەی سـەرۆکایەتیی کۆشـکی سـپی کـە پەیوەسـتە بـە کورد، یـا پێڕسـت کـراوە، یـان لـە full-textی سەرچـاوەکانی وەزارەتـی دەرەوەدا هاتووە. ئەم دوو سەردێڕەی کە لە خـوارەوە هـاتووە، بـە شـێوەیەکی گشتگر ئـەو زانیاریانـە دەگرێتـەوە کـە لـە سـەرۆکە جـوێ جوێکـانی ویلایەتـە یەکگرتوەکانـەوە وەرگیراون.

### ئەوراقی گشتیی سەرۆکەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکان

Public Paper of the Presidents of the U.S

ئـەو ئەوراقانـەی سـەرۆکەکانی ویلایەتـە یـەکگرتوەکان کـە جـەماوەریان لێ ئاگـادار کراوەتـەوە، ئـەم ئەوراقانـە خراونەتـە ئارشـیڤی نیـشتمانیی ئـەمریکی و تۆمارکراوەکانی ئیـدارەی کۆشـکی سـپی و نووسـینگەی تۆمـارکردنی فیـدڕاڵ (لـە

ســـــــالّی ١٩٥٧وه)، وەلێ ئێـــــــستا لـــــــەناو وێـــــــب ســـــــایتی www.gpo.gov/nara/Pubpaps/Srchpaps.htmlدا عــەمبار کــراون، بــە شــێوە زنجیرەیــەك کــە دەقــی گوتارەکــان — بــە تێبینیــەکانی ســەریانەوە— و کۆنفراســە ڕۆژنامەوانیەکانی سەرۆکیان تێدایە. ئـەو بەرگانـەی وا بـڵاو کراونەتـەوە، سـاڵانی ١٧٨٩–١٩٩٩ دەگرنــەوە. بەرگــەکانی ئێــستا ئــەو ماددانــە دەگرنــەوە کــە پەیوەندییان بە سەرۆکەوە هەیە و هەفتانە —یەك لەدوای یەك— لە ساڵی ١٩٨٩–١٩٩٩ بەدواوە دەکرێنـە پێرسـت. دەقـی تێبینیـەکان، پـەراوێزەکان foot notes، سەرچـاوە ڕێنماییکــەرەکانی خوێنــەری کتێــب، ئەمانــە هــەموو لەلایــەن سەرنووسەرانەوە دارێژراون، بە شێوەیەك کە تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەیان ئاسـان دەبێ. زانیاریەکان لەسەر بنەمای نـاوەڕۆکبەنـدیی ماددەکـان، دابەشـکردنیان کـە جۆری چالاکیی سەرۆکایەتی یا بەڵگەنامەکانی بخاتـە ڕوو، دانـراون. کۆکراوەکـانی ئینتــەرنێتیی ئــەم کتێبــە بـۆ سـاڵانی ١٩٩٣–١٩٩٩، لــە نووســینگەی پەخـشی حکوومی، ئارشیڤی نیشتمانی و ڕیکۆردەکانی سەر سایتی ئیدارەی کۆشکی سپی دەست دەکەون. ئەم کتێبە هەموو ئەو بەڵگەنامانەی وا پەیوەندییان بە کـوردەوە هەیە، پێشکەش بە خوێندەوارانی دەکات.

www.zheen.org

### کۆکردنەوەی حەفتانەی بەڵگەنامەکانی سەرۆکایەتی

Weekly Compilation of Presidential Documents

ئــەم حەفتانامەیــە کۆکراوەیــەکی بێوێنەیــە، لــە ســاڵی ١٩٦٥ بــەدواوە چـالاکیەکانی ســەرۆکایەتیی کۆشــکی ســپی، بــە ڕەهــایی دەخاتــە بەردەســت. ڕیکـــــوردی ئـــــەم چـــــالاکیانە لـــــەم دواییـــــەدا خراونەتـــــە ســـــایتی (www.gpo.gov/haro/narn٠٠٣.html)ەوە.

ئەم کۆکراوانە دەقـەکانی جاڕدان، کاروبـاری جێبـەجێکاری؛ گوفتارەکـان و تێبینیــەکان، پەیوەندیــەکانی کــۆنگرێس، نامــەکان، هەواڵــەکان، تەلــەگرام و کۆنفرانــسە ڕۆژنامەوانیــەکان، دەگرنــەوە. ئــەم بڵاوکراوانــە هــەموو ڕۆژانــی دووشــەممەیەك پــەخش دەکــرێن. WCPD– کــۆکراوەی نــاوبراو کارەکــانی

سەرۆکایەتیی حەفتەی بەسەرچوو تۆمار دەکات. پەخشی ئینتەرنێتیش کە لەسەر سایتی GPOیە، لە کانوونی یەکەمی ۱۹۹۷وە دامەزراوە. ئەم کتێبە سەرچاوەییەیش هەموو بەڵگەنامە پەیوەندیدارەکان بە کوردەوە، تاکوو کۆتاییی ساڵی ۲۰۰۱ بڵاو دەکاتەوە.

**پێزانین** Acknowlegement

سوپاس بۆ زانکۆی کارۆلینای باکوور لە چەپڵ هێل (UNC-CH) و زانکۆی دیوك، ئەم کتێبە بە کۆمەکی ئەوان هاتە کایەوە. کۆکراوە نایابەکانی کتێبخانەکانیان هەموو ئەو زانیاریانەیان خستنە بەردەست کە لە بەجێهێنانی ئەم پرۆژەیەدا پێویست بوون. قوتابخانەی زانیاریەکان و زانستی کتێبخانەکانی سەر بەو زانکۆیە و قوتابخانەی زانیاری و سیاسەت لە زانکۆی ئەلبانیی نیویۆرك، شایستەی سوپاس و ڕێزگرتنن بۆ هاوکاریی بەرفراوانیان. من، وەك قوتابیی زانکۆی کارۆلینای باکوور، دەستم کرد بەم پرۆژەیە، تێیدا بەردەوام بووم تاکو بووم بە پرۆفیسۆر لە زانکۆی SUN واتە STATE UNIVERSITY OF NEYORK، ساڵی یەکەمی ئەم زانکۆیەیشم بۆ تەواوکردنی بردەسەر. زۆر زۆر سوپاسی "سنسیا هاریس"ی سەرنووسەری Greenwood General Reference دەکەم کە بۆ ساڵانێك کاری بۆ کردم. بە هەمان شێوە حەز دەکەم سوپاسی بێپایانی کریستینا سپۆرگیل بکەم کە وەك لێکۆڵەرەوەی یاریدەرم کاری بۆ دەکردم و تین و توانێکی بێوێنەی لە ئەرکەکانی ئەم پرۆژەیەدا نواند.

لە کۆتاییدا، لەوە دڵنیام کە بەبێ پاڵپشتی خێزانەکەم نەم دەتوانی ئەم کاری کۆکردنەوەیە ئەنجام بدەم. ئەم کارە بەرهەمی خۆشەویستی و لەخواپاڕانەوەی باوکم و دایکمە. هەر لەم بوارەیشەوە خوشكوبرا خۆشەویستەکانم پەیتا پەیتا هانیان دەدام. باوك و دایکم، کە سەرچاوەی بەردەوامی خۆشەویستین، شایستەی ئەوەن ئەم کتێبەیان بۆ بکەم بە دیاری. ئەوان هەمیشە بە خۆشەویستی و یارمەتی و لەخۆبوونەوە لەگەڵمدا بوون.

لوقمان مەحو

ئەلبانی، نیویۆرك

# بەشی یەكەم

## وتارەكان

### سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەكگرتوەكان بەرامبەر بە كورد

نووسینی مایكڵ گونتەر*

سەرقاڵبوونی ئەمریكا بە كوردستانەوە، دەچێتەوە بۆ سەردەمی یەكەم جەنگی جیهانی و چواردە خاڵە بەناوبانگەكەی سەرۆك ودرۆ ویڵسۆن، دوازدەهەمی ئەم خاڵانە بەڵێنێكی پشتگوێ خراوە سەبارەت بە (ئۆتۆنۆمی)یە بۆ نەتەوەكانی تری (ئیمپراتۆریای عوسمانی)، كە تا ئەودەمەیش لە سایەی حوكمی توركدا بوون[1].

بە هەوڵ و تەقەلای سەركەوتوانەی كەمالییەكان[2] بۆ بەدەستهێنانەوەی یەكپارچەیی خاكەكەیان و بڕیاری بریتانی بۆ كۆنترۆڵكردنی نەوت لە ناوچە كوردستانیەكانی باكووری عیراق، كە پێكەوە هیوا تازە پشكووتوەكانی كوردیان

---

* ئەم وتارە یەكەم جار لە ئۆریەنت ٤٠، ژمارە ٣، (بەهاری ١٩٩٩)، ل٤٢٧–٤٣٧دا بڵاو كراوەتەوە.

[1] بڕوانە: سامۆئیل بێمیز، مێژووی دیپلۆماسیی ویلایەتە یەكگرتوەكان، بەرگی پێنجەم، نیویۆرك، ١٩٦٥، ل٦٢٦.

[2] لەبابەت ئەتاتورك و شەڕی توركەكانەوە بۆ سەربەخۆیی دوای یەكەم جەنگی جیهانی، بڕوانە: ستانفۆر و كوراڵ شۆ، مێژووی عوسمانیەكان و توركیای مۆدێرن مۆلۆیومی ٢. هەروەها پەیدابوونی توركیای مودێرن (زانكۆی كامبرج). لاپەڕە ٣٤٠–٣٧٢، نووسینی بێرنارد لویس، ١٩٧٧.

بۆ سەربەخۆیی یا شێوە ئۆتۆنۆمییەك تاساند، یەکەم قۆناغی تەمەن کورتی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان سەبارەت بە کورد کۆتاییی پێهات[٣].

قۆناغی دووەم: ویلایەتە یەکگرتوەکان، دوای زیاتر لە نیو سەدە، سەرقاڵی کوردەکان بووەوە. سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکان لە ئاستی مەسەلەی کورددا، لەبەر هاوپەیمانیی NATO، پشتگیریی حکومەتی تورکیای دەکرد. نکوولی لە مافەکانی کەمایەتی کرا، پێش ئەوەی ئەوەندە تەشەنە بکات و بگاتە ئاستێك کە یەکپارچەییی خاکی تورکیا بخاتە مەترسییەوە[٤]. بەم شێوەیە، ئەو کوردانەی کە پشتیوانیی (پارتی کرێکارانی کوردستان)یان دەکرد، لە دیدی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکاندا[٥]، بوون بە (کوردە خراپەکان).

بە هەرحاڵ، ویلایەتە یەکگرتوەکان لە عیراق گوڕی دەدایە شۆڕشەکەی مەلا مستەفا بارزانی لە ساڵانی حەفتادا، ئا بەو شێوەیەیش کوردەکانی عیراق –لە دیدی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەکگرتوەکاندا– بوون بە (کوردە باشەکان)[٦]. ئەم ڕێبازەی ویلایەتە یەکگرتوەکان چەند هۆکارێکی هەبوو، لەوانە:

١. وەك خزمەتێك بە ئەوسای ئێران کە هاوپەیمانمان بوو وە لەگەڵ عیراقدا ناکۆك بوو.

---

[٣] بڕوانە کتێبی: ئەدمۆندز، کوردەکان، تورکەکان و عەرەبەکان: سیاسەت، سەفەر وتوێژینەوە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی عیراق، ١٩١٩–١٩٢٥، لەلایەن زانکۆی لەندەنەوە ساڵی ١٩٥٧.

[٤] بڕوانە: کورد و داهاتووی تورکیا، مایکڵ گونتەر، ١٩٩٧؛ بارکەی و فولەر، دۆزی کورد لە تورکیا، ١٩٩٨؛ کیرچی و هینرۆ، هەمان بابەت، ١٩٩٧.

[٥] یۆنانیەکان و ئەرمەنیەکان، لە ناوخۆی ئەمریکادا، وێڕای پشتگیریی مافەکانی مرۆڤ، توانیان سۆز بۆ ئازارەکانی کوردی تورکیا بورووژێنن.

[٦] بڕوانە: ئەدمۆند غەریب، دۆزی کورد لە عیراق (زانکۆی سیراکۆز لە نیویورك)، ١٩٨١؛ مایکل گونتەر، بەرهەمی تازە بە ناوی کارەساتی کوردی عیراق، شرۆڤەیەکی سیاسی، (نیویورك)، چاپخانەی سانت مارتین، ١٩٩٩.

٢. عیراق، وەك مانۆڕێکی جەنگی سارد دژ بە یەکێتیی سۆڤێت، هاوپەیمانی سۆڤێت بوو.

٣. وەك ڕێگەیەك بۆ کەمکردنەوەی فشاری سەر ئیسرائیل، تا عیراق نەتوانێ بەشداری هێرشی عەرەبەکان بۆ سەر ئیسرائیل بێ.

٤. تا ڕێی تێبچێ بەشە نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست مسۆگەر بکرێ، چونکە بارزانی بەڵێنی ئەوەی دابوو کە ئەگەر کورد سەربەخۆیی وەدەست هێنا، ئەندامێکی باشی ئۆپێك بێ.

بەم شێوەیە، سەرۆکی ئەمریکی "نیکسۆن" و ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشمانی "هێزی کیسنجەر"، سەرەتا هانی کوردەکانی عیراقیان دا دژی بەغدادا بوەستن. وەلێ دواتر، بە دووقۆڵی لەگەڵ شای ئێراندا، دژ بە کوردەکان بوونەوە. شای ئێران ڕێککەوتنێکی لەگەڵ سەدام حوسێندا گەڵاڵە کرد[٧]. کیسنجەر بۆ پاساودانەوەی هەڵوێستەکانی سەرۆك نیکسۆن، دەڵێ: سوودی ئەم سیاسەتەی نێکسۆن لە ماوەی ساڵێکدا دەرکەوت، چونکە عیراق تەنها توانیی بە یەك فیرقە سەرباز لە جەنگی دژ بە ئیسرائیلی ١٩٧٣دا بەشداری بکات [لێرەدا چەواشەکاریی ساتو وەخت هەیە– وەرگێڕ]. کیسنجەر، دواتر لە گاڵتەجاڕییەکدا دەڵێ: ((نابێ چالاکیی نهێنی تێکەڵ بە کاری مژدەدەرانە بکرێ))[٨].

مەلا مستەفا بارزانی، وەك پیاوێکی شکستخواردوو، چوار ساڵ دواتر، لە پەنابەریدا کۆچی دوایی کرد، بەبێ ئەوەی CIA یاوەریی بکات[٩]. ساڵانێك دوای ئەوە، جۆناتان ڕانداڵ لەم کارە دەکۆڵێتەوە و باس لەوە دەکات کە مەسعوود،

---

[٧] هێنری کیسنجەر، ساڵانی کۆشکی سپی، بۆستن، ١٩٧٩.

[٨] بڵاوکراوەکانی خانەی نوێنەرانی کۆنگرێسی ئەمریکی، ١٩٧٦، ل٧٠–٩٢، لەگەڵ ڕاپۆرتی CIA، ناونیشان: سەرۆك نایەوێ تۆ بخۆیتەوە.

[٩] بڕوانە: دەیڤید کۆرن، دوا ساڵانی مستەفا بارزانی، ١٩٩٤، ل١٢–٢٧.

کوڕی مستەفا بەرزانی -دواتر بوو بە جێگری- هەرگیز خیانەتی ١٩٧٥ی کیسنجەری لەیاد نەچوە؛ تا ئێستایش بەهۆی ئەو سووکایەتییەوە کە سالانی پەنابەریی زۆرەملێ، لە ویلایەتە یەکگرتوەکان بینیی... هەرگیزاو هەرگیز لە ئەمەك و وەفای ئەمریکیەکان دڵنیا نابێ[١٠]. مەسعوود، بۆ خۆی لەم دواییەدا سەبارەت بەم مەسەلەیە وتوویەتی: ((ئەزمونێکی تاڵمان بەدەست حکوومەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانەوە چێشت . ساڵی ١٩٧٥ هاوپەیمانێتیی، لەسەر حیسابی ئێش و ئازاری میللەتەکەمان، بۆ بەرژەوەندی خۆی گۆڕی))[١١].

زیاتر لە ٢٥ ساڵ تێپەڕی، کیسنجەر هاتەوە سەر ئەم باسەی کە ویلایەتە یەکگرتوەکان بە سەرپەرشتی ئەو ئەنجامی دا[١٢]، دەڵێ: ئەوانەی کە ئەوەندە ڕاشکاوانە باسی گاڵتەجاڕی و خیانەتکارییان کرد، بەرامبەر بە کارەساتێکی قووڵتر هیچ جێگرەوە (بەدیل)یەکی تریان بۆ هەڵوێستی ئێمە پێنەبوو. لەسەری دەڕوات و ڕوونی دەکاتەوە کە تەنانەت دوای زیاتر لە ٢٠ ساڵ لەوەی وا ئێمە بەدەستمان هێنا، باشتر نابینرێ. ئەوەیشی لەیاد نەکردووە کە بەم قسانە دڵنەواییی کورد ناکاتەوە. هێنری کیسنجەر، زۆر بەوردی بۆچوونەکانی خۆی شی دەکاتەوە و دەڵێ: «پاراستنی کوردەکان دەبوە هۆی کردنەوەی سەنگەری تازە لە کۆمەڵە شاخێکی سەختی نزیك بە سنووری سۆڤێت. ئا بەم شێوەیە لە تین و تواندا نەبوو داڵدەی جەنگێك بدەین کە بەلای جەماوەری ئەمریکییەوە زۆر نامۆ و دوورەدەست بوو». وێڕای ئەمانە هەموو: ((شای ئێران بڕیاری خۆی دابوو، نە لە

---

[١٠] جوناتان ڕاندال، دوای ئەم زانیارییە لێبوردنی چی (چاپکراوی نیویورك، ١٩٩٧، ل٢٩٩.

[١١] المجلة (لندن)، پارتی دیموکراتی کوردستان- سەر بە بارزانی داوای دیالۆگی نێوان کورد و عەرەب دەکات، ١٩٩٧، ل٢٩.

[١٢] ئەم لێکۆڵینەوانە لە فەسڵی (کارەساتی کورد)ەوە وەرگیراون لە کتێبی: ساڵانی نوێبوونەوە، کیسنجەر، نیویورك، ١٩٩٩، ل٥٧٦-٥٩٦.

بەرژەوەندی ئێمەدا بوو، نە ستراتیجێکی گرنگی تێدا بەدی دەکرا کە دژی بڕیاری شا ڕابوەستین)). دکتۆر کیسنجەر داکۆکی لە هەڵوێستەکانی ئیدارەکەی دەکات و دەڵێ: ڕۆڵی کورد ئەوەندە بایەخی نەبوە کە هاوپەیمانێك لەکیس خۆمان بدەین، یا ڕۆڵێکی وای نەبوە کە جێگرەوەیەکی لە سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکاندا نەبێ.

## سالآنی ١٩٩٠

قۆناغی سێهەم و سەردەمی ئێستەی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەگرتوەکان لە ئاستی دۆزی کورددا، لە جەنگی کەنداوی ١٩٩١ەوە دەستی پێکردووە، لەوکاتەوە کە ویلایەتە یەکگرتوەکان کەوتە هەوڵی پووچەڵکردنەوە بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتی سەدام، کاتێك سوپای عیراق لە کوێت دەرکرا، سەرۆك جۆرج بۆش هانی گەلانی عیراقیدا کاری لابردنی سەدام بخەنە ئەستۆی خۆیان و حوکمی دیکتاتۆری لەناوبەرن[١٣]. هەرچەند سەرەتا سەرکەوتنێکی سنووردار لەلایەن شیعەکان و کوردەکانەوە بەدیهات، بەڵام نەیانتوانی تاسەر لەگەڵ سوپا بەهێزەکەیدا بجەنگن. سەدام توانیی ڕاپەڕینی کورد دابمرکێنێتەوە. هەردوو پێشەوای کورد؛ مەسعوود بارزانیی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان و جەلال تاڵەبانیی سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بانگی سەرۆك بۆشیان کرد یارمەتییان بدات، ئەوەیشیان هێنایەوە یاد کە هەر خۆی داوای لە گەلانی عیراق کردووە دژی حوکمی دیکتاتۆریی چەوسێنەر ڕاپەڕن[١٤].

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[١٣] ئەم قسانە لە وتارەکەی ١٩٩١/٢/١٥ی سەرۆك بۆشدا، لە دەزگای گەشەپێدانی زانست هاتووە، لە ڕۆژنامەکاندا بلاو کرانەوە.

[١٤] بڕوانە: هیراڵد تریبیوونی نێودەوڵەتی، وتاری (ئەمریکا دوای داگیر کردنی کەرکوك، داوای دەستێوەردان ڕەت دەکاتەوە، ١٩٩١/٣/٣٠).

ویلایەتە یەکگرتوەکان، لەبەر گەلێ هۆکار، بڕیاری بەشداریی لە هەڵچوونی ناوخۆی عیراقدا نەدا. بەشداریی نەکرد، چونکە ترسی ئەوەی هەبوو کە حوکمێکی مۆلەق لە عیراقدا، یا بەلوبنانکردنی عیراق، دەبێتە هۆی نائارامی لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و لە ناوخۆی ئەمریکایشدا. ئەوسا ئیدارەکەی بۆش لە ئاستی جەماوەریدا، بێهێز دەبێ و لایەنگریی جەماوەریی کەم دەبێتەوە.

وێڕای ئەمانە، سەدام بە حیساباتی ئەمریکی، شەڕی لە کوردەکان دەبردەوە. ئەگەر پشتگیریی کوردەکانی بکردایە، دەبوایە ئەمریکا بەردەوام بەشداری ئەم هەرایە بێ. لەلایەکی تریشەوە، بردنەوەی کورد لە عیراق، دەبوە پاڵنەر بۆ کوردەکانی تورکیا و سووریا و ئێران، لەکاتێکدا ویلایەتە یەکگرتوەکان پێویستی بە هاوکاریی ئەم سێ وڵاتە بوو. ڕێی تێدەچوو یادەوەریی جەنگی کۆریایش لەئارادا بێ، کاتێك کۆریای باشوور ڕزگار کرا، بیر لە گۆڕینی ڕژێمی کۆریای باکوور دەکرایەوە. پیتەر گالبرەیت لە دەستەی سیناتۆرەکانی پەیوەندیەکانی دەرەوەی کۆنگرێس، مانگێك دوای ئەوەی سەدام ڕاپەڕینی دامرکاندەوە، نووسیویەتی دەڵێ: ویلایەتە یەکگرتوەکان بەردەوام، ئۆپۆزسیۆنی عیراق وەك کاریکاتۆر ڕەچاو دەکات؛ ترسی ئەوەیشی هەیە کورد دەوڵەتێکی سەربەخۆی خۆیان و شیعەیش کۆمارێکی ئیسلامیی هاوشێوەی ئێران دامەزرێنن[١٥].

هەر ئەوەندەی ئەوە ئاشکرا بوو کە ویلایەتە یەکگرتوەکان دەستێوەردانی نابێ، نزیکەی یەك ملیۆن و نیو کوردی عیراقی ڕێگەی سنووری ئێران و تورکیایان گرتە بەرو بەرەنگاری کەشوهەوایەکی نەگونجاو و نەبوونی پێداویستەکان بوونەوە. گێچەڵی بەملەوەبووی ئەم پەنابەرانە یەکسەر بوو بە کارەساتێکی سیاسیی ڕووبەڕووی هەموو لایەنەکان؛ لەوانە ئەمریکا، تورکیا، ئێران. لەپاش

[١٥] بڕوانە: جەنگی مەدەنی لە عیراقدا، لە بڵاوکراوەکانی کۆمیتەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی کۆنگرێس، پیتەر گالبرەیت، مایسی ١٩٩١.

بەخۆداچـوونەوە، ویلایەتـە یـەکگرتوەکان کۆمـەڵێ هـەنگاوی نـا بـۆ پاراسـتنی کوردەکان. ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان، بڕیاری ٦٨٨ی لە ٥ی نیـسانی ١٩٩١دا دەرکـرد، چەوسـاندنەوەی مەدەنیـە عیراقیـەکانی لـە ناوچـە کوردنشینەکاندا ڕیسوا کرد. داوایشی کرد عیراق دەمودەست کاری چەوسـاندنەوە ڕابگرێ. کوردەکان لە سایەی پرۆسەکانی دابینکردنی پێداویـستەکان –ناسـراو بـە OPC–دا، بەهۆی دیاریکردنی ((ناوچەی لە فڕۆکـە پـارێزراو))ەوە، توانییـان بـەبێ مەترسـیی پـەلامارەکانی بەغـدا بگەڕێتـەوە سـەر ماڵوحـاڵی خۆیـان و لێـرەوە توانییان دیفاکتۆی حکومەتێکی هاکەزایی دابمەزرێنن.

مۆڵەتی تورکیاو ڕێگەدان بە کارە لۆجیستیەکان OPC– ((لە یەکی کـانوونی دووەمی ١٩٩٧وە دەستی پێکرد))، کارێکی بێوێنە بوو بـۆ پاراسـتنی کوردەکـان لە ڕێـی ناوچـەی لـە فڕۆکـە پـارێزراوەوە، هـیچ بنکەیـەکی تـر نـەبوو ئـەمریکا بـۆ فڕۆکـەکانی خـۆی بـەکاری بهێنـێ. لەلایـەکی تریـشەوە، کوردسـتان کـە لـە ڕووی یاساییەوە هێشتا پارچەیەك بوو لـە عـیراق، دەکەوتـە بـەر حـوکمی دوو گـەمارۆی ئابووری، لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکان و بەغدا خۆیەوە. لێرەوە دەردەکـەوێ کـە بەکارهێنانی خاکی تورکیا ڕەگی ژیانی بۆ کورد پێك هێنا.

هۆشـیار زێبـاریی وتەبێـژی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان لـەم بارەیـەوە وتوویەتی: ((هێڵی ژیانی ئێمەیە کە بە ڕووی ڕۆژئاواو هەموو جیهاندا دەکرێتـەوە و بەهۆیەوە درێژە بە خـەباتمان دەدەیـن دژی ڕژێمـی سـەدام حوسـێن. فڕۆکـەکانی پاراستن بەهۆی هاوکاریی تورکیاوە دێن و دەچن و یارمـەتیی نێودەوڵـەتیمان پـێ دەگات. ئەگەر OPC لـەکار بکـەوێ، ئەوسا سـوپاکەی سـەدام دێتـەوە نـاوەوە و هەموو دەسکەوتەکانمان لەدەست دەچێ))[١٦].

[١٦] پرۆگرامی TRT، تەلەفزیۆنی تورکی، ٨ی نیسانی ١٩٩٢، ڕۆژی دواتر لە ئەوروپای ڕۆژئاوا بڵاو کرایەوە.

بەردەوامبوونی OPC بوو بە دۆزێکی سیاسیی گرنگ لە تورکیا، بەلای گەلی تورکەوە پاراستنی باکووری عیراق، زەمینەیەکی ئازادی بۆ پارتی کرێکارانی کوردستان PKK ڕەخساند. هەندێ تورك لەوە زیاتر دەڕۆیشتن و بەلایانەوە وابوو کە OPC لاپەڕەکانی بەڵێننامەی سیڤەری ۱۹۲۰ هەڵدەداتەوە و وەك هەمان بارودۆخی دوای یەکەم، جەنگی جیهانی، دەبێتە هۆی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە باکووری عیراق. واتە تورکیا، وەك خانەخوێی OPC یاریدەی سەرگرتنی ئەم دەوڵەتە دەدا.

هەرچۆنێك، بە نەمانی OPC، ئەمریکا تەنیا باڵ ڕادەوەستێ و تورکیا ڕۆڵی کاریگەری بەسەر ڕووداوەکانی ناوچەکەدا لەکیس دەچێ، وەك نموونەیەك دەیتوانی بەهۆی OPCیەوە هەر کاتێك بیەوێ، هێرش بکاتە سەر PKK لەناو خاکی عیراقدا. ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەم کارەی لە تورکەکان قەدەغە بکردایە، پێدەچوو تورکیا مۆڵەتی OPC پووچەڵ بکاتەوە. لێرەدا پێوانەیەکی دووسەرە زەرەربەخش بۆ کوردانی عیراق و ئەمریکا خۆی خولقا؛ ئەگەر ڕێگە بە تورکیا بدرێ کاری خۆی دژ بە چالاکیەکانی PKK ئەنجام بدات، ئەوا کوردانی عیراق، کە گوایە ئەمریکا دەیانپارێزێ، دوچاری زەرەروزیان و کورد و ئەمریکا دوچاری چەواشەبوونێکی هاوبەش دەبنەوە.

مایسی ساڵی ۱۹۹٤، هەردوو پارتی سەرەکیی کورد، KDPی بارزانی و PUKی تاڵەبانی، لە جەنگی ئەهلیدا، بەرەنگاری یەکتر بوونەوە. ئەم کارانە، هەڵوێستی سیاسیی ویلایەتە یەکگرتووەکانیان بە تەواوی شێواند. ئیدارەی ئەمریکی چۆن دەتوانێ کوردەکان بپارێزێ، لەکاتێکدا ئەوان خەریکی یەکترکوشتنن. لێرەدا سەرۆك کلینتۆن بارزانی و تاڵەبانیی بەجووتە بەئاگا

هێنایەوە کە ئەگەر ئەم پێکدادانە ڕانەگرن، ویلایەتە یەکگرتوەکان ناتوانێ چیدی هاوکاریی وڵاتانی دەڤەرەکە بکات بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە[17].

لەدواییدا، ویلایەتە یەکگرتووەکان هەوڵی داو ڕۆڵی ناوبژیوانی لەنێوان دوو لایەنە ناکۆکەکەدا گێڕا، ئەم هەوڵە هاوشێوەی ڕۆڵی ناوبژیوانیی فەڕەنسی بوو کەساڵێك لەوەوبەر کرا. ڕۆبەرت دۆیچ، بەڕێوەبەری ئۆفیسی کاروباری باکووری کەنداو لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، توانیی قەناعەت بە هەردوو لایەنەکە بکات و دانیشتنێکی لە درۆکێدای باشووری دوبلن، ئیرلەندا، لە ٩-١١ی ئابی ١٩٩٥دا سازکرد. هەندێ فەرمانبەری بەرزی ئیدارەی ئەمریکی ئامادەی دانیشتنەکە بوو. چاودێرانی تورکیایش لەوێ بوون. هەر وەکوو کۆبوونەوەکەی ساڵی پێشووی پاریس، ڕێی تێدەچوو چارەسەر هەبێ، پێشنیارێك ئیمزا کراو خرایە بەردەستی بارزانی و تاڵەبانی، بۆ ئەوەی جەختی لەسەر بکەنەوە. ئەمەیش لە سەفەرەکەیاندا بۆ واشینگتۆن، کۆتاییی ئەیلوولی ساڵی ١٩٩٥، ڕووی دا.

دەزگاکانی هەواڵگریی تورکی، تۆڕی خۆیان هاوێشتە ناو کێشەو ناکۆکیەکانی کورد. کاتێك ویلایەتە یەکگرتوەکان گفتوگۆکانی دوبلنی بەڕێوە دەبرد بۆ چارەسەری جەنگی ئەهلیی نێوان کوردەکان، پاراستنی سنوور کرایە ئەرکی سەرشانی پارتی دیموکرات، تورکیایش داوای لەم پارتە کرد ڕێگەت نەدات بە گەریلاکانی PKK دزە بکەنە ناو خاکی تورکیا و ئۆپەراسیۆنی چەکداری ئەنجام بدەن. PKK بە هێرشبردنە سەر KDP وەڵامی دایەوە. سووریا و ئێران و PUK، هەریەکە هانی PKKی بۆ خزمەتی بەرژەوەندی خۆی دەدا. سووریا و ئێران نەیان دەویست چارەسەری ئەمریکایی بۆ شەڕی ئەم دوو پارتە سەرکەوتوو بێ، نەوەك

[17] بڕوانە: وتاری سەلیم کاگلەیان لە ڕۆژنامەی تورکیی "حورییەت"دا، ١٩٩٥/١/٢٨، بە ناویشانی (کلینتۆن سەرزەنشتی بارزانی و تاڵەبانی دەکات)ەوە.

هەڵمەتی داهاتوو زەمینە خۆشکردن بێ بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی. تاڵەبانیش ئارەزوومەند بوو بەرەیەکی تری جەنگی دژ بە بارزانی قوت بکاتەوە.

ئەم بارودۆخە ئاڵۆزکا، خولێکی تری گفتوگۆ لە هەمان شارۆچکەی ئێرلەندیی (درۆگیدا)دا لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلوولی هەمان ساڵدا شکستی هێنا. هۆکاری یەکەم ڕێك نەکەوتن بوو لەسەر چەککردن لە ناوچەکانی هەولێر کە ئەوسا لەژێر دەستی PUKدا بوو، دووەم مشتومڕی پارەی باج بوو کە دەستی PDK دەکەوت. تاڵەبانی گلەییی لە تورکیا دەکرد –گوایە– چەك بۆ PDK دەنێرێ! لەم ڕووەوە محەمەد باقر حەکیم، سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی، شیعەی سەر بە ئێران، دەڵێ: نەیانتوانی ڕێك بکەون، چونکە ئەمریکا و تورکیا هانیان دەدان دژ بە سیاسەتەکانی ئێران و سووریا کار بکەن[18].

بارودۆخی کورد ئەوەندەی تر ئەمریکاییەکانی لە هەوڵی تەبابیی نێوان لایەنە کوردیەکاندا سست کرد، هەوڵێکی نێودەوڵەتیش بۆ بەکارهێنانی هێزێکی ناوبژیوانی نێودەوڵەتی کە دەبوایە ئەمریکا بە دوو ملیۆن دۆلار هاوبەشیی تێدا بکردایە[19]، سەری نەگرت. شەڕی کوتوپڕی ١ی ئابی ١٩٩٦ لەنێوان کوردەکاندا، پێدەچوو بە سەرکەوتنی PUK کۆتاییی پێ بێ، چونکە ئێران پڕچەکی کردبوو. بارزانی کە زۆر سەغڵەت بوو، ئەوەی کەس بیری لێ نەکردبێتەوە کردی، بانگێشتی سەدامی کرد بۆ ئەوەی لە شەڕی دژ بە تاڵەبانیدا یارمەتیی بدات!

لێرەدا، ویلایەتە یەکگرتوەکان چۆن دەتوانێ ناوچەی لە فڕۆکە قەدەغەکراو بپارێزێ دژی هێزەکانی سەدام، لەکاتێکدا کوردەکان خۆیان هاوار بۆ سەدام بەرن کە بیانپارێزی؟ بە دوودڵییەوە، ویلایەتە یەکگرتوەکان دەستی کرد بە بۆردمانکردنی هەندێ ناوچەی بێبایەخ لە خوارووی بەغدا. سەدام لە ماوەی چەند

[18] بڕوانە: چاوێکەوتنی ڕۆژنامەی "تاران تایمز"، ١١/١٠/١٩٩٥، ل٢.

[19] کێڤن ماك کیرمان، کتێبی مەسەلەی کورد لە سیاسەتی ئەمریکادا، ١٩/٩/١٩٩٦، ل١٦.

سەعاتێکی کورتدا ٩٦ عیراقیی نەیاری دەستگیر کرد؛ ئەمانە بە باربووی ئـەمریکی وەك ئۆپۆزسـیۆن کاریـان دەکـرد، هـەموویانی لـەناو بـرد. ئەمانـە لـە بـەرەی (موئتەمەری وەتەنی) بوون کە بە (INC) ناسراو بوو. وتەبێژێکی ئەم بەرەیە وتی: ((هەموو ژێرخـانی بەرەکـەمان، لـە مـاوەی دوو سـەعاتدا، لەدەسـت چـوو))[٢٠]. لـە هەمان سۆنگەوە، کاربەدەستێکی ڕەسمیی ئەمریکی باسی ئەوەی کرد کە هـەموو پرۆگرامـەکانیان نێـردرا بـۆ دۆزەخ[٢١]، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی دەبـوو ویلایەتـە یـەکگرتوەکان هاوکـاریی بـارزانیی بکردایـە دژی PKK و ناچـار بـوو تورکیـا ڕازی بکات، خۆی لە هەمان سەنگەردا شانبەشانی سەدام دۆزییەوە. لەڕاسـتیدا، ئێـران کە داڵدەی تاڵـەبانیی دەدا، وتـی: سـەدام، بـە لایتـی سـەوزی ئەمریکییـەوە هاتـە ناوچە کوردیەکانەوە[٢٢]. هەرچەندە لە کۆتاییدا، هـەردوو لایەنەکـە گەڕانـەوە سـەر هێڵی جاران و شاری هەولێر کەوتە ژێر دەستی KDP، بەڵام مەسەلەی کـورد بـوو بە کێشەیەکی ناقۆڵا بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکی.

ئەو پرۆسەی ئاشتییەی وا بە ناوی ئەنقەرەوە ناسرابوو، بە هەوڵی ئـەمریکی و تـورکی و بریتـانی لـە ئۆکتۆبـەری ١٩٩٦دا ڕەخسا، بـە مەبەسـتی ئـەوە بـوو ئاگربەستی نێوانیان ببێتە مایەی پرۆسەی ئاشتبوونەوە و چارەسەری ناکۆکیەکان لە ڕێگەی گفتوگۆوە. هاوپەیمانێتیی PDK لەگەڵ بەغدادا هەرچـەندە کـاتی بـوو، بـەڵام ویلایەتـە یـەکگرتوەکانی خـستە بـەردەم ئـەو پرسـیارەی کـە کـورد تـا چ ڕادەیــەك شایـستەی پاراسـتن و یاریـدەدانی ئـەمریکین. بـۆ نموونـە، ویلایەتـە یەکگرتوەکان ناوەندە عەسـکەریە گچکەکەی خـۆی لـە زاخـۆ داخـست و زۆربـەی هەڵمەتەکانی گەیاندنی یارمەتی و پێداویستی وەستاند. وێڕای ئەمانە هەمووی، لـە

---

[٢٠] تیم واینەر، ڕۆژنامەی "نیویۆرك تایمز"، ١٩٩٦/٩/٧، ل٤.

[٢١] کتێبی کێڤن فێدارکۆ، سوردەمی کودەتاکەی سەدام، ئەیلوولی ١٩٩٦، ل٤٤.

[٢٢] ڕۆژنامەی "تاران تایمز"، ١٩٩٦/٩/٣، ل٢.

مایسی ساڵی ١٩٩٧دا، پەنجا هەزار سەربازی تورك خۆیان كرد بە كوردستانی عیراقدا بۆ ئەوەی هێزەكانی PKK تێك بشكێنن و گوڕیش بە چەكدارەكانی PDK بدەن، تا بتوانن هەڵمەتی هێرشبردنی گەریلاكانی پەكەكە بۆ سەر توركیا بوەستێنن و ناوچەكە لەم چەكدارە نەیارانە پاك بكەنەوە.

بە پێچەوانەی لەشكركێشیەكانی جارانەوە، ئەمجارە توركەكان پاش كۆتایی هەڵمەتەكەیان، بە تەواوی نەكشانەوە، مۆڵگەیەكی عەسكەرییان بە شێوەیەكی ناشەرعی لە كوردستانی عیراق بەجێهێشت، تاكوو حازر بەدەست بن بۆ هێرشی تری داهاتوو. بە وەسفی تاڵەبانی، توركیا بێلایەنیی خۆی شكاند و بوو بە هاوپەیمانی بارزانی[٢٣].

بەهۆی ئاوەها باردۆخێكەوە و لە پاساوی درێژەدان بە تەنگوچەڵەمەكاندا، پرۆسەی ئاشتەواییی ئەنقەرە نەگەیشتە ئاستی بەرقەراركردنی ئاشتەواییی نێوان دیموكراتی كوردستان و یەكێتیی نیشتمانی. ئۆكتۆبەری ١٩٩٧ PDK هێرشێكی لێ نەكۆڵراوەی كردە سەر PUK، بە مەبەستی سەنگاركردنی تەرازووی هێز بەلای خۆیدا. وەلێ، توركەكان ئەم هەلەیان قۆستەوە و بە سەنگێكی زۆرەوە چوونە پاڵ PDK، تاڵەبانی‌یان بە هاوكاریكردن لەگەڵ PKKدا تۆمەتبار كرد.

ئەم تۆمەتانەیش بێبنەما نەبوون[٢٤]. تانكەكانی تورك چەند میلێكیان مابوو بگەنە هەولێر. هێزەكانی PDK لە ناوەڕاستی نۆڤەمبەری ١٩٩٧دا هەموو ئەو ناوچانەیان داگیر كردەوە كە پێشتر دۆڕاندبوویان بە PUK. هەوڵی تازەی ئاشتكردنەوە لە سەرەتاكانی ساڵی ١٩٩٨دا بووژایەوە، هەوڵەكانی ویلایەتە

---

[٢٣] بڕوانە: "الاتحاد"ی PUK، وتاری ١٩٩٧/٥/٣١. دیدارێكی تاڵەبانی لەبارەی ئۆپەراسیۆنەكانی توركیاوە.

[٢٤] بڕوانە: ڕۆژنامەی دەیلی نیووزی توركی، ١٩٩٧/١٠/٢٥، وتاری كۆتایی هاتنی ئاگربەستی PUK و KDP.

یەکگرتوەکان بۆ یەکخستنەوەی لایەنە کوردیەکان پەرەیان سەند. نامەیەك کە سەرۆك بیڵ کلینتۆن بۆ کۆنگریسی ناردبوو و بارودۆخەکەی کوردستانی هەڵسەنگاندبوو، تێیدا هاتووە کە بارزانی و تاڵەبانی هەردوکیان ئامادەگیی خۆیان بۆ تەبایی و قبووڵکردنی یەکتری دەربڕیوە[٢٥]، ویلایەتە یەکگرتوەکانیش درێژە بە هەوڵەکانی دەدا بۆ ئارامی و سەقامگیریی دانیشتوانی باکووری عێراق و دەڵێ: خەڵکی ئەم دەڤەرە شایستەی ژیانی پڕ لە ئاسایشن. سەرۆك کلینتۆن باسی ئەوەیش دەکات کە ویلایەتە یەکگرتوەکان لە هەوڵی ئەوەدایە دەرفەتەکانی دەستێوەردانی بەغدا و تاران لەم دەڤەرەدا بە تەواوی کەم بکاتەوە[٢٦].

داڤید وێلش، جێگری وەزیری دەرەوە و بەرپرسی بەرزی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیك، لە گەلاوێژی ساڵی ١٩٩٨دا، بە سەرۆکایەتیی وەفدێکی ئەمریکی و بە یاوەریی بەرپرسێکی وەزارەتی دەرەوەی تورکی گەیشتنە کوردستانی عێراق؛ لە هەوڵی ئاشتەواییەکی بنەبڕدا، یەکەم جار چاویان بە بارزانی و دواتر بە تاڵەبانی کەوت. هەرچەندە ئەنجامی گەورەی لێ نەکەوتەوە، وەلێ وێلش هەردوکیانی داوەت کرد بۆ واشینگتۆن تا درێژە بە گفتوگۆکردن بدەن.

دوابەدوای دانوستانی ئاست بەرزی نێوان گەورە بەرپرسانی KDP و تاڵەبانی لە کۆتاییی ئابی ١٩٩٨دا، سەرکەوتنێك بەدەست هات و مانگێك دواتر، یەکەم جار بارزانی و دواتر تاڵەبانی ڕوویان کردە واشینگتۆن. هەردوکیان لە ئەنقەرە دابەزین و لەگەڵ بەرپرسانی ئەو وڵاتەدا گفتوگۆیان کرد. لە واشینگتۆن، هەریەك لەم دوانە بە جیا دانوستانی چڕوپڕی لەگەڵ کاربەدەستانی ڕەسمیی واشینگتۆندا ئەنجام داو هەردوکیان پێکەوە دانیشتن. ئەمە یەکەم چاوپێکەوتن

---

[٢٥] بڕوانە: ڕۆژنامەی سەعادە ئوروك، وتاری تورکیش پرۆب، ١٩٩٨/٧/٢٦.

[٢٦] هەمان سەرچاوە.

بوو لەدوای پێکدادانی ١٩٩٤ەوە ساز ببێ. دوای دوو ڕۆژی درێژ قسەو باس، ڕێککەوتننامەیەکی کاتی بەناوی ڕێککەوتننامەی واشینگتۆنەوە هاتە ئاراوە.

کاتێك ئەم ڕێککەوتننامە خرایە ڕوو، مادلین ئۆڵبرایت لە ئاستی خۆیەوە کۆمەڵێ بەڵێنی بە کورد دا ئەگەر بە یەگکرتوویی بمێننەوە، لەوانە: پشتگیریی ئەمریکا بۆ کورد و بەربەستکردنی هەڕەشەکانی بەغداو پووچەڵکردنەوەی هەوڵەکانی بۆ شێواندنی ئاسایشی وڵاتانی دراوسێی عیراق، لەگەڵ پاراستنی بەرژەوەندە گرنگەکانی ئەمریکادا لە ناوچەکەدا. پاراستنی گەلانی عیراقی –بە دانیشتوانی باکوورەوە– لە درێژەی بەڵێنەکانیدا ڕەچاو کرد[27]. سەرۆك کلینتۆن لە چەند نامەیەکدا بۆ کۆنگرێس داکۆکیی لە بەڵێنەکانی وەزیری دەرەوە کردو لە دوو نامەی ٦ی نۆڤەمبەری ١٩٩٨ و ١٩ی مایسی ١٩٩٩دا[28] جەختی لەسەر هەموو ئەو چالاکیانە کردەوە. وەلێ، کاتی جاڕدانی ڕاوەستانی بۆردومانی عیراق، لە ١٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٨دا، واتە پاش چوار ڕۆژ بۆردومان، سەرۆك باسی بەڵێنی بەهێزتری کردو وتی: ((ئێمە هێزی عەسکەریمان لە ناوچەکەدا بەهێزتر و چالاکتر دەکەین... ئامادەتر دەبین ئەگەر سەدام دژی کورد جموجووڵ بکات... بە بەردەوامی ناوچەی دژی فڕین دەپارێزین (لە باکوور و باشووری عیراق))[29]. وێڕای ئەمانەیش، مارتین ئیندیك، یاریدەدەری وەزیری دەرەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی نزیك، لە ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٩٩٩دا، بە کۆمیتەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی لە شاری نیویۆرك ڕاگەیاند کە ((ئەمریکا هێزێکی یەکجار چالاکی لە ناوچەکەدا ئامادە

---

[27] بڕوانە: وتاری هاروون قەزاز لەبابەت ڕێککەوتنی کوردەکانەوە کە ڕۆژی ١٩٩٨/١٠/١١ لە سایتی ئینتەرنێتی خۆیدا بڵاوی کردووەتەوە.

[28] هەردوو نامەی کلینتۆن بۆ وتەبێژی ئەنجومەنی نوێنەران و خانەی پیران لە ١٩٩٨/١١/٦ و ١٩٩٩/٥/١٩دا.

[29] وتارێکی ئینتەرنێت لەسەر سەرۆکی عیراقی لە ١٩٩٨/١٢/١٩دا.

کردووە، ڕێگە بە سەدام نادەن هێڵی سوور ببەزێنێ... ئێمە هێڵە سوورەکانمان بە ئاشکرا دەستنیشان کردووە... هەروەها بە توندی وەڵامی دەدەینەوە. ئەگەر لە ناوچەی دژەفڕیندا بەربەرەکانیی کردین))[30]. ڕۆژی ١٩٩٩/٦/٨ ئیندیك هەمان ئەم بەڵێنانەی لەبەردەم لیژنەی پەیوەندیەکانی نێودەوڵەتیی کۆنگرێسدا دووپات کردەوە[31]. هەرچەندە ئەم داکۆکی و بەڵێندانانە، هیچیان نەگەیشتنە ئاستی ڕێککەوتنامەی پۆڵایین، بەڵام بە پێچەوانەی بەڵێنەکانی نیکسۆن وکیسنجەرەوە تەماشا دەکرێن کە هەرچەندە نهێنی بوون، لە ماوە ٢٥ ساڵدا کاریان پێنەکرا. واتە بەڵێنەکانی ئیدارەی کلینتۆن بە هەمان ڕادە پشتگوێ نەخرابوون. لەلایەکی تریشەوە، ئەم بەڵێنانە (لە ئاستی پاراستنی کورددا) تەنها دژ بە هەڵمەتەکانی سەدام جێبەجێ کران و لەشکرکێشیی تورك و ئێرانیەکان بێوەڵام دەمانەوە، بەتایبەتی هێرشەکانی تورك کە دەبوونە هۆی زیانی گیانی و ماڵیی کوردەکان. لەم ئاستەدا جەلال تاڵەبانی دەڵێ: پاراستنی کورد تەنها هێرشەکانی بەغدا دەگرێتەوە، کەس گوێ بە پەلامارەکانی تورکیا و ئێران نادات، پێدەچێ لەشکرکێشیی تورکەکان لەوانەی سەدام زیانبەخشتر بن[32].

سەربارى هەموو ئەمانە، ویلایەتە یەکگرتوەکان پاراستنی کورد لە حکوومەتی بەغدای پاش ڕووخاندنی سەدام مسۆگەر ناکات. هەڵوێستی ئەمریکی بەرامبەر بە کورد، زیاتر دژایەتیی سەدام بوو، کاتێك سەرکردەیەکی عیراقی لەناو دەچێ، ئیتر ئیدارەی ئەمریکی پاراستنی کورد لە ئەستۆی خۆی لادەبات[33].

---

[30] هەمان وتاری ئیندیك، کۆمیتەی پەیوەندیەکانی دەرەوە، ١٩٩٩/٩/٢٢ (ئینتەرنێت).

[31] هەمان وتاری ئیندیك، کۆمیتەی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان لە خانەی نوێنەران.

[32] چاوپێکەوتنی تاڵەبانی لەلایەن سەلاح عەووادەوە، "القدس العربي"، ١٩٩٨/٩/٢٢.

[33] بڕوانە: کوردەکان و عەدالەت لەلایەن کریستۆفەر دی بێلاژوو لە ١٩٩٩/٦/٢٤دا، لە کتێبی سەرچاوەکانی "نیویۆرك تایمز"دا.

ڕێککەوتنامەکەی واشیتگتۆن جێی ئومێدێکی گەورە بوو بۆ کورد، وەلێ لە ئاگربەست بەولاوە، هیچی تری لێ شین نەبوو. خاڵە گرنگەکانی وەکوو دیاریکردنی بەشی PUK لە داهاتی باجدا، دامەزراندنی حکوومەتی هاوبەشی هەردوو پارتەکە، چارەسەرکردنی باری (ئیداری)ی هەولێر یان جێبەجێکردنی هەڵبژاردنێك کە حکوومەتێکی هەرێمی یەکگرتووی لێ بکەوێتەوە؛ ئەمانە و PDK هێشتا گلەیی لە PUK دەکات کە جێ بۆ PKK خۆش دەکات تا بنکە و چالاکییان لە ناوچەکانیدا هەبێ (ئەمەیش لە خۆیدا دژ بە بەندەکانی ڕێککەوتننامەکەیە). لە هەمووی سەیرتر، ئەم چالاکیانە دژ بە پارتەکەی بارزانی ئەنجام دەدرێن.

وەزارەتی دەرەوە، بۆ بووژانەوەی ڕێککەوتننامەکە و چارەسەرکردنی هەندێ لەم کێشانە، میوانداریی لیژنەی بەرزی ڕێککەوتننامەکەی کرد (کە دوو پارتەکە بۆ خۆیان دایانمەزراندبوو). لە ناوەڕاستی مانگی حوزەیرانی ١٩٩٩دا دانیشتنێکی هاوبەش بەڕێوە چوو، چاوەڕوانی ئەوە دەکرا کە تا چ ڕادەیەك پێکەوە کارکردن لە زەمینەی واقیعدا جێبەجێ دەکرێ، یا ئایا ویلایەتە یەکگرتوەکان کاری لەوەی ڕابوردووی باشتر ئەنجام دەدات! ! ئەزموونی ڕابوردوو دەڵێ: نەخێر! بۆچی؟ چونکە ئاگری نێوان ئەم دوو پارتە لەلایەن هێزە دەرەکیەکانەوە خۆش دەکرێ، هەر لە هەمان سۆنگەیشەوە، بەجێهێنانی بەڵێنەکان و بەندەکانی ڕێککەوتننامەکە پابەندن بە ئیرادەی گەلێك لایەن[٣٤].

### کوردی تورکیا

کوردەکانی تورکیا، جیاواز لە کوردی عیراق (لەم ڕووەوە جیاواز لە کوردی ئێران و سووریایش)، لە ڕووی جوگرافیاوە یەك نین، ژمارەیەکی زۆریان خاکی باووباپیریان بەجێ هێشتووە و لە شارە گەورەکاندا، لەناو زۆرینەی تورکدا،

[٣٤] ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەسەر مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا، ١٩٩٩/٢/٢٦.

دەژین؛ ئەو هارمۆنییەی کوردانی وڵاتانی دراوسێیان ون کردووە. لێرەدا ڕوون دەبێتەوە کە ناسیۆنالیستی کورد لە ناسیۆنالیستی تورک جیاوازە، کوردەکە بە توندڕەو دادەنرێ و ڕێکخراوەکەیشی ڕێکخراوێکی تیرۆریستانەیە و نوێنەرایەتیی کورد ناکات. تورکەکان (Hadep پارتە دیموکراتیخوازەکەی ئەحمەد تورک) بە ناسیونالیست لەقەڵەم دەدەن و دەڵێن ساڵی ۱۹۹۹ تەنها سەدی چوار دەنگی لە هەڵبژاردنی تورکیادا هێناوە. ئەم ڕێژەیە زۆر کەمترە لەو دەنگدەرانەی کە سۆزیان بۆ پارتی کرێکاران هەیە. ڕێژەی دەنگدانیش لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە لە واقیعەوە دوورە.

حکوومەتی تورکی، لەکاتی هەڵبژاردندا، جۆرەها ڕێگە و شێوازی چەواشەکردن و هەڕەشە و لەخشتەبردنی دەنگدەرانی کوردی بەکار هێنا تا دەنگ بۆ هادەپ نەدەن.

– ئەم بارودۆخە دژ بە پارتە تورکەکان نەخولقێندرا.

– هادەپ بۆ خۆی دەکەوتە بەر هەڕەشەی داخستن، تۆمەتی هاوکاریی PKKی دەخرایە پاڵ –جێگەی بیر هێنانەوەیە، هەردوو پارتی DEP و HEP لەوەو پێشتر داخران– هەردوکیان پارتی کوردی بوون.

– یاوەرانی هادەپ کەوتنە ژێر نیری زوڵم و جەوری سوپاوە و گوێزرانەوە بۆ شوێنانی تر، بە تۆمەتی ئەوەی کە پشتگیریی PKK دەکەن. ناویان لە شوێنە تازەکانیاندا تۆمار نەکرا بۆ دەنگدان.

– دەوڵەتی تورک بە چڕوپڕوی هەوڵی ڕادەربڕینی قەدەغە کرد، بۆ ئەوەی کوردەکان نەتوانن هیچ کۆمەڵگەیەکی مەدەنی دابمەزرێنن و داوای سادەترین مافی مرۆڤ بکەن. دەوڵەت بەم کارانە لایەنگرانی پەکەکەی زۆر دەکرد و ئەم پارتەیش مۆرکی تیرۆریستیی لێ دراوە.

www.zheen.org

لێرەوە بە ئاشکرا دەردەکەوێ کە دەنگدەرانی هادەپ زۆر لە سەدی چوار زیاترن. بە پێچەوانەوە، KDP و PUK بە نوێنەرانی پەسندکراوی کوردی عێراق ناسراون، ئیدارەی ئەمریکیش ئەمان بە باش (good) و PKKـەیش بە خراپ (bad) ناو دەبات. زەمانێکە تورکیا هاوپەیمانێکی ستراتیجیی گرنگی ناتۆیە و ئەمریکایش لە دوو سەرەوە لە تورکیا دەترسێ: لە پەرەسەندنی ئیسلامی توندڕەو، لە بەهێزبوونی پەیوەندیەکانی نێوان تورکیا و ئیسرائیل. تورکیا بەپێی یاسا، عەلمانییە و جێی ئیسلامی توندڕەوی تێدا نییە، خۆیشیان بە دۆستی ئیسرائیل دەزانن و لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا هاوجووت دەبن، ئەمانە هەموو بەسەر PKKدا دەشکێتەوە.

لەکاتێکدا سەدەی بیستەم بەرەو کۆتایی دەڕوات، ڕووداوەکان هێشتا شکاندنەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکی بەلای تورکیادا دەردەخەن و دژ بە PKK کار دەکەن. هەرچەندە ساڵانە ڕاپۆرتی مافەکانی مرۆڤ ئیدانەی تورکیا دەکات، بەڵام حکومەتی واشینگتۆن ئەوەیشی بیرناچێتەوە وەسفی PKK بە تیرۆریست بکات، چونکە هاوڵاتیانی بێتاوانی تورکیا دەکوژێ و مامۆستا و کارمەند و پاسەوانانی گوندەکان تیرۆر دەکات.

وەزارەتی دەرەوە، پارتی کرێکارانی خستووەتە ناو لیستی تیرۆریستەکان و مافی جەنگی دژە تیرۆر دەدا بە تورکیا و پەکەکە بە کوشتنی هاووڵاتیانی تورکیا، بەبێ جیاوازی، تۆمەتبار دەکات. لەسەری دەڕۆن و دەڵێن: پارتی کرێکارانی کوردستان جەماوەری کوردیان نییە[٣٥]. کاربەدەستێکی ڕەسمیی ئەمریکی لەم بارەوە بە وردی دوواوە و بەرپرسانی تری ئیدارەی ئەمریکی باسی ئەوە دەکەن کە دۆسیەی قەبارەداریان لەسەر PKK کۆ کردووەتەوە، بە کوشتن و

---

[٣٥] بڕوانە: واشینگتۆن تایمز، ١٩٩٩/٤/٩، وتاری تۆنی مارشال (کوردەکان تورکیا بە دووڕوو لەقەڵەم دەدەن).

قاچاخچێتیی ماددەی هۆشبەرو خەڵكی پەنابەریخوازو دەسبەرداگرتنی ماڵی خەڵك و زیادەڕەوی و تاڵانكردن، تۆمەتباری دەكەن.

### عەبدوڵڵا ئۆجەلان[٣٦]:

عەبدوڵڵا ئۆجەلان (ئاپۆ)، ماوەیەكی درێژە پێشەوای PKKیە، دانی بەوەدا نا كە پارتەكەی هەڵەی كردووە. ئەمە ڕاستە، بەڵام ئەگەر بەراورد لەگەڵ ئەوەدا بكرێ كە توركیا ساڵانێكی دوورودرێژە بە كوردی دەكات، بە ڕوونی دەردەكەوێ كێ تیرۆریستە. سوسورلوك Susurluk شایەتحاڵە، هەموو شتێك لە ڕاپۆرتەكەی سوسورلوك دا باس كراوە. لەڕاستیدا، بەلای زۆر كەسەوە وایە كە ئۆجەلان لە هەموو پێشەوایەكی كورد باشتر توانیویەتی، بەتایبەتی لەم ساڵانەی ئێستادا، كەسایەتیی كوردی توركیا بەرز بكاتەوە و شانازیی نەتەوایەتییان بەرزو باڵا ڕابگرێ، لێرەدا پەندێك، حیكمەتێكی كۆن دێتەوە یاد كە دەڵێ: جەنگاوەرێكی ئازادیخواز (freedomfghter) بەلای ناحەزیەوە تیرۆریستە و تیرۆریستی ڕاستەقینەیش گەلێ جار باسی لێوە ناكرێ.

ئۆجەلان لە ساڵانی نەوەددا، لەڕاستیدا، لەوە دەچوو بۆ ماوەیەكی كورت سەركەوتنی عەسكەریی بەدەست هێنابێ، ئەم سەركەوتنە بوو بەهۆی لەخۆباییبوونی. لە هەمان كاتیشدا، سوپای تورك هیچ دەرفەتێكی لە دەست نەدەدا تاكوو ئەم سەركەوتنە سنوودار بكات و هەڕەشەی عەسكەریی PKKی پێ كەم بكاتەوە. ئۆجەلان لە ئەنجامی ڕێنماییی هەڵەدا، پەلاماری هێزەكان پارتی دیموكراتی كوردستانی دا لە باكووری عێراق، ئەمەش زۆر خراپ بە سەریدا شكایەوە و سوودی بۆ سوپای توركیا هەبوو. گورزێكی تری گورچكبڕ، ئەوە بوو

[٣٦] چاوپێكەوتنێك لەگەڵ نووسەری ئەم كتێبەدا لە ئەنجومەنی پیرانی ئەمریكی، واشینگتۆن، ١٩٩٧/٤/٤.

که تورکیا ساڵی ١٩٩٨ هەڕەشەی عەسکەریی لە سووریا کرد، بۆ ئەوەی کۆتایی بە میوانداریی ساڵەهای ساڵی ئۆجەلان بهێنێ و لە خاکەکەی دەری بکات. ویلایەتە یەکگرتوەکانیش لە ئاستی خۆیەوە[٣٧] نامەیەکی بەهێزی ئاڕاستەی سووریا کرد، ئەمەیش بە مەبەستی فشاری گەورەتر بوو بۆ سەر سووریا[٣٨]. پاش ئەوەی ئۆجەلان، بۆ ماوەیەکی کورت بە نهێنی لە ڕووسیا خۆی حەشار دا، ڕووی کردە ئیتاڵیاو ویستی شکستیە عەسکەریەکەی بە سەرکەوتنی سیاسی بگۆڕێ، ویستی خۆی و تورکیا بخاتە بەردەم بەرپرسیی یەکێتیی ئەوروپا.

هەرچەندە ئیتاڵیا و هەندێ وڵاتی ئەوروپیی وەکوو ئەڵمانیا لە سەرەتاوە سۆزی خۆیان بەرەو هەڵوێستی ئۆجەلان دەربڕی، وەلێ ویلایەتە یەکگرتوەکان بە سەنگێکی یەکجار زۆرەوە هاتە مەیدان و بە توندی عەبدوڵڵا ئۆجەلانی وەك تیرۆریست تۆمەتبار کرد. ئەمە و ویلایەتە یەکگرتوەکان فشارێکی بێوێنەی خستە سەر ئیتاڵیا و ئەو وڵاتانەی کە دەیانویست ئۆجەلان وەك پەنابەر وەربگرن و پلاتفورمێکی بۆ ئیمزا بکەن، تا بتوانێ گفتوگۆ لەگەڵ تورکیادا بکات و چارەسەری سیاسی بۆ کێشەکەی بدۆزێتەوە؛ ئەمریکا لەجیاتی گفتوگۆ، دەیویست تەسلیم بە تورکیا بکرێتەوە بۆ موحاکەمەکردن.

لە سەروتارێکدا کە ڕادیۆی دەنگی ئەمریکا (VOA) بەناوی وەزارەتی دەرەوەوە بڵاوی کردەوە، هاتووە: ((نە لە کردەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکانە و نە لە هێڵی سیاسەتیدایە سەکۆیەکی نێودەوڵەتی ساز بکات، تا تیرۆریستان بتوانن ڕای خۆیانی لێوە دەربڕن و لەوێوە پاساوی تاوانەکانیان بخەنە ڕوو. نابێ کەس

---

[٣٧] دیدارێك لەگەڵ نووسەردا، دیمەشق– سووریا، وەك سەرچاوە لە سوسورلوك، ئۆکتۆبەری ١٩٩٦دا ناوی براوە. باسی ئەوە دەکات کە چۆن دەوڵەتی تورکی ڕاستڕەوە تاوانبارەکانی بەکرێ گرت بۆ کوشتنی بێموحاکەمەی هەزاران کەسی تورکیاییی بە ڕەگەز کورد، بۆ کەمکردنەوەی پشتیوانانی Pkk.

[٣٨] ئەم بابەتانە لە کۆنفرانسێکی ١٩٩٨/١١/٣٠ی ڕۆژنامەوانییەوە لە ئەنقەرە وەرگیراوە.

گومـان لـه بۆچـوونمان بكـات بەرامبـەر بـه ئۆجـەلان؛ ویلایەتـه یـەكگرتوەكان بـه تیرۆریستی دادەنێ و دەبێ ببرێته دادگا بۆ مەحكوومكردنی بەپێی تاوانەكانی))[٣٩].

كاتێك ئیتالْیا ڕێگەی به ئۆجەلان دا وڵاتەكەی لـه كـانوونی دووەمـی ١٩٩٩دا بەجێ بهێڵێ، جەیمس فۆلەی، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا به وەكالەت، به توورەییەوە دوواو وتی: ((ڕوون و ئاشكرایه، ئەو ڕێگەیەی وا ئیتالْیا گرتیه بـەر، دووره لـەوەی خزمـەتی مەبەسـتی موحاكەمـەكردنی ئۆجـەلان بكـات. ئێمـه بـەوە دلگرانین. ئۆجەلان دەبێ به تۆمەتی تیرۆریزم بخرێته بەردەم دادگـا))[٤٠] بـه هـەمان شـێوەیش، وەزیـری دەرەوە "مـادلین ئۆلبرایـت" بانگەوازەكـەی خـۆی دووپـات كردەوه و وتی ئـەو وڵاتانـەی ڕێگـه بـه سـەرۆكی PKK دەدەن ڕوویـان تێبكـات، دەبێ بدرێنـه دادگـا. وێـڕای ئـەوەی ئۆجـەلان بـوو بـه كەسـێكی بـێوڵات، هـیچ شوێنێكش دەست نەكەوت تێیدا دابەزێ، كاتێك لەم وڵاتەوە دەچوو بۆ ئەو وڵات و كەس دەرگای لێ نەكردەوە.

هەمان وتەبێژ، جەیمس فۆلـەی، وەك گاڵتـەپێكردنێك وتوویـەتی: ((خۆزگـەم بـەو فرۆكەوانـەی فرۆكـه بـچكۆلەكەی ئۆجـەلان نـەبێ))[٤١]. ڕووسـیا و هۆڵەنـدا و سویسرا، له دوا ساتەكانی ئازادیدا، ڕێگـەیان بـه دابـەزینی ئۆجـەلان نـەدا. جێـی داخه كه ئۆجەلان وەك ئەو پیاوە هۆڵەندییەی چیرۆكێكی لێ هـات كـه دەبوایـه تـا ڕۆژی موحاكەمەكردنی له دەریادا و له كەشتییەكەیدا بمێنێتەوە.

لـه كۆتاییـدا، ئۆجـەلانی بێـچارە، ڕێگـەی بـۆ یۆنانیـەكان دا بیبـەن بـۆ باڵوێزخانەكـەی خۆیـان لـه نـایرۆبی، كینیـا. ئـەم باڵوێزخانەیـه بـوو بـه بنكـەی

---

[٣٩] بڕوانه: ڕۆژنامەی "توركیش دەیلی نیوز"، ١٩٩٨/١٢/٢٥.

[٤٠] بڕوانه: ڕۆژنامەی" توركیش دەیلی نیوز"، ١٩٩٩/١/١٩.

[٤١] ئاژانسی ڕۆیتەر لەبابەت (خواستی ئەمریكیەكانەوە بۆ موحاكەمەكردنی ئۆجەلان). له ١٩٩٩/٢/١دا خراوەته سەر ئینتەرنێت.

موخابـەراتی ئـەمریکی لـە نـایرۆبی، چـونکە پێـشتر باڵوێزخانەکـەی خۆیـان بـە تەقینەوە وێران کرابوو. ئا لێرەدا و ئەمجا دوژمنایەتیی ئەمریکیەکان بەرامبـەر بـە پێشەوای کورد، گەیشتە دوا قۆناغی، زانیاریی تەواویان دا بە موخابەراتی تـورکی، شوێن و جێگەی ئۆجەلانیان بـۆ دەستنیـشان کـرد تـا بـە گرتیـان دا. چارەنووس ئاوهایە، لە هەمان کاتدا، ئـەمریکا پێویـستی بـە تورکیـا بـوو تـا ڕێگـە بـە فڕۆکـە جەنگیەکانی بدات کوردە باشەکانی کوردستانی عـێراق بپـارێزێ. بەرامبـەر بەمـە، دەبـوو ئـەمریکا نێـچیرێکی قەڵـەو پێـشکەش بـە تورکیـا بکـات و شکـست بـە داواکاریەکانی تاریق عەزیز بهێنێ، کە لە هەمان سـاتەوەختدا لـە تورکیـا بـوو، بـۆ ئەوەی قەناعەت بە تورکەکان بکات چیدی لـە هەراکـەی دژ بـە عـێراقدا یارمـەتیی ئەمریکا نەدەن. کاتێك بەسەرهاتی ئۆجەلان ڕووی دا، دوور نییە کوردەکانی عێراق ئەم پرسیارەیان لە خۆیان کردبێ کـە ئـەمریکا دوای لـەناوبردنی سـەدام تـا کـەی پاڵپشتی کوردەکان دەکات؟

مارك پاریس، باڵوێزی ئەمریکا لـە تورکیـا، زۆر بـە کەیفـەوە باسـی (درامـای ئۆجـەلان) دەکـات کـە وەك کۆیلەیـەکی بێـچارە خـۆی تەسـلیم کـردەوە[42]. دوا ساتەکانی ئۆجەلان ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە –وەك کوردەکان خۆیان دەڵـێن– کورد یارو یاوەری نییە.

کۆزۆڤـۆیش ئـەوە نیـشان دەدا کـە ویلایەتـە یـەکگرتوەکان تـا چ ڕادەیـەك یاریدەی تورکیا دەدات دژی PKK، کاتێك ناتۆ (Nato) هێرشی بۆمبابـارانی دژ بـە هێزەکانی یۆگۆسلاڤیا کرد تا لە کۆزۆڤۆ دەریان پـەڕێنێ و زەمینـە بـۆ کەمایەتیـە ئەلبانیەکان خۆش بکات بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمییان، بگرە سەربەخۆییش. لەم

[42] وتاری مارك پاریس لە یادی هەژدەهەمی دامەزراندنی کۆمیتەی ئەمریکی– تورکیدا، ١٩٩٩/٥/٦. ئەم باڵوێزە باسی هاوکاریی عەسکەریی نێوان هەردوو وڵاتی کردووەو زۆر بە گرنگی لەقەڵەم داوە.

کـەین و بەینـەدا، هاوشـێوە کێـشەی کـوردی تورکیـا بـە زەقـی کەوتـە بەرچـاو. لەڕاستیدا، ئەمریکا و تورکیا هەردوو وەك ئەندامی نـاتۆ بەشـدارییان لـە پرۆسـەی بەدەسـتهێنانی مافـەکانی کۆزۆڤـۆدا کـرد. ویلایەتـە یـەکگرتوەکان بـۆ ئـەوەی سەغڵەتیی خۆی بشارێتەوە، وتەبێژی وەزارەتـی دەرەوە لـە بەراوردکردنـدا وتـی: ((بەراورد کردنی کورد و ئەلبان عادیلانە نییە، چونکە تورکیا وڵاتێکی دیموکراتییە و پابەندە بە چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد))[43]. تورکەکان بـۆ خۆیـان لەم بەندوباوی چەواشەکردنە دەترسان دەیانویست لـەوە دڵنیـا بـن کـە ویلایەتـە یەکگرتوەکان، ڕۆژێ لە ڕۆژان، هەمان هەڵوێستی کۆزۆ ڤـۆی بەرامبـەر بـە تورکیـا نابێ. گومان لە وەرچـەرخانێکی وەهـای ئـەمریکی دەکـرێ، بـەڵام کـێ چـووزانێ، ڕۆژگار بەدەمیەوە ماوە.

### هەڵسەنگاندن

بێتواناییی ویلایەتە یەکگرتوەکان لە ئاسـتی دۆزی کـورددا لـە نـەگونجاویی لایەنەکانی ئەمریکا خۆیدا دەردەکەوێ" تورکیا بـە ئـەوروپایی پـۆلێن کـراوە و لـە وەزارەتی دەرەوەی ئەم وڵاتەدا بـەر بـیرۆی ئـەوروپا دەکـەوێ و کێـشەی کـوردی تورکیا لەم بیرۆیەدا شرۆڤە دەکرێ، وەلێ عیراق و کێشەی کوردەکـانی بـەر بـیرۆی ڕۆژهەڵاتی نزیك دەکەون. لەوانەیە ئەم پۆلێنکردنە لۆجیکی تێدا نەبێ، بـەڵام بـەم شێوەیە لە کێشەی کورد تێناگەن.

ئـــەو مامەڵـــە دووفاقییـــەی ویلایەتـــە یـــەکگرتوەکان بـــە زەرەری کـــورد دەشکێتەوە و لە قازانجی بەرژەوەندە نەتەوایەتیەکانیـدا دەبـێ. واشـینگتۆن، لـە ئاستی کۆزۆڤۆدا، نەیدەویست کێشەی ئەمنی لە ئەوروپا تەشـەنە بکـات و هـەوڵی بەربەستکردنیی دا، بەڵام کوردەکانی تورکیا ڕاستەوخۆ مەترسییەکی وا نانێنەوە.

---

[43] بروانە: ئەوراقی تایبەتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکی، کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانی، ١٩٩٩/٤/٧، لەسەر ئینتەرنێت.

بەم شێوەیە کێشەی کورد دراوەتە دەست زمانە جووت ستاندەرەکەی ویلایەتە یەکگرتوەکان: لە ئاستی کوردی تورکیادا –کوردی خراپ– و لە ئاستی کوردی عیراقدا –کوردی باش– دووبارە دەبێتەوە. هەردوو هەڵوێستەکەیش دەکەونە بەر خزمەتی بەرژەوەندی ئەمریکییەوە. تورکیا لەڕووی جیۆستراتیجەوە بۆ ناتۆ گرنگە و خاتری دەگیرێ. لە لاکەی ترەوە، سەدامی عیراق ئەوەندە هەڵمەتە بەدبەختەکەی داگیرکردنی کوێتی لە ساڵی ١٩٩٠دا ئەنجام داوە، بۆتە یەکێك لە دوژمنە سەرەکییەکانی ئەمریکا. واتە لێرەوە پشتگیری لە کوردی عیراق، دەچێتە خانەی بەگژاچوونی دوژمن و پاراستنی بەرژەوەندەکان.

بەرژەوەندی ویلایەتە یەکگرتوەکان، لە مەودایەکی دووردا، ستراتیجێك لە ئاستی کورددا دەخولقێنێ. ئێستاکە عەرەبەکان و ئیسرائیل بە ئاشتی دەژین و هەرای نێوانیان بەرەو دامرکانەوە دەڕوات، بەلام کێشەی کورد لە ناوچەیەکی گرنگی وەك ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، ناوچەی دەوڵەمەندی پەترۆل، سەرنج زیاتر ڕادەکێشێ، بەتایبەتی لە سەدەی داهاتوودا، سەدەی ٢١، لێرەدا دەبێ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەم قاوغەی ئێستا دەرچێ، مانۆڕی خۆی لە گۆڕەپانێکی بەرفراوانتردا ساز بدات.

ئەگەر هەنگاو بەرەو پێشەوە بنرێ، زۆر کورد هەست بەوە دەکات کە مافی کولتووری و ژیانی دیموکراسی شایستەی پەسندکردنن. ئەگەر ئەم شێوە داواکارییانە بۆ کورد بەرجەستە بکرێن، بێگومان بەو سنوورە قایل دەبن کە ئێستە لەنێویدا دەژین. وەلێ ئەگەر پشت گوێ بخرێن و هیچ شتێك بۆ کورد لە هەگبەدا نەبێ، ئەوە کاری ڕادیکالی پەرە دەستێنێ و کردەوەی توندوتیژی ناوچەکە دەهەژێنێ.

کوردەکان دەبێ ئەوەیش باش بزانن کە نەك هەر لە خاڵێکی پڕ لە نەوتدا دەژین، بەڵکوو زۆربەی سەرچاوە ئاویەکانی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە

خاكەكەيانەوە هەڵدەقوڵێ و ویلایەتە یەكگرتوەكان ناچارە دەبێ بە ستراتیجێكی تازەوە مامەڵە لەگەڵ كورددا بكات.

### كەلەپووری ویلایەتە یەكگرتوەكان لە پشتگیریكردنی كورددا
((دوو زنجیرەی سەرەكی))

بنكەی ژین
www.zheen.org

**لوقمان مەحۆ و میشێل نەحمە**

یەكگرتنی كورد، هەمیشە بە مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندەكانی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەقەڵەم دراوە. ویلایەتە یەكگرتوەكان لە لوتكەی پاڵپشتیی كورددا، دوای جەنگی كەنداوی ١٩٩١، خەمخۆری كۆمەكە مرۆییەكانی كورد بوو، بەبێ گوێدانە ئارەزووە سیاسیەكانی دانیشتوانی كورد. وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەكگرتوەكان كوردەكانی عیراقی بە كوردی باش ( good kurds) ناوبرد، بە ئەنقەست كوردەكانی ئێران و سووریا و یەكێتیی سۆڤێتی پشتگوێ خست؛ لەمانەیش بەدەر، ناوی تیرۆریستی بەسەر كوردەكانی توركیادا سەپاند.

فڕۆکەکانی هاوپەیمانانی ڕۆژئاوایی کاتێك بەسەر باکووری عـیراقدا دەفـڕین، مەبەسـت بنکەنـدکردنی ڕژێمـی سـەدام حوسـێن بـوو، نـەك پاراسـتنی کـورد لـە هێرشـەکانی تورکیـا کـە بـۆ سـەرکوتکردنی شۆڕشـی کـورد سـنووریان دەبەزانـد. ڕۆژئاواییەکان کە ویلایەتە یەکگرتوەکان پێشڕەویی دەکردن، ڕۆڵی سەرەکییان دا بە تورکیا بۆ ئەوەی ببێتە جێگری عیراق لـە کـۆنترۆڵکردنی کاروبـاری کوردەکـانی باکووری عیراقدا. ئەم کارە تا پێش ئـازاری ١٩٩١ زۆر پێویـست بـوو، وەلێ دواتـر ئیدانە کرا.

دەستێوەردانی تورك لە کاروباری کورددا، بە پیرۆزبایی ڕۆژئاواییـەکان، لـە کارە پیشەییەکانی کۆنی سەدام کە بە ناوی سەقامگیریی ئاسایشەوە دژ بە لایەنە کوردەکان ئەنجامی دەدا، جیاواز نەبوو. سیاسەتی تورکیا لـە ئاسـتی کوردەکـانی عیراقدا، هاوکاریی نهێنی بـوو لەگـەڵ ڕژێمـی سـەدامدا و پێکدادانی نێـوان پـارتی دیمـــوکراتی کوردســـتان PDK و یـــەکێتیی نیـــشتمانیی کوردســـتان PUKی لێکەوتەوە، کە یەکەم جار ساڵی ١٩٩٤ ڕووی دا.

جەنگی نێوان بەرە کوردیەکان، لایـتی سـەوزی بـۆ لێـدانی تـورك و ڕۆژئـاوا هەڵکرد، تاکوو دەسەڵاتی سیاسیی کـورد لـە ناوچـەکەدا بـێهێز بکـەن. نـاکۆکیی ڕاستەوخۆ، یەکەم جار لەنێوان فراکسیۆنەکانی کوردی عـیراقدا دەرکـەوت، دواتـر نێوانی ئەمان و لایەنە کوردیەکانی تورکیا و ئێرانیش تێـك چـوو. تورکیـا ئەوسـا و ئێستەیش هەمان ڕۆڵ لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و ڕۆژئاوادا دەبینێ، بۆ ئەوەی کـورد – لـە هـەر شـوێنێك بـێ– حـوکمی چـارەنووس بەدەسـتی خـۆی بـەدی نـەهێنێ. ڕۆژئـاوا، بـە ئەنقەسـت چاوپۆشـی لـەو ڕاسـتییە دەکـات کـە کـوردیش، لـەڕووی سیاسـییەوە، هاوشـێوەی کۆمەڵگـەکانی جیهـانی سـێهەمە کـە ئێـستا لـە سـایەی حوکمی ئۆتۆنۆمیدا دەژین. گەلێ کۆمەڵگەی تـر وەك کوردەکـان کـەموکوڕییان لـە

دەزگا تایبەتەکاندا هەیە، بەڵام ڕۆژئاوا تەنها باسی کەموکوڕیی کورد دەکات و بە شایستەی حوکمڕانیی خودی خۆی لە قەڵەمی نادات.

دوو لایەن، لە ڕووی سیاسییەوە، لە کوردستانی عیراقدا هەن، KDP، PUK. لەپاڵ ئەمانیشدا، باڵی ڕاستی نەتەوەیی و پارتە ئاینیەکان و هەندێ ڕەوتی گچکەی تر هەن. شرۆڤەکانی ئەم دواییە ئەوە نیشان دەدەن کە زۆربەی زۆری جەماوەری کورد پابەند نین بە لایەنگریکردنی هیچ کام لەم لایەنانە. کوردەکان زۆر بە کارامەیی‌یەوە چاویان بڕیوەتە ئاشتی و عەدالەت و گوزەرانباشی و حەز بە سەرفرازی دەکەن، چیتر باوەڕیان بە لایەنە زەبەلاحەکانی ناوچەکە و نێودەوڵەتی نەماوە. ئەزموونی زۆریان لەگەڵ بەهەڵەداچووندا هەیە. ئەم ئەزموونە ئەوە دەردەخات کە دەستەبەندیی سیاسی و ئینتیمای جوگرافی ناگەنە ئاستی ڕێزلێگرتن و خەمخۆریی کوردەکان، ئەوان زیاتر حەز بە هارمۆنی و پێکەوەژیان و نەفرەت لە شەڕی براکوژی دەکەن.

هەرچەندە داهاتێکی ئەوتۆ لە کۆمەککردنی بیانییەوە بەدی ناکرێ و دیفاکتۆی دووقۆڵیی ئابلۆوقەی ئابووری لەسەر کوردستانی عیراق بەردەوامە، ئەم کوردانە توانیویانە بژێویی خۆیان بەجێ بهێنن و بە گوڕو توانایی‌یەوە گەشە بکەن. کێشەی هەرە سەرەکییان نەبوونی هەم یارمەتیدانی کاش (fund) و ئارامیی سیاسییە. بە هەرحاڵ، باش وایە بە وردی لە کۆمەڵی ڕۆژئاوا بکۆڵرێتەوە، چونکە لەکاتێکدا دەنێردرێن کە دەیانەوێ ئاگری شەڕ دژی هێزێکی هەرێمی بەرپا بکەن و کورد بکەنە کراس سووری بەرلەشکر، تەنها مەینەتی و ماڵوێرانکردن لەم کۆمەککردنە دەکەونەوە.

مێژووی کۆن و تازە، بەردەوام ئەوە دەسەلمێنن کە کورد لە قەیرانی هەوڵی بەدەستهێنانی حوکمی چارەنووسسازدا، بوونەتە ڕۆڵگێڕێکی سەرەکی لە سیاسەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لێرەوە بە ئاقارێکی پڕ لە ئێش و ئازاردا

تێپەڕیون، هۆکارەکان پێکدادانی ناوخۆیی و بەکارهێنانیان بوون لەلایەن زلهێزە نێودەوڵەتیەکانەوە.

هاوپەیمانییە نێودەوڵەتیەکەی ساڵی ١٩٩١، کە ئەمریکا پێشەنگی ئۆرکێستراکەی بوو، دەیانویست هێزی عەسکەریی سەرکێشی عیراق لەناو بەرن، هانی کوردەکانیان دا تا دژ بە ڕژێمی سەدام، شانبەشانی ئەم هاوپەیمانییە، بجەنگێن. دوابەدوای قەڵاچۆکردنی نیوەی ڕاستی هێزەکانی عیراق و دامەزراندنەوەی میرایەتیی کوێت، سەرۆك بۆش بڕیاری دا ((کارێکی دانایی نییە دەست وەربدرێتە کاروباری ناوخۆی عیراق)). ئەم هەڵوێستەی ئەمریکا سەدامی هان دا بۆ تۆڵەسەندنەوە لە کورد، لە پاساوی پشتگیریکردنی ئەمریکیەکاندا لە جەنگی کەنداوی ١٩٩٠–١٩٩١دا.

سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکی، دەرهەق بەو گەلانەی وا لە هەوڵی وەدەستهێنانی مافی چارەنووسدان لەژێر ڕکێفی ڕژێمە چەوسێنەرەکاندا، لە سیستەمی تازەی جیهاندا* هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهات. وەك دەردەکەوێ، ئیدارەی ئەمریکی تائێستا پێیوایە سیستەمی نێودەوڵەتی بە تەواوی لەسەر زەمینەی دەوڵەتی نەتەوەیی بەرجەستە دەبێ، ڕەخنەی زارەکی ئەو سنوورەیە کە تێپەڕ ناکرێ، کاتێك باس دێتە سەر ئەو ڕژێمە دڕندانەی وا گەلانی خۆیان لە ناو سنووری خۆیاندا دەچەوسێننەوە. ئەم چەوساندنەوەیە ڕوو دەدات، ئەگەرچی ئەو گەلانە هەوڵی دەربڕینی ناسنامەی خۆیشیان نەدەن.

کاتێك وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکان، جەیمس بێکەر، بە شەخسی بارودۆخی کوردی لە ساتەوەختی ماڵوێرانکردنی یەك ملیۆن کورددا دەپشکنی، هاتە قسەو وتی: ((ئەمڕۆ بووینەتە شایەتحاڵی دەردەسەری و

* مەبەست لەو سیستەمە تازەیەی جیهانە کە سەرۆك بۆش لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردوودا جاڕی بۆ دا. [وەرگێڕ]

نائومێدیی گەلی عیراق)). خۆدوورخستنەوە لە بەکارهێنانی وشەی (کورد)، بەڵگەی ئاشکرایە بۆ چۆنیەتیی هەڵوێستی ئەمریکی بەرامبەر بە گەلی کورد. ئەگەر —بەتایبەتی— سالانی ١٩٧٢–١٩٧٥ بهێنینەوە یاد، بۆمان دەردەکەوێ ئەم هەڵوێستە تازە نییە. هێنری کیسنجەر کە ئەوسا وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکان بوو، لە کتێبی[44] ((Whitehouse years)) واتە؛ (سالانی کۆشکی سپی)دا، دەڵێ: نیکسۆن لەسەر ئەوەیش جەختی کردەوە کە هانی شای ئێران بدات بۆ پاڵپشتیکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردی عیراق.

کاروباری کورد و تراجیدیاکەی سالانی ١٩٧٢–١٩٧٥، بە دڵنیاییەوە، لە مەودای کتێبە قەبارەدارەکەیدا نەبوو. لە پاساوی ئەمەیشدا، دەڵێ لە بەرگی دووەمدا باسی دەکات، دەرکەوت بەرگی دووەمیشی کێشەی کوردی تێدا نەبوو. وەك سەرچاوە ئاماژەدان بەم گوفتارەی کە دەڵێ: بڕیاری شا سالی ١٩٧٥ لەبابەت کێشەی کوردەوە لەگەڵ عیراقدا، لەسەر بنەمایەك بوو کە زۆر لە ڕاستییەوە نزیك بوو، ئەویش ئەوەبوو... کورد لە دۆڕاندا بوو... شا حەزی نەکرد بە سوپاوە بێتە مەیدان... ئەگەر ئێمە هەوڵی بەردەوامیی ئاگرخۆشکردنی شەڕمان بدایە، تەنها لەڕووی دالدەی نهێنییەوە، ئەم گۆڕانکارییە بەسەر خۆماندا دەشکایەوە. لەبەر ئەوە، دەبوایە کورد بە تەنیا ڕووبەڕووی تراجیدیاکە ببێتەوە!

کیسنجەر، پاش ٢٠ سال، وتارێکی درێژی ٢١ لاپەڕەییی[45]. لەسەر کورد نووسی، بەسەر هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتوەکان و ڕۆڵی CIAدا لە ئاستی کورددا چووەوە. پاش ئەوەی ئاماژە بەوە دەدات کە کورد بووەتە قوربانیی مێژوو و جوگرافیا، ددان بەوەیشدا دەنێ کە جیاوازیی ڕای بەرپرسانی ئەمریکی کێشەی کوردی سەختتر کردووە. باسی ئەوە دەکات کە هەرچەندە ویلایەتە یەکگرتوەکان

---

[44] کیسنجەر، (سالانی کۆشکی سپی)، ١٩٧٩، بۆستن، ل١٢٦٥–١٢٦٦.

[45] بڕوانە: (تراجیدیای کورد و بەسەرداچوونەوە)، هێنری کیسنجەر، ١٩٩٩، ل٥٧٦–٥٩٦.

مافی چارەنووسی گەلانی گرتووەتە ئەستۆ، لەم ئاستەوە بە هیچ شێوەیەك خەمخۆری کورد نەبوە. ئەمریکا لەدوا مانگەکانی شەڕی ١٩٦١–١٩٧٥دا، بایەخی بە بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوەندیی تاران دەدا و دەیویست دەستڕۆییی سۆڤیەت لە ناوچەکەدا گەشە نەکات –کوردەکان ویستیان زامنکردنێك لە ڕۆژئاواوە وەربگرن، بەڵام بۆیان نەڕەخسا. بە هەرحاڵ، هێشتا دەبێ داکۆکی لەوە بکەین کە هەرچەندە بەرژەوەندی گرنگ لە دۆزەکەیاندا نەبوو، ویلایەتە یەکگرتوەکان زیاتر سەرقاڵی هاوسەنگیی هێزە نێودەوڵەتیەکان بوو، کوردەکانیش بۆ خۆیان هەڵەیەکی مێژووییان کرد.

کیسنجەر لەسەری دەڕوات و دەڵێ: هەرچەندە ٢٥ ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە، هێشتا جێگرەوەیەکی تری ئەوەی وا ئەوسا کردمان، بەدی ناکەم. کاتێك کیسنجەر ددان بەوەدا دەنێ کە کورد لە ئەزەلەوە بووەتە قوربانیی مێژوو و شوێنەکەی، بەڵام ئەمە بە دڵنەوایی لەقەڵەم نادرێ.

کیسنجەر، ناڕاستەوخۆ وای لە قەڵەم دەدات کە پاراستنی کورد زۆر گران لەسەر ویلایەتە یەکگرتوەکان دەکەوت، چونکە بەرەیەکی شاخاویی سەختی نەخوازراوی نزیك بە سنووری سۆڤێت دەکردەوە. بەم شێوەیە، ئێمە هەلومەرجی داڵدەدانی ئاشکرای کوردمان لە جەنگێکدا کە لە ڕووی لۆجستییەوە گران و لەڕووی جوگرافیاوە دوورەدەست بوو، بۆ بەرجەستە نەدەبوو. سەرەڕای ئەمانە، شاهنشا بڕیاری خۆی دابوو، ئێمەیش نە هۆکار، نە ستراتیجمان بەدی نەدەکرد تا هەوڵی گۆڕینی هەڵوێستەکەی بدەین.

لێرەدا، کیسنجەر وەك خانەنشین دەدوێ و دەڵێ: هۆکاری تەنگژە و مەینەتیی کورد دەگەڕێتەوە بۆ دیاری نەکردنی ئامانجەکان لەسەرەتاوە و گرێنەدانی ئەم ئامانجانە بەو ئامراز و ڕێوشوێنانەی وا لەبەردەستدان، کوردیش بۆ خۆی ڕۆڵێکی ئەوتۆی بۆ ئەمریکا نەبوو کە جێگرەوەیەکی نەبێ.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەمریکیەکان لە دوو قۆناغدا سەرکەوتوو نەبوون کە کورد لە سەرگەردانی و ماڵوێرانی بپارێزن؛ یەکەمیان لە شەڕی ١٩٦١–١٩٧٥دا کە ڕۆڵی نهێنیی هەبوو، دووەمیان لە جەنگی کەنداوی ١٩٩١دا ئاشکرا بوو. لە هەردوو قۆناغەکەدا، هەڵوێست پابەندی بەرقەراربوونی ئاسایشی نێودەوڵەتی و هاوسەنگیی هێزەکانی دەڤەرەکە بوو. ئەم ڕازو نیازانە بوون بە بەڵاو ڕێگری بەردەم بەدەستهێنانی ئامانجەکانی ٣٠ ملیۆن کورد.

## کورتەی مێژووی کورد

کورد خاوەنی مێژوویەکی دوورودرێژی تێکۆشانە بۆ ئەوەی ناسنامەی خۆی بپارێزێ. کۆنترین کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە تائێستا خاوەنی دەوڵەتی خۆی نەبێ. بەهۆی ئامادەگیی خۆیی‌یانەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی چەوساندنەوە، بەهۆی ئازایەتییانەوە، لەلایەن هێزە نێودەوڵەتی و هەرێمیەکانەوە سوودیان لێوەرگیراوە تا ڕۆڵی جەنگاوەر لە شلۆقکردنی ڕژێمەکانی دەوروبەردا ببینن. مێژوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی گوتیەکان، بۆ چوار هەزار ساڵ لەمەوبەر؛ زمانەکەیان، وەك بەشێك لە خێزانی ئاری بە هیندۆئەورووپیی ئێرانی لەقەڵەم دەدرێ؛ وەك ئاین زۆربەیان ئیسلامن. لە سەرەتای ژیانیانەوە تائێستا ئاوێتەی خاکێکی سێگۆشەی ستراتیجیی چوارسەد هەزار کیلۆمەتری دووجا بوون.

کوردەکان ساڵی ١٥١٦ نیشتەجێی دەڤەرێك بوون بەسەر ئیمپراتۆریای عوسمانیی سوننی و ئیمپراتۆریای سەفەویی شیعەدا دابەش کرابوو. هەرچەندە کەوتبوونە سەر سنووری دوو هێزی سەرسەخت، توانییان شێوە حاڵوبارێکی سەربەخۆی ڕێژەیی بۆ خۆیان بپارێزن. پیلانی (سایکس–پیکۆ)ی ساڵی ١٩١٦ کە دوابەدوای یەکەم جەنگی جیهانی ئیمزا کرا، کوردی بەش بەش کرد؛ ژمارەی دانیشتوانی، لە کۆتاییی سەدەی بیستەمدا گەیشتە ٣٠ ملیۆن: ٥١٪ی لە تورکیا و

٢٤٪ی له ئێران و ١٦٪ی له عیراق و ٥٪ی له سووریا و ٣٪ له ئەوروپا و ١٪ی له یەکێتیی سۆڤێتی پێشوودا دەژین[٤٦].

کوردەکان، به زۆرینه، کۆمەڵگەی خێڵەکی بوون و ئینتیمای ئەتنی کۆی کردوونەتەوە. بۆ ماوەیەکی زۆر خۆیان بە کاروباری کشتوکاڵییەوە سەرقاڵ کردووە، کۆمەڵگەی بچووك بچووکیان دامەزراندووە و لایەنگرییان بۆ ئاغا یا پێشەوای ئاینی یان هەردوکیان پێکەوە دەربڕیوە. هەستی نەتەوایەتیی کورد، لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەهەمدا، لەلایەن چەند پێشەوایەکی نیشتمانپەروەرەوە بزوێندرا، لە قاڵبی کۆمەڵگەیەکی بچووکی ڕۆشنبیرەوە گەیشتە ئاستێکی فراوانتر. ناسیۆنالیزمی کوردی، وەك خواستێکی سیاسیی مۆدێرن، بوو بەهۆی سەرهەڵدانی هێزو پتەوکردنی کۆمەڵگە دەستڕۆیشتوەکان، تا بتوانن بەرامبەر بە دەسەڵاتە سەرکوتکەرەکانی حکوومەتە تازەکانی تورکیا و ئێران و عیراق خۆیان ڕابگرن.

کوردەکان، وەکوو کۆمەڵگەیەکی ئەتنی، –بەلای کەمەوە– بە دوو شێوە جیاوازییان دەرهەق دەکرا، لەلایەکەوە لەلایەن شیعەی ئێرانەوە، چونکە ئەمان سوننە بوون؛ لەئاستی نەتەوایەتیشەوە، چونکە بە بنەچە لە عەرەب و تورك جیاواز بوون. وێڕای ئەمانە، خاوەنی کولتووری تایبەتی خۆیانن. کوردەکان هەستیان بەوە کرد کە کۆمەڵگەکانی دەوروبەریان بە نامۆ تێیان دەڕوانن، ئەم نەگونجانە ناچاری کردن ببنە خاوەنی هێز، تاکوو کەسایەتیی خۆیان بپارێزن. لەبەر ئەوەی لە ناوچەکەدا بە غەریب دانراون و لە جیهانیشدا خراونەتە لاوە، بوون بە قەوارەیەك کە بزواندن و بەکارهێنانی لەلایەن هێزە سەرەکیەکانەوە کارێکی گران نەبوە. درێژەدانی کورد بە هەوڵو تەقەلای بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی، کارێکی سروشتی بوو بۆ مانەوە و تەشەنەکردنی کولتووری خۆیان لە دەوروبەرێکی نامۆ و دژواردا.

---

[٤٦] لوقمان مەحۆ، کتێبی کزلتوور و کوردەواری، ٢٠٠١، ل٤.

بۆشاییەك لە تێكۆشـان بـۆ گەڵاڵـەكردنی پاراسـتنی كەسـایەتیی نەتـەوەیی دروسـت بـوو، هێـزە سـەرەكیەكانی ناوچـەكە توانییـان كـورد لەوڕێیـەوە بـۆ بەدەستهێنانی دەسكەوتی خۆیان بەكار بهێنن. ئەمەیش بوو بە پاساوێك كە مۆری Pawns of the middle East، واتـە داشـی شـەترەنجی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت لـە كورد بدەن.

بریتانیەكان لە ساڵانی بیستدا كوردیـان فریـو دا لـە توركیـا هەڵگەڕێنـەوە، بەمەیش هاوسەنگییەكی هێز لەنێوان توركیا و عیراقدا دروست كرا. ئەمریكیـەكان، لـە حـەفتاكانی هـەمان سـەدەدا، هـانی كوردیـان دا تـا دژ بـە عـیراق ڕابوەسـتن و هەڵوێستی شـای ئێـران، هاوپـەیمانی ئـەمریكا، لەمـەڕ كێـشەكانی نێـوان ئێـران و عیراق بەهێزتر بكەن. سووریا و عیراق و ئێران، هەریەكە لە ئاستی خۆیەوە كوردی هان داوە و بەكار هێناوە و خـاڵی سیاسـیی بـۆ خـۆی گەڵاڵـە كـردووە. كـورد، لـە هەموو حاڵەتەكاندا، بە تـەنیا بـەجێ هێڵـراوە و خـەمو خەفـەتی دوارۆژی نادیـاری چێـشتووە و دوچـاری چەوسـاندنەوە و تۆڵەسـەندنەوەی ڕژێمـە سـتەمكارەكانی وڵاتەكانیان بووە[٤٧].

www.zheen.org

## كورد لە عیراقدا

قەیرانی كوردستانی عیراق دەگەڕێتەوە بۆ دامەزرانـدنی حكوومـەتی عیراقـی لـە سـاڵی ١٩٢٠دا. عـیراق وەك ژێردەسـتەی بریتانیـا كرابـوو بـە سـێ ویلایـەت. ویلایەتەكان بەپێی پێكهاتەی ئـەتنی و ئـاینزا بـەش كرابـوون: ناوچـەی بەغـدا لـە ناوەڕاستی وڵاتدا بۆ عەرەبی سوننە دانرابوو. مووسڵ لە باكوور بۆ زۆرینەی كـورد تەرخان كرابوو*.

---

[٤٧] بڕوانە: كتێبەكەی گرەیهام ئی. فوللەر، چارەنووسی كورد، ١٩٩٣، ل١٠٨.

* لەم كتێبەدا باسی ویلایەتی بەسرە نـەكراوە، كـە زۆرینـەی شـیعە و گـەورە شـاری ناوچـەكە (بەسرە)یە.

بەستنەوەی ناوچەیەکی دەوڵەمەندی پڕ لە سەرچاوەی وەك ناوچەی کوردەکان بە عێراقەوە، خزمەتی دوو مەبەستی سەرەکیی بریتانیای دەکرد: یەکەم تا عێراق بتوانێ لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێ، دووەم جیاکردنەوەی بەشێکی کورد و کەمکردنەوەی دەرفەتی دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەییی سەرتاسەریی کوردی. دەوڵەتێکی ئاوا نەخشەبۆکێشراو — کە کراوە بە نموونە بۆ زۆربەی زۆری نەتەوەکانی تازە سەربەخۆ— نە ڕێز لە بوونی کەمە نەتەوایەتیەکان دەگرێ، نە ڕەچاوی داهاتوویان دەکات؛ لە هەمان کاتیشدا حیساب بۆ ئەو کێشانە ناکرێ کە لە ئەنجامی ئەم لەتوپەتکردنەوە سەر هەڵدەدەن. کوردەکان دژ بەم هەڵسوکەوتە ڕاپەڕین و داوای ئۆتۆنۆمییان کرد. وەلێ بریتانیەکان زۆر بێویژدانانە ڕاپەڕینەکانیان کپ دەکردنەوە.

کۆتایی‌هێنانی حوکمی پاشایەتی لە ١٤ی گەلاوێژی ١٩٥٨دا، لەلایەن ژەنەڕاڵ عەبدولکەریم قاسمەوە، چارەنووسی کوردی عێراقی بەرەو خاڵی وەرچەرخان برد. ئەم کودەتایە بوو بە هۆی سەرنجڕاکێشانی ناسیۆنالیستی کورد کە بە ڕوونی لە شۆڕشی ١٩٦١–١٩٧٥دا ئاشکرا بوو و ساڵی ١٩٩١ جارێکی تر سەری هەڵدایەوە. ئەمریکاییەکان لە هەردوو حاڵەتەکەدا دەستیان وەردایە مەسەلەکە. ویلایەتە یەکگرتوەکان لە دوو مەرامی سەرەکیی هەردوو جەنگەکەدا لەم کارەدا هەبوو؛ لە هەردوو بۆنەکەدا، سەرەتا ویستی هاوسەنگیی هێز لە ناوچەکەدا بپارێزێ، دواتریش ویستی دۆستەکانی خۆی، ئێرانی شا لە جەنگی یەکەمدا و تورکیا و سعوودیە لە جەنگی دووەمدا، سوودمەند بکات. ویلایەتە یەکگرتوەکان لە هەردوو حاڵەتەکەدا پەیوەندیی بە سەرکردایەتیی کوردەوە کردووە، بەڵێنی پشتگیریی عەسکەریی داوەو خواستی ئۆتۆنۆمیشی بەهەند گرتووە.

بەڵێنەکانی ئەمریکا هەمیشە گوڕی بە کورد داوە کە بەجیدی بجەنگێ و بەرەنگاری دوژمن ببێتەوە و بە دەیان هەزار قوربانی بدات و شارۆچکە و

www.zheen.org

گوندەکانی لە ئاکامی شەڕدا وێران بکرێ. ئەمریکیەکان لە هەردوو جەنگەکەدا کاتێك چەکداری کوردیان دەسخەڕۆ کردووە کە حکوومەتی عێراق لەوپەڕی ئامادەکاریی عەسکەریدا بووە تا بزووتنەوەی کورد تێك بشکێنێ. لێرەدا، هەندێ پرسیاری مەتەڵ ئاسا، لەم هەڵوێستانەی ئەمریکاوە دێنە ئاراوە:

ئەو خاڵە سەرسوڕهێنانە چی بوون کە ئەمریکاو کوردیان پێکەوە بەستنەوە؟ ئایا ئەمریکاییەکان لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئامانجەکانیان بەدی هێنا؟ چۆن کوردەکانی عێراق کەوتنە خزمەتی بەرژەوەندەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکان؟ ئایا ئەمریکییەکان لە سەرەتاوە لەوە ئاگادار بوون کە ئامانجە مەودا دوورەکانیان لەگەڵ ئامانجەکانی کورددا جووت نایەنەوە؟ بۆچی کوردەکان لە ١٩٧٥ و ١٩٩١دا سەرگەردان کران و خیانەتیان لێ کرا؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە تەنها لە لێکۆڵینەوەی بنەماکانی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکاندا ڕوون دەبێتەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکان و بزووتنەوەکانی چارەنووسخواز

لە گەلێك لاوە، وا دەرکەوتووە کە ویلایەتە یەکگرتوەکان، لە سیاسەتی دەرەوەیدا تایبەت بە جیهانی سێهەمیدا، زۆر بە بەرفراوانی پەیوەندیی بە مافی چارەی خۆنووسینەوە هەیە، لە پەیوەندیەکانیدا بۆ ئەوانەی وا جیابوونەوە دەخوازن یا هەوڵی ئۆتۆنۆمی دەدەن. ئەم هەڵوێستانە سیاسەتمەدار و ئەکادیمیەکان جەختی لەسەر دەکەنەوە. هانز مۆرگانیزاو، هێزی کیسنجەر ڕیالیستەکانی تر (Realists) دووپاتی دەکەنەوە کە دیدی ئەمریکی لە ئاستی سیاسەتەکانی جیهانی سێهەمدا سۆزێکی زۆر نانوێنێ، ئەمە ئەگەر لە حاڵەتی سەربەخۆیی نەتەوەییدا بەرهەڵستی پیشان نەدات. سیاسەتی ئاشکرای ویلایەتە

یەکگرتوەکان بە شێوەیەکە سەربەخۆیی گەلانی ژێردەست بە مافی جیهانی بناسێ. بە هەرحاڵ، هێشتا تەواو ڕوون نییە ئەم مافە بە کێ ڕەوا دەبینێ.

ئەم سیاسەتە هەمیشە وا بەکار هێنراوە کە کەمتر لە خزمەتی بزووتنەوەکانی سەربەخۆییدا نەبێ، بەڵکوو بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندە نەتەوایەتیەکان و ستراتیجە تایبەتەکانی تەرخان کرابێ. کێبڕکێی نێوان ویلایەتە یەکگرتوەکان و یەکێتیی سۆڤیێت لە سەروەختی جەنگی سارددا، وای لە ئەمریکا دەکرد لە ئاستی هەموو بزووتنەوەکانی جیهانی سێهەمدا، بەتایبەت بەرامبەر بە ئۆتۆنۆمیی کوردی عیراق، هەڵوێستی نهێنی بگرێتە بەر. هەرچۆنێك بێ، دوابەدوای کەرتوپەرتبوونی سۆڤیێت، سیاسەتی ئاشکرای ویلایەتە یەکگرتوەکان لەمەڕ ئەم بزووتنەوانە کەوتە ڕوو، نموونەیش بۆ ئەم هەڵوێستە دەرهەق بە کورد، لە ساڵی ١٩٩١دا دەرکەوت.

ئارنۆڵد وۆڵفەر Arunold Wolfer داکۆکی لەوە دەکات کە جۆرە بنەمایەکی نادیار لە سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکاندا هەیە. لەسەری دەڕوات[48]، لێڵی یا جووتواتاییی ئەم پرنسیپانە بۆ پابەندبوون بەو هەموو سەرچاوەی زانیاریانەوە کە لە بواری خزمەتکردنی ئامانجە نەتەوەییەکانی ئەمریکادا بایەخیان هەیە و لە هەمان کاتیشدا ئەم سەرچاوانە لە شیکردنەوەی کەشو بارودۆخەکاندا[49] لەبەرچاو دەگیرێن، ڕاستیەکان بۆ خۆیان دەدوێن و دەری دەبڕن کە سیاسەتی دەرەوەی زلهێزەکان دەکەونە بەر ئەو هەڵسەنگاندنەی وا تا چ ڕادەیەك خزمەتی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی دەکەن. ئاسایشی نەتەوەیی ئەم خاڵانە دەگرێتە خۆی: پاراستن و پشتگیریی دۆست و هاوپەیمان، مەحکەم ڕاگرتنی هاوسەنگیی

---

[48] بڕوانە: گۆڤاری زانستی سیاسی، ئاسایشی نەتەوەیی، نووسینی ئارنۆڵد فوللەر، ژمارە ٦٧، ل٤٨١–٥٠٠.

[49] بڕوانە کتێبی: یەکێتییەکی باشتر، سامۆئیل پاترسۆن، ١٩٨٢، ل٥٩٣–٥٩٥.

هێز لەنێوان لایەنەکانی کێبڕکێدا و پاراستنی هاووڵاتییە ئەمریکیەکانی دەرەوەی وڵات[50]. ڕەوشتدۆستان (Moralists) ڕەخنە لە ڕیالیستەکان دەگرن کە کاتێك لە بڕیاری سیاسی دەکۆڵنەوە و ئەم بڕیارانە ئیمزا دەکەن. ئەمان، دروشمی (بەرژەوەندی ئاسایشی نەتەوەیی) بە خۆپەرستی و خۆویستی و بێبنەما پەسن دەدەن؛ ڕیالیستەکان وا مەحکووم دەکەن، گوێ بە بنەمای ڕەوشت نادەن. کە لە حیساباتی بەرژەوەندی نەتەوەییدا، جیۆپۆڵەتیك و گەشەکردنی ئابووری بە هەند دەگرن، کەچی گوێ نادەنە ڕەوشت و یاسا، یا خۆشگوزەرانیی کەسانی تر، ئەگەر ئەو کەسانە لەپێناوی خزمەتکردنی بەرژەوەندەکانی خۆیاندا وەك ئامێر بەکار نەهێنرابن[51]. موڕالیستەکان، گەلێ جار ڕەخنە لە شێوەی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکان دەگرن و دەڵێن بنەماکان لە ڕێی خزمەتی بەرژەوەندیدا پێشێل دەکرێن. ئەم ڕێبازەیش بووەتە هێمای سیاسەتی ڕەوشت نزمیی ئەمریکی[52].

مۆرگینتاو، لە پاساودانەوەی بانگەوازی بەپیرەوەچوونی بەرژەوەندی خۆیی (Self-interest)دا، دەڵێ: ئەمە مەبەستێکی سەرەکیی هەموو نەتەوەیەکە بۆ مانەوە لە ژیاندا و ئەرکی دەوڵەتە کە ئاوا ڕێگەیەك بگرێتە بەر. دەوڵەت، بۆی نییە بەرژەوەندی نەتەوەیی لەپێناوی هەندێ بنەمای ڕەوشتدا بخاتە مەترسییەوە. بەرژەوەندی نەتەوەیی بەسەر ڕەوشتدا زاڵە[53]. ڕاستی وایە کە حکوومەتەکان هەمان سیاسەتی دەرەوە جێبەجێ دەکەن و پێشیان وایە ئەم جۆرە بۆچوونە لەڕووی ڕەوشتیشەوە عادیلانەیە و سووربوون لەسەر دەقاودەقی

---

[50] هەمان سەرچاوە، ل٥٩٥.

[51] کتێبی تیلمان، ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ١٩٨٢، ل٤٣.

[52] هۆلستی، کتێبی (سیاسەتی نێودەوڵەتی)، ١٩٨٨، ل٣٨١.

[53] هانز مۆرگینتاو، (زانستی سیاسەتی ئەمریکی)، ١٩٦٩، ل١٨٦.

ئایدۆلۆژیا دەبێتە هۆی خۆماڵۆیرانکردن. کێشەکە لێرەدا، ئەوەیە کە دەبێ ئەم ئامانجەی لەسەر حیسابی بەرژەوەندی نەتەوەکانی تر بەجێبهێنێ[٥٤]. بەلای هۆڵستی (Holsti)یەوە وایە کە ((دوور لە مەنتیقی ویژدانی، بالادەستی و بەرژەوەند دەبنە ڕێبازی زۆربەی حکوومەتەکان و بە شێوەیەك پەیوەندیەکانی نێوان خۆیان بەڕێوە دەبەن کە لەگەڵ بنەماکانی گەمە هاوبەشەکەدا گونجاو بن))[٥٥].

بە پەیدابوونی ڕیزبەندیی تازەی جیهان، ناسراو بە (New World Order)، گەلێ گرووپی ئەتنی پێیان وابوو لەم جیهانە تازەی مودێلی ئەمریکیدا، خۆیان لە بازنەیەکی سیاسەتی دەرەوەدا دەدۆزنەوە. وەلێ نائومێد بوون، چونکە سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکان بە کەللەڕەقی و پراگماتیکی و کەم بەبەزەیی مایەوە[٥٦]. خولیا و هەموو ڕەوانبێژییەکی بنەماکانی ویلایەتە یەکگرتوەکان تەنها بە (جووجکە)ی ڕاستیەکان دەشێ. هەندێ لە بنەماکان دیموکراسی و ئازادیخوازانەن بۆ هەموو گەلان، برسێتی و هەژاری لەناو دەبەن و دەستی دۆستایەتی بۆ هەموو نەتەوەکان درێژ دەکەن[٥٧].

هەندێ قەیرانی سەخت لە سەرەتای ساڵانی شەست و ناوەندی حەفتاکاندا ڕووبەڕووی سیاسەتمەدارانی ئەمریکا بووەوە، تێکهەڵچوونێك لەنێوان ئیدارە و کۆنگرێسدا لەمەڕ ڕۆڵی ئەم دوو لایەنە لە نەخشەکێشانی سیاسەتی دەرەوەدا ڕووی دا. چاودێرەکان ئەم تێکهەڵچوونەیان کە لەکۆنەوە لەنێوان دیموکراتخوازەکان و بەرزەدەماغەکانی ئاسایشی نەتەوەییدا ماوەتەوە[٥٨]، بە گرژییەکی درێژخایەن لەقەڵەم دا. لەبەر ئەوەی سەرۆکی دەوڵەت بەسەر

---

[٥٤] هەمان کتێبی هۆڵستی، ل٣٨١-٣٩٢.

[٥٥] هەمان کتێبی هۆڵستی، ل٣٩٣.

[٥٦] هەمان کتێبی مۆرگینتاو، ل٩١١-٩٧٠.

[٥٧] هەمان کتێبی پاترسۆن، ل٥٩٦.

[٥٨] کتێبی (ڕۆڵی ئەمریکی لە جیهاندا)، نووسینی لی هامیلتۆن، ١٩٩٠، ل٢٢٠.



بنکەی ژین www.zheen.org

ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی (NSC)[59]دا و بەسەر CIAدا زاڵە، لەپاڵ ئەمانەیشدا بە هێزی دەستوور، سیاسەتی دەرەوە دەکەوێتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، دەتوانێ کۆنگرێس بەپێی دەسەڵاتی خۆی هەڵبسووڕێنێ. سەرۆک گەلێ جار بە ئیمپریال ناو دەبرێ[60]. ئەم کەشە تاکوو ناوەندی ساڵانی حەفتا وا دەڕۆیشت، تا کۆنگرێس توانیی تەگەرە بخاتە بەردەم دەسەڵاتەکانی سەرۆك[61]، بەتایبەتی لە ئاستی جەنگی ڤێتنامدا، گەندەڵیی ۆوتەرگەیت (Watergate) وە تێوەگلانی ناشەرعیی ویلایەتە یەکگرتوەکان لە کاروباری وڵاتەکانی جیهانی سێهەمدا بە چالاکیی نهێنییەوە. لێرەوە کۆنگرێس توانیی دەسەڵاتەکانی سەرۆك سنووردار بکات[62].

ئەم شێوە کارەی کۆنگرێس هێنایە کایەوە، گەوهەری بوو بۆ دوورکەوتنەوە: یەکەم لە ڤێتنامی داهاتوو، چونکە چیدی ڕێگەیان بە سەرۆك و بازنەی کەسایەتیەکانی دەوروبەری نەدا ئاڵوێڵی ئاسایشی نەتەوەیی بە نهێنی بکەن[63]. دووەم بەدواداچوونەوەی دەسەڵاتی بیرۆکراتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی کە لەژێر دەستی سەرۆکی ئیمپریالدا بوو. وەلێ ئەم دەسەڵاتە سنووردار نەبوو و دەسەڵاتی کۆنگرێسی چوارچێوەدار کردبوو. سەرۆکەکان خۆیان لە سەروو یاساوە دادەنا، بەتایبەتی لە بەندوباوی سیاسەتی دەرەوەدا[64]، لە هەمان سۆنگەوە

---

[59] کتێبی (کێشەی ڕاستەقینەی ئێران گەیت)، کینیس شارپ، ١٩٨٧، ل٢٢٠.

[60] کتێبی (هێزی نهێنیی ئەمریکا)، پاترسۆن، ١٩٨٩، ل١٦.

[61] هەمان سەرچاوەی وێلسۆن، ل٥٥١.

[62] هەمان سەرچاوەی ویلسۆن، بە هاوکاریی نووسەر شرایدەر، ل٥٥١–٥٥٢.

[63] کتێبی بە دیموکراتیکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکی، کینیس شارپ، ١٩٨٦، ل٢٢٠–٢٢١.

[64] کتێبی پەیوەندیەکانی زلهێزەکان، ن. باوکەر، ١٩٩٢، ل١٠٨٣.

زانیاری نەدەدرا بە کۆنگرێس، بە بیانووی پاراستنی نهێنییەوە چەواشەکارییان ئەنجام دەدا و جەماوەریش لەم کارانە بەئاگا نەدەبوو.

هەندێ ناوچەی جیهانی سێهەم ناچار کرابوون ڕۆڵێك لە کێشمە کێشەکانی ڕۆژهەلآت و ڕۆژئاوادا ببینن؛ ئەم ڕۆڵانەیش بە قازانج نەدەگەڕانەوە بۆ خۆیان، چونکە بێ جێگرەوە نەبوون. مایك باوکەر داکۆکی لەوە دەکات کە پەیوەندیەکانی زلهێزەکان، لە کۆتاییی دووەم جەنگی جیهانییەوە بە ٣ قۆناغدا تێپەڕیون: قۆناغی ١٩٤٥–١٩٦٢ کە گرژبوونی گەورە لەنێوان ڕۆژهەلآت و ڕۆژئاوادا ڕووی دا، دووەم لە ساڵی ١٩٦٢–١٩٨٩ کە ئارەزووی پێکەوە ژیان و لەیەکگەیشتن پەرەی سەند. پێکدادانی عەسکەریی نێوان زلهێزەکان خزمەتی هیچ لایەکیانی نەدەکرد، بەلآم خۆیان بە (جەنگ بە وەکالەت)ەوە لە وڵاتەکانی جیهانی سێهەمدا سەرقاڵ کرد. سێهەم، دوابەدوای ١٩٨٩، کاتێك هاوکاریی نێوان زلهێزەکان ڕەخسا*، سیاسەتی ئەمریکی لەبارەی مافی چارەنووسەوە کەوتە دیوە گوماناوییەکەیەوە. ئەم هەلەیان قۆستەوە بۆ زیاتر دەست وەردانە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتانی تر، بە شێوەیەك بەکاریان هێنان کە تەنها خزمەتی بەرژەوەندە بنەڕەتیەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکان بکەن[٦٥].

## دەستێوەردانی ویلایەتە یەکگرتوەکان لە جیهانی سێهەمدا

شاریدەر، لە وەسفی دەستێوەرداندا، دەڵێ: ((کارێکی پڕ مەبەستە، بەکارهێنانی وردی سیاسی و ئابووری و دەزگا عەسکەریەکانە لەلایەن وڵاتێکەوە

* بە نەمانی یەکێتیی سۆڤێت، ڕووسیای فیدراڵ پێك هێنرا کە سەرەتا هاوکاریی ویلایەتە یەکگرتوەکانی دەکرد. [وەرگێڕ]

[٦٥] هاڵپرین و شێفەر، کتێبی نیزامی تازەی جیهان، ١٩٩٢، ل١٠–١١.

تاکوو کار بکاتە سەر سیاسەتی ناوخۆی یا سیاسـەتی دەرەوەی وڵاتێکـی تـر))[٦٦] . ئەم دەستێوەردانە، بەپێی میزاج بـە دوو شـێوە دەکـرێ؛ یا نهێنـی یـان ئاشـکرا، چونکە دەست وەردانی ویلایەتە یەکگرتوەکان لە جـەنگی سـاڵانی ١٩٦١–١٩٧٥ی کوردی عیراقدا نهێنی و عەسکەریئاسا Daramilitarghature بوو، دەبێ بـەر لـە هـەموو شـتێك تایبەتمەندییـە جیاوازەکـانی ئاشـکرا بکـەین. CIA بـەم شـێوەیە وەسفی دەستێوەردانی نهێنی دەکات: ((چـالاکییەکی تایبەتـە، لـە دەرەوەی وڵات دەکـرێ بـۆ ئـەوەی پـشتگیری لـە ئامانجـەکانی سیاسـەتی دەرەوەی ویلایەتـە یـەکگرتوەکان بکـەین، بـەبێ ئـەوەی لێـی بـدوێین یـا جـەماوەری لێ ئاگـادار بکەینـەوە))[٦٧] . CIA لـە بەنـدوباوی ئاسایـشی نەتەوەییـدا، لـە ڕێگـەی کۆمیتـەی ئاسایشی نەتـەوەیی ئەمریکیـەوە، NSC، ڕاسـتەوخۆ ڕاپـۆرت دەدا بـە سـەرۆکی دەوڵەت. بەپێی بڕگەکانی یاسای NSC، ساڵی ١٩٤٧ پێنج دەسەڵاتی تایبـەت بـە CIA بەخشراوە: یەکەم، ڕێنمایی NSC لە چالاکیەکانی پەیوەندیدار بە ئاسایشی نەتەوەییـدا بکـات؛ دووەم، ڕاسـپاردە بـدات بـە NSC بـۆ هاوکـاریکردن لـەم چالاکییانەدا؛ سێهەم، دۆزینەوەی پەیوەندی و هەڵسەنگاندن و دەرخـستنی کـاری موخابەراتی لە چوارچێوەی حکوومەتدا؛ چوارەم خزمەتکردنی ئەو (بەکرێگیراوانە) کە بـە بڕیـاری NSC بکرێتـە ناوەنـدی؛ پێنجـەم، بـەجێهێنانی ئـەو ئەرکانـەی کـە جاروبار NSC بە زەروریان دەزانێ و دەبێ ئەنجام بدرێن[٦٨] . هەرچوار دەسـەڵاتی یەکەم سروشتی موخابەراتیی پەتین. وەلێ پێنجەم هـەم بـەو چـالاکیە نهێنیانـەوە بەندە کە لە هەموو جیهاندا دەکرێن، هەم بە گوفتارەکەی تروومانەوە کـە تایبەتـە بە پووچەڵکردنەوەی هەڕەشـەی کۆمـۆنیزم لـە وڵاتـانی وەکـوو تورکیـا و یۆنـان و

---

[٦٦] پیتەر شرایدەر، دەستێوەردانەکانی ساڵانی هەشتا، ١٩٨٩، ل٢٠.

[٦٧] ڕانسۆن، دەستێوەردانە نهێنیەکان، ١٩٨٩، ل١٠١.

[٦٨] سەرچاوەکەی پێشووی جۆنسۆن، ل١٦–١٧.

ولاتـانی ڕۆژهـەلاتی ناوەڕاسـت، بەتایبـەتی ئـەو ولاتانـەی وا تـازە بـوون بـە حکوومەت[٦٩]. بەڵام ئایا ئەم هەڕەشانە چۆن پووچەڵ دەکرێنەوە: جۆنسۆن ئاماژە بە چالاکیی CIA دەدات لەپاڵ دەزگا باوە ئەمریکیەکاندا، ئەمانەیش چوار جۆرن: پڕوپاگەندە[٧٠]، چالاکیی سیاسی و ئابووری لەگەڵ ئامراز و ڕێگەی عەسکەریدا.

چالاکیی شێوە عەسکەریی نهێنی، جەنگێکی بەرفراوانە بەبێ ئەوەی ئاشکرا بکرێ، حکوومەتی ئەمریکی لە شێوەی یارمەتیی ئابووری و عەسکەریدا، بەگەرمی پـشتگیریی شۆڕشـگێڕانی ئـەو ولاتانـە دەکـات کـە حکوومەتـەکانیان دژایـەتیی ویلایەتە یەکگرتوەکان دەکـەن. گـەریلاکان یـا شۆڕشـگێڕەکان لـەم چـالاکییانەدا، وەك بریکار دەجەنگن، بۆ ئەوەی ئەمریکیەکان ڕاستەوخۆ تێـوە نـەگلێن. لێـرەوە هۆی پێکدادان لەنێوان کۆنگرێس و ئیدارەی کۆشکی سپیدا لـە ئاسـتی سیاسـەتی دەرەوەدا ڕوون دەبێتەوە![٧١].

لـە پێکـدادانی ئـەم دوو لایەنـەدا، دوو جـۆرە دەمـەقرێ دروسـت دەبـێ؛ یەکەمیان پارسەنگی چالاکیی نهێنییە، ئەوی تر دژیەتی. ئەوانەی کـاری نهێنییـان بەلاوە باشە، ئەم بیانوانەیان بەدەستەوەیە: یەکـەم، یـەکێتیی سـۆڤێت خـاوەنی KGBیـە و کـاری نهێنـی ئـەنجام دەدات؛ دووەم، ئـەرکی سەرشـانی ئەمریکایـە یاریدەی هاوپەیمان و دۆستەکانی بدات، ئەم کارەیش باش وایە بە نهێنـی ئـەنجام بدرێ تا ئـەم دۆسـتانە سـەغڵەت نـەبن؛ سـێهەم، خێرایـی و نهێنـی زۆر گـرنگن بـۆ سەرکەوتن لە کاتوساتی هەسـتیاردا، لێـرەوە پێویـست ناکـات CIA ڕەزامەنـدیی جەماوەر وەربگرێ کە کاتێکی زۆری دەوێ؛ چوارەم، باشترین ئامێری ژێر دەسـتی

[٦٩] گرواسێر و لاخمان، ئەمریکا و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، ١٩٨٢.

[٧٠] جۆنسۆن، سەرچاوە پێشوو، ل٢٦.

[٧١] شرایدەر، دەستێوەردانەکانی سالانی هەشتا، ١٩٨٩، ل١١٥.

ئیدارەی ئەمریکی کە ئاسایشی نەتـەوەیی پـێ بپـارێزێ، چـالاکیی نهێنییـە، ئـەم جۆرە چالاکیانە ئەگەر بە نهێنی پۆلێن بکرێن، باشتر سەر دەگرن[٧٢].

## جەنگی ساڵانی ١٩٦١–١٩٧٥

کاتێك عەبدولکەریم قاسم کودەتاکەیی لە ١٤ی گەلاوێژی ١٩٥٨دا ئەنجام دا، پێشەوای خۆڕاگری کـورد مـەلا مـستەفای بـارزان، مۆڵـەتی پـێدرا پـاش ١٣ سـاڵ دوورکەوتنەوە، لە یەکێتیی سۆڤێتەوە بگەڕێتەوە بۆ عـیراق؛ پـشتگیریی لـە قاسـم کرد دژی دۆژمنـەکانی، بەرامبـەر بەمـە دەبوایـە کـورد ئۆتۆنۆمییـەکی ڕێـژەیی لـە سنووری عـیراقدا، پێبدرێ. قاسـم بەڵێنەکـەی شـکاندو ڕووبـەڕووی جـەنگاوەری سەرسەختی کورد بـووەوە[٧٣]. بـارزانی گفتوگـۆی لەگـەڵ حکوومەتـە یـەك لـەدوای یەکەکانی عیراقدا دەکـرد، پێـشنیاری شەڕوەسـتانی بەرامبـەر بـە جێبـەجێکردنی ئۆتۆنۆمیی سنووردار بۆ کورد کرد[٧٤]. یەکەم پەیوەندیی لـە سـاڵی ١٩٦٥دا لەگـەڵ سـەرۆك وەزیـران "عەبـدوڕڕەحمان بـەززاز"دا بەسـت[*]، بـەڵام بـەززاز مـەیلی دروستکردنی حکوومەتێکی ناوەندیی دەستووریی بەهێزی هەبوو. جـەنگ دەسـتی پێکردوەو، تا حکوومەت لـە ناوەڕاسـتی سـاڵی ١٩٦٦دا ویـستی بـە هێـزی سـوپا شۆڕشی کورد کەنەفت بکات، سوپای عیراق لـە شـەڕێکی یـەکلاییکـەرەوەدا، تێك شکا و پرسیاری دانایی لە درێژەکێشانی جەنگ و بەهەدەربردنی سامانی عـیراقدا،

---

[٧٢] ڕانسۆن، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٢–١١٣.

[٧٣] عیسمەت شەریف، گەلێکی بێوڵات، ١٩٨٠، ل١٦٥–١٦٧.

[٧٤] مەجید قدووری، کۆماری عیراق، ١٩٦٩، ل٢٥٣.

[*] ئەمە هەڵەیە، یەکەمجار ساڵی ١٩٦٣ گفتوگۆ لەگەڵ بەعسیەکاندا ئەنجام درا، دووەم لەگەڵ سەرۆك وەزیران تاهیر یەحیا، سێهەم لەگەڵ عەبدوڕڕەحمان بەززازدا. [وەرگێڕ]

زەق بـووەوە[٧٥]. لێـرەدا بـەرزاز پلانێکـی ١٢ خـاڵیی ئیمـزا کـرد کـە ئامانجـەکانی بارزانیی تێدا بەدی دەهاتن.

بەرپرسە بەرزەکانی سوپا ئەم پلانەیان بە خیانەتی دەستووری لەقەڵەم داو کودەتایەکیان بەسەر حکوومەتەکەی بەرزازدا کرد. پێکدادان دەستی پـێکردەوە، بەردەوام بوو تا حیزبی بـەعس لـە سـاڵی ١٩٦٨دا بـۆ جـاری دووەم هاتـەوە سـەر حوکم. بەعسیەکان بنەمای یەکگرتنی عەرەبیان کردبوو بە دروشم[٧٦]. بـە هـەرحاڵ لـە سـەرەتاوە بیریـان لـە دامەزرانـدنی خۆیـان و قـۆرخکردنی هێـز دەکـردەوە[٧٧]. بڕیاریان دا پەیوەندیی خۆیان لەگەڵ کـورددا چـاك بکـەن و دانوسـتانیان سـاز داو پێکەوە بە رێککەوتننامەیەك گەیشتن کە ڕۆژی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠ جـاڕی بـۆ دراو بە بەیاننامەی یازدەی ئادار ناسرا و ئەم خاڵانەی خوارەوەی گرتنە خۆ:

١. زمانی کوردی، ڕەسمی دەبێ لەو شوێنانەی وا زۆرینەی دانیشتوانیان کوردن. کوردی و عەرەبی لە هەموو قوتابخانەکاندا دەوترێنەوە.

٢. بەشداربوونی کورد لە حکوومەتدا و لە هەموو پۆستە گرنگەکاندا.

٣. چەسپاندنی ڕۆشنبیری و کولتووری کوردی.

٤. مەرجە ئەو کاربەدەستە ڕەسمیانەی وا لە ناوچـە کوردیەکانـدا کـار دەکـەن، کوردی بزانن.

٥. مافی دامەزراندنی یەکێتیەکانی قوتابی و گەنج و ئافرەت و مامۆستایان.

٦. گەشەدان بە ئابووریی ناوچە کوردیەکان.

٧. گەڕانەوەی کوردەکان بۆ گوندەکانیان، یان قەرەبووکردنەوەیان.

٨. چاکسازیی کشتوکاڵی.

---

[٧٥] ماریۆن سلەگلێت و پیتەر سلەگلێت، لە کتێبی سیاسەتی عیراق لە ١٩٥٨وە، ل١٠٣-١٠٤.

[٧٦] کتێبی ئەو نەتەوەیەی کە نکوولیی لێ دەکەن، ماکرۆ واڵ، ١٩٩٢، ل٨٨-٨٩.

[٧٧] سەدام حوسێن، ڕووداوەکانی ئێستای عیراق، ١٩٧٧، ل١٥.

٩. ڕیفۆرمی دەستوور بە شێوە گوزارشتی: گەلی عیراق پێك هاتووە لە دوو نەتەوەی سەرەکی، عەرەب و کورد.

١٠. گەڕانەوەی ئێستگەی ڕادیۆی نهێنی و چەکی قورس بۆ حکومەتی ناوەندیی عیراق.

١١. دامەزراندنی کوردێك لە پۆستی جێگری سەرۆك کۆماردا.

١٢. چاکسازیی یاساکان بە شێوەیەك کە لەگەڵ ئەم بەیاننامەیەدا بگونجێ.

١٢. پێکهێنانی ناوچەیەکی کوردیی خاوەنی حوکمی خۆماڵی[٧٨].

لەم ڕێککەوتننامەیەدا بەڵێن بە بارزانی درابوو، حوکمی ئۆتۆنومی لە ماوەی چوار ساڵدا لەو ناوچانەی وا زۆرینەی دانیشتوەکانی کوردن، دابمەزرێنرێ– چوار ساڵەکە لە ڕۆژی ئیمزاکردنی ئەم بەیاننامەیەوە بوو. هێزەکانی کورد ٩ ساڵ سەرقاڵی جەنگ بوون، ماندوو بوون، ڕاوەستانی شەڕ زەروری بوو، ئەگەنا بارزانی نەیدەتوانی چەکدارەکانی زیاتر بخاتە شەڕەوە، بەتایبەتی دوای ئەو پروپاگەندەیەی وا بەغدا بڵاوی دەکردەوە کە گوایە ڕێز لە مافەکانی کورد دەگرێ[٧٩]. بەعسیەکان لە سەرژمێرکردنی ناوچە تێکەڵەکاندا، بەتایبەتی کەرکووك – ناوچەی دەوڵەمەندی نەوتی کوردستان، پاشگەز بوونەوە، پۆستی سەرداری (سیادي)ش نەدرا بە کورد. هەر پێنج کورسیە وەزارییەکەی دران بە کورد، هیچیان سەرداری نەبوون. بارزانی خۆی و کوڕەکانی بوون بە نیشانەی هەڵمەتی غافڵکوژیەکانی ڕژێم.

لە کۆتاییی چوار ساڵی بەیاننامەکەدا، ١١ی ئاداری ١٩٧٤، پارتی بەعس کە سوپاکەی بەهێز و پشتگیریی سۆڤێتی مسۆگەر کردبوو، یەك لایەنانە جاڕی حوکمی ئۆتۆنۆمیی لە کوردستاندا [ئەو ناوچەیە لەلایەن ڕژێمەوە بە ڕەسمی بە ناوچەی حوکمی زاتی ناسرا، وەرگێڕ]. بەڵام کوردەکان، کە پشتیان بە یارمەتیی

---

[٧٨] ئەدمۆند غەریب، دۆزی کورد لە عیراقدا، ١٩٨١، ل٨٧.

[٧٩] هەمان سەرچاوە، ل٨٨–٨٩.

ویلایەتە یەکگرتوەکان بەستبوو، ئەم جۆرە ئۆتۆنۆمیەیان بە هاوسەنگی بەیانی ١١ی ئادار نەدەزانی. لە کۆتاییدا، هەڵوێستی حکوومەتی بەغدایان ڕەت کردەوە و ئیدانەی بەعسیەکانیان بەوە کرد کە نەك هەر بڕگەکانی بەیانەکەیان جێبەجێ نەکردووە، بەڵکوو هیچ دەسەلات و هێزێکیان بە ئیدارەی کوردی نەداوە. جەنگی چڕوپڕی نێوان سوپای عێراق و هێزەکانی کورد، لە ئاکامی ئەم ڕەتکردنەوەدا، گڕی سەندەوە[٨٠].

## تێوەگلانی ساڵانی ١٩٧٢–١٩٧٥ی ئەمریکا

لەپاش کۆچی دوایی ناسر "جەمال عەبدولناسر"ی سەرۆکی میسر لە ساڵی ١٩٧٠دا و پاشەکشێی بریتانیا لە کەنداوی فارسی لە ١٩٧١دا، بۆشاییەك لە ناوچەکەدا دروست بوو، ئێران دەیویست ئەم بۆشاییە پڕ بکاتەوە. ئێرانیەکان لە هەنگاوی یەکەمدا ویستیان عێراق لەڕووی ئابووری و عەسکەرییەوە بێهێز بکەن، بڕیاریان دا کوردی عێراق هان بدەن لەگەڵ بەغدادا ڕێك نەکەون و کاری چەکداری درێژە پێ بدەن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی باشتر. لەلایەکی تریشەوە، بەعسیەکان چاویان بڕیبوە پڕکردنەوەی پێشەنگایەتیی جیهانی عەرەبی کە بە مردنی ناسر چۆڵ بوو. ڕژێمی عێراق، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئاواتە، ساڵی ١٩٧٢ ڕێککەوتننامەی دۆستایەتیی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێتدا مۆر کرد. بەرامبەر بەمە، سۆڤێتیەکان چەکی پێشکەوتوویان دا بە عێراق. پەرەسەندنی کاریگەری سۆڤێت لە عێراقدا و بەرزبوونەوەی ئاستی چەك کڕینی عێراق، ئێران و ئیسرائیل و ولایەتە یەکگرتوەکانی سەغڵەت کرد.

ئێرانیەکان زیاتر ئاوێتەی کورد بوون، دەیانویست پەیوەندیی کورد و بەغدا توندتر بکەن و ڕۆژێ زووتر چەك لەڕووی ڕژێمی بەغدادا بەرز بکەنەوە.

---

[٨٠] ماکدۆواڵ، ل٩٢–٩٤؛ وانلی، ل١٧٠–١٧٣" لی بوخهایت، بلاوکراوەی "نیوهێڤن" بە چاپەمەنیی زانکۆی یێل، ل١٥٨–١٥٩.

بارزانی دەستی لەسەر دڵی بوو، خیانەتکردنی ئێرانی لەبیر نەچووبووەوە، بەڵام مەترسیشی هەبوو لەو هەموو چەکە مۆدێرنەی وا عێراق لە سۆڤیێتی دەکرێ. لێرەدا مستەفا بارزانی بە باشی زانی زامنکردنێکی نێودەوڵەتی، بۆ بەربەستکردنی تۆڵەسەندنەوەی ڕژێمی عیراقی بەدەست بێنێ و بە تەنیا نەبێتە قۆچی قوربانی لە ناوچەکەدا.

نیکسۆن و کیسنجەر، لە ٣٠ی مایسی ١٩٧٢دا، دوابەدوای کۆبوونەوەی لوتکەی ویلایەتە یەکگرتوەکان و سۆڤیێت لە مۆسکۆ، سەریان لە تاران داو چاویان بە شا کەوت. محەمەد ڕەزا شا بە نیکسۆنی وت: ((کوردەکان پشتیان بە ئێوە بەستووە و دەیانەوێ پرچەکیان بکەن)). نیکسۆن جەختی لەسەر ئەم داوایەی کورد کردەوەو[81] وتی: هەموو شتێك بۆ دۆست و هاوپەیمانی دڵسۆز[82].

ویلایەتە یەکگرتوەکان لە سەردەمی حوکمی ڕیچارد نیکسۆن ((سەردەمی سەرۆکی ئیمپراتۆر)) و ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی هێنری کیسنجەردا، دەزگایەکی نهێنییان دامەزراند بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کورد و هەراکەیدا دژ بە بەغدا[83]. بارزانی‌یان لە نیازپاکیی خۆیان دڵنیا کردەوە. ئەم دەزگایە سەر بە نووسینگەکەی سەرۆك بوو، چونکە بۆ خۆی باوەڕی بە بیرۆکراسیی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکی نەبوو. ئەم کارەی نیکسۆن لە خۆیدا، دژ بەو ڕێککەوتنە بوو کە لەگەڵ برجنێفدا لە مۆسکۆ ئیمزای کردبوو. کیسنجەر هەر لەو پایتەختەوە بە ڕۆژنامەوانانی ڕاگەیاند هەردوکیان داکۆکییان لەسەر ئەوە کردووە کە گرژیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەهێڵن. لە دەقی قسەکانیدا هاتبوو:

---

[81] کتێبی CIA و جەنگە لەبیرکراوەکان لەپاش دووەم جەنگی جیهانییەوە، نووسینی ولیام مۆرۆ، ١٩٨٦، ل٢٨٩.

[82] ولیام بلووم، لە مێژووی لەبیرکراوی ویلایەتە یەکگرتوەکاندا، ١٩٨٦، ل٢٧٥.

[83] هەمان سەرچاوەکەی جۆن پرادۆس، ل٢٩٧–٣١٤.

بۆ بەشداربوون لە هێنانە دیی سەقامگیرییەکی گشتیدا، سەقامگیرییەك کە لە خۆیدا پەنابردن بۆ چەك لە ناوچەکەدا کەم دەکاتەوە، ئێمە لە ئاستی خۆمانەوە سوورین لەسەر پەیڕەویکردنی ئەو بنەمایانەی کە بەشداریمان لە ئیمزاکردنیاندا کردووە.

ڕێککەوتنەکەی ئەمریکا و سۆڤێت، بە جەختکردنەوە لەسەر یاریدەدانی کورد لەسەر داوای ئێران، لە ماوەی یەك ڕۆژدا گیانی لەدەست دا[٨٤]. دەستەبەرکردنی ئاوا مامەڵەیەك لەگەڵ کورددا، لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە سوودبەخش بوو:

١. وەك وەڵامدانەوەیەکی خۆماڵیکردنی نەوتی عیراق بوو لەلایەن بەغداوە.

٢. بەربەستکردنی دەستڕۆییی سۆڤێت لە کەنداوی فارسیدا لە ڕێگەی عیراقەوە.

٣. بە خستنە لاوەی عیراق لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا، ڕۆڵی دۆستەکانی ئەمریکا پتەوتر دەبێ؛ تۆ بڵێ ڕۆڵی پۆلیسیی ئێران لە کەنداودا، دڵنیابوونی کوێت لە پاراستنی ئەو بەشە خاکەی کە عیراق بە موڵکی خۆی دەزانێ، هاوسەنگیی هێزی عەسکەریی ئیسرائیل بەرامبەر بە عەرەبەکان باشتر دەبێ[٨٥].

٤. ئەم کارە بۆ کورد هەڵوێستی چەپی کورد کە لە سەرهەڵداندایە، بێهێز دەکات.

یارمەتیی عەسکەری و پارەی ئەمریکی لە ئابی ١٩٧٢ەوە بەسەر کورددا ڕژرا. ئەم پرۆژەیە سپێردرابوو بە CIA، وەزارەتی دەرەوە تێوە نەگلابوو. بارزانی بۆ خۆیشی ئاگای لەم کەینوبەینە نەبوو*، بە بۆچوونی ئەو مامەڵە لەگەڵ

---

[٨٤] سیمۆر هێرش، نرخی دەسەڵات لەبارەی کتێبەکەی کیسنجەرەوە: نیکسۆن لە کۆشکی سپیدا، ١٩٨٣، ل٥٤٢.

[٨٥] بەشوودانی کورد "Selling out the Kurds"، ن. جۆن کیمچە، ١٩٧٥، ل١٧.

* دیارە مەبەستی لەوەیە کە بارزانی ئاگای لە لایەنەکان نییە. [وەرگێڕ]

سەرۆك و سكرتێرەكەی [وەزیری دەرەوە– وەرگێڕ]دا مامەڵەیەكی گشتییە لەگەڵ سەرجەمی دەزگاكانی ویلایەتە یەكگرتووەكاندا. بارزانی لە ماوەیەكی كورتدا، ژمارەی چەكدارەكانیی گەیاندە سەد هەزار و دژ بە بەغدا ئامادەی كردبوو[86]. لە سێ ساڵی داهاتوودا زیاتر لە ١٦ ملیۆن دۆلار ڕەوانەی لای كوردەكان كرا[87]. ئەم بڕە پارەیە زۆر لەوە كەمتر بوو كە بەرەنگاریی عێراقی بە سەركەوتوویی پێ ئەنجام بدرێ[88] — بە مەزەندەی كیسنجەر دەبوایە ٣٠٠ ملیۆن بوایە–، شای ئێران كەمێك لەم كەموكوڕییەی داپۆشی. ئەم یارمەتیەی ویلایەتە یەكگرتووەكان ئەوەی سەلماند كە ڕەمزییە و بەكەڵكی تەنگانە نایەت.

كاتێك بارزانی لە جەنگەوە گلا، ویستی یارمەتیی زیاتر دابین بكات و زوو زوو دووپاتی دەكردەوە؛ كە تەنها پشت بە یەك هێزی سەرەكی دەبەستێ، ئەویش ویلایەتە یەكگرتووەكانە و ئامادەیە ببێتە ویلایەتی پەنجاویەكەمی ئەمریكا[89]. بەڵێنی ئەوەیشی دا كە سەرچاوە نەوتیەكانی كوردستان بخاتە بەر خزمەتی ویلایەتە یەكگرتووەكان[90]، ئەگەر هاتوو كوردستان سەربەخۆیی بەدەست هێنا، ئەوە كورد دەبێتە ئەندامێكی لەلایەن ئەمریكاوە برواپێكراوی ئۆپێك OPEC[91]. كوردەكان لە گەرمەی جەنگی دژواری عێراقدا پشتیان بەو بەڵێنەی ئەمریكیەكان بەست، كە نە ئیدارەی ئەمریكی نە شای ئێران خیانەتیان لێ ناكەن. زۆری پێنەچوو دەركەوت نە شای ئێران نە نیكسۆن نە كیسنجەر نایەنەوێ كورد

---

[86] هەمان سەرچاوەی وانلی، ل١٨٤.

[87] هەمان سەرچاوەی پرادۆس، ل٣١٤.

[88] هەمان سەرچاوەی بلووم، ل٢٧٦.

[89] دەنگی دێهات، نووسینی ئەدمۆند غەریب، ١٩٧٦، ل١٤٠.

[90] بڕوانە: ئەهارۆن لاتمان لە كتێبی ((ئەوەی وا كیسنجەر سڵی لێ دەكردەوە))، ل٥٩.

[91] نیۆیۆرك تایمز، ١٩٧٥/٣/١٣، غەریب وەك سەرچاوە ئاماژەی پێداوە لە ل١٤٠دا.

بنكەی ژین
www.zheen.org

سەرکەوتن بەدەست بێنێ. خواستی هەرە گرنگی ئەم لایانانە هەر ئەوە بوو کە شەڕوشۆڕ بگاتە ئاستێك سەرچاوەکانی عیراق بەفیڕۆ بدەن[٩٢].

ڕاپۆڕتێکی CIA کە لە ٢٢ی مارتی ١٩٧٢دا دەرچووە و باسی سیاسەتی ئێران و سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکان دەکات، سەبارەت بەم مەسەلەیە دەڵێ: بە بۆچوونی ئێمە، دامەزراندنی حکوومەتێکی ئۆتۆنۆمیی کوردی بەلای ئێرانەوە پەسند ناکرێ. ئێرانیش وەك خۆمان حەز بەوە دەکات بار ڕوو بە گرژی بمێنێتەوە و عیراق بە دەستی کوردەکان بێهێز بکرێ و نیمچە ئۆتۆنۆمییەکەیش لەلایەن کوردەوە ڕەت بکرێتەوە. نە ئێران و نە ئێمە حەز بەوە دەکەین کە کێشەکە، بەم ڕێگەیە بێ یا بەوی تر، چارەسەر بکرێ[٩٣].

ئەم سیاسەتە، کە وەك لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، دەڵێ: بۆ ئەوە نەبوە لایەنگریی ئەو کوردانە بکەن کە کارمان بۆ دەکەن، ئەوانەی وا هانمان دەدان درێژ بە شەڕ بدەن، بە زارەکیش بێ لە چالاکیە نهێنیەکانماندا هیچمان پێ ڕانەگەیاندوون... ئەم کارە گاڵتەجاڕییە))[٩٤]. ڕاپۆرتەکەی پایك Pike (ڕاپۆرتی بەدواداچوونی کۆنگرێس) هاوڕای ئەم گاڵتەجاڕییەیە و سیاسەتی «کەس نەیباتەوە» لەم جەنگەدا، بەلای ویلایەتە یەکگرتوەکانەوە جێگەی خۆیەتی.

لە گەرمەی جەنگی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣ی نێوان عەرەب و ئیسرائیلدا، عیراق بەتالیۆنێکی نارد بۆ بەشداری لە جەنگدا. کوردەکان، وەك ئیسرائیل دەیبزواندن، لەسەرەتاوە ویستیان پەلاماری هێزەکانی عیراق بدەن، تا نەتوانن بەشداری ئەم جەنگە ببن. لێرەدا، کیسنجەر کە نەیدەویست کوردەکان هیچ سەرکەوتنێك

---

[٩٢] عیسمەت وانلی، هەمان سەرچاوە، ل١٨٤–١٨٥.

[٩٣] بڕوانە: هەمان سەرچاوەی بلووم، ل٢٧٦، ئاماژە بە سەرچاوەی "دەنگی دێهات" دەدات.

[٩٤] هەمان سەرچاوە.

بەدەست بێنن، بیری دەکردەوە دەست لە یارمەتیەکانی کورد بکێشێتەوە[٩٥]، لە ١٦ی ئۆکتۆبەردا فەرمانی دا بە ئاژانسی ناوەندیی هەواڵگری CIA ئەم ڕوونکردنەوەیە بگەیەنێتە کوردەکان؛ ئەمەیش دەقی ڕوونکردنەوەکەیە ((ئێمە ئەگەر پلانی پەلاماردانی چەکداری درا بە هێزەکانی عیراق، ئەوەی کە ئیسرائیل پێی ڕاسپاردوون، بە بەجێی نازانین))[*]. کوردەکان، وەك باوەڕهێنانێك بە ئەمریکا، ڕێنمایی ئەمریکیەکانیان بە باشتر زانی و پێڕەویان کرد.

دەرکەوت متمانەکردنی کورد بە سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکان کارێکی سامناك بوو، سەرکێشی بوو. ئەو ڕاستییانەی کە لەبەردەم CIAدا بوون، هەموو ئاماژەیان بەوە دەدا کە شای ئێران، هەر ئەوەندەی لەسەر کێشە سنووریەکان لەگەڵ عیراقدا ڕێك کەوت، دەستبەرداری کورد دەبێ. شا، وەك ئامێر و کاڵا، نەك مرۆڤ، دەیڕوانییە کورد، لە چارەسەری کێشەکانیدا پێویستیی بە ئامێرێك بوو، ناوی کورد هەبوو[٩٦]. CIA هیچ لەو جیاوازتر نەبوو. کوردیان خستبوە قاڵبێکەوە کە بێهاوتاترین کەڵکی لێ وەربگیرێ بۆ بێهێزکردنی عیراق و بەربەستکردنی سەرکێشییە ناوچەییەکانی[٩٧].

عیراق، لەبەر ئەوەی بێهێز بوو و مەترسیی بەردەوامبوونی کێشەی کوردی هەبوو، بە پێشنیاری ئێران بەوەی وا ئێران پشتی کورد بەرداو عیراق تەنازولی لە کێشەی خاك و سنوورە هاوبەشەکان بۆ بکات، ڕەزامەندیی دەربڕی. ئاوا ڕێککەوتننامەیەك ٦ی مارتی ١٩٧٥ لە جەزائیر، لەکاتی کۆنفرانسی ئۆپێك، لەنێوان هەردوو وڵاتدا مۆر کراو دەستبەجێ ئێران سنوورەکانیی بە ڕووی کورددا

---

[٩٥] هەمان سەرچاوە.

[*] وەك ئەمانەتێکی مێژوویی، سەرکردایەتی هەر لەسەرەتاوە هەڵوێستی خۆیی ڕوونکردەوە کە کاتی جەنگی دژ بە ئیسرائیل بە هیچ شێوەیەك پەلاماری سوپای عیراقی نادات. [وەرگێڕ]

[٩٦] هەمان سەرچاوەی بلووم، ل٢٧٧.

[٩٧] هەمان سەرچاوەی بلووم، ل٢٧٧، ئاماژە بە سەرچاوەی "دەنگی دێهات" دەدات.

www.zheen.org

داخست. بە چەند ڕۆژێکیش دوای ئەوە، سوپای عیراق هێرشی دڕندانەی بەرفراوانی کردە سەر کوردستان.

کورد، پاش ئەوەی ئەمریکا و شا دەسخەڕۆیان کرد، تەنیابالْ بەرەوڕووی تۆڵەسەندنەوە و قەتڵوعامی ڕژێمی عیراقی بووەوە. سوپای کورد شکاو بۆ چەند ساڵێکیش خۆی نەگرتەوە. کوردی بێچارە، لە گەرمەی ئەم هەڵمەتانەی عیراقدا، نامەیەکی بەپەلەی ئاڕاستەی CIA کرد کە دەڵێ: ((ئاڵۆزی و نائومێدی باڵیان بەسەر کورد و هێزەکانیدا کێشاوە، چارەنووسی گەلەکەمان لە بارودۆخێکی بێوێنەدایە، کاولکاری هەموو شوێنێکی گرتووەتەوە. کەس گوێمان ناداتێ. ئێمە بانگی ویلایەتە یەکگرتوەکان دەکەین، وەك بەڵێنی دابوو، بە هانامانەوە بێ))[٩٨].

نامەیەکیش ئاڕاستەی هێنری کیسنجەر کرابوو، کە تێیدا هاتبوو:

پایەبەرز، بەڕێزت هەمیشە باوەڕت بە چارەسەری ئاشتیانە بۆ کێشەکان و کێشەی نێوان ئێران و عیراق هەبوە، ئێمە بە دڵسۆزییەوە ڕێککەوتننامەکەی نێوان ئەم دوو وڵاتە بەرز دەنرخێنن، وەلێ دڵمان خوێن دەدەڵێنێ کە ڕێککەوتنی ئەم دوو لایەنە لە هەردوو لاوە بووەتە هۆی قەڵاچۆکردنی گەلە بێدیفاعەکەمان و لە هەموو لایەکیشەوە قڕوقەپی لێ کراوە.

پایەدار؛ ئێمە وا هەست دەکەین ویلایەتە یەکگرتوەکان پابەندی پاراستنمانە و ئەرکی ڕەوشتی و سیاسیی دەکەوێتە ئەستۆ کە بەڵێنەکانی بەرامبەر بە گەلەکەمان بەجێبهێنێ[٩٩].

کوردەکان هیچ چاودێرییەك و بەئاگاهاتنێکی ڕاستەوخۆیان پێ ڕەوا نەبینرا. هیچ ئەنجام نەدرا بۆ دالْدەدانی دووسەد هەزار ئاوارەکراو: کاتێك هێنری کیسنجەر کەوتە بەر پرسیاری کۆمیتەی پایك، دەربارەی تێوەگلانی ویلایەتە یەکگرتوەکان

[٩٨] هەمان سەرچاوی پێشوو.

[٩٩] هەمان سەرچاوە.

له نەگبەتیی کورد، بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە: ((نابێ چالاکیی نهێنی تێکەڵ بە کاری مژدەدەرانە بکرێ))[100].

جۆرج لێنسۆڤسکی قسەی زۆر پێبوو کاتێك لە ڕێککەوتننامەی جەزائیر دوواو وتی لەژێر باڵی ڕەحمەتی ئەمریکیەکاندا ئەنجام دراوە و شێوەی ڕێککەوتننامەی یاڵتایە بۆ کوردە ناسیۆنالیستەکان[101]. ئارتەر تێرنەریش لەم بارەیەوە سەرنجی هەیە و ڕێککەوتنامەکە بە تێکستی کتێبی نموونەیی دەشوبهێنێ بۆ کردنە قوربانیی ئەو گەلانەی کە لە پێناوی خزمەتکردنی وڵاتە گەورەکان و بەرژەوەندەکانیان خاوەنی ئیمتیاز نین[102].

## تێوەگلانی ساڵی ١٩٩١ی ویلایەتە یەکگرتوەکان

مێژوو پڕە لە ڕاچڵەکین و سەرسام بوون، هەندێکیان بێئەمەکی و مایەی خەفەتن. ڕاستەوخۆ، بە کۆتاییهاتنی ئۆپەراسیۆنە عەسکەریەکانی مانگی شوباتی ١٩٩١ و شکستهێنانی هێزەکانی عیراق، سەرۆك بۆش بانگی گەلانی عیراقی کرد دژ بە ڕژێمەکەی بەغدا ڕاپەڕن و حوکمی سەدام بڕووخێنن*. ئەم گوزارشتەی بۆش ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئاوێتەی کەمەندکێشبوونێکی سیاسی و ئەمنیی نێودەوڵەتی و ناوچەیی کردو بوو بەهۆی هەژاندنێکی جیۆپۆڵەتیکی کە تائێستایش شەپۆلی لاسەنگبوونی تەرازووی هاوسەنگی لە ناوچەکەدا دەخولقێنێ. شیعەی باشوور و کوردی باکوور زۆر بەسەرگەرمییەوە وەڵامی ئەم داخوازییەی

---

[100] هەمان سەرچاوەی بلووم، ل٢٧٨.

[101] بڕوانە: جۆرج لێنسۆڤسکی، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کاروباری جیهاندا، ب ٤، ١٩٨٠، ل٢٢٠.

[102] کتێبی (ناسیۆنالیزمی کوردستان)، ئارتەر کامپێڵ تێرنەر، ١٩٨٨، ل٤٠٨.

* بانگی سەرۆك بۆ ڕاپەڕین دژ بە ڕژێمی سەدام، ڕاستەوخۆ دوای داگیرکردنی کوێت و کۆکردنەوەی هێزی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە کەنداوی فارسی بڵاو کرایەوە، نەك دوای ڕزگارکردنی کوێت. [وەرگێڕ]

"بۆش"یان دایەوە. ئەمە یەکجار خراپ بەسەر شیعەکاندا شکایەوە، وەلێ کورد، بەهۆی یارمەتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە و لە سایەی گورزی هێزی هاوپەیمانەکاندا، کە لە باشووری ڕۆژهەلاتی تورکیا جێگیر بووبوون، توانییان مەکۆیەکی سەربەخۆی شلەژاو پێکەوە بنێن[١٠٣].

بەرقەراربوونی ئاسایش لە ناوچەکەدا، بە بۆچوونی بۆش، تەنها بە دەرکردنی سەدام حوسێن دابین دەکرا. لەم سۆنگەیەوە، هەولێکی بەرزی دیپلۆماسیی دا تا قەناعەت بە ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان بکات کە بڕیاری ٦٧٨ Resolution لە ٢٩ی نۆڤەمبەری ١٩٩٠دا دەربکات. بڕگەی دووەمی ئەم بڕیارە، بە ئەنقەست گومانـاوی بوو، ڕێگەی بە شیکردنەوە و لێکدانەوە و چالاکیی جۆجۆر دابوو، دەسەلاتی دەبەخشییە دەولەتانی ئەندام بۆ ئەوەی کوێت لە بەکارهێنانی: ((هەموو ئامراز و ڕێگەیەکی زەروریدا کە بەهۆیەوە ئاشتی و ئاسایشی نێودەولەتی لە ناوچەکەدا بەرقەرار بکات...)) هاوکاری بکرێ.

لە ئاکامی ئەم گوزارشتە ناماقوولەی بۆشدا، هیچ ڕێگەیەك بۆ لابردنی سەدام نەگیرایە بەر، زیاتر بۆچوونێکی سامناکی ئەوتۆی وەك لەتوپەتکردنی کۆماری عیراقی بۆ سێ قەوارەی جیاواز خستە کایەوە: شیعە لە باشوور، سوننە لە ناوەڕاست و کورد لە باکوور. ئەم کارە ئەوەی لێ دەکەوتەوە کە تەرازووی هێزی –لە خۆیدا مۆلەقی– ناوچەکە ئەوەندەی تر بشێوێنێ. هەمان ئەزموون لە بەسەرهاتی ١٩٧٢–١٩٧٥ی کورددا دووبارە بووەوە. کوردەکان پاش هاندانیان کە لە سەدام هەلگەڕێنەوە، بە تەنیا بەجێهێلران و ڕووبەڕووی چارەنووسێکی خوێناوی بوونەوە، ئەمریکایش جوولەی لێوە نەهات.

---

[١٠٣] کتێبی فالح عەبدولجەبار، بۆچی ڕاپەڕین شکستی هێنا، ١٩٩٢، ل٢–١٤.

بـۆش، لــە بەرەنگاربوونــەوەی تۆمــەتی گــوێنــەدانــە بەرپرســیدا، بــە تووڕەییەوە وتی: دەشێ من وا بیر بکەمـەوە ویلایەتـە یـەکگرتوەکان گیرۆدەی دەستی گوناه بێ، چونکە پێشنیاری ئەوە کراوە عیراقیـەکان کێشەکانیان بگرنـە ئەستۆی خۆیان؟ ئەوەی دەخرێتە پاڵمان کـە گوایـە ئێمـە ئـەم کـارە بـە ڕێگـەی عەسکەری ئەنجام بدەین، ڕاست نەبوەو ئێمە کاری وا ناکەین[١٠٤].

پاشەکـشێی پلەبەپلـەی ئەمریکیـەکان لـە بـەڵێنی پـشتگیریکردنی گـەلانی عیراق، بـە بەئاگاهێنانەوەیـەکی کـۆلین پـاوڵ– سوپاسـالاری هێـزە هاوبەشـەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکان– دەستی پێکرد کە بـە سـەدامی وت: ((لـە سـەرکوتکردنی یاخییـانی جیاجیـادا کـەمێك هۆشـیار بـە)).[١٠٥]– کـەمێك هۆشـیاری، بـە مانـای وەســتاندن نایــەت– دواتــر لــە ٢٦ی مارتــدا، ئیــدارەی ئــەمریکی بڕیــاری خۆبەدوورگرتنی لە ڕاپەڕینی گەلانی عیراق بڵاو کردەوە.

لێرەوە، قوماندارى هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بڕیاری دا ڕێگری لە بەکارهێنانی هەلیکۆپتەر و تۆپ و ئۆتومبێلی زرێدار[١٠٦] نـەکات بـۆ سـەرکوتکردنی ڕاپــەڕین. چــەند ڕۆژێـك دوای ئـەوە، هێرشـی گـەورە کرایـە سـەر شـوێنەکانی کوردەکان. شارە گەورەکانی کوردستان کەوتنەوە ژێر دەستی ڕژێم. بـە هـەزاران کوردی تۆقێنراو ڕوویان کـردە شـاخەکان، تـا خۆیـان لـە هەڵمـەتی چاوەڕێکراوی جینۆساید دوور بخەنەوە. دوو ملیۆن کەس لە کۆتاییی مانگی نیساندا ڕژانـە سـەر سنوورەکانی ئێران و تورکیا.

ئـەمریکا وەك ئـەوەی کێـشەی کـوێتی چارەسـەر کـردو هاوسـەنگیی هێـزە ناوچەییەکانی ڕاست کردەوە، کێشەیەکی تـری هێنایـە ئـاراوە، بـەبێ ئـەوەی بـۆ

---

[١٠٤] کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانیی بۆش، ١٦/٤/١٩٩١.

[١٠٥] نیویۆرك تایمز، ٢٣ی مارتی ١٩٩١.

[١٠٦] لاوری مایلۆری، هاوکاریمان لە قوتارکردنی سەدامدا کرد، وتاری "واشینگتۆن پۆست"، ١٤ی نیسانی ١٩٩١.

www.zheen.org

خۆی چارەسەری بکات، بەجێی هێشت بۆ هێزە ناوچەییەکان تا پێوەی بنالێن. سەدام ئەوەندە بە خێرایی و ئەوەندە دڕندانە ڕاپەڕینەکانی کوژاندەوەو دەسەڵاتی خۆی بەسەر شارە گرنگەکاندا سەپاند، چاودێرانی سەرسام کرد. برێنت سکاوکرۆفت لەم بارەیەوە وتبووی: ((ئێمە چاوەڕێی هێرشی توندوتیژ بردنە سەر کوردمان نەدەکرد))[١٠٧].

ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان، لە کاردانەوەی هێرشە دڕندەییەکانی سوپای عیراقدا، سەغڵەت بوو و بڕیاری ٦٨٨ی لە ڕۆژی ٥ی ئەپریلی ١٩٩١دا دەرکرد بۆ ئیدانەکردنی چەوساندنەوەی مەدەنیە عیراقیەکان، بە تایبەتی هی ئەو شوێنانەی کە زۆرینەی دانیشتوانی کوردن و هانی بنیادنانی ناوچەی پارێزراو "Safe Haven"ی بۆ کورد دا. ئەم بەهەشتە پارێزراوە، بە هەموو پێوانەیەکی پراکتکییەوە، بووەتە ناوچەیەکی جیاواز لە عیراق.

بە گەیشتنی یەك ملیۆن ئاوارەی کورد، ئەوەندەی تر باری ئێران قورستر بوو، چونکە خۆی دالدەی ٦٠٠ هەزار پەنابەری عیراقی دابوو کە لە جەنگی پێشوودا لەم وڵاتە جێگیر بووبوون. تورکیاش یەك ملیۆن پەنابەری تری کوردی وەرگرت*. بە هەرحاڵ، لەبەر ئەوەی تورکیا ڕۆڵی گرنگی لە دووەم جەنگی کەنداودا هەبوو و بۆ خۆیشی کێشەی گەورەی لەگەڵ کورددا هەبوو، ڕۆژئاواییەکان ڕێگەیان بەم وڵاتە دا ڕۆڵی یەکلاییکەرەوە لە کێشەی ئاڵۆزکاوی کورددا بگێڕێ. تورکیا هەر لەسەرەتاوە هەڵوێستێکی لۆجیکیی بەرامبەر بە پەنابەرانی کورد دیاری کرد. پەنابەرانی کورد کاتێك بارودۆخی باشتر بۆ کوردەکان دەڕەخسا،

---

[١٠٧] بڕوانە: هیراڵد تریبیوونی ١٥/٤/١٩٩١، چۆن ئەمریکیەکان ژمارەی ڕاستی کوردی ئاوارەیان دەشاردەوە.

* پەیامنێرێکی ڕۆژنامەی ((ئیندپێندەنت Independent)) بوو بە شایەتحاڵی ئەوەی کە تورکیا ڕێگەی بە یەك پەنابەری کورد نەدا بچێتە خاکەکەیەوە، بەڵکوو سەربازە تورکەکان بەزۆری چەك، کاڵاکانی یارمەتییان زەوت دەکرد.

دەبوایە ئەم خاکەیان بەجێ بهێشتایە. بەڵام نەدەبوو بگەڕێنەوە بۆ ناو دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ، بە واتایەکی تر بچنەوە ژێر دەستی بەغدا و هەرچۆنێك بێ بە سەلامەتی بیانهێڵنەوە[١٠٨]، چونکە بنیادنانی دەوڵەتێکی کوردی بەلای تورکیاوە، دەبێتە هۆی بێهێزبوونی عیراق و لاسەنگبوون بەلای هاوپەیمانیی تاکتیکیی ئێران و سووریادا. سەرۆك ئۆزال لە حەوتی نیسانی ئەو ساڵەدا وتی: ((دەبێ ئەو خەڵکانە [کوردەکان] بخەینەوە خاکی عیراق و ئاگامان لێیان بێ))[١٠٩].

جەیمس بێکەر، وەزیری دەرەوەی ئەمریکی، وەك هاوسۆزێکی بەرژەوەندەکانی تورکیا، لە پاساوهێنانەوەدا بۆ دوودڵیی ئەمریکا لە یاریدەدانی کورددا، ئەم وتارەی لە تورکیا داو وتی: ((ویلایەتە یەکگرتوەکان خۆی ناخاتە گێژاوی جەنگێکی ئەهلییەوە))[١١٠]. دۆخی پەسندکراو وابوو؛ ((سەدام هەرچەندە دڕندە بێ، خاوەنی دەسەڵاتی شەرعییە لە عیراقدا)).

ویلایەتە یەکگرتوەکان هەر ئەوەندە سەروەریی ئەم دەسەڵاتە شەرعییەی دەشکاند، کە خاکی عیراقی بەبێ ڕەزامەندیی بەغدا بەکار دەهێنا بۆ گەیاندنی کۆمەکی مرۆیی بۆ ئاوارە عیراقیەکان. بە هەمان بەهانەوە، جەنگی دڕندانەیان بۆ پاراستنی سەروەریی خاکی عیراق، لە کوێت دەکرد. لە یادمان نەچێ، عیراق (کوێت)ی بە پارچە ئەرزێکی خۆی دەزانی!

## کورتە پێداچوونەوە

---

[١٠٨] کێشەی کورد دوابەدوای جەنگی کەنداو، ڕۆبەرت ئۆڵسۆن، ١٩٩٢، ل٤٧٥–٤٩٩.

[١٠٩] بڕوانە: ڕۆژنامەی Independent (ئیندپێندەنت)، ١٤/٤/١٩٩١.

[١١٠] بڕوانە: کتێبی (عیراق مەحکوومی تاوانی جینۆسایدە)، نووسینی جودێت میللەر، ١٩٩٣، ل٣٦.

بە قسەی گورئارێیە Gur-Arieh هیچ نەتەوەیەك نییە لە سەدەی بیستەمدا، وەك كورد لەلایەن هێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەكانەوە بەكار هێنرابێ. سیاسەتی ویلایەتە یەكگرتوەكان، لە ئاستی كوردی عیراقدا، بایەخی تایبەتی هەیە و لێكدانەوەی جیاجیا هەڵدەگرێ. تێوەگلانی لە كاری ناوخۆی عیراقدا، هەموو ئەدەبیاتەكانی "میكاڤیللی"ی تێدا بەدی دەكرێ. هاندانی كورد بۆ پەنابردنە بەر جەنگ، دووجار دەرفەتی پێكەوەژیانی لە دەوڵەتێكی یەكگرتووی عیراقیدا لەدەست دا. ئیدارەی ویلایەتە یەكگرتوەكان، لە هەردوو حاڵەتەكەدا، گەلی كوردی كرد بە ئامێرو بە پێچەوانەی هەموو پرینسیپە ڕەوشتی و مرۆییەكانەوە كە گوایە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكایان لەسەر بنیاد نراوە، بەكاری هێنا.

سەرۆك "ڕیچارد نیكسۆن"، ساڵانی ١٩٧٢–١٩٧٥ – لە حاڵەتی یەكەمدا– بۆ ئەوەی مەرامەكانی ئەمریكا بەبێ ڕەخنە و بەرپەرچدانەوە بەدی بهێنرێن، هەموو پێوەرێكی چاودێریكردن و بەدواداچوونی پشتگۆی خست، تا كارە نهێنیەكان بە ڕەوانی بەڕێوە بچن. كۆنگرێس و وەزارەتی دەرەوە و باڵیۆزی ئەمریكا لە بەغدا، سەرجەم بێئاگاییی خۆیان لەم پرۆژە نهێنییە دەربڕی: سەرۆك و سكرتێرەكەی نەخشەیەكیان كێشابوو كە كەس بە نهێنیەكانیان نەزانێ، بێ خشپە پیلانەكانیان جێبەجێ بكەن، بۆ خۆیانیش ئاشكرا بوو پلانەكەیان درێژخایەن نابێ؛ ئەگەر بیان خستایەتە ڕوو بۆ لێكۆڵینەوە، ئەوا بە مردوویی لەدایك دەبوو، لەبەر ئەوە بە ڕێچكەی كاری دەزگاكانی بەجێهێنانی سیاسەتی دەرەوەدا تێنەپەڕی. ئەمریكیەكان بە هەمان شێوە، لە حاڵەتی ١٩٩١دا، نەگەیشتنە ئاستی ئەو بەڵێنانەی كە دابوویانن بۆ ڕەخساندنی بنەماكانی دەوڵەت [مەبەست لە گۆڕینی شێوازی حوكمی بەغدایە، وەرگێڕ].

سەرۆك بۆش هەر ئەوەندە باوەشی بۆ كورد گرتەوە تا وەك ئۆپۆزسیۆن بۆ بێهێز كردنی ڕژێمی عیراق بەكاری بهێنێ، لە هەمان كاتیشدا، ئەوەندە تین‌وتوانی پێ نەبەخشێ كە ڕژێم بگۆڕێ یا عیراق دابەش بكات.

ڕووداوە نێودەوڵەتیەكانی ئەم سەردەمە پێشنیاری ئەوە دەكەن كە سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەكگرتوەكان ڕێبازی ڕیالیزمی بگرێتە بەر. هاوسەنگیی هێز، بیرۆكەی یەكەم و بنەمای پتەوی ئەم سیاسەتەن. بۆش زۆر بایەخی بەوە دەدا كە جەنگ لە عیراق بەرێتەوە، بەڵام وڵاتەكە تێك نەشكێنێ. تێكشكاندنی عیراق، دەبوە مایەی تێكچوونی تەرازووی هێز لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەكانی دەوروبەریدا. ئەمریكیەكان دەیانویست سەدام لەسەر حوكم بهێڵنەوە، تا نموونەیەكی وەكوو خۆی دەدۆزنەوە و دەیكەنە حاكمی عیراق، وەكوو ئەویش كوردی هەمیشە یاخی لە سەرەوە و شیعەی سەر بە ئێران لە باشوور بچەوسێنێتەوە. واتە باش وابوو سەدام حوسێن لە حوكمدا بێ، نەك ئەو پاشاگەردانییەی كە ئارامیی ناوچەكە لە گرێژەنە دەبات. ئەگەر كوردەكان پارچەیەك لە عیراق دابڕن، یاخود كوردستانێكی سەربەخۆ دابمەزرێنن، ئەوا حاڵوباری هاوسەنگیی هێز دەگۆڕدرێ.

سەرلێشێوانی ئەمریكیەكان لە مامەڵەكردنیاندا لەگەڵ عیراق و كێشەكانی كورددا، هەموو سنوورەكانی مافەكانی مرۆڤی بەزاند. لە یەك شت دڵنیا بن، لە مامەڵەكردن لەگەڵ هەردوو حاڵەتەكەدا، هەردوو بارودۆخی عیراق و ناوچەكانی دەوروبەری لەبەرچاو گیراوە و حیسابی ورد بۆ هێزە جیاجیاكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست كراوە. بەكورتی، بەرژەوەندەكانی ویلایەتە یەكگرتوەكان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە دەستەبەركردنی كەمایەتیەكان و مافەكانی مرۆڤ گرانبەهاترن.

سەركردەكانی كورد، لە ئانوساتی شۆڕشەكانیاندا، خوازیاری ئەوە بوون مافە نەتەوەییەكانیان بە پشتگیریكردنی هێزە بیانیەكان بەدەست بێنن، بەڵام دركیان بەوە نەكرد كە دەبنە بریكاری جەنگ بۆ ویلایەتە یەكگرتوەكان و

www.zheen.org

هاوپەیمانەکانی. باسی ئەوەیش لەئارادایە کە سەرکردە کوردەکان دەکەونە بەر گلەیی و گازندە، چونکە لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا باش کارا نەبوون. ئەم گێلییە کێشایەوە بۆ دووبارە بەکارهێنانی لەلایەن CIA و ئیدارەی ئەمریکییەوە. وەك وتراوە: بەکاریان بێنەو فڕێیان دە.

ئەمە وەکوو مەتەڵ وایە کە CIA و ئیدارەی ئەمریکی، یاخود سیستمی ئەمریکی، بخەینە بەر لێپرسراوێتیی ئەم بەشە خەمگینەی دەستوەردانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی لە کێشەکانی کوردی عێراق. بەڵام ئەو ڕاستییە وەك خۆی دەمێنێتەوە کە کوردەکان دەرس لە ڕابوردوو وەرناگرن و ڕێگری لە کەوتنە بەر ڕەحمەتی مانۆڕکاریی هێزە زەبەلاحەکان ناکەن. بەردەوام خۆیان کردووە بە کراس سووری بەرلەشکر و لە خزمەتی مەرامە جیۆپۆڵەتیکیەکانی ئەم هێزانەدا بوون و دووجاریش بوونەتە قۆچی قوربانیی بەرژەوەندەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## بەشی دووەم

## بەڵگەنامەی نووسراو
## لە سەرجەمی ئارشیفی کۆنگرێسی ئەمریکیدا

### پەیوەندیەکانی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکان

پایەبەرز نوێنەری فەڕەنسا لە ئەنجومەنی ئاسایش. بابەت: پەرەسەندنی جەنگی جینۆساید –نەژادی دژ بە گەلی کوردی عیراق*.

ڕێزدارانی ئازیز: سلاوی خۆمان دەنێرین و حەز دەکەین پێزانینمان بەرامبەر بەو هەوڵە کاریگەرانەی بەڕێزتان لەمەڕ کۆتاییپێهێنانی جەنگی عیراق– ئێران و بەهاناوەهاتنی گەلانی ئەم دوو وڵاتە و پاراستنیان لە کارەساتی مرۆیی و ماددی کە نزیکەی هەشت ساڵە بەدەستیەوە دەناڵێنن، نیشان بدەین.

ئێمە هیوادارین ئاشتیی درێژخایەن و عادیلانە لەنێوان عیراق و ئێراندا بەرقەرار بێ و خواستەکانی گەلی عیراق لە بواری ئازادی و دیموکراتیدا بێنەدی و ڕێز لە مافەکانی مرۆڤی عیراقی بگیرێ.

ڕێگەمان بدە بیخەینەوە یادت –ئەم کارەمان لە ڕابوردوویشدا باس کردووە– کە جەنگێکی تریش لەئارادایە، جەنگێکە حکومەتە یەك‌لەدوای‌یەکەکانی عیراق لە ساڵی ١٩٨١وە دژ بە گەلی کورد بەرپایان کردووە [ساڵەکە ١٩٦١ــە، نەك ١٩٨١– وەرگێڕ]. حکومەتی عیراق لەم جەنگە شۆڤێنیەدا، کە لە مانگی نیسانی ١٩٨٧دا شێوەیەکی سەرتاسەر جینۆسایدی وەرگرتووە، گشت ئامراز و ڕێوشوێنێکی قەڵاچۆکردنی وەکوو چەکی کیمیایی

* لەلایەن کاك مەسعوود بارزانی‌یەوە بۆ نوێنەری فەڕەنسی لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان نێردراوە — وەك لە کۆتاییی نامەکەدا ناوی نووسراوە، نە مێژوو، نە شوێن و نە ئاماژە سەبارەت بە چۆنێتیی ناردن یا خوێندنەوەی نەهاتووە. پێدەچێ وێنەیەك لەم نامەیەیش بۆ کۆنگرێسی ئەمریکی نێردرابێ، بەڵام لەم بەڵگەنامانەدا باسی نەکراوە. [وەرگێڕ]

بەکار دێنێ و هەموو جیهان شایەتحاڵی کارەساتی شارۆچکەی هەڵەبجەیە کە لە ناوەندی مانگی ئازاری پاردا کیمیاباران کرا.

دەمانەوێ ئەوەیش بە بەڕێزتان ڕابگەیەنین، وەکوو ئەم جەنگە بەردەوامە، ڕژێمی عیراقی سیاسەتی چەوساندنەوە و تیرۆری دژ بە گەلانی عیراق گرتووەتە بەر. ئەم سیاسەتە عەرەب و کورد و هەموو کەمایەتیە نەتەوەیی‌یەکانی، بەبێ جیاوازی، گرتووەتەوە. حکوومەتی عیراق درێژە بەم جەنگە بێهوودەیە دەدا کە دژ بە گەلانێك هەڵی گیرساندووە لە هەموو مافە بنەڕەتیەکانیان بێبەش کراون و داوای مافە نەتەوایەتیەکانی خۆیان دەکەن وەك لە زۆربەی ڕێککەوتننامەکانی مافی مرۆڤدا ئاماژەیان پێدراوە. لێرەدا شایستەی باسکردنە، کاتێك دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهان زانیاری لە شارەزاکانی نەتەوە یەکگرتوەکان وەردەگرن، داکۆکی لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە جەنگی کەنداودا و دژ بە مەدەنیەکانی دانیشتووی شاری هەڵەبجە دەکەن. پێمان باشە باسی گەلێ شارۆچکە و دێهاتی تری کوردستانیش بکرێ کە بەر هەمان کیمیاباران کەوتوون، لەوانە دۆڵی بالیسان، هیرۆن و سماقوڵی کە دەکەونە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێر و لە ٣٠-٣١ی مانگی گەلاوێژی ساڵی ڕابوردوودا تووشی هەمان چارەنووس هاتن. هەمان تاوان لە گوندەکانی ئارای، سیرۆ و زەروا، لە دووەم ڕۆژی ئابدا، دووپات کرایەوە، لەڕاستیدا بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژی گەلەکەمان، تا ئامادەکردنی ئەم بانگەوازە بەردەوامە.

لەوە دەچێ هیچ هەوڵێك لەلایەن کۆمەڵگە نێودەوڵەتیەکانەوە، بەتایبەتی ئەنجومەنی ئاسایش، لەئارادا نەبێ، تا گەلی کورد، ئێستا و لە داهاتوودا، لە بۆردومانگردنی چەکی کیمیاییی ڕژێمی عیراق بپارێزن و هەوڵی وەستاندنی ئەم کیمیابارانە بدەن و پێوەرە جیدییەکان دژ بەم کارەساتە بخەنە گەڕ.

ئێمە لەو باوەڕەداین کە حکوومەتی عیراق تاوانی مەترسیداری دژ بە گەلی کوردستان ئەنجام داوە، جۆرە تاوانێک کە بە دژی مرۆڤایەتی لەقەڵەم دەدرێ، تاوانێك پێکەوە دەگەنە ئاستی جینۆساید، جۆری تاوانەکانیش ئەمانەن:

أ. بەکارهێنانی بەرفراوانی چەکی کیمیایی لە ڕۆژی ١٤ی نیسانی ١٩٨٧دا، بۆ یەکەم جار دژ بە گوندی شێخ وەسان و زیاتر لە (١٠) گوندی تر.

ب. دانانی بەشێکی گەورەی کوردستان بە ناوچەی (قەدەغەکراو- موحەڕڕەمە) و ڕێگە دراوە بە چەکدارەکانی ڕژێم هەر بوونەوەرێك بێتە بەرچاویان، گرنگ نییە ئادەمیزاد بێ یان ئاژەڵ، گوللەبارانی بکەن.

ت. کاولکردنی زیاتر لە ٣ هەزار شارۆچکە و گوند و ڕاگواستنی زۆرەملێی دانیشتوەکانی. ڕاگواستراوەکان نێردراون بۆ بیابانەکانی باشووری عیراق و لە جۆرە ئۆردووگایەکدا کۆکراونەتەوە کە بارودۆخی ژیانیان تێدا نەبوە.

پ. سووتاندنی مەزراو ڕەزو دارستانی ئەو ناوچانە.

ج. مەحکەمکردنی گەمارۆی ئابووری و مەحاڵکردنی ژیان لەو شوێنانەی وا ناویان نابوون قەدەغەکراو.

www.zheen.org

ح. درێژەدان بە سیاسەتی ئەشکەنجە و کۆمەڵکوژی، کە بە دەیان -جاروباریش بە سەدان- کەس بۆ هۆیەکی زۆر بێبایەخ گوللەباران کراون و کوژراون. ئینتیمای سیاسی، نەتەوەیی یان ئاینی هۆکار بوون بۆ کوشتنی خەڵك، ئەگەرچی چالاکیشیان نەبووبێ.

بەهاری ڕابوردوو، لە میانەی هەڵمەتی عەسکەریدا بۆ سەر گوندەکانی کەرکوك، سلێمانی و هەولێر، بە دەیان خێزان لە ماڵی خۆیان دەرپەڕێندران و ڕاپێچی کەمپەکانی گرتووخانەکان کران، منداڵ و ئافرەت لێك جیاکرانەوە، پیاوەکان بەرەو شوێنی نادیار بران، کەس هیچ لەبابەت چارەنووسیانەوە نازانێ. لە هەمان کاتیشدا، ئافرەتە گەنجەکان گواستراونەتەوە بۆ شوێنانی تر، ئەو

زانیارانەی لە بارەی ئـەم ئافرەتانـەوە گەیـشتوون، بـە ئاسـانی وەسـف نـاکرێن و مایەی شەرمەزارین.

بەڕێز سکرتێری گشتی*

بەڕێزان نوێنەرانی وڵاتانی هەمیشە ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایش.

بەرەی کوردستانی، کە شەش پارت دەگرێتە خۆی، داوا لە بەڕێزتان دەکات،

١) هەڵوێست بنوێنن و بە خێرایی کۆتایی بە بەکارهێنانی چەکی کیمیـایی بێـنن کە حکوومەتی عیراق دژ بە گەلی کوردستان بەکاری دێنێ.

٢) کار بۆ وەستانی جەنگی پاکتاوی ڕەگەزیی گەلەکەمان و هـەموو شـێوەکانی ڕاگواستن و بەعەرەبکردن و گـۆڕینی پێناسـە و شـێواندنی کولتـوور و کەلـەپووری کـوردی بکـەن. ڕاگواسـتراوەکانی خـەڵکی کوردسـتان بگەڕێندرێنـەوە بـۆ سـەر ماڵوحاڵی خۆیان. گرنگـە چارەسـەرێکی ئاشـتیانە و عادیلانـە و دیموکراتیانـە بـۆ دۆزی گـەلی کـورد بدۆزرێتـەوە. ڕێمـان بـدەن ئامـاژە بـۆ بەڵێنـەکانی کۆمەڵـەی نەتەوەکان League of Nations (عصبة الامم) بکـەین کـە ڕێگـەی بـە گـەلی کـورد داوە، لـە سـەرو وەختـی بەسـتنی کوردسـتان بـە عیراقـەوە، خۆیـان بڕیـار لـە چارەنووسی خۆیان بدەن.

٣) پەیوەنـدیکردنی کوتـوپڕ بـە حکومـەتی عیراقـەوەو بەئاگاهێنانـەوەی لـە پێـشێلکردنی مافـەکانی مـرۆڤ و ئـازادیی تاکەکەسـی و پێـوەرە دیموکراتیـەکان. هەوڵدان بۆ ئازادکردنی هەموو دیلە سیاسیەکان.

لەگەڵ ڕێزو پێزانینی دڵسۆزتاندا.

**مەسعوود بارزانی**

لەجیاتی سەرکردایەتیی سیاسیی بەرەی کوردستانی– عیراق

---

* پێدەچێ ئێ نامەکە جیاوازو بۆ ئەمینداری گشتیی UN و ئەندامانی هەمیشەییی ئەنجومەنی ئاسایش نووسرابێ و هەردوو نامەکە ئیمزای مەسعوود بارزانیی پێوە بێ. [وەرگێڕ]

هاوپێچ/

١. لیستێکی ئەو ئۆپەراسیۆنانەی کە چەکی کیمیاییان لەنێوان ١٥ی نیسانی ١٩٨٧وە تا سەرەتای ئابی ١٩٨٨ دژی کورد، تێدا بەکار هاتووە.

٢. فەرمانێکی حکوومەتی عیراق بۆ هێزە چەکدارەکانی کە هەر مرۆڤێك یا ئاژەڵێك لە ناوچەی (قەدەغەکراو) هاتە بەرچاویان، تەقەی لێ بکەن!

ئەمەیش دەقی فەرمانەکەیە:

پارتی بەعسی عەرەبیی سۆشیالیست

فەرماندەی زاخۆ

لقی کۆمیتەی ڕێکخستن

بەتالیۆنی پارێزگاریی نەتەوەیی

ڕۆژ: ١٤ی حوزەیرانی ١٩٨٧

ئەوپەڕی نهێنی

بۆ هەموو ڕێکخراوەکانی پارتی بەعس

بابەت: بڕیار

سڵاوی ڕەفیق حیزبی/ ئاماژە بە نامەی ژمارە س/ش/١١٧٥ی ٩ی حوزەیرانی ١٩٨٧ی کۆمیتەی ڕێکخراوی پارێزگاریی نەتەوەیی، کە ئاماژەی کردووە بە نامەی ژمارە ٢٨/٢٦٥٠ی ڕۆژی ٣ی حوزەیرانی ١٩٨٧ نووسینگەی ڕێکخراوی باکوور (کە تەواو نهێنی و شەخسییە)، لە دەقەکەیدا دەڵێ:

١. بە تەواوی قەدەغەیە و نابێ خواردن/ خەڵك/ مەکینە بگاتە دێهاتە قەدەغەکراوەکان کە دەکەونە خانەی قۆناغی دووەمی دێهاتە بەکۆمەڵەکانەوە. لادێییەکان بۆیان هەیە بێنە ڕیزی نیشتمانییەوە، بەبێ ئەوەی ڕێ بە سەردانی کەسوکاریان، بەبێ مۆڵەتی پێشوەختی دەزگاکانی ئاسایش، بدرێ.

بنکەی ژین
www.zheen.org

٢.ژیان لە گوندەکانی قۆناغی یەکەمی قەدەغەکراودا یاساغە. لە ڕۆژی ٢١ی حوزەیرانی ١٩٨٧وە هەمان شێوە بڕیار لە قۆناغی دووەمی گوندە قەدەغەکراوەکاندا جێبەجێ دەکرێ، واتە ژیانی لێ قەدەغە دەکرێ.

٣. پاش دوورینەوەی دانەویڵەی زستانە کە دەکاتە ١٥ی گەلاوێژ، چاندن بۆ وەرزەکانی داهاتوو قەدەغە دەکرێ.

٤. لەوەڕاندنی ئاژەڵ لەم ناوچانەدا قەدەغەیە.

٥. ئەمە ئەرکی هێزە عەسکەرییەکانە، هەر کەسە لە شوێنی خۆیەوە، کە چاوی کەوت بە هەر ئادەمیزاد یا ئاژەڵێك لە ناوچەی قەدەغەکراودا، یەکسەر بیکوژێ.

٦. ئەوانەی کە فەرمانی ڕاگواستن دەیانگرێتەوە، ئاگادار دەکرێنەوە و بەرپرس دەبن لە سەرپێچیکردنی ئەم بڕیارانە.

بۆ زانیاریی ئێوە و بۆ کارکردن، هەرکەسە لە ئاستی تایبەتمەندیی خۆیەوە.

لەگەڵ ڕێزی

ڕەفیق حیزبی عەلی مەواشنە کاظم

ئەمینداری کۆمیتە

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەڕێز پێڵ Mr.Pell بەڕێز سەرۆك Mr.President،* ئەمڕۆ ئەنجومەنی پیران، هەڵوێست لەسەر پرۆژە یاسای جینۆسایدی — ساڵی ١٩٨٨ وەردەگرێ کە دوێنێ بۆ خۆم پێشکەشم کردو ڕێزدار سیناتۆر پێڵ، ئەندامی پایەداری لیژنەی پەیوەندیەکان، هاوکاریی سەرپەرشتیکردنیی کرد.

* ئەم وتارە بێ ناونیشانە، بێ مێژووە. وتەبێژ Mr. Pell خۆیەتی. بە هەرحاڵ، لە تاووتوێی ناو خانەیەکی پەرلەمانی ئەمریکی یا لیژنەیەکی تایبەت بە مافی مرۆڤدا لە هەمان پەرلەماندا، وتراوە. [وەرگێڕ]

کارێکی زۆر بێپێشینەیە کە ئەنجومەنی پیران ئاوا بە خێرایی و ڕەوانی پرۆژە قانوونێکی بەقەبارە و بایەخدار تاووتوێ بکات. بارودۆخی کوردستانی عێراق پاساوی کاری خێرا دەداتەوە. کاتێك ئێمە ئەم لێدوانە دەکەین، سوپای عێراق هەڵمەتێك بەرپا دەکات کە دەتوانرێ بە جینۆسایدی کوردی دانیشتووی عێراق وەسف بکرێ. گوندە کوردیەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق، گەلێ جار بەبێ ئەوەی ڕێگە بە دانیشتوانی بدەن پێشتر چۆڵی بکەن، دینامێترێژ کراون. ئەوەی کە هێشتا ستەمە باس بکرێ، بەکارهێنانی گازی لیثال (lethal)ـە لەلایەن سوپای عێراقەوە، کاتێك ئەم سوپایە هێرشی بەرفراوان و کاریگەر دەکاتە سەر مەدەنیی بێدیفاع کورد.

ڕەفتاری عێراق تاوانێکە دژ بە مرۆڤایەتی. ئەم ڕەفتارە، دەبێ بە توندترین کاردانەوە بەربەست بکرێ. گەمارۆکانی سەر عێراق کە لەم پرۆژە یاسایەدا هاتوون، سەختن. ویلایەتە یەکگرتووەکان دەنگ دژ بە قەرزی دەزگا داراییە نێودەوڵەتیەکان بە عێراق دەدات. ئەم گەمارۆیە بۆ وڵاتێك کە کەوتووەتە ژێر باری برە قەرزی ٦٠ بلیۆن دۆلار و هێشتا بۆ داڵدەی داراییی نێودەوڵەتیی تر دەگەڕێ تا دوابەدوای جەنگێکی فرەخەرجی ببووژێتەوە، سەخت دەبێ.

پرۆژەکە هەموو قەرزەکان و قەرزە مسۆگەرەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ عێراق، بەربەست دەکات. ئەم قەرزانە ساڵانە دەگەنە هەشتسەد ملیۆن دۆلار. پرۆژەکە ناردنی هەموو جۆرە کاڵایەك بۆ عێراق قەدەغە دەکات، ئەم قەدەغەکردنە گوێ ناداتە ئەوەی چ ئاژانسێکی حکوومەتیی ئەمریکی ئەم کاڵایانە ڕەوانەی عێراق دەکات. وا چاوەڕێ دەکرێ عێراق لە ئامێر و ئامراز خستنەگەڕی کارگەکانی نەوت بێبەش بکرێ. عێراق کەڵك لە نەوت وەردەگرێ بۆ بنیادنانەوەی ژێرخانی ئابووری کە بەهۆی جەنگەوە وێران ببوو. پرۆژەکە ڕێگە بە ناردنە دەرەوەی نەوتی عێراق نادات.

هەندێ کاروباری ئەمریکی لە ئاکامی ئەم گەمارۆیەدا زەرەرمەند دەبن. وەلێ ئەمە مەسەلەی ژیان و مردنە بۆ سەدان هەزار کەس، بەوپەڕی دڵفراوانییەوە ئەمەکارێکی ئەخلاقییە. ئەم جۆرە کارەیش، لەکۆنەوە ئاوێنەی حەزو خواستی ئەمریکیەکانە، ئەگەرچی لەسەریشیان بکەوێ.

دوای پڕۆسەکانی هۆلاکۆست و قەڵاچۆکردنی جوولەکەکانی ئەوروپا، هەموو جیهان وتیان ((نابێ جارێکی تر ڕوو بداتەوە)). بەداخەوە، جارێکی تر لە کوردستانی عیراق ڕوو دەداتەوە. دەبێ ئێمە ئەوەی لە تواناماندا بێ بیکەین، تاکوو دیکتاتۆری عیراق درك بەوە بکات کە ویلایەتە یەکگرتوەکان، کاتێك عیراق قەتڵوعامی کوردەکان دەکات، دەستەوسان ناوەستێ. ئەم پڕۆژە یاسایە هەمان نامە بۆ عیراق دەنێرێ.

بەڕێزان Mr. President. Mr. Proximire بۆ خۆم بە گەرمییەوە دەستخۆشیم لە سیناتۆر Mr. Pell نوێنەری دوورگەی Rhode کرد، بۆ ئەو دەستپێشخەرییەی کە مەینەتیەکانی گەلی کوردی ئاشکرا کرد. پێشەنگایەتی و پێشبینیی ئەم پیاوە لەم بوارەدا بەرز دەنرخێنرێن.

کورد ئەو گەلە فەرامۆشکراوەیە کە لە سنووری ڕژێمە سەرسەختەکانیاندا دەژین و لەلایەن زلهێزەکانی جیهانیشەوە، بۆ بەرژەوەندی خۆیان، بەکار هێنراون و نەکراون بە خاوەنی پێناسە و بە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی نەناسێنراون. بۆیە کارێکی درێژخایەن بوو تا وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەسەر تراجیدیاکانی باکووری عیراق هەڵبداتێ. ئەم وەزارەتە ترسی ئەوەیشی هەبوو کە ڕێی تێدەچێ بە دەستێوەردانێکی ئاوا هەوڵەکانی ئاشتی بێهێز بکرێن [لەوانەیە مەبەست لە پڕۆژەی ئاشتیی نێوان عەرەب و ئیسرائیل بێ، وەرگێڕ].

ئەمانە دوابەشن لە لیستێکی دوورودرێژی بیانوو و پاساو هێنانەوە بۆ پشتگوێ خستنی سەرلەبەری کولتوورێك، بۆ تەماشاکردنی چەوساندنەوەکە لە گۆشەیەکی ترەوە، بۆ شکستهێنان و وەرنەگرتنی هەڵوێست.

سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتوەکان، لە ناوەندی ساڵەکانی حەفتادا، وابوو پاڵپشتی بزووتنەوەی کورد، لەڕێی ئێرانەوە، بکات و کەلوپەلی عەسکەری و ئاسانکاریی تر بۆ بارزانی بنێرێ. دواتر هێنری کیسنجەر لەگەڵ شای ئێراندا بە پێکهاتنێك گەیشت و سنووری ئێران بەڕووی کورددا داخراو چەکدارەکان ناچار بوون چەك دانێن و ئەو گەلەی کە گوایە پاڵپشتی بووین، شکستی هێنا.

ئەمە وێنەیەکی دلفڕێنی هێزی هەرە باڵادەست نییە، تەنها نموونەیەکە لەوەی وا لە دەیەکانی ڕابوردوودا چی بە کورد دەکرا. ڕووسەکانیشمان لەبیر نەچێ! ئەوانیش ئەگەر خراپتریان نەکردبێ، مامەڵەیەکی باشتری کوردیان نەکرد.

ئێستە حکوومەتی عیراق چەکە کیمیاییەکان دژ بە مەدەنیی کورد، نەك هێزی عەسکەریی کورد، بەکار دێنێ، دژ بە لادێیەکان و پەنابەرەکانیش بەکاری دێنێ. ئەمەیش لەگەڵ هەڵمەتێکی یەکلاییکەرەوەی لەناوبردنی کولتووری کوردیدا هاوجووتە، وێڕای قەلاچۆکردنی خێزانە بارزانیەکان.

بەڕێز سەرۆك ئەمە جینۆسایدە، ئەمە هەوڵی لەناوبردنی نەتەوەییە، هەوڵی پاکتاوی ڕەگەزییە. ئەمەیش، جەنابی سەرۆك، بە دڕندەترین شێواز ئەنجام دەدرێ، بەهێزی چەك دەکرێ، بە گازو ماددە کیمیاییەکان کە مرۆڤ دەکەنە قەرەبرووت، گەنج و پیر وەك یەك سەرگەردان دەکەن و دەبنە هۆی ئەشکەنجە تا مردن. ئەگەر ویستیشیان قوربانیەکان زوو لەناو بەرن، ئەوا گازی دەمار ئامادەیە.

بەش بەحاڵی خۆم لەوە دەترسم ئێمە ببینە شایەتحاڵی دەستپێکی دەوڵەمەندکردنی ماددەی کیمیاییی کوشندە لە وڵاتانی تردا. ئەوە لەئارادایە کە ڕێی تێدەچێ لە بواری تەکنۆلۆجیای بەرهەمهێنانی ماددەی قڕکەری مێژوودا، ماددە کیمیاییە ژەهراویەکان دروست بکرێن. ئەم جۆرە مادانە، نەك لە جەنگی ئێران– عیراقدا کاریگەر بووە، بەڵکوو ئێستە، هەرچەندە ئاگربەستی جەنگ کراوە، بە تین‌وتوانێکی قەبەوە دژ بە دانیشتوانە مەدەنیەکان بەکار دێن.

چەندی تری دەوێ و تا کەی چاوەڕێ بکەین تا هەمان دەرسی لە ئەسیوپیا و لیبیا، یا لە ڕێگەی PLOوە، یا لە زائیرو برۆندی و سیرلانکا و پیرۆ، یان هەر وڵاتێکی هاوشێوە کە کێشەی ناوخۆی هەیە، دووپات ببێتەوە؟

بەڕێز سەرۆك، ئەگەر نیکاراگوا [لێرەدا کۆمۆنیستەکان بە هەڵبـژاردن هاتنە سەر حوکم و ئەمریکا لەگەڵیاندا ناکۆك بوو، وەرگێڕ] هەمان چەکی کیمیایی دژ بە دانیشتوانەکەی یا وڵاتانی دەوروبەری بەکار بهێنایە، چ زایەڵەیەکی جەماوەری و ئیدانەکردنێکی سیاسەتمەداران تینی دەسەند؟ سەرۆك، چۆن لە دڕندایەتیی ئەم کارە دەدوا؟ هەردوو وەزارەتی دەرەوە و بەرگری، چۆن کاردانەوەیان دەبوو؟ چۆن لە دەرگای نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەدرا؟ دەبوو هەڵوێستی ئێمە بە هەمان شێوە بوایە، ئەگەرچی ئەم چەکە دژ بە گەلێکی دوورەدەست یا کەمێك نەناسراو بەکار بهێنرایە؛ دەبوو گرنگ ئەوە نەبوایە کە ئەو گەلە تا چ ڕادەیەك پەیوەندیی بە ژیانی ڕۆژانەی ئێمەوە هەیە؛ دەبوو ئەوەمان بەهەند بگرتایە کە ئەم گەلەی وا گازی کیمیاییی بەسەردا دەڕێژرێ، تووشی چ ئازارێك دەبێ.

بەڕێزان، من هانی جەختکردنەوەتان لەسەر ئەم پرۆژە بڕیارە دەدەم، بە هیوای ئەوەیشم کەمێك لە برینەکانی گەلی کورد سارێژ بکەین.

بەڕێز هێلمس، بەڕێز سەرۆك؛ هەفتەی ڕابوردوو، ملیۆنەها ئەمریکی، لە هەڵمەتە ترسناکەکانی ڕژێمی عێراق بۆ قەڵاچۆکردنی هاووڵاتیە کوردەکانی بەئاگاهات. ئەم هەڵمەتە بەپێی پلانێکی داڕێژراو بوو، دژ بە مرۆڤایەتی بوو، دەبوو ویلایەتە یەکگرتووەکان بێهەڵوێست نەبوایە و دووربەدوور بە تیلەی چاو تەماشای نەکردایە.

من، بەش بەحاڵی خۆم، هانی خستنەکاری ئەم پرۆژەیە دەدەم و دەپاڕێمەوە کەمێك لە ژانی کورد کەم بکاتەوە.

www.zheen.org

پیاو زراوی دەتۆقێ کاتێك سەرنج دەداتە هەڵسوکەوتی درندانـەی ڕژێمێکـی ڕادیکاڵی وەك ئەوەی سەدام حوسێن. هەر بە بەکارهێنانی چەکی کیمیـاییش بـێ، ئەم ڕژێمە هەزاران کـوردی کوشـتووە و هـەزارانی تـری ناچـار کـردووە ماڵوحـاڵی خۆیان بەجێ بهێڵن و ڕوو بکەنە وڵاتەکانی دراوسێیان.

ئەمە هەرگیز یەکەم جار نییە ڕژێمی عیراقی چەکی کیمیایی دژ بـە هاوڵاتیـە مەدەنیەکانی خۆی بەکار بهێنێ –زۆربـەی چـەکی عیراقـیش لـە (کـەرملین)* ـەوە دەنێردرێ–، مـانگی نـەورۆزی ئەمسـاڵ، عـیراق گـازی کیمیـاییی بەسـەر شـارێکی کورددا ڕژاند، بەپێی سەرچـاوەی ڕاگەیانـدنی ئـەمریکی و ڕاپـۆرتی جیهـانی، ئـەم کیمیابارانــە بــوو بــەهۆی گیــان لەدەســتدانی پێــنج هــەزار مــەدەنیی بێتــاوان. ئاژانسـەکانی هـەواڵ وای ڕادەگـەیێنن کـە ئـەم هێرشـە بـۆ سـزادانی هاووڵاتییـە کوردەکانی ئەو وڵاتە بووە.

بەڕێز سەرۆك، نابێ ویلایەتـە یـەکگرتووەکان قروقـپ لێـی دابنیـشێ و گـوێ نەداتـە پـەلامارەکانی ڕژێمـی عیراقـی دژ بـە سـێ چـوار ملیـۆن هـاووڵاتیی کـورد. جەماوەری ئەمریکیش ئەم کەمتەرخەمییە لە ئێمـە قبـووڵ ناکـەن. لەڕاسـتیدا مـن شانازی بەوەوە دەکەم کە لەگـەڵ کلێـسەی دۆت Dotدا شـەرەفی ئامادەبوونمـان لەڕێوڕەسمی کلێسەی باپیستی ئەلەکساندریادا هەبوە*، لێـرە لـە ڤێرجینیـا، بـۆ حەوانەوەی ٣ کورد کە مانیان لە خواردن گرتووە و ئیدانەی هەڵمەتـەکانی ڕژێمـی عیراقی دەکەن.

ئـەم یاسـادانانە، کـە خـۆم شـەرەفی گەلالـەکردنیم هەیـە و لەگـەڵ ڕێـزدار سـەرۆکی کۆمیتـەی پەیوەندیـەکانی دەرەوەدا، داکـۆکی لـەوە دەکـەین وا ڕژێمـی عیراقی لەوە ئاگادار بکەینەوە کە ئێمـەی ئـەمریکی تـا چ ڕادەیـەك شـالاوی دژ بـە

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

* کەرملین، بارەگای حیزبی شیوعیی یەکێتیی سۆڤێت و جیهان بوو. [وەرگێڕ].

* واتە لە Bapist Church in Alexandria of Virginia

کورد بە جیددی وەردەگرین. لەپاڵ ئەمانەیشدا، سوورین لەسەر ئەوەی کە دۆلارەکانی باجی هاووڵاتیی ئەمریکی نەخرێنە خزمەتی ئەم ڕژێمە.

ئەم پڕۆژە یاسایە -وەك تایبەتمەندییەك- داوا لە هەموو نوێنەرانی دەزگاکانی دارایی جیهان دەکات، وەکوو بانکی نێودەوڵەتی، بەرەنگاری هەموو قەرزدانێك بە عێراق ببنەوە. لەهەمان کاتیشدا، ویلایەتە یەکگرتووەکان فرۆشتنی کەلوپەلی عەسکەری و قەرز و زامنکردنی قەرز بۆ ڕژێمی عێراق قەدەغە دەکات و چیدی نەوتی عێراق وەر ناگرێ، نەوتی عێراق دەکاتە بڕی ٪١,٣ (سەدی یەك و لە دەدسێ)ی نەوتی لە دەرەوە هێنراوی ئەمریکا.

ئەم گەمارۆیە تا ئەوکاتە بەردەوام دەبێ کە سەرۆك دڵنیامان دەکاتەوە شاڵاوی جینۆسایدی کوردی عێراق وەستاوە و ڕژێم جارێکی تر چەکی کیمیایی بەکار ناهێنێ.

بەڕێز سەرۆك: داوا لە هەمووتان دەکەم بەکۆمەڵ جەخت لەسەر ئارشیڤکردنی وتارەکەی ٩ی ئەیلوولی "واشنگتۆن پۆست" بکەنەوە کە کارێڵ مۆرفی لەسەر پەنادانی کڵێسەی باپشتی ئەلەکساندریا بۆ سێ کوردەکە نووسیبووی. هەروەها داوای هەمان شت بۆ وتارە بەڕێزەکەی ویلیام سافیرە دەکەم کە هەمان ڕۆژ لە "نیویۆرك تایمز"دا بڵاو کراوەتەوە.

هەردوو وتارەکە بە کۆی هەموو دەنگەکان خرانە تۆمار Recordەوە. هەروەها هەموارکردنی پێشکەشکراو لەلایەن سیناتۆری ڕۆد ئایلاندەوە بە هەند گیراو خرایە ناو هەموارکردنی ژمارە ٢٩٤٦.

باسەکە، دوابەدوای پرسیار و پێداچوونەوە و خوێندنەوە و پوختەکردن، لەلایەن خانەی پیران و نوێنەرانەوە لە کۆنگرێسی ئەمریکی پەسند کراو ناوی (یاسای قەدەغەکردنی جینۆسایدی ١٩٨٨)ی لێ نرا.

یاساکە ئەم خاڵانە لە بەشی دووەمیدا ڕەچاو دەکات:

یەکەم: کورد پێکهاتەی گرووپێکی ئەتنیی ناسنامەدارە، کە نزیکەی ٢٠ ملیۆن کەسە. خاوەنی مێژوویەکی کۆن و کەلتوور و کەلەپوورێکی دەوڵەمەندە.

دووەم: سێ چوار ملیۆنیان دانیشتووی باکووری عیراقن.

سێهەم: سوپای عیراق، شاڵاوی لەناوبردنی دانیشتوە کوردەکانی گرتووەتە بەر؛ گوندەکانیان، لە زۆربەی ناوچەکاندا وێران و قەتڵوعامی مەدەنیەکانیان دەکات.

چوارەم: بەڵگەی یەکلاییکەرەوە لە ئارادایە کە سوپای عیراق چەکی کیمیاییی بەکار هێناوە و بەکاری دەهێنێ دژی کوردە چەکدارەکان و بێچەکەکان و مەدەنیەکان.

پێنجەم: بە دەیان هەزار کورد، کە لە هێرشەکانی سوپای عیراق دەرباز بوون، لە تورکیا بوونەتە پەنابەر.

شەشەم: بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن عیراقەوە، پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتییە؛

حەوتەم: هەڵمەتی عیراق دژ بە گەلی کورد، وا دیارە دەگاتە ئاستی کاری جینۆساید، دەبێتە تاوانێك کە هەموو دانیشتوانی خاوەنی شارستانێتیی ئەم جیهانە نەفرەتی لێ دەکەن و یاسای نێودەوڵەتی قەدەغەی دەکات.

بەشی سێهەم لەبابەت سەپاندنی گەمارۆوەیە بەسەر عیراقدا و ئەم خاڵانە دەگرێتە خۆی:

أ. بەڕێوەبەر و نوێنەرە ئەمریکیەکان، لە هەر بانك و دەزگایەکی داراییدا، وەك نوێنەرانی حکومەتی ویلایەتە یەکگرتوەکان کار بکەن، دەبێ بەپێی ئەو ڕێنماییانەی وا پیشان دراون، دەنگ دژ بە هەر بڕیارێکی قەرزدان بە عیراق بدەن.

ب. ویلایەتە یەکگرتوەکان هیچ ئاسانکارییەك یا کۆمەکێك بە عیراق نابەخشێ، هیچ کەلوپەلێکی عەسکەریی پێ نافرۆشێ، هیچ قەرزێکی ناداتێ و ئاسانکاریی قەرزوەرگرتنیشی بۆ ناکات.

ج. هیچ کاڵایەك کە دەکەوێتە بەر حوکمی کۆنترۆڵی کاڵا ناردنە دەرەوە، نابێ لەلایەن هیچ لایەنێکی ئەمریکییەوە بە عیراق بفرۆشرێ، یا بۆی ڕەوانە بکرێ.

د. نابێ نە نەوت، نە هیچ بەرهەمێکی پەترۆڵیی عیراق بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان بنێردرێ.

بەشی چوارەمی باسەکە ڕێگەدانە بە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان کە داوای لابردنی سزای سەر عیراق، بە شێوەی داوای ڕەسمی بۆ سەرۆکی کۆمیتەی پەیوەندیەکانی دەرەوە و وتەبێژی خانەی نوێنەرانی بکات، بە دوو مەرج

یەکەم: ڕوونی بکاتەوە عیراق چیدی کاری جینۆساید دژ بە دانیشتوە کوردەکانی ناکات.

دووەم: ڕوونی بکاتەوە عیراق چەکی قەدەغەکراوی، کیمیایی بەپێی ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٢٥ی جنێڤ، بەکار ناهێنێ، بە مەرجێك بە دڵنیاییەوە بیسەلمێنێ ئەم چەکە بەکار ناهێنێ.

ئەنجومەنی پیران، ڕۆژ ٩ی ئەیلوولی ١٩٨٨*

تاووتوێکردنی:

**جەنگی گازی ژەهراوی و بڵاوبوونەوەی چەکی کۆمەڵکوژ:**

**زەروورەتی هەڵوێست وەرگرتنی ئەمریکا، وتاری ماکەین**

بەڕێز سەرۆك، من باوەڕم وایە کە دێمە ڕیزی هەموو هاوکارەکانمەوە و ئیدانەی بەرکاهێنانی گازی ژەهراویی عیراقی دەکەم. من لەو باوەڕەدا نیم کە ئێمە دژایەتیی خەونە فاناتیکەکانی ئێران و زاڵبوونی ئیسلامەتی لە جەنگی ئێران عیراق دا دەکەین، ئەمە ببێتە بیانوو بۆ ئەوەی ئەم نەتەوەیە بەکارهێنانی گازی ژەهراوی لەلایەن عیراقەوە پشتگوێ بخات، یان لەم تاوانە ببوورێ.

---

* لە لاپەڕە ٢١٣٩–٢١٤١ی ئارشیڤی کۆنگرێس‌دا تۆمار کراوە.

www.zheen.org

**عیراق بەرەو کوشتن و جینۆساید دەخزێ**

من پێم وانییە تاکە ئەندامێکی پیران هەبێ باوەڕی بەوە هەبێ کە عیراق ناچار بووبێ تا گازی ژەهراوی بۆ مەبەستی عەسکەری بەکار هێنێ. جەنگ مەترسیدارە، ئەگەرچی هیچ جۆرە چەکێکی کۆمەڵکوژی تێدا بەکار نەهێنرێ، چونکە سەرلەبەری مەکینەکانی کوشتن لەبەر دەستی هەموو سوپا مۆدێرنەکاندایە. ئەمە بەتایبەتی ڕاستە، کاتێک یەکێک لەم چەکانە بۆ دەیان ئاسەوار بەجێ دێڵی کە دەبێتە هۆی ئازار و مردنی لەسەرخۆ، ئەگەرچی پێکدادانیش لەئارادا نەمابێ.

بە هەرحاڵ، ئەوەی زیاتر مرۆتۆقێنە ئەوەیە وا عیراق گازی ژەهراویی لەو شوێنانەدا بەکار هێناوە کە سوور زانیویەتی مەدەنیی ئێرانیی تێدا دەژین. عیراق هەمان گازی لە هەڵمەتی پاکتاوکردنی ڕەگەزیی کەمایەتیی کورددا بەکار دێنێ.

ئێمە بە چاوی خۆمان بینیمان حکوومەتەکان و هێزە عەسکەریەکان پەیتا پەیتا تامەزرۆی کوشتنی مەدەنیەکانن، بە ژن و منداڵەوە، دەیانکەنە نیشانە بۆ کاری تیرۆریستی. با بەس بیر لە کەمبۆدیا، مەینەتیی درێژخایەنی لوبنانیەکان، یا کارەساتی بۆرۆندیەکان بکەینەوە و لەوە تێبگەین کە کەلەپووری دووەم جەنگی جیهانی تائێستایش لە گەڵێ قوژبنی ئەم جیهانەدا بەردەوامە.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، گازی ژەهراویش هاتە ناوەوە و چوارچێوەی تۆقاندنی فراوانتر کرد. دەبێ سەرنج لەوەیش بدەین کە پێکدادانی ئەتنی و خێڵەکی دەبێتە هۆی بوغزاندن و توندوتیژی، دەبێ بزانین ڕەچاوکردنی بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ، لە ڕادە ڕاستەکەیدا وەك پرۆگرام لە قەتلوعامی خەڵکدا بەکار دێت.

عیراق لەم ئاڕاستەیەدا جێگەی پێشەوەی دابین کردووە، لە هەموو فڕوفێڵەکانیدا بۆ خۆدزینەوە و ڕووی ڕۆژ بە بێژنگ شاردنەوە، ئەو ڕاستییە دێتە

بەرچـاو کـە ئـەم وڵاتـە بـە هـەزاران خـەڵکی بێتـاوانی، تـەنها لەبـەر ئینتیمـای نەتەوەیی‌یان، کوشتووە.

بەڕێز سەرۆك، من پرسیارێك لە خۆم دەکەم؛ ئایا ئەگەر ئەم قوربانیانە کورد نەبوونایە، ئێمە زۆرتر پێیانەوە سەرقاڵ نەدەبووین؟

**ستراتیجی بەرژەوەندەکانی ئەمریکا**

**لـە ئیدانـەکردنی بـەکارهێنانی گـازی ژەهراویـو پـەرەسـەندنی چـەکەکانی کۆمەڵکوژیدا**

ئەمە ڕاستە کە کورد لەودیو نیوەکەی تری دنیاوەن، ئەمە ڕاستە کە هەندێ کورد جەنگی ئەهلیی پڕ بـە تیرۆرکـاری جێبـەجێ کـردووە و مـەدەنیی تـری تێـدا کوژراوە، هەروەها ئەمەیش ڕاستە کـە کـورد بووەتـە داردەسـتی مێـژوو و هـەموو بەها ستراتیجیەکانی ئەوە بووە تین‌وتوانی خۆی بخاتە ژێردەستی کەسانی تر، بۆ ئـەوەی دژایـەتیی حکوومەتـەکانی جێنـشینی خـۆی بکـات. بـەڵام ئەمـە بـە هـیچ شێوەیەك نابێتە بیانوو کە پشتی تێبکەین و ئەمە ڕاسـتییە کـە کۆمـەڵکوژی هـەر کۆمەڵکوژییە.

www.zheen.org

وێڕای ئەمەیش، ئێمە بە لێکدانەوەی مەترسییەکی مەودادرێژی بـەکارهێنانی گـــازی ژەهراویـــی چـــەکی کۆمـــەڵکوژ، ئـــەو مەترســـییەی کـــە بـــەرەنگاری بەرژەوەنـدەکانمان دەبێتــەوە، پێویـستمان بـەدووربینی هەیـە. بایـەخی ئـەم لێکدانەوەیە لە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندەکانماندا لەگەڵ عیراقدا و پێگەی ئەمریکی لە کەنداودا و بەدەستهێنانی بەرقەراریی ئاسایش لە جیهانی سێهەمدایە.

**– زەروورەتی جۆرە پەیوەندییەکی ڕاست لەگـەڵ عـیراقدا لـە دیـدێکی زۆر تەسکەوە:**

ئێمـە دەمانـەوێ پەیوەندییـەکی هاوڕێیانـە لەگـەڵ عـیراقدا بنیـاد بنـێین. بەرژەوەندێکی تەواومان لەوەدایە کە عیراق بەهێز، سەربەخۆ، عەلمانی و بێلایـەن

بێ. له باکووری کەنداودا بێ[*] — هەموو جۆره بەرژەوەندێکمان لەوەدایه که عیراق میانڕەو بێ و پەیوەندییەکی بازرگانیی فراوانی لەگەڵ ڕۆژئاوادا هەبێ و ببێته وڵاتێکی گەشەکردوو.

ئێمه هیچ کارێك ناکەین بۆ ئەوەی پەیوەندیی ئارامگیر و مەودادرێژ لەگەڵ عیراقدا ببەستین، لەکاتێکدا ئەم وڵاته سەرقاڵی جینۆسایده. دەبێ هەمیشه ئامادەی بەرەنگاربوونەوەی عیراق بین له لادانیدا، له هێڵی میانڕەویدا، نابێ گەڕانەوەی عیراق بۆ پشتگیریکردنی کاری تیرۆریستی قبووڵ بکەین و دەبێ ئەوەی پێمان دەکرێ بیکەین، تا ئەم وڵاته ناچار بکەین واز له بەکارهێنانی گازی ژەهراوی بهێنێ.

**— زەرووره‌تی پەرەپێدانی ستراتیجی بەرقەراربوونی بارودۆخی ناوچەی کەنداو:**

له ڕوانگەی پێگەی خۆمانەوه له کەنداو، دەبێ درك بەوه بکەین که ئێرانێکی بەهێز و سەربەخۆ، هەمان بایەخی عیراقی بەهێزو سەربەخۆی هەیه بۆ پاراستنی بەرژەوەنده ستراتیجیەکانمان. هەرای ئێمه لەگەڵ ئێراندا ڕێگەچارەی حکوومەتەکان نییه، بەڵێ ئەو ڕاستییه لەئارادایه که حکوومەتەکان ویستوویانه شکست بەوانی تر بێنن، یا داگیریان بکەن و ئاینی ئیسلامیان بۆ شکۆمەندیی فاناتیزم وەرچەرخاندووه. له چرکه ساتێکدا که ئێران وازی له شکست یا پەلاماردانی دەوڵەتەکانی تر هێنا، ئێمه، وەك خزمەتکردنی بەرژەوەندەکانمان، هانی بنیادنانی دەوڵەتێك دەدەین که ئەوەنده بەهێز بێ بتوانێ ئاسایشی خۆی بپارێزێ و پەیوەندیەکانی وا دابڕێژێ ببێته دەوڵەتێکی میانڕەو، نەك ڕژێمێکی سەرکوتکەر.

---

[*] واتای بێلایەنی بەوه دێت که له ناوچەی کەنداوی فارسیدا دژ به لایەنی ئەمریکی ڕانەوەستی. [وەرگێڕ]

دەبێ پەی بەوە ببەین کە کۆتایی هاتنی جەنگی ئێران –عێراق هیچ (کۆڵەکە و ستوونێك) لەو ناوچەیەدا بۆ ڕۆژئاوا بەجێ ناهێڵێ. بەحرەین، کوێت، عوممان و سعوودیە دۆستمانن، بەڵام ئەم دەوڵەتانە، کە سەلمێندراوە زیاتر لە نیوەی نەوتی جیهان تێدایە. بە ڕێژەیەك بێهێزن و ناتوانن بە ڕەسمی پێگەمان [مەبەست لە بنکەی عەسکەرییە، وەرگێڕ] بدەنێ، یا ڕۆڵی پاراستنی دەڤەرێکمان بدەنێ، دەبێ توانایی هێز، لە دابینکردنی بەردەوامیی نەوت ناردندا، دوا هەڵبژاردەمان بێ نەك یەکەم.

کلیلی وەدەستهێنانی ئارامیی دەڤەرەکە، بەندە بە هاوسەنگیی عێراق و ئێرانەوە، هاوسەنگییەك کە لغاوی حەزەکانی هەردوولا دەکات بۆ زاڵبوون بەسەر دراوسێکانیاندا یا کەنداو خستنە ژێر ڕکێفیانەوە. هەرچۆنێك بێ، ئەمە وادەگەیەنێ کە دەبێ بە هەمان شێوە سەرگەرمی ئیدانەکردنی بەکارهێنانی گازی ژەهراوی لەلایەن عێراقەوە بین، بە هەمان ئاستی ئیدانەکردنی خومەینی لە قەسابیکردنی سەدان هەزار گەنجی وڵاتەکەی خۆیدا بە مەبەستی سەرکوتکردنیان*.

ئێمە نابێ ئێران گۆشەگیر بکەین، یا ڕێگە بە عێراق بدەین هیچ نەتەوەیەکی تر بخاتە بەر هەڕەشەی جینۆساید. لە دوا ئەنجامدا، دەبێ هەمان هێز بە سەدام ببەخشین کە خومەینیمان لێ بێبەش کرد، ناکرێ سەرکێشییەکی وا بکەین کە ئێران لە وڵاتێکی سەربەخۆی بێلایەنەوە، نە سەر بە ڕۆژئاوا نە سەر بە ڕۆژهەڵات، بگۆڕین و وەك عێراق ببێتە دەوڵەتێکی سەر بە یەکێتیی سۆڤێت، یا ئەوەندە بێهێزی بکەین کە ڕۆڵی لە بەرقەراریی دەڤەرەکەدا نەبێ.

---

* لێرەدا دوو پێداچوونەوە گرنگن؛ یەکەم کورد لە شۆڕشە دووروودرێژەکەیدا، بە شایەتی گەلێ شارەزای ڕۆژئاوایی، کاری تیرۆریستیی ئەنجام نەداوە. دووەم گوایە ئایەتوڵڵا خومەینی سەدان هەزار گەنجی ئێرانی کوشتبێ، ئەمە پێویستی بە بەڵگەهێنانەوە هەیە. [وەرگێڕ]

هەتا لە دەستمان دەرنەچوە، با ڕووبەڕووی بڵاوبوونەوەی چەکی کۆمەڵکوژ ببینەوە. ئێمە دەبێ درکیش بەوە بکەین کە ئەگەر ڕێگە بە بەکارهێنانی سنووورداری گازی ژەهراوی، یا بڵاوبوونەوەی چڕوپڕی چەکی کۆمەڵکوژ بدەین، ئەمە بەڕوونی وا دەگەیەنێ مۆڵەت بە هەڕەشەکردنە لە دۆستەکانمان دەدەین و بەرژەوەندە ستراتیجیەکانمان و بگرە خاکەکەی خۆیشیمان دەخەینە بەر مەترسی. بەکارهێنانی گازی ژەهراوی لەلایەن عیراقەوە، بوو بە هاندەری و وڵاتانی تر بۆ پەیداکردن و عەمبارکردنی ئەم چەکە. ئێران کەوتووەتە جموجووڵ بۆ بەرهەمهێنانی ئەم گازە و پەیداکردنی ئامێرەکانی دروستکردنی، سووریایش بە هەمان شێوە. گەلێ وڵاتی جیهانی سێهەم، گوڕ و تین‌وتوانی توێژینەوەی بۆ هەمان مەبەست خستووەتە کار، پێ‌دەچێ هەندێ لەو وڵاتانە هەنگاویان بەرەو پێشەوە بۆ بەرهەمهێنان و عەمبارکردنی ئەم جۆرە چەکە نابێ.

پێویست بە گومان ناکات کە بەکارهێنانی گازی ژەهراوی هەوڵەکانی بەرهەمهێنانی چەکی بایۆلۆجیی کەم خەرجی خێراتر دەکات، ئەم گازانە تێکەڵ بە کۆششەکانی بڵاوکردنەوەی چەکی ناوکی دەبن. لە ئان‌و ساتێکدا کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئاستی بەکارهێنانی گازی ژەهراویدا لەلایەن عیراقەوە بێ‌دەنگ دەبێ، ڕێگە خۆش دەکرێ بۆ ڕازیبوون لەسەر بەکارهێنانی وردە چەکی ناوکی یا کاڵای بایۆلۆجیی وەکوو مایکۆتۆکسین. بەو شێوەیەیش، هانی وڵاتانی جیهانی سێهەم دەدرێ بەدووی ئامراز و ڕێوشوێنی هەرزاندا بگەڕێ بۆ گەڵاڵەکردنی چەکی کۆمەڵکوژ، بەبێ گوێدانە جۆرەکەی.

ئێمە ئەوەیشمان بە چاوی خۆمان دی، چۆن وڵاتێکی دۆستی وەکوو سعوودیە، ڕووی کردە PRC* بۆ پەیداکردنی IRBM کە بەها عەسکەریەکەی

* ئامازە بە مانا و واتای ئەم دوو کورتکراوەیە نەدراوە، ڕەنگە کۆمپانیا و کاڵای تایبەتی چەک بن. [وەرگێڕ]

تەنها لەوەدایە، لە دوا قۆناغیدا چەکی کیمیایی و چەکی بایۆلۆجی و نووکە چەکی ئەتۆمیی لێ دروست بکرێن.

لەوەیش بەئاگا هاتینەوە کە ئیسرائیل و میسر و سووریا توێژینەوەکانیان لە رێگەی مووشەکی مەودادرێژەوە نۆژەن کردووەتەوە. ئەمەیش (سەرەنووکێکە لە شاخێکی سەهۆڵدا). PRC لە هەموو سەوداکانی چەواشەکاریی نکوولیکرنیدا، بەوپەڕی تین‌وتوانیەوە سەرقاڵی فرۆشتی مووشەکی مەودادرێژە و وڵاتانی تریش وەکوو بەرازیل خەریکی هەمان مامەڵەکردنن.

ئەگەر ئەمڕۆ، رێگە بدەین گازی ژەهراوی دژی کورد بەکار بهێنرێ، زۆر بە دڵنیاییەوە رۆژێك دێت ئەم گازە دژ بە ئیسرائیل و سعوودیە بەکار دێت و سەرەنجام لە پێکدادانی هاکەزاییدا، دژ بە هێزەکانی خۆیشمان بەکاری دێنن. بە تێگەیشتنێکی روونتر، ئێمە هەمان هەڵە دووپات دەکەینەوە کە جیهان کردی لە ئەنجامی (قرِوقەپکردن)ەوە بەرامبەر بە بەکارهێنانی ئەم گازە دژ بە چین لەلایەن ژاپۆنەوە، دژ بە ئەتیوپیا لەلایەن ئیتاڵیاوە، یا ئەزموونەکانی بەکارهێنانی هێزی ئاسمانیی ئەڵمانی بۆ وێرانکردنی جێرنیکای مەدەنی‌نشین، بە هەمان شێوەیش، پشتگوێ خستنی گەلی چیکۆسلۆفاکیا لەلایەن نیڤل چەمبەرلینەوە*.

هیچ قوژبنێکی ئەم دنیایە ئەوەندە لە ئێمە دوور نەبوە کە بەبێ دەربەستییەوە بۆ زیاتر لە نیو سەدە پشتگوێی بخەین. ئەگەر ئێمە نموونەی عیراق تەنها بۆ قێزلێکردنەوە و سەرسمدان بەکار بهێنین و باس لە پۆخڵکردنی ژینگە بکەین، ئەوا درۆینەکەمان دەدەین بە دەم گێژەڵووکەوە. ئێمە خۆمان لە دنیایەکدا دەدۆزینەوە کە هەموو پێکدادانێك و گرژییەکی ناوچەیی، بەرەو

---

* چیرۆکی چەمبەرلین، سەرۆك وەزیرانی بریتانی ساڵی ١٩٣٩، ئەوەیە کە لە خەو راپانچەڵکاندو پێیان وت هیتلەر چیکوسلۆڤاکیای داگیر کرد، بەوپەڕی بێباکییەوە وتی: چیکوسلۆڤاکیا بەر نەفرەت کەوێ، زۆر لە ئێمەوە دوورە، خۆی داپۆشییەوە و نوستەوە. [وەرگێڕ]

بڵاوبوونەوەی چەکی تازەمان دەبات. لە دواساتدا خۆمان لەناو یەکێك لەم پێکدادانەدا دەدۆزینەوە، لە کۆتاییدا ئێمەیش دەبینە نیشانە.

با بۆ خۆمان ددان بەوەدا بنێین کە پشتمان بە چەکی ناوکی و کیمیایی بەستووە بۆ بەرگری لە خۆمان، نایشتوانین ئەوە فەرامۆش بکەین کە پێویستیمان بە توێژینەوەی چەکی بایۆلۆجییە. بە هەرحاڵ، ئێمە دەستمان پێکردووە و لە کەمکردنەوە و نەهێشتنی ئەم چەکانەدا بەرەو پێشەوەیش دەڕۆین، هەروەها لە دوورخستنەوەی بەکارهێنانی ئەم چەکانەدا، خاوەنی ئەزموونێکی ٢٥ ساڵەین.

بڵاوبوونەوەی چەکی کۆمەڵکوژ، لەنێو وڵاتانی جیهانی سێهەمدا، هێمای ژیریی ناسیۆنالیزم نییە، لەوانەیشە لە کۆتاییدا، ڕاستگۆیی هەوڵەکانمان بۆ کۆنترۆڵکردنی چەك پووچەڵ بکاتەوە.

## کارکردن بۆ بەربەستکردنی بڵاوبوونەوەی چەکی کۆمەڵکوژ

پرسیارەکە ئەوەیە؛ ئێمە لە ئاستی ئەم پڕۆسەیەدا دەتوانین چی بکەین؟ ئاشکرایە تەنها ناڕەزایی دەربڕین یا بڕیار "resolution" دەرکردن کاردانەوەیەکی بچووکی دەبێ، ئەگەر هەر ببێ. لە هەمان کاتیشدا، ئێمە لە هەوڵەکانی سەبارەت بە ڕێککەوتننامەی بڵاونەبوونەوە "Non- Profileration Treaty"دا، ئەو دەرسەمان وەرگرت کە ناتوانین بە ئاسانی خواستەکانی خۆمان بەسەر نەتەوەکانی تردا بسەپێنین.

لەبەر ئەوەی، من لەو باوەڕەدام کە دەبێ ئێمە پرۆگرامێکی سێ خاڵی جێبەجێ بکەین، کە عیراقی تێدا لێ دەر نەکرێ، تا بەهۆیەوە بتوانین لە ئاستی هەموو جیهاندا گەمارۆی کێشەکە بدەین؛ پرۆگرامێك کە هەموو کاڵاکانی چەکی کۆمەڵکوژ بگرێتە خۆی: چەکی کیمیایی، چەکی ناوکی، چەکی بایۆلۆجی و سیستمە پێشکەوتووەکانی گەیاندن.

**ڕاپۆرتدانی هەمەلایەن لەسەر بڵاوبوونەوەی چەکی کۆمەڵکوژ**

هەنگاوی یەکەم دەبێ ڕاپۆرت لەسەر بڵاوبوونەوەی ئەم جۆرە چەکانە بە جۆرێك بێ کە لە پوختەی ڕاپۆرتە ئاساییەکەی حکوومەتی ویلایەتە یەکگرتوەکان بچێتە دەرەوە. دەبێ ئەم ڕاپۆرتە تایبەتمەند بێ. گرنگە سەرۆك پابەندی سەپاندنی ڕاپۆرتی ساڵانە بێ لەسەر هەموو ئەو وڵاتانەی وا بە ئارەزوو کڕیار و فرۆشیاری ئەم جۆرە چەکانە دەگرنە خۆیان؛ دەبێ ڕاپۆرتەکە چڕوپڕ بێ.

سەرۆك، لە حاڵەتی کڕیارەکاندا لە بارەی ئەوەوە بێ کە کاتێك ڕاپۆرت لەسەر چالاکیەکانی وڵاتانی جیهانی سێهەم بۆ تەشەنە پێدان یا بەدەستهێنانی چەکەکانی کیمیایی و ناوکی و بایۆلۆجی و مووشەك و ئامرازەکانی گەیاندن دەدات، دەبێ ڕاپۆرتەکەی لە بەکارهێنانی ئەم چەکانەیش بدوێ. دەبێ ئەم یاسایە داوای داخستنی عەمبار و شوێنی پاراستنی ئەم چەکانە بکات. ویلایەتە یەکگرتوەکان ناوی بەرپرسەکانی چەکی ئەم وڵاتانە هەموویان ئاشکرا بکات. دەبێ ڕێگری شاردنەوە و دووڕوویی بێ و ئەو وڵاتانەی کە خەریکی ئەم جۆرە کارانەن، لەبەر چاوی هەموو جیهان شەرمەزار بکرێن. وێڕای ئەمانە، دەبێ سەرۆك بە شێوەیەکی تایبەتی، کۆنگرێس لە گەشەکردنی ڕاستەقینەی بەدەستهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ لە هەموو وڵاتەکانی جیهاندا و لە ماوەی ٣٠ ڕۆژدا لە دڵنیابوونی ئەم گەشەپێدانە، ئاگادار بکاتەوە.

دەبێ سەرۆك، لە حاڵەتی فرۆشیارەکاندا، بکەوێتە بەر پرسیاری ئیمزاکردنی هەمان شێوە ڕاپۆرت لەسەر ئەو وڵات و کۆمپانیا و تاکە کەسانەی وا ئەم چەکانە دەفرۆشن، یا تەکنۆلۆجیایەك دەخەنە بەردەست کە بەهۆیەوە چەکی کۆمەڵکوژ تەشەنە دەکات. دەبێ ئەم ڕاپۆرتە جارێکی دی ناوەکان بخاتە ڕوو، ناوی کاربەدەستی ڕەسمی و بەرپرسانی ئەو وڵاتەی کە ئەم چەکانەی تێدا دەفرۆشرێن. دەبێ ناوی کۆمپانیاکانو ئەو تاکە کەسانەیش ئاشکرا بکرێ کە

لایەندارن. دەبێ سەرۆك، وەك حاڵەتی پێشوو، هەمان شێوە ڕاپۆرت لە ماوەی ٣٠ ڕۆژدا بداتە كۆنگرێس.

**گەمارۆ دژ بەو وڵاتانەی وا چەكی كۆمەڵكوژ بەدەست دێنن**

دەبێ هەنگاوی دووەم بریتی بێ لە كاری بەرچاو بۆ جێبەجێكردنی ئەم ڕاپۆرتە. هەر كاتێك وڵاتێكی جیهانی سێهەم چەكی كۆمەڵكوژ بەدەست دێنێ، دەبێ ئێمە سوور ئەوە بخەینە دەستیەوە كە ویلایەتە یەكگرتوەكان هیچ جۆرە قەرزێك، یارمەتییەك و تەكنۆلۆجیایەكی ناداتێ. ئەم قەدەغەكارییە بۆ ماوەی پێنج ساڵ كاریگەر دەبێ و لەوكاتەوە دەست پێدەكات كە سەرۆك زانیاری لەسەر هەبوونی ئەو چەكانە و عەمباركردنیان دەدات. هەر لەم ڕووەیشەوە، ئەمریكا پشت دەكاتە ئەو دەزگا نێودەوڵەتیانەی كە ڕێگە بۆ ئەم جۆرە كارانە خۆش دەكەن.

لەپاڵ ئەمانیشدا، دەبێ لیستێكی ڕەش بەناوی ئەو كاربەدەستە ڕەسمییانە و تاكە كەسانەوە كە لەو وڵاتانەدا سەرقاڵی ئەم كارەن، بە هەموو جیهاندا بڵاو بكەینەوە و هەتاهەتایە ڤیزای چوونە ژوورەوەی ویلایەتە یەكگرتوەكانیان نەدەینێ، تا بە درێژایی ژیانیان بیانكەین بە عیبرەت.

www.zheen.org

**گەمارۆ دژ بەو وڵاتانەی وا چەكی كۆمەڵكوژ دەفرۆشن**

لە كۆتاییدا، دەبێ ئێمە كاری هاوشێوە دژ بە فرۆشیاران بكەین. ئێمە ناتوانین —بەگشتی— كاری بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی فرۆشیاری ئەم چەك و تەكنۆلۆجیایەدا بكەین، بەڵام —لە هەندێ لای ترەوە— دەتوانین پەیوەندیەكانمانیان لەگەڵدا لەبەرچاو بگرین. یەكێك لەوانە، بێبەشكردنیانە لە گواستنەوەی تەكنۆلۆجیای عەسكەریمان؛ ئەوی تر، بڕینی هەموو جۆر كۆمەك و قەرزێك، مەدەنی و عەسكەری. دەتوانین كۆمپانیاكانو فرۆشیارەكانیش بكەینە نیشان و لە هەموو ئەو كاڵایانە كە دەچنە چوارچێوەی بەرهەمهێنانی ئەو جۆرە چەكانەوە، بێبەشیان بكەین و تا بەرهەمەكانیان قەدەغە بكەین، نەهێڵین بێنە ناو

ویلایەتــە یــەکگرتوەکان. دەتــوانین داوا بکــەین بخرێنــە لیــستی ڕەشــەوە و هــیچ گرێبەســتێکی چەشــنی (دەرەوەی وڵات)یــان لــە بــواری کۆمــەکی ئــەمریکی و نێودەوڵەتیدا، بەتایبەتی ئەوانەی کە ئێمە ڕۆڵیان تێدا دەبینین، لەگەڵدا نەکـەین. هەروەها لیـستی ڕەش ئەوەنـدە فـراوان بکـەین کـە ئـەو کۆمپانیانـەی وا بـە هـەر شێوەیەك هاوبەشیانن، یا لە ئاستی نێودەوڵەتیدا لە کاری تـەکنیکی یـان داراییـدا هاوکارییان دەکەن، بگرێتەوە.

ئێمـە دەیـشتوانین پانتـاییی لیـستە ڕەشـە نێودەوڵەتیەکـە ئەوەنـدە زیـاد بکــەین، ڕێگــەی هاتنــەژوورەوەی ئــەمریکا لــە فرۆشــیارەکان بگــرین و ئەگــەر کۆمپانیاکانی ئەمریکا بە شێوەیەك مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن کە یاسای وڵاتەکـەمان پێشێل بکات، ئەوا دەبێ ئەو کۆمپانیایانە بە تۆمەتی تـاوانی گـەورە سـزا بـدرێن. پێویــستە هــەمان ئاســتی جیــددیی بەرامبــەر بــە دوژمنــەکانمان، بەرامبــەر بــە دۆستەکانیشمان دیاری بکەین.

لەوانەیــە ئــەم پێوەرانــە نەبنــە ڕێگری بڵاوبوونــەوەی چــەکی کۆمــەڵکوژ، وەلێ کارەکە گرانتر دەکات و تەگەرەی زیاتر دەخاتــە بــەردەم ئـەو وڵاتانـەی تـر کـە تـازە دەیانەوێ بچنە گۆڕەپانی کێبڕکێـی چەکەوە و بـەرەو چـەکی کۆمـەڵکوژیش هـەنگاو بنێن. ئەمانە زەمینە بۆ هەمان بنەما خۆش دەکەن، تا پـشتگیری لـە نـاتۆ و PRC و وڵاتانی سەر بە یەکێتیی سۆڤێت دابین بکەن. ئەمانە، بـە ڕادەیـەکی زۆر، تێنوتـوانی گەلێ لە گەلانی وڵاتانی جیهانی سێهەم بەگوڕتر دەکەن. ئەم گەلانە بۆ خۆیان پەی بە ترسناکیی ئەم کارە دەبەن. لەبەر ئەوە باش وایە یارمەتیی گـەلانی وڵاتـانی جیهـانی سێهەم بدەین، تاکوو هەمان هەڵەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات دووپات نەکەنەوە.

بە هەرحاڵ، ئەرکی ئێمە ئەوەیە، گەمەی ((کێ دۆسـتە و کـێ دۆسـت نییـە)) بەلادا بدەین. نابێ ئێمە بکەوینە ئیدانەی عیراق یا PRC، بەڵام جلەو بۆ پاکستان و سـعوودیە و ئیسرائیل شـل بکـەین. ئێمـە نـاتوانین مامەڵـەی نیوەکـاری لەگـەڵ

ڕاستیەکاندا بکەین، لە کۆمپانیاکانی خۆمان ببوورین، یا گوێ بە چالاکیەکانی هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانمان نەدەین. دەبێ بە هەمان داکۆکی و سووربوونەوە کارەکانمان ئەنجام نەدەین و لەسەر حیسابی نەتەوەکانی تر مامەڵە لەگەڵ دۆستەکانماندا نەکەین و خۆمان لە کاری گوماناوی و ڕاڕایی بەدوور بگرین، نابێ بە هیوای ئەوەبین بەرژەوەندە هەرە گرنگەکانمان و مەودا دوورەکان بپارێزین، بەبێ ئەوەی گوێ بدەینە ڕەفتاری وڵاتە دۆستەکان و واز لە ڕاستگۆیی و دەستپاکی بهێنین بۆ بەدەستهێنانی پێشکەوتنی مەوداکورت.

**ئەجێندای کارکردن**

لەم ساتەوەختەدا، کە لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی نزیک دەبینەوە و ئیش‌وکار دوادەخرێ، تەنها دەتوانین ئومێدی ئەوە بخوازین کە کێشەکە ئاشکرا بکەین. کات یارمەتیمان نادات تا لێکۆڵینەوەی یەکجاریی لەسەر بکەین و بە وردی شیرازەی یاسایی بۆ دابڕێژین، شیرازەیەك کە یاسا گرنگەکانی لێوە بەرجەستە دەکرێن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

بە هەرحاڵ، وەکوو بەرەو «دواخستنی» دەڕۆین، بەش بەحاڵی خۆم گومان لەوە ناکەم کە گەلێ ئەندامی نوێنەران و پیران ئیدانەی عیراق دەکەن و لەوە دڵنیان کە عیراق تاوان دژ بە مرۆڤایەتی ئەنجام دەدات. ئەنجامی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بە هەر شێوەیەك بێ، هەستی من هەروا دەبێ کە پێویستە سەرەتای ساڵی داهاتوو تاووتوێی بڵاوبوونەوەی چەکی کۆمەڵکوژ بکەین و کاری تۆکمە و یەکلاییکەرەوەی یاسایی ئەنجام بدەین. من گفتوگۆ لەگەڵ سیناتۆر Nunn و سیناتۆر Warner لە لیژنەی پیرانی سەر بە سوپادا دەکەم وە پڕبەدڵ ئومێدەوارم ئەم خانەیەیش هاوبەشی هەوڵەکانمان بێ.

بەڕێز سەرۆك، من داوای لەچاپدان و ئارشیڤکردنی بڕیاری پیران دەکەم، کە بۆ خۆم پێشنیارم کردبوو، ژمارەی ٤٠٨ی لەسەرە.

بڕیارەکـە، بـەبێ بەرهەڵـستیی هـیچ کەسـێك، لەچـاپ دەدرێ و دەخرێنـە (تۆمار) Recordەوە و بەم شێوازەی خوارەوە دەبێ:

S.RES. ٤٠٨= بڕیاری پیران، ژمارە ٤٠٨

لەکاتێکـدا کۆمیتـەی نێودەوڵـەتی* ددانـی بـە ترسـناکیی چـەکی کیمیـاییی سەردەمی یەکەم جەنگی جیهانیدا نا، کە نەوەد هەزار کەسی تێدا کـوژران و یـەك ملیۆن کەس بریندار بوون؛ لەکاتێکدا پرۆتۆکۆلی ساڵی ١٩٢٥ی جنێڤ بەکارهێنانی چــەکی کیمیــایی دەکاتــە کــارێکی نایاســایی؛ لەکاتێکــدا پــشکنینی نەتــەوە یەکگرتووەکان ئەوە نیشان دەدات کە ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە UN لە ساڵانی ١٩٨٤ و ١٩٨٦ و ١٩٨٨دا، ئیدانەی عیراقی لەسەر بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە جەنگی ئێران– عیراقدا کـردووە؛ لەکاتێکـدا شـاڵاوی چـەکی کیمیـاییی عـیراق لـە ١٦ی ئازاردا بە سەدان* خەڵکی مەدەنیی لەسەر خاکی عیراق کوشت و ترسـناکیی ئـەم چـەکەو کاریگـەریی بـۆ سـەر مەدەنیـەکان ئاشـکرا بـوو، لەکاتێکـدا ویلایەتـە یـەکگرتووەکان هێرشـی کیمیـاییی عـیراق، لـە ئاسـتی یاسـای نێودەوڵەتیـدا بـە ((سەرپێـچییەکی تایبـەتی مرۆتـۆقێن)) لەقەڵـەم دەداو لـە کاتێکـدا ئێـرانیش وەك کاردانەوەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاییی عیراقی هەمان کاری کردووە، ئێستاکە و لەبەر هەموو ئەمانە، وا دەکرێ کە پیران:

١. ئیدانەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن عیراقەوە بکـەن و ئەمـە بـە پێشێلکردنی یاسایی نێودەوڵەتی دابنێن.

٢. بانگەوازی عیراق بکەن کوتوپڕ بە شێوەیەکی هەمیـشەیی هـەموو جـۆرە چەکێکی کیمیایی ڕابگرێ.

---

* ئەمە کۆمیتەی کۆنگرێسی ئەمریکییە. [وەرگێڕ]

* قوربانیەکانی کیمیابارانی ١٦ی ئازار گەلێ لە سەدان زۆرتر بوو، گەیشتە هەزاران، جێی داخیشە کە ناوی شاری هەڵەبجەی کورد نەهێنراوە. [وەرگێڕ]

٣. بە پسەندی دەزانێ سەرۆك بە توندی هێرشەکانی چەکی کیمیاییی عیراقی بۆ سەر مەدەنیەکان مەحکووم بکات.

٤. سەرۆك هان بدات بۆ گەڕان بەدوای هاوکارییەکی هاوپەیمانەکاندا بۆ توند بەربەستکردن ناردنە دەرەوەی ئەو پێکهاتانەی کە چەکی کیمیایییان پێ دروست دەکرێ، بۆ هەر وڵاتێك کە نیاز و توانایی بەرهەمهێنانی ئەم چەکەی هەیە.

٥. بەهەندگرتنی ڕاپۆرتی بەکارهێنانی چەکە کیمیاییەکان لەلایەن ئێرانەوە و هاندانی سەرۆك بۆ دیاریکردنی هەڵوێستی دیپلۆماسیی گونجاو و هەوڵدان بۆ دەسهەڵگرتنی ئەم وڵاتە لە بەکارهێنان و گەشەپێدانی ئەم چەکە.

٦. هانی سەرۆك بدات هەموو کۆششەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکان کاتی بەستنی کۆنفرانسی چەکدامالین لە جنێڤ، بخاتە گەڕ، بۆ ئیمزاکردنی ڕێککەوتنێك لەسەر کۆنترۆڵکردنی چەك و قەدەغەکردنی؛ بەرهەمهێنان، گەشەپێدان، عەمبارکردن، گواستنەوە و بەکارهێنانی چەکە کیمیاییەکان.

لە کۆتاییی تاووتوێکەدا، بەبێ بەرهەڵستی بڕیاری لەسەر درا*.

www.zheen.org

**ڕۆژی هەینیی ٩ی ئەیلوولی ١٩٨٨، خانەی نوێنەران،**

**وتاری ڕێزدار بنیامین گیلمان**

**سەبارەت بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژ بە کورد لەلایەن عیراقەوە**

بەڕێز وتەبێژ: ڕۆژنامەکانی ئەمڕۆ وای دەخەنە بەرچاو کە وەزارەتی دەرەوە بەڵگەی هەیە کە عیراق چەکە کیمیاییەکان دژ بە مەدەنیە کوردەکان و چەکدارەکانی بەکار دێنێ.

ئەگەر عیراقیەکان ڕۆژێك مەترسیی ئەوەیان هەبوایە گەلی کوردی عیراقی هاوکاریی ئێران دەکات، چیدی ئەم ترسە لەئارادا نەماوە. عیراق و ئێران

---

* ئەم گفتوگۆیەیش وەك ئەوی پێشوو ناوی قسەکەری تێدا نەهاتووە. [وەرگێڕ]

هەردوکیان گرێبەستی ئاگربڕیان مۆر کردووە، بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، لە زۆر ڕووداودا، بەپێی ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٢٥ی جنێڤ، قەدەغە کراوە.

دەربارەی ئەو کوردانەی کە تێوەگلان و هیچ جۆرە کارێکی بەرەنگار بوونەوەیان ئەنجام نەداوە، بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژ بەمانە، ڕەنجاندن نەبێ هیچی تر نییە.

من پێزانینی خۆم بەرامبەر بە ئیدارەی کۆشکی سپی دەردەبڕم بۆ ئاگاداربوونەوە لەم مەسەلەیە، هەروەها بۆ درێژەدان بە ئیدانەکردنی عیراق — ئێرانیش بە هەمان ئاست— لەسەر بەکارهێنانی چەکە کیمیاییەکان لە جەنگی ئێران— عیراقدا. ئێمە ناتوانین ڕێ بە بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ بدەین، لەوانە چەکە کیمیاییەکان و مووشەکە مەوداددوورەکان، ناکرێ ڕۆتینی بەکارهێنانیان بگاتە ئاستێکی مرۆڤ تۆقێن و ئارامی و ئاسایشی هەموو جیهانی بخاتە بەر هەڕەشە. زۆر وڵاتی جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست —ئەم ناوچەیە لەخۆیدا لەڕووی ئاسایشەوە سەقامگیر نییە— سەرگەرمی کۆکردنەوە و عەمبارکردنی ئەم جۆرە چەکانەن. ناکرێ ئێمە لە ئاستی ئەم حەز و ئارەزووانەدا دەستەوسان بوەستین.

زۆر بە دڵنیاییەوە، دەبێ ئێمە بە بەردەوامی بەڵگەکانی بەکارهێنانی ئەم چەکانە کە دژ بە کورد بەکار دێن، هەڵبسەنگێنین. لە هەمان کاتیشدا، دەبێ سوور بین لەسەر ئەو فشارانەی وا دەخرێنە سەر حکوومەتی عیراق، بۆ ئەوەی واز لەم جۆرە ڕەفتارە بهێنێ.

گەلی ئەمریکی دەستخۆشی لە حکوومەتی تورکی دەکات کە جێگەو ڕێگەی پارێزراوی بۆ کوردەکانی عیراق دابین کردووە، بەهیوایین لەم کاردە بەردەوام بێ، تا ئەم کوردە پەنابەرانە پێویستییان بەم جۆرە یارمەتیە هەیە.

بەڕێز وتەبێژ، دەبێ حکوومەتی عیراق لەبەر هۆی مرۆیی، لەبەر خاتری ئاشتی و سەقامگیریی جیهان، وەرچەرخان لەم سیاسەتە هەنووکەییەدا بکات.

**بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن عیراقەوە،**

**ئەنجومەنی پیران، ١٢ی ئەیلوولی ١٩٨٨***

بەڕێز سەرۆك

حکوومەتی عیراق، بەپێی بەڵگەنامەی وردو بڕواپێکراو، لەم کاتوساتەدا، لە گەرمەی هەوڵەکانیدایە بۆ سەپاندنی چارەسەری یەکجارەکی بەسەر دانیشتوە کوردەکانیدا. زیاتر لە سەد هەزار تاکی کورد، لە مەترسیی سوپای عیراقی، خۆیان قوتار کردووە و چوونەتە خاکی تورکیاوە. نزیکەی پەنجا هەزار کورد لە ناوچەیەکی (قەدەغەکراو)دا دەورە دراون، وا چاوەڕوان دەکرێ بەر بڕیاری قەڵاچۆکردنی دانیشتوان، لەلایەن حکوومەتی عیراقەوە، بکەون.

ئێستاکە ئەم خەڵکانە کەوتوونەتە بەر مەترسیی بەرنامەی سوپای عیراق کە چەکی کیمیاییش دەگرێتەوە.

ئەگەر جیهان هیچ ڕۆڵێك لەم ڕووداوانەدا نەبینن، ئێمە جارێکی تر بە سەرشۆڕییەوە ئاگامان لە تاوانی کارێکی دڕندانەی بەرفراوان دەبێ، لەلایەن حکوومەتێکەوە کە جارێکی تریش شەرەفی مرۆڤایەتی و شارستانێتی لەکەدار دەکات. لەکاتێکدا کاری ئاوا دەرهەق بە بێتاوانان دەکرێ، لەکاتێکدا حکوومەت لەم کارە بەئاگایەو ورتەی لێوە نایەت، ئەمە لە خۆیدا بە بەشداربوونی تاوانەکە لەقەڵەم دەدرێ.

حەفتەی ڕابوردوو، حکوومەتی ویلایەتە یەکگرتوەکان هاتە قسەو سنووری بۆ گاڵتەجاڕی و گوێ پێنەدان دانا. هاتە سەر قسەو باسێك کە هەموو جیهان لە ئاستی بێدەنگە، باس باسی تاوانەکانی هێزە چەکدارەکانی عیراقە کە نامرۆڤانە ئەنجامی دەدەن و چەکی کیمیاییی تێدا بەکار دەهێنن. وەزیری دەرەوە زانیاریی وەرگرتووە و لەسەر مێزەکەی کەڵەکەی کردوون. سوپاس بۆ سیناتۆر پێڵ کە

---

* لە لاپەڕە ٢٤٢٣١ی ئارشیڤی کۆنگرێس –تۆمار– "Record"دا.

کارێکی باشی کرد، جەختی لەسەر بەیاسایی‌کردنی پرۆژە بڕیارێك کردەوە بۆ بڕینی کۆمەکی ویلایەتە یەکگرتوەکان لە عیراق و هێنانی نەوتی عیراقی بۆ ئەمریکا دوایی پێهێنا.

ئەمە سەرەتایە، بەڵام بەس نییە بۆ ئەوەی بە ئەنجام بگەین، دەبێ سەرنجی هەموو جیهان ڕاکێشینە سەر عیراق، داوای لێ بکەن واز لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بهێنێ، ڕێگە بە پشکنینی نێودەوڵەتی بدرێ، تا بەدوای بەڵگەکانی بەکارهێنانی ئەم چەکەدا بگەڕێ و بەشێوەیەکی ئاسایی مامەڵەی کورد بکات و ملکەچی پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتوەکان بێ و لە سنووری وڵاتەکەی خۆیدا پێڕەوی یاسای نێودەوڵەتی بکات.

بۆ گەیشتن بەم چەمکە، سەرۆکی بەڕێز، هەندێ کاری دیاریکراو هەن من بە پەلە هانی جەختکردنەوەیان دەدەم:

یەکەم: دەبێ حکوومەتەکەمان لێدوانێك بڵاو بکاتەوە و بەڵگەکان بە هەموو وردە بابەتەکانیانەوە کە دژ بە عیراقن، دەر بهێنرێن.

دووەم: دەبێ هەر ئێستا داوای دانیشتنێکی ئەنجومەنی ئاسایش بکەین، بۆ ئەوەی باسی ئەو تۆمەتانە بکرێ کە عیراق سەرقاڵی سیاسەتی جینۆسایدە.

سێهەم: دەبێ بانگی هاوپەیمانەکانمان بکەین، بەتایبەتی ئەوانەی وا لێواولێو گلاونەتە کاری بازرگانی لەگەڵ عیراقدا، یا کاڵای عەسکەریی بۆ دەنێرن، بۆ ئەوەی داوا لە حکوومەتی عیراقی بکەن لەسەر ئەم تۆمەتانە بێتە وەڵام.

چوارەم: دەبێ ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی وڵاتانی بێلایەن ببینەوە لەمەڕ بێدەنگییان بەرامبەر بەم ڕووداوانە و هانیان بدەین خاوەنی هەڵوێست بن.

پێنجەم: دەبێ داوا لە یەکێتیی سۆڤێت بکەین وەك ئێمە هاوهەڵوێست بێ. ئەگەر ویلایەتە یەکگرتوەکان و یەکێتیی سۆڤێت هاوشانی یەکتری بن، ئەوە بە تۆکمەترین شێوە کار دەکەنە سەر پێشەنگەکانی عیراق و ناچار دەبن ڕەوتەکەیان بگۆڕن.

www.zheen.org

شەشـەم: دەبـێ لەگـەڵ هـەموو وڵاتـانی بەشـداری ڕێککەوتننامـەی جنـێڤـدا، دانوسـتان بکـەین و قەدەغـەکردنی بـەکارهێنانی چـەکی کیمیـایی بخەینـە بـەر باسکردن و داکۆکی لەو ڕاستییە بکەین کە بێدەنگی لەم ئاڕاستەدا، پرۆتۆکۆلەکە دەکاتە مەرەکەبی سەر کاغەز.

حەوتەم: دەبێ بەپەلە هەنگاو بەرەو یاریدەدانی پەنابـەرە کوردەکـانی عـێراق لە تورکیا بنێین و بە هانای ئەو دەزگایانەوە بـچین کـە بـەبێ جیـاوازی کۆمـەکیان دەکەن، ئەوانەی وا سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکانن یا سەر بە حکوومەتی تـورکین. دەبێ لەوەیش دڵنیا بین کە یارمەتیەکان گەیشتوونەتە شوێنی مەبەست.

سەرۆکی بەڕێز، بۆ ئەوەی ئەم کارە بـەرەو پێـشەوە بـچێ، هەنـدێ هـەنگاو هەن دەبێ ئێمە، وەك ئەندامانی ئەم دەزگایە، بیگرینە بەر، کە ئەمانەن:

یەکـەم: بـانگکردنی وەزیـری دەرەوە، تـا سروشـتی ئـەو زانیاریانـەی وا پێـی گەیشتوون، بۆ جەماوەر ڕوون بکاتەوە و پلانی ئیدارەی ئەمریکی کە لـەم ڕووەوە لەسەری دەڕوات، بخاتە ڕوو.

دووەم: من پێشنیاری ئەوە دەکەم، هەردوو پارتەکە —کۆمـاری و دیمـوکرات— لە ڕێگەی پێشەواکانیانەوە بە یەك ڕیز و وەکـوو یـەك لـە کـۆنگرێس پێکـەوە کـار بکەن بۆ کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیاری دەربارەی ئەم کێشەیە.

سێهەم: دەتوانین، لـە ڕێگـەی باڵوێزەکەیانـەوە لـە واشـینگتۆن، پەیوەنـدی بـە حکوومەتی تورکیاوە بکەین، پێزانینی خۆمان بەرامبەر بەو کارانەی کە بۆ پـەنابـەرە کوردەکانیان دەکەن و ئامادەکاریی خۆمان بۆ هاوکاریی ماددی، دەر ببڕین.

چـوارەم: دەتـوانین لــە ڕێگــەی بــاڵوێزی ســۆڤێتەوە پەیوەنــدی بــە حکوومەتەکەیانەوە بکەین و هانیان بدەین، بە ئاشکرا، شـانبەشـانی حکوومـەتی ویلایەتە یەکگرتوەکان، ئیدانەی ڕەفتاری عیراق بکەن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

پێنجەم: دەتـوانین و دەبـێ گفتوگۆ لەگـەڵ کۆمپانیـا بازرگانیـەکانی عـێراقدا بکەین؛ ئەوانەی وا کەلوپەلیان بۆ دەنێرن، ئەوانەی وا پاڵپشتیان دەکەن و داوایـان لێ بکەین کاریگەریی خۆیان بخەنە گەڕ.

شەشەم: دەتوانین و ئەرکی سەر شانمانە گەلی ئـەمریکی لـە ڕووداوەکـان ئاگـادار بکەینەوە. دەتوانین بۆ ئەم مەبەستە، جگە لە سەرچاوەکانی خۆمان، داوا لە هەردوو کاندیدی هەڵبژاردنی سەرۆکیش بکەین ڕای خۆیان لەم ڕووەوە ئاشکرا بکەن.

بەڕێز سەرۆك: حکوومەتی عیراق هەتا بڵێی دڕندەیە، وەلێ کەللەپووت نییـە. سـەرکردەکانیان ئاگایـان لـە ڕای جیهانییـە، باشـیش دەزانـن ئەگـەر هەڵوێـستی نێودەوڵەتی دژیان بوەستێتەوە، بەرژەوەنـدە زینـدووەکانیان زەرەرمەنـد دەبـێ، دەتوانین بە درککردن بەم ڕاسـتییە، کـار بکەینـە سـەر چۆنیەتیی بەڕێوەچـوونی ڕووداوەکان. ئەمانە هەمووی بە مەرجێك بتوانین ڕای گشتیی جیهان ڕاچڵەکێنین*.

**بەکارهێنانی گازی ژەهراوی**

**لەلایەن عیراقیەکانەوە**

**خانەی نوێنەران، ١٣ی ئەیلوولی ١٩٨٨***

**وتاری Mr. Pease کە پێنج دەقەی پێدراوە**

بەڕێز وتەبێـژ: مـن چـالاکیەکانی وەزیـری دەرەوە "شـۆڵتز"، ئیـدارەی ڕۆناڵـد ڕێگان و ئەنجومەنی پیران بەرز دەنرخێنم، کە سەرنج بۆ بەکارهێنانی گازی ژەهـراوی لەلایەن عیراقەوە ڕادەکێشن. من، چەند مانگێـك لەمەوبـەر، لـە سـەرەتای ئەمـساڵدا، سـەرگەرمی کۆکردنـەوەی زانیـاری بـووم لەسـەر کـرداری ئازاربـەخش و قێزەونـی حکوومەتی عیراق، حەفتە بە حەفتە زانیاریم پێدەگەیشت کە عیراق گـازی ژەهـراوی لە جەنگی درێژخایەنی نێوان ئەم دوو وڵاتەدا، گازی دژ بە ئێران بەکار دێنێ.

---

* ئەم وتارە Mr. Gore پێشکەشی کردووە.

* لاپەڕەی ژمارە H٧٥٢٩ی لە ئارشیڤدا بۆ تەرخان کراوە.

مـن وای ڕەچـاو دەکـەم کـە جیهـانی خـاوەنی شارسـتانێتی، بەتایبـەتی حکوومـەتی ویلایەتـە یـەکگرتووەکان، سـەرپێیی دەڕواننـە ئـەم مەسـەلەیە و زۆر کەمیان لێ وەشاوەتەوە بۆ ناڕەزایی دەربڕین و کاری تۆکمـە دژ بـە ڕشـتنی گـازی ژەهراوی، ئەم ڕەفتارە شەست ساڵی ڕەبەقە ئیدانە دەکرێ و بە نایاسایی لەقەڵەم دەدرێ. جـەنگی نێـوان عـێراق و ئێـران، ئەگـەر بـۆ ئـەم ساتەوەختەیش بـێ، بـە ئاگربەستێك کۆتاییی هاتووە. واتە ئەو ڕاپۆرتانەی وا ئەم ڕۆژ و حەفتانـەی دوایـی لەسـەر بـەکارهێنانی گـازی ژەهـراوی دژ بـە سـەربازەکانی ئێـران هـاتوون، لـەم ساتەوەختەی پێش ئاگربەستدا، سـەنگێکی بچووکیان هەیـە. ئێستاکە پێکدادان لەنێوان ئەم دوو وڵاتەدا وەستێندراوە.

بەڵام ئەوەنـدەی بـەکارهێنانی گـازی ژەهـراوی دژ بـە ئێـران بـەرەو ڕاگـرتن دەچـێ، عـێراق دەسـتی کـردووە بـە هەڵگیرسـاندنی جـەنگ دژ بـە هەنـدێ لـە هاووڵاتیانی خۆی، ئەو هاووڵاتیە کوردانەی کە لە قوژبنەکانی ئەو وڵاتـەدا دەژیـن. نابێتە زیادڕەوی ئەگەر بڵێین عیراق لە هەوڵی قڕکردنی هاووڵاتیە کوردەکانیدایە.

دەبێ ئـەم کـارە تـەواو خراپـە (جینۆسـاید) هەمیـشە مـەحکووم بکـرێ. لـە هەموویشی خراپتر ئەوەیە، عیراق گازی ژەهراوی بـۆ ئـەم مەبەسـتە بـەکار دێنـێ. پەیتا پەیتا ڕاپـۆرتی بڕواپێکـراو لـەم دوو حەفتەیـەی دوایـیدا پێـشنیار دەکـرێن و ئاماژە بە بەکارهێنانی ئەم گازە دەدەن. من پـڕ بـە باوەشـێك ڕۆژنامـە و گۆڤـاری ئەمریکیم لەلایە ڕاپۆرت لەسەر ئەم کردەوەیەی عیراق بڵاو دەکەنەوە.

بەڕێز وتەبێژ: جیهانی شارستانی ناتوانێ چاوپۆشـی لـە بـەکارهێنانی گـازی ژەهراوی دژ بە ئێرانیەکان یا دژ بە کوردەکان و هیچ کەسێکی تر بکات. من کەیفم بەوە هات کە ئەنجومەنی پیران حەفتەی ڕابوردوو ٨٠٠ ملیۆن دۆلاری لـە بازرگـانی و قەرزی عیراق بڕی. ئەمـە بەرەنگاربوونەوەیـەك بـوو دژ بـە کـاری ژەهراویکردنـی بەکۆمەڵ. شێوە بەیاسایی‌کردنێکی تریش لە ئەنجومەنی نوێنەرانـدا دژ بـە هـەمان ڕەفتاری حکوومەتی عیراق هاتە کایەوە، ئەمەیش لەسەر پێشنیاری بەڕێز لانتۆش

–نوێنەری کالیفۆرنیا– و بەڕێز پۆرتەر –نوێنەری ئیلینۆی– بوو. من دەمەوێ دەستخۆشییان لێ بکەم. زۆر بەهیوایشم کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی سەر بەم خانەیە و هەموو نوێنەران جەخت لەسەر ئەم بەیاساییکردنە بکەنەوە و ئێمەیش زۆر بە خێرایی هاوکاریان بین و بیکەینە یاسا و بینێرین بۆ سەرۆك.

لە هەمان کاتیشدا، پێزانینی خۆم ئاڕاستەی وەزیری دەرەوە، شۆلتز، دەکەم بۆ لێدوانەکەی. ئەوی ڕاستی بێ لێدوانێکی زۆر کۆك بوو، ڕۆژی پێنجشەممەدا گوێم لێ بوو. من داوا لەو و لە سەرۆك ڕۆناڵد ڕێگان دەکەم لە نەتەوە یەکگرتوەکاندا بەدوای ئەو چالاکیانەدا بچن، هەوڵی دامەزراندن و ناردنی شاندێکی پشکنین بدەین، سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان بێ و لە عیراق کار بکات و بەدوای ڕاستیی بەکارهێنانی گازی ژەهراویدا لەلایەن ئەم وڵاتەوە دژ بە گەریلا کوردەکان بگەڕێ. ئەگەر ڕاست دەرچوو، ئەوە داوا لە هەردوکیان دەکەم هەوڵی سەپاندنی سەختترین گەمارۆی نەتەوە یەکگرتوەکان بەسەر عیراقدا بدەن.

ئەرکی سەرشانی ئێمەیە وەکوو بەری دەست ئاشکرای بکەین کە نابێ گازی ژەهراوی هەبێ، نابێ جیهانی شارستانی جێگەی بکاتەوە، ئەگەر هەر وڵاتێکیش، عیراق بێ یا وڵاتێکی تر، بەکاری هێنا، دەبێ پێشبینیی کاردانەوەی وڵاتانی جیهانی شارستانی بکات.

بەردەوامیی تێبینیەکان:

**کورد بە کیمیایی جینۆساید دەکرێ**

وتاری شەرەفمەند ستێنی هۆیەر Steny Hoyer نوێنەری ویلایەتی میریلاند، خانەی نوێنەران، ١٣ی ئەیلوولی ١٩٨٨ [ل٢٣٦٧٨–٢٣٧٩١]

بەڕێز وتەبێژ، دوو وتار لەکایەدان، یەکێکیان ئەمە ناونیشانیەتی:[

هیچ هەڵە مەکە، ئەمە جینۆسایدە، ڕۆژنامەی "واشینگتۆن پۆست"، ٨ی ئەیلوولی ١٩٨٨، نووسینی جیم هۆگلاند]، ئەوی تر [قەتلوعامی کورد لەلایەن

عیراقـەوە بوەسـتێنە، نیویـۆرك تـایمز، ٥ی ئـەیلوولی ١٩٨٨، نووسـینی ویلیـام سافیر]. من دەمەوێ ئەم دوو وتارە، کە لە حەفتەیەکدا هـاتوون، بخرێنـە تۆمـاری کۆنگرێسەوە. هەردوکیان بە توندی مـرۆڤ ڕاچڵەکێنن. جینۆسـاید لەلایـەن هێـزە چەکدارەکانی سەدام حوسێن، سەرۆکی عیراقـەوە دژ بـە کوردەکـانی دانیـشتووی باکووری عیراق جێبەجێ کراوە.

بەڕێز وتەبێژ، ئێمە ناتوانین بێهەڵوێست بەرامبـەر بـە سـەربڕینی بەکۆمـەڵ ڕابوەستین. خەم ساردی و دەستەوستانی ڕێگەیان بۆ دیکتاتۆرە دڕندەکان خۆش کـرد کـە ملیۆنـەها کـەس قـەتڵوعام بکـەن، بێهەڵوێستیی ئـەمڕۆیش ژمارەیـەکی لەحیساببەدەر بـەرەو قـەنارە دەبـات. ئاگربەسـتی جـەنگی کەنـداو کوشـتوبڕی سەدان هەزار کەسی وەستاند. نابـێ لێـرەدا، ڕێگـە بـەم ئاگربەسـتە بـدەین ببێتـە دەرفەت بۆ تازەکردنەوەی خوێنڕێژی.

بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، بەپێی سیستمێکی داڕێژراو، دژ بە دانیشتوان، بەتایبـەتی گازڕشـتن بەسـەر شـوێنی نیـشتەجێبوونیاندا، کـارێکی دڕندانەیـە و پێشینەی زۆر کەمە. ئەگەر بمانەوێ مرۆڤ لە دوچاربوون بـە مەینـەتیی ئـاوا ڕزگـار بکەین، دەبێ ئێستا ئامادەکاری نیشان بدەین.

درێژەی تێبینییەکان:

**کورد گازڕێژ دەکرێ**

وتاری شەرەفمەند جیم بەتیس Jim Bates

نوێنەری کالیفۆرنیا– خانەی نوێنەران

سێشەممە، ١٣ی ئەیلوولی ١٩٨٨

بەڕێز وتەبێژ، لەپاڵ ئەوەیشدا کە جەنگی عیراق –ئێـران لـە ڕۆژی ٢ی ئـابی ١٩٨٨ەوە ئاگربەسـت کـراوە، سەرچـاوە هەواڵگریـەکانی ویلایەتـە یـەکگرتووەکان داکۆکی لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن عیراقەوە دژ بە کورد دەکەن. ئـەم کارە بەربەرییانەیە و تەرزێك کاریگەریی لێ دەکەوێتەوە.

پرۆتۆکۆلی ساڵی ١٩٢٥ی جنێڤ لە ئاکامی قوربانیەکانی گازی ژەهراویدا کە لە یەکەم جەنگی جیهانیدا خرایە کار، هاتە کایەوە و بەکارهێنانی ئەم گازەی قەدەغە کرد. لەو مێژوەیشەوە هیچ حکوومەتێك ئەم گازەی بە بەرفراوانی بەکار نەهێناوە. بەڵام بەبەڵگەوە دەرکەوتووە حکوومەتی عیراقی ڕوو دەکاتە ئەم چەکە بۆ دامرکاندنەوەی هەموو جۆرە ڕاپەڕینێك کە لە کوردەوە چاوەڕێ بکرێ. کاری توندوتیژیی دژ بەم گەلە ٣,٥ ملیۆنە کە خوازیاری حوکمی ئۆتۆنۆمین، بەبیرهێنانەوەی هۆلۆکۆستی جوولەکەکانە کە بە بەرچاوی هەموو دنیاوە کرا. دەبێ ئێمە جارێکی دی "never again" ڕێگە بە هیچ لایەنێك نەدەین گرووپێك لە گەلەکەی لەڕووی جەستەیی‌یەوە قەڵاچۆ بکات.

من پڕۆژە بڕیارێکم "resolution" لەبەر خاتری ئەم هۆکارانە، لە خانەی نوێنەران ئیمزا کرد، "ڕێزەلوشنی" ژمارە ٥٣٢٠ کە هەست دەربڕینە بەرامبەر بە کاری دڕندانەی ژەهراویکردنی کوردەکان و بانگکردنی حکوومەتی عیراقە تا بەشێوەیەکی دەمودەست و هەمیشەیی واز لە چەکی کیمیایی بهێنێ.

گەلی کورد، گرووپێکی ئەتنیی جیاوازی بیست ملیۆنی پێك دێنێ. هیواکانی کورد بۆ وڵاتێکی سەربەخۆ بە ناوی کوردستانەوە، بە دامەزراندنی کۆماری تورکی لە ساڵی ١٩٢٢دا تاسێندران، هەمان ئەم کوردانە ئێستا بە دانیشتوانی تورکیا و ئێران و عیراق و سووریا و یەکێتیی سۆڤێت و لوبنان لەقەڵەم دەدرێن.سەد هەزار کوردی عیراقی لەم دواییەدا لە ئاکامی کیمیاباراندا، ناچار کران ڕوو بکەنە تورکیا.

بەڕێز وتەبێژ، عیراق، لە بەکارهێنانی چەکی کیمیاییی دژ بە گەلی خۆیدا، دژ بە گەلی کورد، وا خۆی نیشان دەدا کە کاری جینۆساید بە چروپڕی یاسای نێودەوڵەتی پێشێل دەکات. لێرەوە داوا لە برادەران دەکەم جەخت لەسەر ئەم پڕۆژە بڕیارە بفەرموون.

بنکەی ژین www.zheen.org

**درێژەدانی عیراق بە کیمیاباران***

**خانەی پیران ١٤ی ئەیلوولی ١٩٨٨**

**لاپەڕە ٢٣٧١٠-٢٣٧١١ی ئارشیف**

بەڕێز سەرۆك، من دڵتەنگم بەوەی جارێکی تر بێمەوە سەر سەکۆی ئەنجومەنی پیران و ناڕەزایی دژ بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن عیراقە دەرببڕم. عیراق بێشەرمانە بەردەوامە لە پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتی و بنەما مرۆییەکان، بەردەوامە لەسەر بەکارهێنانی چەکی کیمیایی.

کەمتەرخەمیی ئەم دنیایە و قرپوقەپی بەرامبەر بە بەردەوامیی عیراق، کە چاونەترسانە هەموو ئەو چەکانەی خستووەتە کار کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی -بە عیراقەوە- زیاتر لە ٥٠ ساڵە قەدەغەی کردوون؛ ئەم کەمتەرخەمییە بووە بە شایەتحاڵی ڕێگەی هەموو سەرکێشییەك دان بە عیراق.

پرۆتۆکۆلی ساڵی ١٩٢٥ی جنێڤ کاردانەوەی ئەو بۆچوونە جیهانییە بوو کە بەکارهێنانی کاڵا کیمیاییەکان ئەوەندە ئازار بەخشن، دەبێ بە هیچ شێوەیەك، لە کاتی جەنگیشدا، بەکار نەهێنرێن. ئاوایش عیراق هێشتا سوورە لەسەر بەکارهێنانی ئەم کاڵایانە لە هەردوو جەنگیدا دژ بە ئێران و دژ بە کورد. ئەم دواییەیش لە پەلاماری قڕکردنی سەرلەبەری گرووپێکی ئەتنیدا، کە هاووڵاتیی عیراقن، بەکاری هێناون.

ئەم ڕەفتارانە، هێرشی بێویژدانانە و بێبەزەییانەیە دەکرێنە سەر بنەماکانی یاساو بنەماکانی ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ کە ساڵانێکی درێژە شەرعییەتیان وەرگرتووە. نابێ ڕەفتارەکانی عیراق بە کەم تەماشابکرێن. نابێ لەلایەن هیچ کەسێکەوە پارێزگارییان لێ بکرێ و نابێ پشتگوێیش بخرێن. نابێ بەبێ سزایش تێپەڕ ببن.

* ئەم وتارە Mr. Mitchell خوێندوویەتیەوە، زانیاریی تری لەسەر نییە. [وەرگێڕ]

ئەركی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە بنەماكانی خۆی بپارێزێ، ئەو بنەمایانەی كە كراونەتە زەمینە بۆ ڕەخساندنی جیهانێكی پڕ لە عەدالەت و خۆشەویستی. ڕەفتارەكانی عێراق زۆر بە توندی فشار دەخەنە سەر ئەم ڕێبازە كە سەدەیەكە كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گرتوویەتە بەر.

ئەنجومەنی پیران، لە ٢٤ی حوزەیراندا، بەگشتی ڕای خۆی لە ئاستی پێشێلكردنی یاسای نێودەوڵەتیدا لەلایەن عێراقەوە دەربڕی. جەختی لەسەر بڕیاری ٤٨ كردەوە، ئەمەیش بە پێشنیاری من بوو، هەموو بەكۆمەڵ كەوتینە ئیدانەی عێراق و بە بەكارهێنانی چەكی كیمیایی مەحكوممان كرد. لە هەمان كاتیشدا، هانی حكوومەتمان دا كاری دیپلۆماسیی چڕوپڕ بكات بۆ قەدەغەكردنی ئەم چەكە لە داهاتوودا.

كاتێك جیهان بە زەقی بەڵگەی بەكارهێنانی گازی خەرتەلە و گازی دەماری بەدی كرد كە عێراق لە شارۆچكەی (هەڵەبجە)ی لەلایەن ئێرانەوە داگیركراودا، دژ بە مەدەنیە كوردەكان بەكاری هێنا، بڕیارەكە هاتە كایەوە.

بنكەی ژین
www.zheen.org

هەر لەم سۆنگەیەیشەوە، عێراق بە هەزاران دانیشتووی زەلكاوەكانی باشووری بە هەمان ژەهر كوشت. ئەم قەتڵوعامە زووتر ڕووی دا، وەلێ پشتگوێ خرا. نەتەوە یەكگرتوەكان، لە ساڵانی ١٩٨٤ و ١٩٨٦ و ١٩٨٧دا پێداگریی لەسەر بەكارهێنانی چەكی كیمیایی لەلایەن عێراقەوە دژ بە ئێران كردووە. كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی فززەی لێوە نەهات. سوپاس بۆ كامێرای ڕۆژنامەنووسان كە هەلی شاردنەوەی هەڵمەتەكانی دژ بە هەڵەبجەی پووچەڵ كردەوە. وێنەكان و بەڵگەكان خەوی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتییان زڕاند و ناچاریان كرد بكەوێتە جموجووڵ.

جێگەی داخە ئەم كارەساتە نەبوە هۆی یەكڕابوونی هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی پیران، دەبوو ئاوا تراجیدیایەك ببوایەتە هۆكاری هاوهەڵوێستیی هەموو كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. لەكاتێكدا قەسابیكردنی مەدەنیی بێتاوان بووەتە هێمای

ڕەفتاری عیراق، بە تەنها عیراق، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هیچ کارێکی جیدیی نەکرد کە عیراق ملکەچ بکات تا چیدی هێرشی کیمیاباران ئەنجام نەدات.

جیهان ئەم کردەوانەی عیراقی ڕەچاو نەکرد، لەجیاتی ئەمە، ئاواتەخواز بوو جەنگی ئێران– عیراق بوەستێ. ئاگربەستی جەنگی کەنداو، لە گاڵتەجاڕییەکی دوور لە ویژدانەوە، هەلی باشتری بۆ عیراق ڕەخساند جبەخانە و عەمبارەکانی پڕ لە چەکی کیمیایی بەسەر هاوولاتیەکانی خۆیدا داباریێنێ. عیراق، لە شێوە هەڵمەتێکدا، کە دیار بوو بە مەبەستی جینۆسایدی سێ ملیۆن کوردی عیراق بەرپا کرا، بە هەزاران کوردی قەلاچۆ کردو پەنجا هەزار — سەد هەزاری تریشی ناچار کرد ولات بەجێ بهێڵن.

کوانێ سۆزی نێودەوڵەتی؟ کوانێ ئیرادەی کارکردن دژ بەم کۆمەڵکوژییە؟

ئەنجومەنی پیران جارێکی تریش جۆشی سەندو بەپەلە ئیدانەی عیراقی کردو ڕووی لە ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتوەکان نا کاردانەوەی بەرامبەر بە پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتی هەبێ. بڕیاری ژمارە ٢٧٦٣ کە ڕێزدار سەرۆکی کۆمیتەی پەیوەندیەکانی دەرەوە Mr. Pell ئامادەی کردبوو، گەمارۆی ئابووریی سەخت بەسەر عیراقدا دەسەپێنێ.

هەموو قەرزێك و مسۆگەرکردنی قەرز بۆ عیراق بەپێی ئەم بڕیارە، دەوەستێنرێ و داوا لە ئیدارەی کۆشکی سپی دەکرێ هەڵوێست دژ بە قەرزی تر، لەلایەن دەزگا داراییە نێودەوڵەتیەکانەوە، بنوێنێ و ناردنە دەرەوەی قەدەغە بکات، بە مەرجێك ئەم گەمارۆ ئابوورییە بەردەوام بێ تا ئەوکاتەی عیراق واز لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دێنێ و شالاوی سەر کوردەکان دەوەستێنێ.

دەبێ ئیدارەی ئەمریکی، لە میانەی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارەدا، مەسەلەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاییی عیراقی بخاتە بەردەمی ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان، داوای سزادانێکی توندو کاریگەری دژ بە عیراق بکات.

بنکەی ژین www.zheen.org

من ددان بـه نائومێـدیی خۆمـدا دەنـێم، لـه شکستی تـەواوی ئـەم ئیدارەیـه بێهیوام، دەبوایه پێش ئەوەی هەزاران مـەدەنی بەدەسـتی ئەنقەسـت قڕیـان تـێ بخرێ، چالاکیی توندوتۆڵی ئەنجام بدایـه. ویلایەتـه یـەکگرتوەکان تـەواو ئاشـنای سەرپێچییەکانی عیراقه دژ به پرۆتۆکۆلی جنـێڤ، چـونکه سـاڵانێکه کـەین و بـەینی ئەم دوو لایەنه بەتاوتر دەبن.

داشکاندن بەلای عیراقدا له جەنگی کەنداودا، لەکاتێکدا بووبووینه پاسەوانی ئـەو کەشـتییانەی وا کـاڵای هاوپەیمانـەکانیان بـۆ عـێراق دەگوازتـەوە، دەبوایـه داردەستێکمان بەدەستەوە بمێنێتەوە، دەسەڵاتێکمان گەڵاڵه بکردایـه تینوتـوانی بەرپەرچدانەوەی عیراقی هەبێ و بەر به کاره دڕندەییەکانی بگرێ.

سەرۆك ڕێگان، به سوپاسەوە، ئیدانـەی پەلامارەکـەی هەڵەبجـەی کـردو بـه ((پێشێلکردنێکی تایبەتی یاسای نێودەوڵەتی))ی لەقەڵەم دا. "شـۆڵتز"ی وەزیـری دەرەوە لەسەر ئـەم گازڕشـتنه دوواو وتـی: ((کـارێکی نامـاقووڵ و بۆگەنـه)) و بـه عیراقـــی ڕاگەیانـــد درێـــژەدانی بـــەم شـــاڵاوانه، پەیوەنـــدیی لەگـــەڵ ویلایەتـــه یەکگرتوەکاندا تێك دەدات!

کاتی ئەوە هاتووه ئەم وشانه بگۆڕێن بـه کـردەوە؛ کـاتی ئـەوە هـاتووه لـه ئاسـتێکی نێودەوڵەتیـدا دەسـتپێـشخەریی سەرزەنـشتکردنی عـێراق بکـەین؛ کـاتی ئەوە هاتووه هەموو نەتەوەکان جارێکی تـر بـه حـوکمی یاسـا و ڕەوشـت، هـەوڵی قەدەغەکردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی جێبەجێ بکەنەوە.

من پشتگیری له هەوڵەکانی ئیدارەی ئەمریکی دەکەم که حکوومـەتی عـێراق بگەیەننه ئەو ئاستەی وا بۆ خۆی سیاسـەتی دژ بـه بـەکارهێنانی چـەکی کیمیـایی نیشان بدات. ئەم جۆره لێدوانانه دەردەکەم دەرمان ناکەن! کێ باوەڕ به عیراقێك دەکات که ساڵانێکه چەکی کیمیایی له جەنگی کەنداودا، دژ به ئێران خـستووەته کار و نکوولیی لێ دەکات؛ کێ باوەڕ به حکوومـەتی عـێراق دەکـات کـه کەوتووەتـه

کیمیابارانی کوردەکانی خۆی و حاشای لێ دەکات، حاشا لەو هەموو بەڵگانە دەکات کە کەوتوونە بەرچاوی وەزارەتی دەرەوەمان.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، سیاسەتی وتار شێوەی ناگاتە ئاستی سزادانی کوشتنی هەزارەها خەڵکی مەدەنی بەو چەکانەی کە ماوەیەکی درێژە، بە جەختکردنێکی نێودەوڵەتی، قەدەغە کراون. بانگەوازەکەی ئەنجومەنی پیران کارێکی بەجێ بوو، کاتێك داوای لە حکوومەتی ویلایەتە یەکگرتوەکان کرد ئەم دۆزە بخاتە بەردەمی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان، تا پێوەرێکی کاریگەر بگیرێتە بەر، توانایی بەرپەرچدانەوەی ڕەفتارەکانی عیراقی هەبێ. دەبێ ئەم جۆرە کێشانە -لانی کەم- لە سەکۆی هەموو نەتەوەکانی جیهاندا تاووتوێ بکرێ، دەبێ ئەم تاوانە قەدەغە بکرێ، دەبێ عیراق وەکوو لێپرسراو ناو ببرێ.

دەبێ پشت نەکەینە ئەو ڕاستییە کە حکوومەتێك هەوڵی لەناوبردنی سەرلەبەری توێژێکی هاووڵاتیەکانی خۆیەتی. دەبێ تەنها سەرپێییانە سەرنج نەدەینە حوکمەکانی پرۆتۆکۆلی جنێڤ. دەبێ ئەم دەرفەتە بۆ ئەوە بڕەخسێنین هەوڵو تەقەلای نێودەوڵەتی لەمەڕ قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی بەهێزتر بکەین.

پرۆتۆکۆلی جنێڤ، زۆر بە ئاشکرایی، ڕێك خراوەو لە ئاستی میکانیزمی جێبەجێکردندا بێتین کراوە. تەنها بەکارهێنانی چەکی کیمیایی قەدەغە دەکات. لێرەدا بارێکی ناچاریی دەستبەجێ دەخوڵقێ: دەبێ هەنگاو بەرەو قەدەغەکردنی بەرهەمهێنان و گواستنەوە و عەمبارکردنی ئەم جۆرە چەکە بنرێ. ئەمانە نەکەین، قەدەغەکردنی بەکارهێنانیان دەکەوێتە بەر پرسیار.

چ هەرزانە و چ ئاسانە ئەم چەکانە دروست بکرێن و بکرێنە هەڕەشەی عەسکەریی مرۆتۆقێن. ئەمڕۆ چەکی کیمیایی بووەتە بۆمبای ناوکیی پیاوی هەژار. تەکنۆلۆجیای چەکی کیمیایی لە پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەدایە، دەڵاڵە ڕۆژئاواییەکان کەرەستەی کیمیایی دەنێرنە دەرەوە. ئەوەندەی وڵاتان پەلەپەلی بەدەستهێنانی ئەم چەکەیانە، ئەوەندەیش ڕێی تێدەچێ زیاتر بەکار بهێنرێ.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەنجومــەنی پــیران، بەكۆمــەڵ هەڵوێــستی بەرامبــەر بــە دروســتكردن و عەمباركردن و گوێزانەوە و پەیداكردن و بەكارهێنانی چـەكی كیمیـایی نوانـدووە و لەم ئاڕاستەوە پشتگیریی ئیدارەی ئەمریكی دەكات.

ئێستا كاتی ئەوەیە گوڕ بە گفتوگۆ لەسەر چـەكی كیمیـایی بـدرێ. جێگـەی خەمبارییە كە ئیدارەی ڕۆناڵد ڕێگان. كاری جیددیی ڕوو بە قەدەغـەكردنی چـەكی كیمیـایی نیـشان نـەداوە، ئەمــە لەكاتێكدایــە كــە چــەكی كیمیــایی مەترسـیی خستووەتە سەر ژیانی گەلان و ئازاری ژینگەی ئەم گەردوونە دەدات. لێرەدا ڕۆڵـی سەركردایەتیی چالاك دەردەكەوێ. لێرەدا دەردەكـەوێ، دەبـێ ئیـدارەی داهـاتوو بەوپەڕی توانایییەوە هەوڵی قەدەغەكردنی چەكی كیمیایی بدات. ناشێ كەسێك وا خۆی دەربخات كە ئەم كارەی بەلاوە ئاسـانە. ئـەم كـارە پێویـستیی بـە ئـیرادەی تۆكمە و توانایی و باوەڕی پتەو بە دانوستان هەیە، ئـەم جـۆرە كەسـانە دەتـوانن ڕێككەوتننامەی چەك بگرنە ئەستۆ.

دەبـێ ئیـدارەی داهـاتووی ئـەمریكا سیاسـەتی ویلایەتـە یـەكگرتوەكان وا دابڕێژرێ كە لەگەڵ ئامانجەكانی بنەبڕكردنی چەكی كیمیاییدا لەناو خاكەكەماندا و قەدەغـەكردنی بـەكارهێنانی لـە شـوێنانی تـردا گونجـاو بـێ. دەبـێ، هـیچ نـەبێ، بەكارهێنانی هەرچیوپەرچیانەی چەكی كیمیایی لەلایەن عیراقەوە، بە كیمیابارانی هاوولاتیەكانی خۆیەوە، جیهان بخاتە بەردەم ڕاستییەك، كە چارەسەر ئەوەیـە بـە كارایـیـەوە گفتوگـۆ لەسـەر بنـەمای پرۆتۆكـۆڵی جنـێف بكـرێ و چـیدی چـەكی كیمیایی دروست نەكرێ و بڵاویش نەكرێتەوە. دەبێ ئێمە وەك مرۆڤ، ئەو پەندە لە هەڵەكانی خۆمانەوە وەربگرین كە دەتوانین لەدواڕۆژدا، ڕێگری لە كوشتاری گـازی ژەهراوی بكەین.

من بانگەوازی وڵاتـان دەكـەم بـۆ هاوكـاریی بەكۆمـەڵ، تـا پێكـەوە ئیدانـەی وڵاتــانی پێــشێلكەری پرۆتۆكـۆلی جنێـف بكـەین، سـزایان بخەینـە سـەر، هـەوڵی

پابەندبوونی گشتی بەم ڕێککەوتننامەیە بهێنینە دی و چەکی کیمیایی بە ڕاستی قەدەغە بکرێ.

من بە دڵسۆزییەوە هیوادارم ئەم سەرۆکە و سەرۆکی داهاتوو و هەموو پێشەواکانی جیهان گفتوگۆی شێلگیرانە لەسەر بەکارهێنانی هەنووکەیی چەکی کیمیایی بکەن. ناچاریی کاری دەمودەست، هیچ کاتێک وەك ئەمڕۆ ئاشکرا و بە شێوازە پڕ ئازارەکەیەوە، بە ڕەوچاوکردنی کوشتاری بەکۆمەڵی بێتاوانان، بە زەقی بەدی نەکراوە. بێتاوانەکان مەدەنین و بە دەستی حکوومەتەکەی خۆیان لەناو دەبرێن.

**کورد و چەکی کیمیایی**

**وتاری Mr. Gore**

**٧ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٨، ئەنجومەنی پیران**

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەڕێز سەرۆك، ڕێگەم پێبدە کۆپییەکی وتارێکی "کریستیەن ساینس مۆنیتەر"، کە بۆ خۆم وەك ڕادەربڕینێك نووسیومە، پێشکەش بە بەڕێزتان بکەم. وتارەکە هی دوێنێ شەشی ئۆکتۆبەرە، لەسەر کێشەی چەکی کیمیایی‌یە و سەردێڕی Clamping Down on Chemical Weapons واتە (پتەوی لە ئاستی چەکی کیمیاییدا) هەڵدەگرێ، حەزدەکەم بخرێنە تۆماری ئەنجومەنەوە. قڕوقەپکردن بووەتە دیوار و ئەڵقەی بە دەوری کۆمەڵی هەزار بە هەزاری کوردی گیرخواردوو داوە. ئەمانە کەوتوونەتە نێو داوی هێزە چەکدارەکانی وڵاتەکەی خۆیان، عیراق. سنووری دەربازبوونیان بۆ تورکیا لێ گیراوە. ڕێی تێدەچێ هەموو شتێك لەم ناوچەیەدا ڕوو بدات، لە ڕیشەکێشکردنی کولتووری کوردی و لە ئەنجامدا پەرش و بڵاو کردنەوەیانەوە بگرە تا دەگاتە چارەسەری کۆتایی، کۆتایی پێهێنانیان بە چەکی کیمیایی.

لە ڕاستیدا پرسیارەکە ئەوە نییە کە ئایا چەکی کیمیایی بەکار هێنراوە، زیاتر لەو بارەیەوە کە تا چ ئاستێك بووە، قوربانیەکان بە سەدانە، بە هەزارانە، یا بە دەیان هەزارە؟! بەڕەی مەدەنیەکان لە عیراق هەمیشە تەنك بووە، لای ئەم تەنکییەوە یەکالا بووەتەوە. ڕەخنەگرتن لەم حکوومەتە دەبێتە داستان، داستانی ڕقوقینە، داستانی ئەو تاوانە جیاجیانەی کە ئەنجامیان دەدەن، تاوانکردن تۆڕێکی بەرفراوانە، بووەتە هێمای ئەم حکوومەتە.

عیراق نیازی وایە وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچێ. ئەم هەستەی لەوەوە هاتووە کە بەسەر ئێراندا سەرکەوتووە، پارەی نەوتیش زۆرە. چاوەڕێی کاروباری گەورە دەکات، ئەوی جەنگ وێرانی کرد، بنیادی بنێنەوە و سەرلەنوێ سوپاکەی پڕچەك بکاتەوە. دەیەوێ بەرامبەر بەم هەموو پڕۆژانە، چاوپۆشی لە تاوانەکانی بکرێ، چاوپۆشیشی لێ کراوە، چەکی کیمیاییی بەکار هێناو سزایش نەدرا. بەوەیش بوغرا بووە کە ورەی سوپا و کۆمەڵگەی مەدەنیی ئێرانی شکاندووە.

حکوومەتەکەمان لە ئیدانەکردنی عیراقدا کارێکی دروستی کرد، وەلێ هەنگاوی داهاتوو هێشتا نەهاتووەتە ئاراوە. هەست و ئازاری بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن عیراقەوە هەموومانی یەك خستووە. کۆنگرێس، بە هیوایەکی فراوانەوە، بە زوویی ڕەزامەندیی لەسەر یاسادانانی گەمارۆی عیراق دەردەبڕی. ڕێیشی تێدەچێ ئیدارەی کۆشکی سپی ناڕازی بێ، لێرەیشدا ڕێزی خۆم بۆ هەڵوێستی ئەم ئیدارەیە دەردەبڕم، چونکە دەیەوێ لە قۆناغی یەکەمدا ڕێگەچارەی دیپلۆماسی بگرێتەبەر. بەڵام من، بەش بەحاڵی خۆم، وای ڕەچاو دەکەم کە نابێ ئەمانە نازیان بدرێتێ، ئاگایشم لەوەیە کە ددانبەخۆداگرتن سنووری هەیە.

لە هەمان کاتیشدا، ئەم ئیدارەیە پێشنیاری بەستنی کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتیی کردووە. ئەمە –وەك بنەما– پێوەرێکی باشە، بەڵام هێشتا ئەجێندای بۆ دیاری نەکراوە. هەندێك لە ئێمە، بە سیناتۆر کاسێباوم، کۆهێن،

بایدن و برادلییەوە، نامەیەکمان بۆ سەرۆك نووسیوە، هەندێ خاڵمان پێشنیار کردووە. سەروتارەکەیشم هەندێ خاڵی تری تێدایە. لەبەر ئەوەی حکوومەتی فەڕەنسا جەختی لەسەر ئەم کۆنفراسە کردووەتەوە، دەرفەتی بەستنی هەیە، ئەرکی ئیدارەی ئێستەیش ئەوەیە کۆمەڵێك پێشنیار بۆ دارشتنی حوکمەکانی ئێستای قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی ئامادە بکات. سەرۆکی بەڕێز، من باوەڕێکی قووڵم بەوە هەیە کە ئەگەر ئەم ڕووداوانە پشتگوێ بخرێن، لە ڕاستیدا ڕێی تێدەچێ حکوومەتەکانی سەردەمی بڵاوبوونەوە و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، هەمان هەڵوێستی پشتگوێ خستنیان بەرامبەر بە گەندەڵیی تر هەبێ. ئەم بارودۆخە تاقیکردنەوەیەکی گرنگە بۆ هەڵسەنگاندنی ئیرادە و تینوتوانی نەتەوەکان، کە تا چ ئاستێك خەمخۆری نەریتی ڕەوشت بەرزین و تا چ ڕادەیەك گوێ دەدەنە ئاسایش و ئارامیی هەموان.

بە هیوای ڕەزامەندیی هەموو لایەکم کە ئەم وتارە بخرێتە تۆمارە Recordەوە.

[دواتر جەختی لەسەر کراو پێشنیارەکەی بەدی هات]

بنکەی ژین
www.zheen.org

**پشوودانێك بە عیراق**

**وتاری Mr. Pell،**

**ئەنجومەنی پیران، ٧ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٨**

بەڕێز سەرۆك، جاروبار ڕژێمێك تاوانێکی هێندە قێزەون دەکات کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەهێنێتە جۆشو بە توندی ئیدانەی دەکەن. بەکارهێنانی گازی ژەهراوی دژ بە دانیشتوانی کورد لەلایەن عیراقەوە، یەکێکە لەو تاوانانە.

کارێکی ئاسان نییە ئەگەر بمانەوێ هەستی شەرمەزاریمان بگۆڕین بۆ کردەوە و لێوەشاوەیی. ئەنجومەنی پیران لە ٩ی ئەیلوولدا جەختی لەسەر گەمارۆیەکی بەرفراوان دژ بە عیراق کردەوە، دەیان ساڵە دژ بە هیچ ولاتێکی تر

نەکراوە. ڕۆژی دوێنێ، بۆ جاری سێهەم پیران دەنگیان بۆ گەمارۆی سەر عیراق دایەوە. ئەم جارەیان، پرۆژە بڕیارەکە هەرچۆنێك بێ، لەسەر ویستی خانەی نوێنەران و لەبەر خاتری کۆمەڵێك بەرژەوەندی کاروباری ئەمریکی هێور کرایەوە. من، بە بێهێزکردنی ئەم یاسایە خەفەتبارم. وەلێ لەو باوەڕەدام کە بڕیارەکە هێشتا – ددانی گاز گرتنی ماوە– و کار دەکاتە سەر ئەو وڵاتانەی وا بیر لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دەکەنەوە.

ئێستە وا دێتە گوێمان کە وەزارەتی دەرەوە، تەنانەت ئەم گەمارۆ بێتینەیش جێبەجێ ناکات. وا دیارە باوەڕ بە قسەی وەزیری دەرەوەی عیراق دەکەن کە گفتی بە "شۆڵتز"ی وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکان داوە، بەکارهێنانی چەکی کیمیایی ڕابگرێ. بەڵێنی هەڵسوکەوتی پوختی عیراق لە داهاتوودا، بەدبەختانە، ئەو هەڵە زەقەمان دێنێتەوە بەرچاو کە دەوترا عیراق هەرگیز چەکی کیمیاییی دژ بە کورد بەکار نەهێناوە. ئایا ئێمە، لەڕووی ڕاستییەوە، دەتوانین پشت بە بەڵێنێك ببەستین کە لەسەر بنەمای درۆ و دەلەسە بنیات نراوە و خاوەنەکەی نکوولی لە کوشتنی هەزاران کەس بە گازڕشتن دەکات؟!

من، وەك بەرپرسی پێشووی کاروباری دەرەوە، هاوسۆزی ئارەزووی وەزارەتی دەرەوەم بۆ درێژەدان بە پەیوەندیی باش لەگەڵ عیراقدا. عیراق دەوڵەمەندە، لەڕووی ستراتیجەوە وڵاتێکی گرنگە، کاری سەختیش بۆ بنیادنانەوەی پەیوەندیەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتوەکان و عیراق کراوە.

بە هەرحاڵ، هەندێ ڕەفتار هەن ناگەنە ئاستی نەتەوەیەکی شێوە شارستانی. ئێمە ئەگەر ئامادە نەبین لەسەر بەکارهێنانی گازی ژەهراوی هەڵدەینێ، ئەی هەرگیز هیچی ترمان لێ دەوەشێتەوە؟

جیم هۆگلاند، لە ١٢ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٨دا، ستوونێکی نایابی لە "واشینگتۆن پۆست"دا، بە ناونیشانی "A Furlough for Iraq" واتە؛ پشوودانێك

به عیراق، بلاو کردەوە، تێیدا دەڵێ: «سەرۆك ڕێگان نابێ ڤیتۆ بخاتە سەر گەمارۆی عیراق». من هاوسۆزی بۆچوونەکانی هۆگلاندم و هانی سیناتۆرەکان دەدەم سەرنج بدەنە ئەم وتارە.

بەڕێز سەرۆك، من داوا لە هەمووتان دەکەم بە کۆی دەنگ ئەم وتارە بخەنە تۆمارەوە.

خانەی نوێنەران

**پێداچوونەوە و چاککردنی هەندێ یاسا،**

٢٠ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٨

[لەم ڕۆژە زۆر کۆمەڵە یاسا تاووتوێ کراوە، تەنها ئەوانەیان باس دەکەین کە پەیوەندییان بە کورد وعیراقەوە هەیە– وەرگێڕ–]

بەشی ٢٠١

ئـ) گەمارۆ دژ بە چەکی کیمیاییی عیراق

بەشی ٢٠٢

بنکەی ژین
www.zheen.org

کۆنگرێس لەم خالانە ئاگادارە

١. گەلی کورد گرووپێکی ئەتنیی جیاواز پێك دێنێ، نزیکەی بیست ملیۆن دەبێ، خاوەنی مێژوویەکی کۆن و کەلەپوورێکی دەوڵەمەندە.

٢. سێ تا چوار ملیۆن کورد هاووڵاتیی عیراقە و لە باکووری ئەم ولاتە نیشتەجێیە.

٣. سوپای عیراق هێرشێکی عەسکەریی دژ بە ناوچە کوردیەکان جۆش داوە، گوندەکانی کوردی باکووری عیراقی کاول کردووە.

٤. بەلگەی گەوهەری هەیە کە عیراق چەکی کیمیاییی دژ بە کوردە چەکدارەکان و مەدەنیەکان بەکار دێنێ.

٥. عیراق بەم کردەوەیە و بە کردەوەی تر، پێشێلی مافەکانی مرۆڤی کورد دەکات، ئەو مافانەی کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ناسراون.

٦. بە دەیان هەزار کوردی قوتاربووی هێرشەکانی سوپای عیراق، پەنایان بردووەتە بەر تورکیا.

٧. چەندین تیپی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان، جەختیان لەسەر بەکارهێنانی چەکی کیمیایی کردووەتەوە کە عیراق دژ بە ئێران بەکاری هێناوە.

٨. بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن عیراقەوە، سەرپێچییەکی مەزنی یاسای نێودەوڵەتییە.

ب) ئامانج –مەبەست لێرەدا سەپاندنی گەمارۆکانی نەتەوە یەکگرتوەکانە بەسەر عیراقدا، لەبەر ئەوەی چەکی کیمیاییی بەکار هێناوە و یاسای نێودەوڵەتیی پێشێل کردووە.

بەشی ٢٠٣

سەپاندنی گەمارۆ دژ بە عیراق

ئـ) گەمارۆ سەرەتاییەکان

بنکەی ژین
www.zheen.org

١– حکوومەتی ویلایەتە یەکگرتوەکان هیچ کەرەستەیەکی ئەمریکی، کە بۆ مەبەستی عەسکەری بەکار دێت، بە عیراق نافرۆشێ.

٢– نابێ مۆڵەت بە هیچ کەرەستەیەکی عەسکەریی ئەمریکی بدرێ، بۆ ئەوەی بنێردرێتە عیراق.

٣– حوکمەکانی بەشی شەش، سەر بە یاسای ئیدارەی ساڵی ١٩٧٩ی ناردنە دەرەوە، دەخرێنە گەڕ بۆ قەدەغەکردنی ناردنە دەرێی کاڵاو کەرەستە و تەکنۆلۆجیا، ئەوانەی وا لە بەشی پێنجی ماددەی یەکەمی ئەم یاسایەدا هاتوون.

٤– مۆڵەت بە ناردنە دەرەوەی کاڵای کیمیایی نادرێ، ئەو کاڵایانەی کە بەلای سەرۆکەوە، رێی تێدەچێ بۆ چەکی کیمیایی بەکار بهێنرێن، یا ببنە پێکهاتەی دروستکردنی چەکی کیمیایی.

٥- ویلایەتە یەکگرتوەکان بەرهەڵستیی قەرز و ئاسانکاریی دارایی و تەکنیکی دانی دەزگا داراییە نێودەوڵەتیەکان بە عیراق دەکات. ئەم خاڵە لەگەڵ بەشی ٧٠١ی یاسای دەزگای داراییی نێودەوڵەتیدا هاوجووتە.

٦- کارکردن بەم حوکمانە لە ڕۆژی دەرکردنیانەوە دەست پیّدەکات.

ب) مەرجەکانی گەمارۆی تازە

پێش ڕۆژی ٣١ی دێسەمبەری ١٩٨٨، دەبیّ سەرۆك، پاش ڕاوێژکردن لەگەڵ کۆنگرێسدا، گەمارۆی زیاتر بەسەر عیراقدا بسەلمێنیّ، مەگەر شایەتنامەیەکی نووسراو بینێریّ بۆ وتەبێژی خانەی نوێنەران و سەرۆکی کۆمیتەی پەیوەندیەکانی دەرەوە و بیسەلمێنیّ:

١. حکوومەتی عیراق چەکیی کیمیایی، بە سەرپێچیکردن لە یاسای نێودەوڵەتیی وەکوو پرۆتۆکۆڵی ساڵی ١٩٢٥ی جنێڤ بەکار ناهێنیّ و بە هەمان شێوە، لە مامەڵەکرنیدا لەگەڵ دیلەکانی جەنگدا، پەیرەویی ماددەی ٣ی ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٤٩ی جنێڤ دەکات.

٢. حکوومەتی عیراق زامنکاریی بڕواپێکراوی خۆی پێشکەش دەکات کە لە داهاتوودا چیدی چەکی کیمیایی، وەك پێشێلکاریی یاسای نێو دەوڵەتی، بەکار ناهێنیّ.

٣. ئەوەیە کە

ئـ. حکوومەتی عیراق ئارەزوومەندە ڕێگە بە چاودێرانی نەتەوەیە یەکگرتوەکان یا دەزگا بڕواپێکراوەکانی تر بدات شوێنە پەیوەندیدارەکان بپشکنن.

ب. دەکریّ ڕیّوشوێنی تۆکمەی تر بۆ دڵنیابوون بەکار بهێنریّ.

پ) وەسفی گەمارۆی زیاتر و ڕێگەدانی

١. تا ئەو سنوورەی کە لە بڕگەی (٢)دا هاتووە [ئەمە ئەگەر ڕێگری یاسایی تر نەبیّ]، دەبیّ جێبەجێکردنی گەمارۆ و سەپاندنی بەسەر عیراقدا لەگەڵ بەشی (B)ی ئەم یاسایەدا جووت بێتەوە و سەرۆك کاری خۆی، لە ئاستی دەسەڵاتی

خۆیدا، ڕادەپەڕێنێ (واتە گەمارۆ دەخاتە سەر عیراق). ئەم کارەی سەرۆك لە سایەی بڕگەکانی ئەم یاسایەدا دەبێ کە بە ناوی (مەرجەکانی گەمارۆی تازە)وە ڕەنگیان بۆ ڕێژراوە.

٢. ئەو گەمارۆیانەی کە لە بڕگەی (١)وە سەرچاوە دەگرن، ئەمانەن:

ئـ. بێبەشکردن لە مامەڵەکردن لەگەڵ بانکی ئێکسپۆ-ئیمپۆدا. ڕێگرتن لە قەرز و زامنکاریەکانی قەرز وەرگرتن لە بانکی ئێکسپۆ-ئیمپۆی ویلایەتە یەکگرتوەکانەوە.

ب. سنووردارکردنی کاڵای لە دەرەوە هێنراو:

قەدەغەکردن، یان بەلاکەی تردا، سنووردارکردنی ئەو کاڵا و ((کاڵایانەی)) وا لە عیراقەوە دێنە ناو ویلایەتە یەکگرتوەکان. ئەم کاڵایانە پەترۆڵ و بەرهەمە پەترۆڵیەکانیش دەگرێتەوە، ئەگەرچی "خاو" یا دروستکراو بن.

پ. زیاتر سنوودارکردنی کاڵا ناردنە دەرەوە:

قەدەغەکردن یا سنووردارکردنێکی کاریگەر، بەپێی دەسەڵاتی بەشی شەش لە یاسای ئیدارەی ساڵی ١٩٧٩ی کاڵا ناردنە دەرەوە، ناردنە دەرەوەی کاڵا و تەکنۆلۆجیا (بە کەرەستەی کشتوکاڵی و بەرهەمەکانەوە)، پەیڕەوی دەکرێ:

ت. نزمکردنەوەی پلەی دیپلۆماسی

بە سوودوەرگرتن لە دەسەڵاتەکانی سەرۆك، پەیوەندییە دیپلۆماسیەکان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتوەکاندا کەم دەکرێنەوە، یا هەڵدەوەشێنرێنەوە.

**ت) پیرۆز ڕاگرتنی گرێبەستەکان:**

١. بۆ کۆنترۆڵکردنی کاڵا ناردنە دەرەوە، بەپێی بەشو بڕگە و بەندەکانی یاساکانی لایەندار، ڕۆژی کارکردن بەم یاسایانە لە ١٨ی ئەیلوولی ١٩٨٨وە دەست پێدەکات.

٢. سەرۆك لەکاتی سەپاندنی گەمارۆی زیاتردا، وەك لە بەشی "C"دا هاتووە، بۆی نییە هیچ گرێبەستێك قەدەغە بکات، یا تەگەرە بخاتە بەر بەجێهێنانیان،

ئەگەر دەرکەوت ئەم گرێبەستانە پێش ڕۆژی ئەم ڕێنماییانە بەسترابوون، بە مەرجێك ئەم ڕۆژانە بە ئاگاداریی تۆمارنامەی فیدراڵ بن Federal Register.

ج) ڕاپۆرتدان بە کۆنگرێس

دەبێ سەرۆك، بە شێوەیەکی ناوبەناو، ڕاپۆرت لەبابەت پەیڕەوەکردنی ئەم یاسایانەوە بداتە کۆنگرێس.

بەشی ٢٠٤

مەرجەکانی لابردنی گەمارۆکان

سەرۆك دەتوانێ پەیڕەویی هیچ کام لە یاساکانی پێشتر باسکراو سەبارەت بە سەپاندنی گەمارۆ نەکات، ئەگەر بڕوانامەیەکی نووسراوی نارد بۆ: وتەبێژی خانەی نوێنەران و سەرۆکی کۆمیتەی پەیوەندیەکانی دەرەوە و ڕوونی کردەوە

١- حکوومەتی عیراق پێشێلکاریی یاسای نێودەوڵەتیی وەك پرۆتۆکۆلی ساڵی ١٩٢٥ی جنێڤ (بەشی تایبەت بە چەکی کیمیایی لەکاتی جەنگدا) ناکات و چەکی کیمیایی بەکار ناهێنێ و سەرپێچیی پرۆتۆکۆلی ساڵی ١٩٤٩ی جنێڤ (سەبارەت بە دیلەکانی جەنگ) ناکات و بەپێی ماددەی ٣ی ئەم پرۆتۆکۆلە مامەڵەی دیلەکانی جەنگدا دەکات.

٢- حکوومەتی عیراق دڵنیایی تەواوی نیشان داوە کە چیدی چەکی کیمیایی بەکار ناهێنێ و ڕێز لە یاسایی نێودەوڵەتی دەگرێ؛ هەروەها

ئـ. حکوومەتی عیراق ئارەزوومەندە ڕێگە بە پشکنینی شوێنەکانی لەلایەن چاودێرەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان، یا دەزگا نێودەوڵەتیە بڕواپێکراوەکانەوە، بدات.

ب. یا لەلایەن ئامرازە بڕواپێکراوەکانیەوە* لەوە دڵنیا بکرێتەوە کە عیراق چەکی کیمیایی بەکار ناهێنێ.

---

* پێ دەچێ مەبەست لەم ئامرازو ڕێوشوێنانە، هەواڵگری و سەتەلایت بێ. [وەرگێڕ]

بەشی ٢٠٥

ڕێزگرتنی حکوومەتی عیراق لە مافەکانی مرۆڤ، ئەو مافانە کە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان دیارییان کردوون، بەتایبەت مافەکانی کەمایەتیی کورد. پێش ئەوەی ٣١ی دیسەمبەری ١٩٨٨ تێپەڕ ببێ، دەبێ سەرۆك پێشنیارێك بخاتە بەردەستی وتەبێژی خانەی نوێنەران و سەرۆکی کۆمیتەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی پیران، ئەوە یەکلایی بکاتەوە کە عیراق ڕێز لە فافە دیاریکراوەکانی مرۆڤ دەگرێ، بەتایبەتی مافەکانی کەمایەتیی کورد لە عیراقدا. دەبێ ئەم قەبڵاندنەی سەرۆك بە نووسراو پێشنیارێك بکرێ و ئەمانەی لای خوارەوە بگرێتەوە:

١- هەموو ئەو زانیارانەی کە دەکەونە بەردەست و باسی ڕێزگرتنی مافە دیاریکراوەکانی مرۆڤ دەکەن، لەلایەن حکوومەتی عیراقەوە.

٢- بە وردی وەسفکردنی چۆنێتیی مامەڵەی حکوومەتی عیراق لەگەڵ کەمایەتیی کورددا، بە مەرجێك بە وردی باسی قەتلوعامی مەدەنیەکان بگێڕێتەوە و هەڵمەتەکانی قەلاچۆکردنی کورد بخاتە ڕوو.

٣- لەبەرچاوگرتنی ئەوەی وا ڕەنگە مافەکانی مرۆڤ، ئەو مافانەی کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ناسراون، پێشێل بکرێن و ڕەچاوکردنی قەبارەی ئەم پێشلکارییە.

٤- ڕوونکردنەوەی ئەو هەنگاوانەی کە حکوومەتی ئەمریکی ناونی بۆ هاندانی حکوومەتی عیراق تا واز لە پیشەی پێشێلکاریی مافە نێودەوڵەتیەکانی مرۆڤ بهێنێ.

٥- ڕوونکردنەوەیەك لەبارەی کاردانەوەی فشاری ویلایەتە یەکگرتوەکانەوە بۆ سەر حکوومەتی عیراق و هەڵسەنگاندنی پابەندبوونی عیراق بە ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤەوە، بەتایبەت مافەکانی مرۆڤی کەمایەتیی کورد.

بەشی ٢٠٦

چالاکیەکانی حکوومەتی تورکیا

شوێن: کۆنگرێسی ئەمریکی

بنکەی ژین www.zheen.org

١. هانـدانی حکوومـەتی تورکیـا بـۆ هاوکـاریکردن لەگـەڵ پـشکنینەکانی نەتـەوە یەکگرتووەکان و دەزگای هاوشێوەدا، سـەبارەت بـە بـەکارهێنانی چـەکی کیمیـایی لەلایەن عیراقەوە.

٢. بەرز نرخاندنی هەڵوێستی حکوومەتی تورکیا لەمەڕ بڕیـارە مـرۆڤ دۆسـتانەکەی بە جێکردنەوەی هەزاران پەنابەری کوردی عیراق.

بەشی ٢٠٧

هاوئاهەنگیی چالاکیەکان.

ئـ. نەتـەوە یـەکگرتووەکان –کـۆنگرێس داوا لـە سـەرۆکی ویلایەتـە یـەکگرتووەکان دەکات

١. دەمودەست سکرتێری گشتیی نەتـەوە یـەکگرتووەکان ڕابـسپێرێ بـۆ ئـەوەی مەسـەلەی بـەکارهێنانی چـەکی کیمیـاییی عـیراق بخرێتـە بەرچـاوی ئەنجومـەنی ئاسایشی سەر بە UN و بزانرێ ئەم وڵاتـە تـا چ ڕادەیـەك گـازی ژەهراویـی دژ بـە هاووڵاتیەکانی خۆی، کە زۆربەیان مەدەنیی بێ پارێزگارین، بەکارهێناوە.

٢. پێـشنیاری کاردانـەوەی گونجـاو و کاریگـەر دژ بـە عـیراق، بـەپێی بڕیـاری (٦٠٢ Resolution)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یـەکگرتووەکان، لەمـەڕ بـەردوام بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، بکات.

ب. هەوڵ و تەقەلای هەمەلایەنەی تر

١. کــۆنگرێس داوا لــە ســەرۆك دەکــات بــەدوای هاوکــاریی بــەرفراوانی نێونەتەوەیەتیدا بگـەڕێ بـۆ فـشار خـستنە سـەر عـیراق و سـەپاندنی گـەمارۆ، تـا بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بە کۆتایی بگەیەنرێ*.

* پێدەچێ ئەمە دوا بەڵگەنامەی ساڵی ١٩٨٨ی ئەمریکا بێ، چونکە لێرەوە دەچینە سەر تاووتوێکردنی کاروبارەکانی ساڵی ١٩٨٩. [وەرگێڕ]

٢. كۆنگرێس، بە هەمان شێوە، بانگەوازی سەرۆك دەكات كە هاوكاریی هەمەلایەنە دابین بكات بۆ ئەوەی عیراق –لە ئاستی نێودەوڵەتیدا– ملكەچی ڕێزگرتنی مافەكانی مرۆڤی كەمایەتیی كورد بێ.

٣. ئەركی هۆشیارانەی كۆنگرێسە، هەست بەوە بكات كە ویلایەتە یەكگرتوەكان هاوكاری و بەشداریی گونجاو لە هەوڵەكانی كۆمەككردنی پەنابەرانی كورددا، بەتایبەتی لە ئاستی چارەسەری پزیشكی و پەیداكردنی پێداویستە مرۆییەكاندا، بكات**.

**نیگەرانیی ئەمنیستی ئینتەرناشیوناڵ**

**لە پێشێلكردنی مافەكانی مرۆڤ لەلایەن توركیاوە**

وتاری شەرفمەند برۆومفیلد Broomfield

نوێنەری ویلایەتی مێشیگان، خانەی نوێنەران

ڕۆژ: سێشەممە، ٢ی نۆڤەمبەری ١٩٨٩

بەڕێز وتەبێژ، من دەمەوێ سەرنجی هاوكارەكانم بۆ ڕاپۆرتی ئەم دواییەی ئەمنیستی ئینتەرناسیونال ڕابكێشم كە كارەساتی پێشێلكردنی مافەكانی مرۆڤی لە توركیا كردووەتە بەڵگەنامە. كاتی ئەوە هاتووە كاربەدەستانی ڕەسمیی تورك، هەموو بەجێهێنانێكی مافەكانی مرۆڤ، بە خێرایی و شەرەفمەندانە هەڵبسەنگێنن و سنوورێك بۆ ڕەفتاری ناپەسندانە، لە ئاستی مافە بنەماییەكانی مرۆڤدا، دابنێن. دەبێ بەرپرسەكانی تورك درك بەوەیش بكەن، كە داگیركردنی باكووری قوبروس بە زەبری لەشكركێشی، لەخۆیدا پێشێلكاریی مافەكانی هەزاران مەدەنیی یۆنانیی قوبرسییە، ئەو قوبرسەی كە ڕۆژێ لە ڕۆژان وڵاتێكی یەكگرتوو بوو. ئێستایش كاتی ئەوە هاتووە ئەم هێزە توركیانە بەرەوماڵی خۆیان بگەڕێنەوە.

** كۆمەڵێك پێشنیار و یاسادانان، كە پەیوەندییان بە كورد و عیراقەوە نییە، تاووتوێ كراون، ئەمانە بەجێ دێڵین و دێینە سەر باسە پەیوەندیدارەكان. [وەرگێڕ]

بەتایبەت، ڕاپۆرتی هەنووکەییی ئەمنیستی لە بارەی هەڵسوکەوتی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤەوە، باسی گرتنی بەندەکانی بیرو هۆشیاری لە گیراوەکانی بەندیخانەکانی تورکیا دەکات. وێڕای ئەمانەیش، ئەو ئێرانیانەی کە لە دەستی زوڵمی ئایەتوڵلا خومەینی هەڵدێن و ڕوو دەکەنە تورکیا، لە مافی پەنابەری بێبەش دەکرێن و بە زۆرەملێ ڕەوانەی ئێران دەکرێنەوە، ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە، بەڕاستی جێی داخە. ساڵانێکە، بەندە و هەندێ ئەندامی تر، زۆر بایەخمان بە داگیرکردنی قوبرس لەلایەن تورکیاوە داوە و چاودێریی کاریگەریی کردەوەی عەسکەریمان بۆ سەر مافەکانی مرۆڤی یۆنانیە قوبرسیەکان کردووە. ساڵی ١٩٧٤ بە هەزاران قوبرسی، بەهۆی لەشکرکێشیی تورکیاوە، گیانیان لەدەست دا. زۆر کەس ون بووە و حیسابی لەناوچوویان بۆ دەکرێ. ئەندرۆ کاساپیس کە دانیشتووی ویلایەتی مێشیگانە، لەنێویاندایە، کاساپیس بۆ سەردانێکی خێزانی چووبوو، لەکاتی داگیرکردنەکەدا لەوێ بوو. نزیکەی دووسەد هەزار قوبرسی بەزۆر لە ماڵوحاڵی خۆیان بێبەش کراون و بۆ شوێنی تر گواستراونەتەوە و بۆیان نییە سەر لە شوێنی لەدایکبوونیان بدەن.

ئەمانە لەناو وڵاتی خۆیاندا غەریبن. نزیکەی سی هەزار سەربازی تورکی باکووری قوبرسی داگیر کردووە. من، لە گەڵێ بۆنەدا، داوای کشانەوەی ئەم سەربازانە ئاساییکردنەوەی بارودۆخی ئەم دوورگەیەیشم کردووە.

ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، لە هەموو لایەکی ئەم جیهانەدا بەرەو گەشەکردن دەڕوات. ڕووداوەکانی ناوخۆی یەکێتیی سۆڤیێت، وڵاتەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات (ی سەر بە سۆڤیێت) ئەم ئارەزووە دەر دەخەن. ئێستا دەرفەتێکە بۆ دۆستی نزیك و ئەندامی هاوپەیمانی ناتۆ، بۆ تورکیا کە هاوبەشی لەم هەوڵو تەقەلا نێودەوڵەتیەدا بکات. با هیوای ئەوە بخوازین کە دەسەڵاتی تورکی بێتە نێو ڕیزی خێزانی جیهان و بەشداری لە کۆتاییپێهێنانی پێشێلکردنی مافەکانی

مرۆڤدا بکات. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە تورکیا واز لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، لە ماڵی خۆیدا و لە قوبرس، بهێنێ. من ئـەم ڕاپۆرتـەی سـاڵی ١٩٨٩ی ئەمنیـستی ئینتەرناسیۆناڵ بەرز دەنرخێنم و دەیکەمە پێشنیار بۆ برادەران لە کۆنگرێس.

**ڕاپۆرتی ئەمنێستی ئینتەرناسیونال، ١٩٨٩، تورکیا**

بە هەزاران خەڵك، لەمانە، سەدانیان بەندکراوی بیرو هۆشیارین. بەکارهێنانی ئەشکەنجە، بە بەرفراوانی بەردەوامە و بە شـێوەیەکی نەخشەبۆکێشراو مردنـی لێ دەکەوێتەوە. دادگاکانی مـەدەنی و عەسـکەری، بـەلای کەمـەوە، هـەژدە حـوکمی مردنیان دەرکردووە. لە نۆڤەمبەردا، ٢٢٨ بڕیـاری ئیعدام، بـۆ مەبەسـتی جـەخت لەسەرکردن، گەیشتە پەرلەمان. هـەموو ڕێگەچـارە یاسـایی‌یـەکان لـەکار خـراون. پەنابەری ئێرانی بەرەو ئێران گەڕێندرانەوە، بەبێ ئەوەی دەسەڵاتی لایەنـدارەکان لە داواکانی مافی پەنابەریی سیاسییان بکۆڵنەوە. پەنابەری سیاسی کە چـاوەڕێی ئارامگیرییان لە وڵاتی سێهەمدا دەکرد –واتە لە تورکیاوە ڕوو بکەنە ئەو وڵاتانـەی وا مافی پەنابەرییان پێدەبەخشێ– بە زۆرەملێ ڕەوانەی ئێـران کرانـەوە. هەنـدێ لەمانە، ڕووبەڕووی مەرگ کرانەوە و دڵنیاکردنەوەی حکوومەتی تورکیـا کـە گوایـە دەستیان لێ نادرێ، بێبنەما دەرچوو.

حکوومەتی تورکیا، لە مانگی نۆڤەمبەردا، حوکمی عورفیی لـە ئەسـتەنبووڵ هەڵگرت. وەلێ لە کۆتاییی ساڵدا، هێشتا لە هەشـت ناوچـەی باشـووری ڕۆژهـەڵاتی تورکیـادا بـەردەوام بـوو. جێگـەی بەبیرهێنانەوەیـە، هێـزە ئەمنیـەکانی تورکیـا سەرقاڵی ئۆپەراسیۆنی عەسکەرین بەرامبەر بەو گەریلا کوردانـە کـە دەیانـەوێ لـە تورکیا جیا ببنەوە. ڕاپۆرت لەسەر ئەم گەریلایانە هاتووە کە پەلاماری دانیشتووە مەدەنیەکان دەدەن، دەیانگرن و هەندێکیان لەژێر ئازاردان دەکوژن.

تورکیا، لـە مـانگی شـوباتدا، ڕێککەوتننامـەی ئـەورووپای بـۆ قەدەغـەکردنی ئەشکەنجەدان و مامەڵەکردن یـا سـزادانی پـڕ لـە سـووکایەتی و نامرۆڤانـەی، وەك

یاسا جەختی لەسەر کردەوە، ئیمزا کرد. لە مانگی ئابدا جەختی لەسەر کارنامەی نەتەوە یەکگرتوەکان دژ بە ئەشکەنجەدان و مامەڵە و سزادانی بێبەزەییانە و نامرۆڤانە و سووکایەتیپێکردن کردەوە.

هەندێ بەندکراوی بیرو هۆشیاری ئازاد کران، بەڵام زۆریان لە بەندیخانە ماونەتەوە. بە درێژاییی ساڵ موحاکەمەی بەندەکانی هۆشیاری دەکرێ. سەدان ئەندامی رێکخراوە سیاسیەکان، سەندیکای کرێکاران و گرووپی نایاسایی کورد و رۆژنامەوان و چالاکی ئاینی، لەنێو ئەم جۆرە بەندانەدا هەن.

ژمارەیەك خەڵك، لەم ساڵەدا، بەبێ ئەوەی هیچ کارێکی توندوتیژییان ئەنجام دابێ، خراونەتە بەر دادگا و تۆمەتی ئەندامێتیی پارتە رێگەپێنەدراوەکان خراوەتە پاڵیان. ئەمانە، بەپێی حوکمەکانی ماددەی ١٤١ی قانوونی سزای تورکی تۆمەتبار کراون، ئەم ماددەیە سەبارەت بە ((ئەندامبوون لە رێکخراوێکدا کە دەیەوێ بەسەر چینێکی کۆمەڵایەتیی تردا زاڵ بێ))یە. پێنج گومانلێکراو بە تۆمەتی ئەندامێتیی پارتی کرێکارانی سۆشیالیستی تورکی TSIP لە مانگی گەلاوێژی ١٩٨٧ وە تا مانگی مارتی ئەمساڵ (١٩٨٩) لە بەندیخانەدا هێڵراونەتەوە. ئەم بەندکراوانە، لەلایەن دادگای ئەزمیری سەر بە ئاسایشی دەوڵەتەوە ئازاد کران. دوو بەند کراوی تر، پێشتر لە هەمان دادگاوە ئازاد کران. بروانە (راپۆرتی ئەمنیستی ئینتەرناسیۆناڵ، ١٩٨٨). تۆمەتبارانی ئەندامەکانی پارتی کۆمۆنیسی تورکی TKP بە هەمان ماددەی ١٤١ مەحکووم کراون. موحاکەمەکردنی ١٣ ئەندامی TKP کە لە ئاب و ئەیلوولی ١٩٨٧ەوە گیراون، بە بڕیاری هەمان دادگای ئەزمیر، لە مانگی نۆڤەمبەردا ئازاد کران.

هەر لەوکاتەیشدا شەش گیراو لە بەندیخانە مابوونەوە، عەلی ئوگور شەش ساڵ و هەشت مانگ حوکم درابوو، لە بەندیخانەی بوکا Buca بردیە سەر. پێنج کەسەکەی تر، بۆ چوار ساڵو دوو مانگ مەحکووم بوون، بەڵام پێشتر بەپێی

سکالانامەیەك بەرەڵلا کران. تۆمەتبارێکی تریش هەمان ماوەی بۆ بڕیار درابوو، ئەویش ئازاد کرابوو. شەش گیراوی تر بێتاوان بوون، ئازاد کران (بڕوانە: ڕاپۆرتی ئەمنیستی، ١٩٨٨).

ئەمینداری گشتیی پارتی TKP دوکتۆر حەیدەر کوتلوو، هەروەها سکرتێری گشتیی پارتی کرێکارانی سۆشیالیستی تورکی TIP، کە هەردوکیان لە نۆڤەمبەری ١٩٨٧وە خراونەتە بەندیخانە، هەتا ئێستا موحاکەمەیان تەواو نەبوە و دادگای ئاسایشی دەوڵەت لە ئەنقەرە بڕیاری ئازادبوونیانی دەر نەکردووە.

هەندێ لە ئەندامانی هەردوو پارتی TKP و TIP بەر حوکمی دادگای عەسکەریی ئەنقەرە کەوتن، وەلێ دواتر بەهۆی سکالاکردنیانەوە بەرەڵلا کران، زۆری پێنەچوو بە داوای دادگای بەرزی عەسکەریی تەمیز خرانە بەندیخانە و حوکمەکەی پێشوو بەسەریاندا سەپێندرایەوە. لە مانگی حوزەیراندا، سێ کەس لە ٤٦ گیراوی TIP گوێزرانەوە بۆ بەندیخانەی دادگای ئاسایش لە ئەستەنبووڵ و دەبێ ٢٢–٢٤ مانگی کۆتاییی ماوەکەیان لەوێ بەرنە سەر. لە ئەنقەرەیش، هەشت گیراو لە ٧٥ تۆمەتبارکراوی TKP حوکمی ٧ تا ٢٤ مانگیان بەسەرا دراو بەسەر بەندیخانەکانی تورکیادا دابەش کران. ئەمنیستی ئینتەرناسیۆناڵ، ئەمانە هەموو بە بەندکراوی بیرو هۆشیاری دادەنێ.

عەزیز چەلیك بەڕێوەبەری پەروەردەی کریستال ئیز لە سەندیکای کرێکارانی شووشە و حوسێن باس بەرپرسی سەندیکای قەدەغەکراوی مین لە سەرەتای مانگی مایسەوە، بە تۆمەتی ئەندامێتیی پارتی کۆمۆنیست لە بەندیخانە توند کراون؛ دادگا لە مانگی ئەیلولدا ڕوانییە فایلەکەیان و ئازادی کردن، وەلێ موحاکەمەکردنیان کۆتاییی پێ نەهاتووە.

وەزیری ناوخۆ، لە مانگی نۆڤەمبەردا، جاڕی ئەوەی دا کە لە نۆ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا، ٢١٢٠ کەس کە هەموویان خەڵکی باشووری ڕۆژهەڵاتی

تورکیـان، بەنـد کـراون. زۆرینـەی دانیـشتوانی ئـەم ناوچـەیە کـوردن. ٥٩٣ کـەس لەمانە، تۆمەتیان ئاڕاسـتە کـراوە و بـە ڕەسمـی گـیراون. ئەمانـە بـەپێی زانیـاریی ئەمنیـستی، کـوردن و چـالاکییان هەیـە، بـەڵام بـە تۆمـەتی توندوتیـژی گـیراون، لەمانەیش گیراوی بـیرو هۆشـیان تێدایـە. تۆمـەتی چـالاکیی سیاسـی و کولتـووری خراوەتە پاڵیان، وەلێ نەسەلمێندراوە کاری توندوتیژییان کردبێ.

محەمەد شێخ مووس چیبران، لە مـانگی ئۆکتۆبـەری سـاڵی ١٩٨٦وە، کـاتی گەڕانەوەی لـە دوورخراوەیـی، گـیراوە. دادگـای عەسـکەریی دیاربـەکر، لـە مـانگی گەلاوێژی ١٩٨٧دا، تۆمەتی ئەندامێتیی پارتی کرێکارانی کوردستانی خـستە پـاڵو بەپێی ماددەی ١٧١ی یاسای سزادانی تایبەت بە ((دامەزرانـدنی ڕێکخـراوی نهێنـی بۆ تاوانکردن)) حوکمی ١٤ ساڵی بەسەردا سەپاند.

ناوبراو، لە سەرەتای گرتنیەوە تائێستا، براوەتـە سـێ دادگـای جیـاواز، بـە تۆمــەتی جیاجیــای وەکــوو پروپاگەنــدەی جیابوونــەوە بــە قــسەو بــە نووســین موحاکەمە کراوە. لە یەکێ لە موحاکەمەکانیدا، لەبـەر ئـەوەی بـە زمـانی کـوردی بەرگریی بە خۆی دەکرد، لە هۆڵی دادگاکە کرایە دەرەوە.

موحاکەمەکردن بە تۆمەتی چالاکیی دینی کـە دەچـێتە خانـەی حوکمـەکانی ماددەی ١٦٣ی تایبەت بە ((هەوڵدان بـۆ گـۆڕینی سروشـتی عـەلمانیی دەوڵـەت))، بەردەوامە. حەسن دامار، مانگی مایس، کە بۆ خۆی لە مانگی ئۆکتۆبەری ١٩٨٦دا لە بەندیخانەدایە، دادگای ئاسایشی دەوڵەت لە ئەنقەرە، بەپێی بڕگەی ٤، ماددەی ١٦٣ حـوکمی بەنـدکردنی بـۆ مـاوەی ٤ سـاڵ و دوو مـانگ بەسـەردا سـەپاند و تۆمەتەکەیشی پروپاگەندەی دژی عەلمانیـەت بـوو. لـە مـانگی ئەیلوولـدا؛ هـەمان دادگا بڕیاری چوار ساڵ و دوو مـانگی بەنـدکردنی بـۆ زیـاد کـرد، ئـەمجارەیان بـە بیانووی ئەندامێتی لە ڕێکخراوێکی دژ بە عەلمانیەتی کۆماری ئەڵمانیای فیـدراڵ — ئەم چالاکییە لە ئەڵمانیا ڕێ پـێدراوە و ئـەم حوکمـە تازەیـەیان بـەپێی مـاددەی بڕگەی ٢ی، ١٦٣ ، بۆ خولقاند. حەسەن دامار وەك بەنـدی بـیرو هۆشـیاری خرایـە

قـوژبنێکی داخـراوی بەندیخانـەی ئەنقـەرەوە (بڕوانـە: ڕاپـۆرتی سـاڵی ١٩٨٨ی ئەمنیستی). نووسەران، دانەران و ڕۆژنامەنووسان دەخرێنە بـەردەم دادگـا، بگـرە دەخرێنە بەندیخانەیشەوەو ڕووبەڕووی حوکمەکانی ماددەکـانی ١٤٢ی تایبـەت بـە ((پروپاگەنـدەکردن بـۆ کۆمـۆنیزم))، ١٥٩ی تایبـەت بـە ((هانـدان بـۆ ئەنجامـدانی تـاوان)) دەبنـەوە. مـانگی حـوزەیران، پێـنج نووسـەر لـە ئەنقـەرە، بـە تۆمـەتی وتارنووسـین لـە ڕۆژنامـەی سیاسـیی "لیـبڕاڵ- تۆپلوسمـال کورتولـوس"دا برانـە بەردەم دادگا بە تۆمەتی سەرپێچیکردن لە ماددەکانی ١٤٢، ٣١١ و ٣١٢. دوای دە ڕۆژ هێـشتنەوە لـە گرتووخانـەی نەشـیاودا، یـەکێکیان ئـازاد کـرا؛ لـە چـوارەکەی تریش، دوکتۆر یالـچین کوچـووك و هوسـنو ئۆنـدول -کـە خـۆی پـارێزەری کێـشە سیاسیەکانە لە دادگـادا- مـانگی ئـاب بـەرەڵڵا کـران و دوانەکـەی تـر تـا ئـەیلوول چاوەڕێیان کرد. هەرچەند هـەموویان ئـازاد کـراون، بـەڵام هێـشتا هـەر بـە ڕێگـەی دادگای ئاسایشی ئەنقەرەوەن.

بەندە سیاسـیەکان حـوکمی خـستنە زینـدان یـا سـزای کوشـتن بەسـەریاندا سـەپێندراوە، بـەبێ ئـەوەی موحاکەمەیـەکی عادیلانـە- بـە کـەمترین پێوانـەی نێودەوڵـەتی- بکـرێن. هەرچـەندە حوکمـەکانی عـورفی لـە سـاڵی ١٩٨٧وە هـەڵگیراون، وەلێ موحاکەمـەکردن لەبـەردەم دادگـا عەسـکەریەکاندا بەردەوامـە. وەزارەتی داد، لە مانگی نیساندا، زانیاریی دا کە ٥٣٠٩ تاوانبارکراو، ١٣٩٢یـان لـە بەندیخانەدان، لەبەر ئەم جۆرە دادگایانـە کـەوتوون. هەنـدێکیان زیـاتر لـە حـەوت ساڵ پێش موحاکەمەکردن تاڵاوی بەنـدییان چێـشتووە. لـەنێوان سـاڵانی ١٩٨٧ و ١٩٨٨دا، ٦١٢٢٠ کـەس لەلایـەن دادگـای عەسـکەرییەوە حـوکم دراون. لـە سـاڵی ١٩٨٤وە، بەندە سیاسیەکان براونەتە بەردەم دادگای ئاسایـشی دەوڵـەت، کـە لـە هەشت شاری تورکیادا دامەزراوە. ئەم دوو جۆرە دادگایە، هـەردوکیان لـە ئاسـتی پشکنین و گەڕان بەدوای بەڵگـەی ئەشـکەنجەداندا شکستیان هێنـاوە. لـە هەنـدێ

بنکەی ژین www.zheen.org

فایلیشدا بەڵگەکانی ئەشکەنجەدان دەرهێنراون و نەخراونەتە بەرچاو. زۆربەی زۆری تۆمەتبارەکان دەرفەتی بەرگریکردنێکی چاکیان پێنەدراوە.

بەڵگەی ئەشکەنجەدانی گرتووی سیاسی و گرتووی ئاسایی لە بەندیخانەکاندا زۆر بووە. سەرۆکی لقی سەندیکای "کریستال ئیز"ی شاری مەرسین، لە مانگی حوزەیراندا، گیراو برا بۆ ئەنقەرە. وای ڕاگەیاند کە ڕووت کراوەتەوە و سەهۆڵاویان بە جەستەیدا ڕژاندووە، بە دەست هەڵواسراوە و تەزووی کارەبایان لێ داوە. ((ڕاپۆرتەکان وای دەردەخەن کە منداڵیش بەر ئەشکەنجەی وا دەکەون)). لە مانگی حوزەیراندا ئۆزگور چیم تاس، تەمەن ١٣ساڵ، برا بۆ بارەگای پۆلیسی دیاربەکر، لەوێ بۆ ماوەی دوو سەعات کەوتە بەر زەبری پرسیار، دەیانویست بزانن ئامۆزاکانی لەکوێن، ئامۆزاکانی گومانی هاوکارییان لەگەڵ گەریلا کوردیەکاندا لێ دەکرا. گێڕایەوە، چاوو دەستیان بەستبوو، بە قولاپدا هەڵیان واسیبوو و تەزووی کارەبایان لە چووکی دابوو.

وا زانراوە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەشکەنجەی ئەو کەسانە کراوە کە لە پۆلیسخانەکاندا، بە تاقی تەنیا گل دراونەتەوە. بە هەمان شێوەیش، دەنگۆی ئەوە هەیە کە گیراوە سیاسیەکان، لە بەندیخانەکانی وا بە ئاستێکی بەرزی ئەمنی دروست کراون، دوچاری لێدان و ئازاردان و سووکایەتی پێکردن بوون. ئەم بەندیخانانە بە جۆری E و L (ئیو ئێڵ)ن ٦٠ گیراوی سیاسی لە غازی عێنتاب لە بەندیخانەی جۆری "ئێڵ"، بەهۆی ئەشکەنجەدانی کوێرانەوە لەلایەن پۆلیس و ئەندامەکانی هێزی ئاسایشەوە، بریندار بووبوون. لە بەندیخانەی بوورسە، جۆری (ئی)، نزیکەی ٧٠ کەس بەهۆی ئەشکەنجەوە بریندار کرابوون.

ڕاپۆرتی وایش هاتووە کە گیراوەکان لە چەند حاڵەتێکدا بە ئەشکەنجەدا گیانیان لەدەست داوە. مستەفا گولمێز، مانگی حوزەیران لە ئەستەنبووڵ، لەلایەن پۆلیسی سیاسییەوە گیرابوو. ئەوکاتە وەك سەرباز خزمەتی سوپای

دەکـرد، وەلێ گومـانی ئـەوەیان لێ دەکـرد ئەنـدامی TKP بـێ. دوای دوو ڕۆژ گوێزرایـەوە بـۆ بەندیخانـەی ئەدرنـە. زۆری پێنەچـوو بـە کـوژراوی لـە زیندانـە تاقەکەسیەکەیدا دۆزرایـەوە. ڕوونکردنـەوەی ڕەسمـی وای ڕاگەیانـد کـە خـۆی بـە چەرچەفی جێگەی نوستنەکەی خنکاندووە. چەرچەفیش لەو کاڵایانەیە کـە نـادرێ بە گیراوەکان. خزمەکانی و پارێزەرەکانی دەڵێن بـەهۆی ئەشـکەنجەدانەوە گیـانی دەرچووە و بەو مانایەیش داوای یاساییان خستە بەردەم دادگا. سەدیق چـەلەبی کە لە مانگی نۆڤەمبەردا مرد، بـۆ خـۆی لـە ١٦ی ئـەو مانگـەدا گیرابـوو و ڕاپێـچی جەندرمەخانـەی مـاردین کرابـوو، دوای تـەنها ١٩ ڕۆژ لاشـەکەیان دایـەوە بـە خێزانەکەی و وتیـان لـە شـەڕە تفـەنگی گەریلاکانـدا کـوژراوە. خێزانەکـەی دەڵـێ ئاسەواری ئەشکەنجە بە لەشیەوە دیار بووەو کاربەدەستانی ڕەسمیی نەخۆشخانە گوتیان لاشەکەی ڕۆژێك پێش شەڕی گەریلا تەسلیم بە نەخۆشخانە کراوە.

لانـی کـەم، ١٨ کـەس حـوکمی ئیعـدامیان لەلایـەن دادگـای مـەدەنی و عەسکەرییەوە بەسەردا دراوە. دادگای تەمیز وای ڕاگەیاند کـە حەوتـسەد حـوکمی ئیعـدام لــە نـۆ سـاڵی ڕابـوردوودا دەرچـووبوو، دوای سـەودایەکی دوورودرێـژی تەمیزکردنەوە، ٢٢٨ کەس دەرفەتی ژیانیان بۆ دابین نەکرایەوە.

ئەمنیستی، بە درێژیی ساڵ سـەرقاڵی داواکردنـی بـەردانی بەنـدەکانی بـیرو هۆشیاری بووە، داوای موحاکەمەی دادپەروەرانە و دەمودەست دەکـات. دەیـەوێ تورکیـا واز لـە ئەشـکەنجەدان و حـوکمی ئیعـدام بهێنـێ. ئەمنیـستیی، لـە مـانگی نۆڤەمبـەردا، ڕاپۆرتێکی پێشکەش کرد، باسی بارودۆخی تورکیا دەکات و دەڵێ:

- مافەکانی مرۆڤ زەوت کراون،
- لە هەوڵی ئەوەداین پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بگەیەنینە کۆتایی،
- هانی حکوومەتی تورکیا دەدەین بە پێوەرێکی لێوەشاوانە، هەوڵی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بدات.

ئـەم هەڵمـەتی ئـەمنیـستی‌یـە، دوابـەدوای کـاتێکی درێژخایـەن هـات، کـە خەمخۆریی ئەم ڕێکخراوەی تێدا دەگەیاندە دەسەڵاتەکانی تورکیـا و داوای هـەوڵی جیدیی لێ دەکردن تا کۆتـایی بـە ئەشکەنجە، کوشـتن لـە بەندیخانەکانـدا، گـرتن بەهۆی بیروباوەڕ و پێـشێلکردنی مافـەکانی تـری مـرۆڤ بهێـنن. مـانگی حـوزەیران شـاندێکی بـۆ تورکیـا خـسته ڕێ و دیـداریان لەگـەڵ وەزیـری نـاوخۆ و دادو کاربەدەستانی ڕەسمیی ئەو حکوومەتەدا ساز دا. پـێش ئـەوەی ئـەم شـاندە ڕوو بکاتە تورکیا، لیستێك بە ناوی ٢٢٩ کوژراوی نێـوان ئـەیلوولی ١٩٨٠–١٩٨٨ی نـاو بەندیخانەوە، پێشکەش بە حکوومـەتی ئەنقـەرە کـرا. شـاندەکە ویـستی هۆکـاری مردنی هەریەکە لەمانـە ئاشـکرا بکـرێ، ئـەوەیش لـەیاد نـەکرێ کـە زۆربـەی زۆری لاشەکان ئاسەواری ئەشکەنجەیان پێوە دیـاربوو. کۆتـاییی سـاڵ هـەر وەڵامـی ٥٦ فایل درایەوە و تەنها ددان بە ١٣ دۆخی کێشەی ئەشکەنجەدا نرا.

دەسەڵاتی تورکی کاردانەوەی بەرامبەر بە ژمارەیەك حاڵەتی ئەشکەنجەندان هەبوو. وایان بە ئەمنیستی ڕاگەیاند کە بەدواداچوون لـە چـەند حاڵەتێکدا هێـشتا بەردەوامە. لە هەندێ حاڵەتی تردا، هیچ بنەمایەك بۆ موحاکەمەکردنی ئەفسەرانی پۆلیس نەبوە، چونکە ڕاپۆرتە پزیـشکیەکان ئـەوەیان پیـشان نـەداوە ئەشـکەنجە جێبـەجێ کرابـێ؛ لـە زۆربـەی بارەکانـدا هـیچ وەڵامێکیـان پـێ‌نـەبوو. کاردانـەوەی ڕەسمیی حکوومەتی کاتی کە ڕاپۆرتی ئەمنیستی ئینتەرناسیۆنالی سەر بە تورکیـا بڵاو کرایەوە و هەڵمەتی بانگەوازکردنی حکوومەتی تورکیا بۆ ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ دەستی پێ‌کرد، تاوی سەند.

چاودێرانی ئەم ڕێکخراوە، لە مانگی حوزەیراندا، ئامـادەی موحاکەمـەکردنی دوکتۆر نیهات سارگین و حەیدەر کوتلو، لە مانگی دێسەمبەریشدا هی ١١ ئەندامی بەرزی ڕێکخراوی لێبوردنی تورکی، لـە دادگـای تاوانـەکانی ئەنقـەرە، بـوون –ئـەم ڕێکخـراوە تورکییـە داوای لابردنـی سـزای ئیعـدام و لێبـوردنی گـشتیی دەکـرد.

داواکاری گشتیی تورکی تۆمەتی ئەوەی دەخستنە پاڵ کە چالاکیی سیاسیی قەدەغەکراویان ئەنجام داوە، لە کۆتاییدا هەموویان بێگوناه دەرچوون.

ئەمنیستی پێشنیارێکی سەبارەت بە هەندێ تاکە دۆخی کێشەی پەنابەریخوازیی ئێرانی خستە بەردەستو ڕوونکردنەوەی لە حکوومەتی تورکیا خواست سەبارەت بە ڕاپۆرتی ڕۆژنامە تورکیەکانی وا دەگەیەنن ٤ کەس لە کۆی ٥٨ ئێرانی کە لەلایەن پاسەوانەکانی سنووری تورکیاوە گیرابوون و بە زۆرەملێ تەسلیم بە ئێران کرابوونەوە، بەر سزای ئیعدام کەوتن. ئەم ڕوونکردنەوەیە هیچ وەڵامێکی نەبوو.

ئەمنیسی، خەمخۆری ئەو پەنابەرانەیش بوو کە کۆمسیۆنی بەرزی پەنابەرانی سەر بە نەتەوەیەکگرتوەکان (UNHCR) بە پەنابەری لەقەڵەم دان و هەندێ وڵاتی سێهەم ئامادەگیی بەخشینی مافی پەنابەریی پێدابوون، کەچی حکوومەتی تورکی ناچاری کردن بگەڕێنەوە بۆ ئێران. ئەمنیستی لە هەردوو مانگی گەلاوێژ و دیسەمبەردا ڕاپۆرتی ئەوەی دا کە پەنابەرە ئێرانیەکان لە ڕێوڕەسمی بوونە پەنابەرییاندا دوچاری کەموکوڕی دەبن و پارێزگاریشیان بۆ دابین نەکراوە.

ئەمنیستی، لە نۆڤەمبەردا، وتارێکی زارەکیی لەبابەت ئەم خەمانەوە دا بە کۆمیتەی نیشتەجێبوونی سەر بە دیمۆگرافیی پەنابەریی ئەوروپا، مەبەستی بوو باری پەنابەرەکان و نیمچە پەنابەرەکان لە تورکیا چاك بکرێ و گێڕانەوەی زۆرەملێ ڕابگیرێ و هانی کۆمیتەی نێودەوڵەتیی دا کۆمەکی نیشتەجێبوونی پەنابەرە ئێرانیەکان بکات لەو وڵاتانەدا کە مەترسیی ئاودیوکردنیان تێدا خراوەتە لاوە.

ئەمنیستی، ئینتەرناسیۆنال، لە مانگی نیساندا، پێشنیارێکی پڕ لە زانیاریی لە بارەی بارودۆخی ناهەمواری تورکیاوە، دا بە نەتەوە یەکگرتوەکان. ئەم پێشنیارە پەیوەندیی بە ڕێوڕەسمی ((بڕیاری ١٠٥٣/٧٢٨fی کۆمیتەی

کۆمەڵایەتی))یەوە هەبوو، بۆ ئەوەی بە نهێنی چاو بخشێنرێتەوە بە بەندوباوی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤدا لە تورکیا، هەروەها لە کۆبوونەوەی چلوچوارەمینی دەزگای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتوەکان "UNHCR"دا، بە زارەکی مەسەلەی ئەشکەنجەدان لەم وڵاتە باس کرا*.

**سەیروسەمەرەکانی ئیمپراتۆریی چەواشەکاری**

وتاری Mr.Pell،

ئەنجومەنی پیران، ٢٠ی نیسانی ١٩٩٠

بەڕێز سەرۆك، ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕێ سیناتۆرەکانم تووشی نائومێدی بوون، ئەگەر نەهەژێندرابن، بەرامبەر بە سەودای ئاشکرابوونی ئەو بەڵگانەی ئەم حەفتانەی دوایی کە سەرۆکی چارەگرانی عێراق، سەدام حوسێن، بەردەوام، سەنگەسەری وڵاتەکەی لە یاسا دوور دەخاتەوە*.

ئێمە هەموومان ئەو ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانیانەمان لەبابەت عیراقەوە خوێندەوە کە ئەم وڵاتە لە مەیدانی چەکەکانی کیمیایی، بایۆلۆجی و ناوکیدا لە چ هەوڵێکدایە. سەدام حوسێن، پڕ بە شەویلاگەی و بەوپەڕی سەرکەشییەوە، هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژ بە ئیسرائیل دەکات. لەبەر ئەوەی عێراق بەردەوام چەکی کیمیایی دژ بە ئێران بەکار هێناوە و هەرگیز گوێی نەداوەتە یاسای نێودەوڵەتی و بێباکانە کوردەکانی خۆوڵاتیی خۆی گازباران کردووە، دەبێ هەڕەشەکانی سەدام بەهەند بگیرێن.

* پێشنیاری زارەکیی وا بۆ ئەوە بوون نەکرێنە بەڵگەنامە دژ بە حکوومەتی تورکیا. [وەرگێڕ]

* دوورخستنەوە لە یاسا، وەك لە ڕاپۆرتەکەدا دەردەکەوێ، دوو مەبەستی هەیە: نەبوونی یاسا بۆ بەڕێوەبردنی وڵات، نەبوونی یاسا بۆ پاراستنی هاووڵاتیان. [وەرگێڕ]

دەبێ زۆر بە جیددی مامەڵە لەگەڵ هەوڵەکانی عیراقدا بۆ دابینکردنی کاڵاو کەرەستەی چەکەکانی تر بکەین، بەبێ گوێدانە ئەوەی وا ئەم ڕاپۆرتانە تا چ ڕادەیەك سەیرو سەمەرەن.

ئەم سەرشێتییانەی سەدام حوسێن، بۆ بەدبەختی، بەلای هەندێ لە وڵاتە عەرەبیەکانەوە پەسندن. من هانی ئەو وڵاتانەی ئەم بەشەی جیهان دەدەم گوێ لە گۆرانیی فریودانی ئەم کابرایە نەگرن، چونکە سەدام لە ڕێگەی ئاشتیی عادیلانە لادەدات و ڕێگەی شەڕوشۆڕ و مەینەتی دەگرێتە بەر.

ئاشکرای دەکەم کە من لەو باوەڕەدام، پێشەوا عەرەبە ماقووڵەکان وەك دیکتاتۆرێکی بکوژی بێوێژدان کە نەتەوەکەی خستووەتە سەر ڕێبازێکی پڕ لە مەترسی، دەڕواننە سەدام. ژیرانە بیر ناکاتەوە، بەلای جیهانی خاوەنی شارستانێتییەوە شایستەی پەراوێزخستن و دەربەدەرکردنە.

جەنابی سەرۆك، ئەم جیهانە ڕۆژ بەڕۆژ بەئاگاتر دەبێتەوە لە چالاکیە قێزەونەکانی سەدام. من لێرەوە سەرنجی بەڕێزتان بۆ پڕۆژە بڕیارێك ڕادەکێشم کە پەرلەمانی ئەوروپی جەختی لەسەر کردووەتەوە. بە هیوام دەقی ناوەڕۆکەکەی بخرێتە تۆمار Recordی خۆمانەوە. سوپاست دەکەم سەرۆکی بەڕێز کە بڕیارەکە بەبێ وەستان بە پەسندکراوی خرایە تۆمارەوە.

**پڕۆژە بڕیار** Resolution

پەرلەمانی ئەوروپی

ئـ) بەهەندگرتنی سیاسەتی جینۆسایدی ڕژێمی عیراق کە بەردەوام و دڕندانە دژ بە گەلی کورد، گرتوویەتە بەر، بە بیرهێنانەوەی بۆمبارانی دانیشتوە مەدەنیەکانی هەڵەبجە، لە ١٧ی ئازاری** ١٩٨٨دا کە هێزە ئاسمانیەکانی عیراق ئەنجامیان داو بوو بەهۆی مردنی پێنج هەزار کەس.

** ئەم بۆمبابارانە لە ١٦ی مارسدا ڕووی دا. [وەرگێڕ]

بنکەی ژین www.zheen.org

ب) بەئاگابوون لە بەرپرسیی ئەو دەوڵەتە بیانیانەی کە سوپای عیراقیان پـڕ چـەك دەکرد و هێشتا درێـژە بـەم کـارە دەدەن و چـەکی کوشـندەیان بـۆ جێبـەجێکردنی سیاسەتی جینۆسایدی گەلی کورد پێبەخشیوە. [چەکەکان پۆلێن نەکراون]

پ) پڕ بە دەروون، لە ئاستی ئـەو بڕیـارەی ئەنجومـەنی سـەرکردایەتیی شـۆڕش عیراقیدا کە لە ٢٨ی شـوباتی ١٩٩٠دا دەرچـوو و هـەموو سـزایەکی یاسـاییی تێـدا لەسەر ئەوانە لابردووە کە دایکیان، خۆشـکیان، کـچیان، پووریـان، خوشـکەزایان، ئـامۆزاو پورزایـان و هـەر ئەنـدامێکی تـری خێزانەکـەیان لەسـەر (زینـا) دەکـوژن، تووشی ڕاچڵەکین بووین.

ت) بەبیرهێنانەوەی لەسـێدارەدانی بـەڕێز فـەرزاد بـازۆف کـە بـە قـسەی سـەدام حوسێن، بە تۆمەتی سیخوڕیکردن، کە نەسەلمێندراو ناڕەوا بـوو، لـە ٢٥ی ئـازاری ١٩٩٠دا جێبەجێ کرا.

ج) بە جیددی لەبەرچاوگرتنی هەوڵەکانی عـیراق بـۆ هێنـانی کەرەسـتەی چـەکی ناوکی. ئەمەیش لە لەندەن لە ٢٨ی ئازاری ١٩٩٠دا کراوە بە ڕاپۆرت و داکـۆکی لـە خواستی ڕژێمی عیراقی دەکات کە دەیەوێ خۆی بە چەکی ناوکی پڕ چـەك بکـات، بەبێ گوێدانە ئەوەی وا بۆ خـۆی پـەیمانی قەدەغـەکردنی بـڵاو کردنـەوەی چـەکی ناوکیی مۆر کردووە.

چ) سەرزەنشتکردنی ئەو وتارەی سەدام حوسێن کە لـە ڕۆژی ٢ نیـسانی ١٩٩٠دا بڵاوی کردەوە و دەیەوێ چەکی کیمیایی دژی دانیشتوانی ئیسرائیل بەکار بهێنێ.

ح) بەبیرهێنانەوەی هەموو بڕیارەکـانی پێـشوو کـە دژی پێـشێلکردنی مافـەکانی مرۆڤ لە عیراقدا ئیمزا کرابوون. ئەمانەیش شێوەی جێبەجێکردنی بڕیارەکەن:

١. ئیدانەکردنی ڕژێمی سەدام حوسێن سەبارەت بە هەڵوێستە شـەڕەنگێزیەکانی سـەدام دژ بـە وڵاتـانی تـرو دژ بـە دانیـشتوانی وڵاتەکـەی خـۆی، بەتایبـەتی ئـەو کۆمەڵکوژیانەی دژی گەلی کورد کراون.

٢. به پێویستییەکی گرنگی دەزانێ وڵاتانی ئەندام، لەڕێی دانیشتنی وەزیرەکانی دەرەوەیانەوە و لە میانەی هاوکاریی سیاسیی ئەوروپیدا، ڕێگەچارە بگرنە بەر بۆ ئەوەی ڕێ لە عیراق بگرێ بەدەستهێنانی چەکی ناوکی بەدەست بهێنێ، چونکە ئەمە لەخۆیدا سەرپێچییە لە پابەندبوون بە پەیمانی قەدەغەکردنی چەکی ناوکی. بەرچاوخستنی پێشنیار، لەم ڕووەوە، بۆ ئەوەی لە دانوستانی مانگی ئابی ١٩٩٠دا تاووتوێ بکرێن.

٣. پێشنیاردان بە هەموو دەوڵەتە ئەندامەکان بۆ گەڵاڵەکردنی گەمارۆی کوتوپڕ و قەدەغەکردنی ناردنی هەموو ئەو جۆرە کاڵایانەی کە لە بەرهەمهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکاندا بەکار دێن.

٤. بانگەوازی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتوەکان تا پلانی پێویست دابڕێژێ و بیخاتە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایش، ئەوانیش وەك نوێنەرانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕێککەوتننامەیەك ئامادە بکەن، تا بەهۆیەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو هەڕەشانەدا بکەن کە عیراق ئاڕاستەی ئاسایشی جیهانیان دەکات.

٥. لەم ڕێیەوە، هاندانی وڵاتانی ئەندام بۆ هەوڵدان لەپێناوی ڕازیکردنی وڵاتانی تردا، بەتایبەتی ئەندامانی هەمیشەییی ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە UN، ئەوانەی ئارەزوومەندن کاری هاوبەش ئەنجام بدەن و نەهێڵن عیراق دەستی بگاتە چەکە کۆمەڵکوژەکان.

٦. بانگەوازی ئەنجومەن و وەزیرانی دەرەوەی ئەورووپای یەکگرتوو بکرێ، تا هەموو پێوەرێکی هاوشێوە دژ بە عیراق لە میانەی هاوکاریی سیاسیی ئەوروپیدا، بخەنە گەڕ.

٧. زانیاری دان بە سەرۆك، بۆ ئەوەی ئەم بڕیارە بخاتە بەردەم کۆمسیۆن و ئەنجومەن و وەزیرەکانی دەرەوە، ئەوانەی لە کۆبوونەوەکانی هاوکاریی سیاسیی ئەوروپیدا بەشداری دەکەن؛ زانیاریی هاوشێوەیش بدەن بە هەموو وڵاتە ئەندامەکان و سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتوەکان و حکوومەتی عیراق خۆی.

**دەردەسەریی پەنابەرەکانی کورد لە تورکیا**

**شەرەفمەند جۆن ئێدوارد پۆرتەر**

**خانەی نوێنەران، ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٩٠**

بەڕێز وتەبێژ، مەینەتیی پەنابەرەکانی کورد لە تورکیا بەردەوامە. وا خۆی لە دوو ساڵ دەدات حەفتا هەزار کورد لەبەر کیمیابارانی سەدام حوسێن، بەرەو تورکیا هەڵهاتوون، بەوپەڕی ناسۆرییەوە لەم وڵاتە تازەیەدا مامەڵەیەکی زۆر باشتر نەکراون.

ڕاپۆرتی تازە وا ڕادەگەیەنێ کە بارودۆخی کامپەکان مایەی پەژارەیە، لە هۆکاری خۆشگوزەرانی بێبەش و گۆشەگیر کراون، دەرفەتی ئیشکردنیان نییە. لەبەر ئەوەی دەسەڵاتەکانی تورک حاڵوباری پەنابەرییان پێنابەخشێ، لە زبڵخانەدا دەژین.

حکوومەتی تورکی بەرپەرچی هەموو هەوڵێکی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی بۆ دروستکردنی خانووبەرەی هەمیشەیی داوەتەوە. وا دیارە سەرۆك ئۆزال دەیەوێ هەموو کوردەکان بگەڕێنەوە بۆ عیراق، بێگومان لەوێش تووشی دەردەسەریی زیاتر دەبنەوە.

بەڕێز وتەبێژ، دەبێ کوردە پەنابەرەکان ڕێگەیان پێبدرێ چاویان بە دەزگا نێودەوڵەتیەکانی پەنابەری بکەوێ و بە شێوەیەکی باش خزمەت بکرێن. وێڕای ئەمانە، دەبێ ئێمە لەسەر ئەوە سوور بین کە هاووڵاتیە کوردەکانی عیراق و تورکیا و ئێران هەموو مافێکیان بدرێتێ.

**ژیانی پەنابەرە کوردەکان لە تورکیا، هەر ڕوو لە سەختییە**

وتاری ڕێزدار دیکۆنسینی، ١٢ی حوزەیرانی ١٩٩٠

بەڕێز سەرۆك، دەمەوێ بەکوڵ ناڕەزایی دەربڕم بەرامبەر بە هەڵسوکەوتی حکوومەتی تورکی لە ئاستی مامەڵەی سی هەزار پەنابەری کوردی عیراقدا کە لە

باشـووری ڕۆژهـەڵاتی ئـەم وڵاتـە ژیـان دەبەنـە سـەر. ئـەم خەڵکـە بەدبەختانـە مەینەتیی زۆر و نەهامەتی بێ وێنـەیان بـە دەسـتی حـاکمی عیراقـەوە چێشتووە، سەدام گازبارانی دەکـردن، ڕەشـەکوژیی لـە دژیـان ئـەنجام دەدا. ئەوانـەی ئێـستا لــەناو تورکیــان، هــەموو مــاڵوێران کــراون و لــە خانووبــەرەو گونــدەکانیان دەرپەڕێندراون.

ئەمــە شــەرمەزارییەکە دەزگاکــانی ڕاگەیانــدنی نێودەوڵــەتی پــشتگوێیان خستووە. زۆر نـین ئەوانـەی لـە کۆمەڵگـەی کـورد بـەدەرن و ئاگـاداری بـارودۆخی کوردەکانن، گەیشتن بە ناوچەکەیان ئاسان نییـە. زۆر بـە داخـەوە، هەڵسوکەوتی قێزەونانـە و هـەموو جـۆرە سـووکایەتی پێکردنێـك بـە مـرۆڤ بـەردەوامن، چـونکە نەتەوە یەکگرتوەکان و وڵاتە ڕۆژئاواییەکان نایانەوێ — یا نـاتوانن— فـشار بخەنـە سەر ڕژێمی دیکتاتۆری عیراق.

دوای قەتڵوعامکردنی هەزاران کـورد لەلایـەن سـوپای عیراقـەوە، بـە دەیـان هەزاری تر خۆیان قوتار کردو پەنایان بردە بـەر تورکیـا. لێـرەیش، بـە هـەرحاڵ، ڕووبـەڕووی کۆمـەڵێك کێـشەی تـازە بوونـەوە. حکوومـەتی تورکیـا، ئـەوە ڕەت دەکاتەوە کە بە پەنابەریان دابنێ و دەڵێ (بۆ سەردانی کاتی) لێـرەن. حـاڵ وابـێ؛ ئەمانـە لـە گـەلێ ئاسـانکاریی مرۆڤایـەتی بێبـەش دەکـرێن. سـێ سـاڵی بەسـەردا تێپەڕیوە، ئەم (گەشتیارانە) هێشتا لە کەمپـەکانی باشـووری ڕۆژهەڵاتـدا دەژیـن. حکوومـەتی تورکیـایش درێغـی لـەوە ناکـات کـە ژیانیـان ناڕەحـەتتر و ناچـاری گەڕانەوەیان بکات.

سیناتۆر لاوتنبێرگ و بەندە، مانگی ئابی ڕابوردوو، سـەرمان لـە یـەکێك لـەو سێ کەمپانە دا، دەبوایە لە بارودۆخێکی نایابدا بوونایـە. لەڕاسـتیدا ٣٠–٤٠ کـەس لە شوقەیەکی ٣ ژووریـدا کـۆ کرابوونـەوە، بـاری پاکوخـاوێنی و ئـاوەڕۆ بـۆ ژیـان نــەدەگونجان. پەنابــەرەکان بۆیــان نــەبوو کــار بکــەن. ســەرەڕای ئەمانــەیش، حکوومەتی تورکی ڕێگە بە منداڵی کورد نادات بە زمانی خۆیان بخوێنن. بێکاری،

بێتاقەتی و نادڵنیایی لە دواڕۆژ، ئەمانەیان خستووەتە بارودۆخێکەوە پڕە لە چەوساندنەوە و بێزاری و گرژی.

حکوومەتی تورکی –لەم دوایی‌یەدا– ڕێککەوتنێکی درێژخایەنی لەگەڵ کۆمیتەی بەرزی پەنابەریی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵوەشاندەوە، کە دەبوایە بەپێی ئەم ڕێککەوتننامەیە بە هەزاران پەنابەری بێچارە جێگیر بکات. حکوومەتەکان، لە هەموو قوژبنێکی جیهانەوە پارەیان خستە بەردەستی UNHCR و حکوومەتی تورکی، تاکوو یارمەتیی ئەم پەنابەرانەیان پێ بدرێ. ئەم ئەنجومەنی کۆنگرێسە بڕی پێنج ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کردن و وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەمان هەوڵێکی زۆری دا وڵاتانی تری جیهان بەشداری لەم کۆمەکەدا بکەن. ئەوەی ڕووی دا، سیاسەتی ناوخۆی تورکیای دژ بە کورد بەڕوونی کەوتە ڕوو، هەموو ئەو کۆششانەی پووچەڵ کردەوە کە –بەلای کەمەوە، ئەوانەی یەکجار داگەییون نیشتەجێ بکرێن، ئەمەیش کاردانەوەی لەسەر حکوومەتی تورکیا هەبوو.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەم حکوومەتە هیچ لێکدانەوەیەکی لەمەڕ پووچەڵکردنەوەی ڕێککەوتننامەکە نەخستە ڕوو. لە هەموویشی خراپتر، حکوومەتی تورکیا نەیهێشت ئەو بڕە پارانە بۆ ئەو مەبەستانە خەرج بکرێن کە بۆیان کۆکرابوونەوە، یا تەقەلا بدات بارودۆخی کەمپەکانیان کەمێك پێ باشتر بکات. حکوومەتی تورکی، لە ئاستی خراپترکردنی بارودۆخەکەیشدا، سەردانی کەمپەکانی لەلایەن دیپلۆماتە ئەمریکییەکان و کاربەدەستە ڕەسمییەکانی کۆمیسیۆنی بەرزی پەنابەرییەوە قەدەغە کرد.

بەرپرسانی تورك دەڵێن: کوردەکان دەتوانن سوود لە بەیاننامەی لێبووردنی سەدام حوسێن وەربگرن و بگەڕێنەوە بۆ عێراق. پەنابەرە کوردەکان زانیاریی ئەوە دەدەن کە حکوومەتی تورکیا ئازووقەی کەمپەکانی وەستاندووە، ئەمەیش

لەو سۆنگەیەوە دێت کە کاربەدەستە ڕەسمییەکانی تورکیا دەیانەوێ ناچاریان بکەن بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ عێراق.

پەژارەی بەزۆر ناردنەوەی پەنابەری کورد بۆ عێراق، بووەتە باری خەمی گرووپە چالاکەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ.

جەنابی سەرۆك؛ ئەو مەترسییەی وا بەزۆر ئاودیوکراوەکان دوچاری دەبنەوە، هیچ گومانی لێ ناکرێ. هاوبەشی هەمان چارەنووس دەبن کە پێشتر بەسەر براو خوشەکەکانیاندا هات، یا دەکوژرێن یان لە ماڵو حاڵی خۆیان دەریان دەپەڕێنن.

بەڕێز سەرۆك؛ بۆ خۆم لە مانگی ئابی ڕابوردوودا لە تورکیاوە گەڕامەوە و پەیوەندیی هاوبەش و پڕ بەرژەوەند، دۆستایەتیی درێژخایەن لەگەڵ ئەم وڵاتەدا، بەرز دەنرخێنم. چەند سەدەیەکە تورکیا، جیاواز لە ویلایەتە یەکگرتوەکان، بەهەشتی پڕ لە ئاسوودەی بۆ ملیۆنەها پەنابەر دابین کردووە. لەڕاستیدا، ساڵی ١٩٩٢ دەبێتە پێنجسەد ساڵی بیرەوەریی دامەزراندنی کۆمەڵگەی کەمەنەتەوەی جوولەکە لە تورکیا. ئەم جوولەکانە لەتاو ماڵوێرانکردنی ئیسپانیەکان ڕایان کرد. حکوومەتی تورکی، لە هەموو سەودایەکدا کە لەگەڵ کورددا بیکات، بە تایبەتی کوردەکانی خۆیان کە لە باشووری ڕۆژهەڵات دەژین، ڕووبەڕووی کێشەی سیاسی و کێشەی ئاسایشی ناوخۆ دەبێتەوە. بە هەرحاڵ، کردەوەکانی حکوومەتی تورکی بەرامبەر بە پەنابەرەکان، هەست مردوویی پیشان دەدات کە بارودۆخی ناوچەکە زیاتر ئاڵۆز دەکات. من هانی حکوومەتی تورکیا دەدەم جارێکی تر لە سیاسەتی خۆی بەرامبەر بە گرووپە پەنابەرەکان بکۆڵێتەوە و بە شێوەیەك بەخێرهاتنی پەنابەرەکان بکات کە هەست بە سەرفرازی بکەن و کەڵك لەو دەرفەتە وەربگرن کە تورکیا بۆی ڕەخساندوون.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**ڕژێمی مرۆچەوسێنی سەدام بە ملیۆنەها کەس دەخاتە بەر مەترسی**

شەرەفمەند جۆن پۆرتەر، نوێنەری ویلایەتی ئیلینۆی لە خانەی نوێنەران.

ئەم وتارە لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٩٠دا دەخوێنێتەوە.

بەڕێز وتەبێژ، هەموومان لەو هەڕەشانە ئاگادارین کە بەهۆی هێرشە ناڕەواکانی عێراقەوە بۆ سەر کوێت، لە ئابووریی جیهان کراون. بە هەمان شێوەیش، ڕژێمی سەرکوتکەری عێراق هەڕەشەی ڕاستەوخۆ لە ژیانی ملیۆنەها کەس لە کەنداوی فارسی دەکات.

لە ساڵی ١٩٧٩ەوە، ئەوەتی سەدام هاتووەتە سەر حوکم، کوردەکان، گەورەترین کەمایەتیی عێراق، بەوپەڕی بێئینسافییەوە کەوتوونەتە بەر چەوسانەوە، لەبەر ئەوەی دەیانەوێ پێناسەی ئەتنیی خۆیان بپارێزن. لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابوردوودا، بە سەدان مناڵ گیراون و براون بۆ گرتووخانەکان و دوچاری ئەشکەنجەدان بوون، تەنها لەبەر ئەوەی باوکو دایکیان چالاکیی سیاسییان هەبوە. سەدان هەزار کورد لە شوێنی خۆیان هەڵکەندراون و بە زۆرەملێ لە شوێنی تر دانراون، تاکوو زۆرینەی کورد لە شوێنەکانی خۆیاندا نەهێڵن. بە سەدان گوندی کورد وێران کراون. بە هەزاران مەدەنیش لە شاڵاوی کیمیاباراندا گیانیان لەدەست داوە. هەموو دەنگێکی نەیار بە زۆر خەفە کراوە.

ئێمە نابێ گوێ بدەینە قسەی سەدام، چونکە ڕاستگۆیی بەلایەوە هیچ مانایەکی نییە، باشتر وایە تەماشای کردەوەکانی بکەین، تەماشای فایلە ناقۆڵاکەی مافەکانی مرۆڤی بکەین کە دەرهەق بە مناڵەکانی خۆی تۆماری کردووە. ئەرکی سەرشانی ئێمەیە سەلامەتیی هەردوو لایەنەکە زامن بکەین، سەلامەتیی ئەو بیانیانەی کە لە کوێت گیراون، لەگەڵ زامنکردی سەلامەتیی هاووڵاتیانی کەنداو —کوێت و دراوسێکانیدا.

ئەم وتارانەی خوارەوە

– خـاوەن ئەزموونـەكانی تۆمارەكـانی نەتـەوەكان پـەژارەی بارمتەكانیانـە– نووسینی داڤید مووچ، "كریستیان ساینس مۆنیتەر"، ١٩٩٥/٨/٢٨.

– چەوساوە لە ماڵەوە و دەربەدەر لە دەرەوەی وڵات– نووسینی گلێن فـرانكڵ، واشـیگنتۆن پۆسـت، ١٩٩٠/٧/٢٧، ڕابـوردووی تۆمـاركراوی سـەدام حوسـێن و لێكدانەوەی كاردانەوەی لەسەر ڕووداوە هەنووكەییەكان، ڕوون دەكەنەوە.

**ئایا توركیا بەلای ڕۆژهەڵاتدا دەڕوانێ**

وتاری بەڕێز سیمۆن Mr. Simon

ئەنجومەنی پیران، ٢٨ی ئەیلوولی ١٩٩٠

بـەڕێز سـەرۆك، لـەم دوایـی‌یـەدا، ڕۆژنامـەی "ناشـیۆناڵ" وتـارێكی داڤیـد مۆریسۆنی لە ٧ی گەلاوێژدا بـڵاو كـردەوە. مۆریـسۆن دەپرسـێ: ئایـا توركیـا ڕوو دەكاتە ڕۆژهەڵات؟

لەدوای تاووتوێ، دەڵێ: لەوانەیە!

ویلایەتە یـەكگرتوەكان لـەوەدا شكـستی هێنـاوە كـە وەك ئـەوەی دۆسـتێك لەگەڵ دۆستێكی تردا*، بەشێوەی دۆستێك مامەڵـە لەگـەڵ توركیـادا بكـات. كـاتی یارمەتیدان یارمەتی دەدرێ، بەڵام دەبوایە ((قسە لەڕوو بوویتایە)).

بـەم شـێوەیە ئێمـە بەرامبـەر بـە توركیـا (مەراییكـەر) بـووین، كاتێـك لـەو مەسـەلانەدا كـە پەیوەسـتن بـە پەیوەندیـەكانی نێـوان یۆنـان و توركیـا، ئێمـە لـە ئاستی كوشتن و بڕی دڕندانەی ئەرمەنەكاندا دوودڵ بـووین. ئەمـە ناچـێتە خانـەی پەیوەندیی باش‌و ئاسایی نێوان هەردوو وڵات.

من بۆچوونم وایە توركیا، بە مسۆگەری، بۆ كـاری بازرگـانی و كولتـوری ڕوو دەكاتـە هـەردوولا، ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوا. مـن دەمـەوێ پەیوەندیـەكانمان لەگـەڵ توركیادا بە باشی بمێننەوە. بەڵام نامەوێ لە هەمان كاتـدا پـشت بكەینـە یۆنـان و

* مەبەست ئەوەیە هەڵوێستی توركیا بەرامبەر بە یۆنان و ئەرمینیا هەڵسەنگێنرێ. [وەرگێڕ]

قـوبرس، ناشمـەوێ خـۆم وا پیـشان بـدەم، کـە دەمـەوێ بلـێم؛ قەتڵوعامەکـەی ئەرمەنیەکان پێش ٧٥ ساڵ ڕووی نەداوە.

واتە باش وایە پەیوەندیی باش، تەندورست و ڕاستگۆ لەگەڵ تورکیادا بنیـاد بنێین، بەم شێوەیە تورکیایش قسە لـەڕوو دەبـێ و باسـی خەمخۆرییـەکانی خـۆی دەکـات و ئێمـەیش دەتـوانین هـەمان شـت بکـەین. مـن داواکـارم وتـاری داڤیـد مۆریسۆن بخرێنە تۆماری کۆنگرێسەوە.

### سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتوەکان بۆ بەرپەرچدانەوەی داگیرکردنی کوێت لەلایەن عیراقەوە

شایەتینامەی جۆشوا گیلدەر جێگری

سکرتێری کاروباری مافەکانی مرۆڤ، ڕۆژی ١٥/٦/١٩٩٠

ئەنجومەنی پیران، ٢١ی کانوونی دووەمی ١٩٩١

پەیوەندیەکانی نێوان ئەمریکا و عیراق

مافەکانی مرۆڤ، وەکـوو خۆیـان، لـە عـیراقدا نەناسـراون، وەك ڕاپۆرتەکـەی ئێمە دەچێتە بنج و بناوانی، هاووڵاتیی عیراق لە ئاسـتی پێـشێلکاریی حکوومەتـدا زامنکردنێکی نییە*. سەرنگونکردن، لەناوبردن و ئیعدامکردن، بووبوونە خەسـڵەتی حوکم. لە گەڵ حاڵەتدا خێزانە عیراقیەکان کاتێکیان دەزانی کەسێکی ئازیزیان بـە کوژراوی لەلایەن دەزگای ئاسایشەوە گەڕێنراوەتەوە بۆیان؛ دەبوایە ئەو خێزانە لە سۆنگەی عەدالەتی ڕژێمی عیراقەوە، جەزایان بدایە بۆ وەرگرتنەوەی لاشەکەی.

سـزادانی دەربڕینـی ڕاو بۆچـوون بـەلای ڕژێمـەوە تـاوان بـوو، سـزاکەی دەمودەست و دڕندانە بوو. ئێمە باوەڕمان وایـە لـە دە سـاڵی ڕابـوردوودا نـەك بـە هەزاران، بەڵکوو بە دەیان هەزار کەس لەلایەن پۆلیس و ئاسایشەوە، بـە تۆمـەتی

---

* ئەم پێشێلکارییە لەلایەن ڕژێمی بەغداوە بە ڕەسمی بە (زەبروزەنگی شۆڕشگێڕانە (العنف الثوري) وەسف دەکرا و شەرعییەتی پێدرابوو. [وەرگێڕ]

نەیاریی حکوومەت ڕاپێچی گرتووخانەکان کراون. لەکاتێکدا دەزگای دادوەری بە باشی و عادیلانە کاری خۆی دەکات، بەپێی پێوەری ناوچەکە، سەبارەت بەو کێشانەی وا پەیوەندییان بە سیاسەتەوە نییە و تاوانی ئاسایین، ئەوانەی بە تۆمەتی ئەمنی سزا دەدرێن، نابێ باسیش بکرێن، واتە هیچ نیشانەیەکی دادگای کراوە لەئارادا نییە. حەز دەکەم ئەوەیش بخەمە پاڵی کە سزای ئاسایش بابەتی وەکوو سەرپێچی لە مامەڵەکردنی دراودا دەگرێتەوە.

ئەشکەنجەدان ڕۆتینە و کاری ڕۆژانەیە، لە بواری سەرپێچیی ئاسایی و تاوانی ئاساییدا، وەك یەك ئەنجام دەدرێن. ددانپێدانان لەژێر ئازارو ئێشی ئەشکەنجەداندا، لە دادگاکاندا بەهەند دەگیرێ. مامەڵەکردنی ناقۆڵا بە توندی دوابەدوای گرتن دەست پێدەکات و ئەشکەنجەدان کاتی پرسیارکردن لە پۆلیسخانەکان و گرتووخانەکان هەر بەردەوام دەبێ. پرسیارکردن و ئازاردان، لەوانەن کە چەند مانگێك بخایەنن.

کۆکردنەوەی زانیاری لە ئاستی مافەکانی مرۆڤدا لە عیراق کارێکی زۆر قورسە، ئەمەیش بۆ سروشتی شێوە نهێنی و چەوساندنەوەی ڕژێم دەگەڕێتەوە. سەفەری دیپلۆسیەکان بەتوندی سنووردار کراوە، زۆربەی عیراقیەکانیش لەوە دەترسن لەم بارەیەوە بدوێن و دەردی دروونیی خۆیان بۆ بێگانەکان، یا بۆ هەر کەسێکی تر دەربخەن، هۆکارەکانیش ئاشکران.

ڕژێمی عیراق هەتا بڵێی دیکتاتۆری و دەسەڵاتخوازە. هەندێ هەڵاواردن هەیە، جێبەجێکردنی کاری ئاینی بە بەرفراوانی ئازادە. هەندێ کار بۆ خاوکردنەوەی باری ناهەمواری ئابووریی لەلایەن دەوڵەتەوە بەڕێوەچوو، دابین کراون. بە هەرحاڵ ڕژێم، هەتا چاو بڕبکات، بەوپەڕی دڕندەییەوە کار دەکات بۆ ئەوەی هاووڵاتیان بخاتە ژێر ڕکێفی زوڵم و زۆر.

بەشێك لەم کۆنترۆڵکردنە لەلایەن پارتی بەعسەوە ئەنجام دەدرێ. ئەم پارتە هێمای نهێنیکاریی هەیە. هەرچەندە، لە زەمینەیەکی فراواندا ڕەگی



www.zheen.org

داکوتــاوه و ئەنــدامی زۆره، بــەڵام خــاوەن بڕیارەکــان ئــەو کەمایەتیــەن کــە گەیشتوونەتە لوتکە. ئەندامە ئاست نزمەکان پیشەیان ئەوەیە ڕاپۆرتی نهێنی لەسەر هەڵسوکەوتی سیاسیی دراوسێکانیان بنووسن. جۆرەها دەزگای سیخوڕی هەن دەوڵەت بەهۆیانەوە سیخوڕی بەسەر هاوولاتیان و سوپاو پارتی بەعس خۆیەوە دەکات.

من پێشتر باسم لە سزادانی ئەوانە کرد کە پێ خوار دادەنێن، یا وا خۆدەنوێنن کە جێی متمانەی حکوومەت نین. ڕژێم لەم دوو ساڵەی دواییدا، بە دەماودەمی لەوە دەکۆڵێتەوە و جاڕی بۆ دەدات کە گوایە کودەتای عەسکەریی بۆ گۆڕینی حوکم دۆزیوەتەوە و بە سەدان کەس دەخاتە زیندانەوە و کەسیش نازانێ چەند لەمانە دەکوژرێن.

بەعسیەکان خۆیان بە حیزبی بەرفراوانی عەرەب دەژمێرن، لەبەر ئەوە عەرەبی ئاین و ئاینزا جیاوازی بە ئاسانی گرتووەتە خۆی*. وەلێ لەوەدا سەرکەوتوو نەبوە کە کەپرێك ڕایەڵ بکات بتوانێ لە سایەیدا هاوولاتیە غەیرە عەرەبەکان لەڕووی ئایدۆلۆجییەوە کۆ بکاتەوە، ئەمانەی تر بە زۆری کوردن. لێ تەکینەوەی کوردەکان لە سەردەمی بەعسیەکان کۆنترە، بەڵام ئەم کەلەبەرە، بەهۆی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤەوە لەلایەن بەعسیەکانەوە، گەورەتر بوو.

سەبارەت بە کوردەکان، حکوومەتی عیراق سیاسەتی ((گازی هەیە و بازی هەیە))ی پەیڕەو کردووە. بە دووی پشتگیریی خێڵە کوردێکی زۆردا گەڕاوە و ڕاوکەی ئازادیی ئەتنی و کولتووریی پیشان داون. هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی کوردیی دامەزراوە کە خاوەنی دەزگاکانی خۆیایەتی. بەرامبەر بە پارەیش، پشتیوانیی ئەم خێڵانەی بۆ حکوومەت دابین کردووە. زمان و کولتووری کوردی لەگەشەدایە و فێربوونی زمانی کوردی تا ئاستی ناوەندی هەیە.

* ڕێی تێدەچێ ئەم ڕاستییە تا ڕاپەڕینی (شەعبان)ی شیعەکان بڕی کردبێ. [وەرگێڕ]

تـێڵای سیاسـیی دەسـتی بەعـسیەکان بـەزەییی بـە کەسـدا نایەتـەوە. لـە ساتەوەختی جـەنگی کەنـداودا، ئێـران سـوودی لـە نـاڕەزاییی خێڵـە کوردەکـان وەرگرت، حکوومـەتی عیراقـیش، گونـدە گومـانلێکراوەکـانی خـستە بـەر شـاڵاوی کـاولکردن، دانیـشتوەکانی لـە شـوێنانی تـرو لـە سـایەی چـاودێریدا لـە شـارو ئۆردووگاکاندا نیشتەجێ کرد.

دوای ئاگربەسـت لەگـەڵ ئێـراندا، ڕژێمـی عـیراق لـە هـەوڵی دەرپەڕانـدنی چەکدارە کوردەکاندا لە شوێنە قایمەکانیان، دەستی کرد بـە بـەکارهێنانی چـەکی کیمیایی، بەبێ گوێدانە ئەوەی و کێ دەبێتە قوربانی، بە هەزاران پیاو، بە هەزاران ژنو منداڵ کوژران. سوپای عیراق شوێنەکانی داگیر کردەوە. کاولکردنی گوندەکان و شارۆچـکەکان و ڕاگواسـتنی دانیـشتوەکانی، زیـاتر پـەرەیان سـەندو ڕێـژەی ڕاگوێزراوی زۆرەملێ گەیشتە نیـو ملیـۆن کـەس، ئەمـەیش دەکاتـە حـەوت یـەکی هەموو دانیشتوانی کوردەکانی عیراق. ئاگامان لەوەیش هەیە کە حکوومەتی عیراق ڕێگە بە ڕاگواستراوەکان دەدات سەرقاڵی چاندن و باخـەوانی بن، بـەڵام هەمیـشە چاومان لەو کاردانەوانەیە کە دەرپەڕاندنی زۆرەملێ دەیکاتە سەریان.

ڕێگـەم پـێ بـدەن جـەخت لـەوە بکەمـەوە، کاتێـك بـە درێـژی لەسـەر عـیراق دەدوێین و باسی مامەڵەی عیراق لەگەڵ کوردەکاندا دەکەین، مانای ئەوە نییـە ئێمـە بە هیچ شێوەیەك لـە ڕێگەیەکدا لەگـەڵ کـوردە یاخییەکانـدا هاوئامـانج نـین، تـەنها باسـی ئـەو پێـشێلکارییە دەکـەین کـە دەرهـەق بـە مافـەکانی مـرۆڤ لـە ئاسـتی نێودەوڵەتیـدا ناسـراون. حکوومـەتی ویلایەتـە یـەکگرتوەکان ڕێـز لـە یەکپارچـەییی خاکی ئەو وڵاتانەی ناوچەکە دەگرێ. بەو ئاڕاستەیەیش دەبێ کوردەکان لـە ڕێگـەی ئاشتیخوازانەوە هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان بدەن. حکوومەتی عیراق لەم دوو ساڵەی ڕابوردوودا، جاڕی دا دەیەوێ بەرنامەی چاکسازی دابڕێـژێ. ڕێگـرتن لـە سـەفەری دەرەوەی عـیراق لـە سـەردەمی جەنگـدا کـەم کرایـەوە، ڕێگـەیان بـە

ژمارەیەکی زۆر دا لەوانەی وا ماوەی هەشت ساڵی ڕابوردوو چاویان بە دەرەوە نەکەوتبوو. هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و دەستەی حوکمی زاتیی کوردستان لە مانگی نیسان و ئەیلوولی ١٩٨٩دا (یەك لەدوای یەك) بەڕێوە بـرا. کاندیدە سەربەخۆکان مۆڵەتیان پێدرا، هەندێ ئەندامی حیزبی بەعس بەزین. لەڕاستیدا هەموو کاندیدکراوەکان بەوردی لەلایەن سانسۆری ئینتیمای سەر بە ڕژێمەوە چاودێری دەکران. هیچ ئەنجامگیرییەك هێندەی تۆسقاڵێك بایەخی نەبوو، هیچ دەزگایەك، هێز یا دەسەڵاتی نەدراوەتێ. ئێمەیش شارەزای ئەم هەلومەرجەین.

دەستوورێکی تازە داڕێژرا و لە مانگی کانوونی دووەمی پێشوودا درایە سەرۆك. بەپێی ڕاپۆرتی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی عیراقی، ڕەشنووسی ئەم دەستوورە گەیشتووەتە قۆناغی دەستێوەدانی کۆتاییی. ٦ ئەندامی سەرکردایەتی ئەم کارە ئەنجام دەدەن، پێشکەشی ئەنجومەنی نیشتمانی دەکەن و دەیخەنە بەردەم جەماوەر بۆ دەنگدان.

دەنگدان و پەسندکردنی دەستوور و پەیڕەویکردنی، دوو بەندوباوی یەکجار جیاوازن. دەستووری ئێستای عیراق، برگەکانی ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، قەدەغەکردنی ئەشکەنجە و سەربەخۆییی دەزگاکانی دادی تێدان، وەلێ ئەمانە هیچ نەکەوتوونەتە مەیدانی جێبەجێکردنەوە.

ئەگەر عیراق دەیەوێ بە جیددی لە ڕەخنەگری نێودەوڵەتیی ئاستی مافەکانی مرۆڤ دەرباز بێ، دەبێ هەنگاوی ڕاستەقینە بنێ و واز لە جوانکاریی چروچاو بهێنێ. دەبێ کەشوهەوای مرۆتۆقێن– بە دەستی دەزگا سیخوڕیەکان – هێور بکاتەوە و هەڵبژاردن و دەنگدان مانابەخش بن، نەك گاڵتەجاڕی. مەرجە دەزگاکانی دادو دادگا بە تەواوی سەربەخۆ بن و ڕۆژنامەوانی لە چوارچێوەی ئۆرگان و چاودێریی حکوومەت بچنە دەرەوە.

لە هەموویشی گرنگتر، ئەوەیە کە دەبێ هاووڵاتیەکان مامەڵەی شکۆداریان لەگەڵدا بکرێ، دەرفەتی ژیانی پڕ لە ئارامی و ئاسایشیان بدرێتێ، لە حاڵی خۆیاندا دڵنیا بژین و دوور بن و تۆڕی سیخوڕیی جاڵجاڵۆکەئاساو مەترسیی چەوساندنەوەی حکوومەت لەئارادا نەمێنن.

**ڕاپۆرتەکانی ساڵی ١٩٨٩ی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا**
**سەبارەت بە کردەوەکانی بەرامبەر بە مافەکانی مرۆڤ**

عیراق لە حاڵەتی حوکمی تاکە حیزبدایە، لەلایەن پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست (ABSP)وە حوکمڕانی دەکرێ، ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش (RCC) [مجلس قيادة الثورة] هەردوو ڕۆڵی یاسادانان و جێبەجێکردن، بەپێی دەستووری کاتیی ساڵی ١٩٦٨، دەبینێ.

سەدام حوسێن هەموو هێزەکانی ڕکێف کردووە، بۆ خۆی سەرۆك کۆمارە، سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشە و ئەمینداری گشتیی حیزبی بەعسی عیراقییە. دوو گچکە حیزبی تر هەیە، کاری پشتگیریکردنی حکوومەتیان پێسپێردراوە. حکوومەتی عیراق لە ساڵی ١٩٨٩دا وای ڕاگەیاند کە سیستمی حوکمی فرەحیزبی لەبەر ڕۆشنایی دەستووری تازەدا بەرجەستە دەبێ. دەنگدان بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی نیشتمانی —کە دەسەڵاتێکی بێداروباری هەیە— لە ١٩٨٩/٤/١دا ئەنجام درا. ڕەشنووسی دەستووریش، کە گوایە ڕێگە بە حوکمی فرەحیزبی دەدات، ئامادە کراوەو پێدەچێ لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٠دا دەنگی لەسەر بدرێ. ئەوە ماوە بە چاوی خۆمان ببینین کەمێك لە دەسەڵاتەکانی سەدام و ئەنجومەنی سەرکرایەتیی شۆڕش کاڵ دەکاتەوە. گەلانی عیراق لە هەندێ گرووپی جیا جیا پێك هاتووە، لە هەموویان بەرچاوتر عەرەبی شیعە و سوننی، کورد، تورکمان و چەند کەرتێکی مەسیحیی وەك ئاسووری و کلدانین.

سوپای عیراقی گەورەیە و باش مەشقی کردووە، بەشێکی دیار لەم سوپایە بە سوارچاك Fursan ناسراون، سەر بە عەشیرەتە کوردەکانە و کاری پارێزگاریی ئاسایشی ناوچەی حوکمی زاتیی کوردیی گرتووەتە ئەستۆ. پۆلیسی نیشتمانی باری مەدەنی ڕێك دەخات.

کۆنترۆڵی حیزبی، تا ئاستێکی بەرز باڵی بەسەر ئابووریدا کێشاوە، کەرتی نەوت زاڵە و خاوەنی زۆربەی دەزگا پیشەسازیەکانە. حکوومەت لە کەرتی کشتوکاڵیدا سەرگەرمی ((دەست بەسەرداگرتن و داگیرکردن))ی زەویوزار و چاکسازی لە بواری گەشتیاری و خزمەتگوزاریی وردە پیشەگەریدایە، دەخوازێ سەرمایە بهێنێتە وڵاتەوە و هانی سەرمایەخستنەوە بدات و ئەزموونـدارەکان ڕابکێشێتە ناو وڵات. لە هەمان کاتیشدا، وا چاوەڕێ دەکرێ حکوومەت هیچ لە توندکردنی دەستی خۆی کەم نەکاتەوە. دۆزەخی بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە عیراقدا، ساڵی ١٩٨٩ وەك خۆی مایەوە. بەرەنگاریی ئۆپۆزسیۆن تاسێندرا، دەزگای ئاسایش سەرقاڵی چاودێریی چڕوپڕی دانیشتوانە، بۆی هەیە هەموو ڕێوشوێن و ئامرازێك بەکار بهێنێ، لەوانە ئەشکەنجە و دەرکردنی فەرمانی ئیعدامی بەپەلە، دژی ئەوانەی کە گومانی نەیاریی ڕژێمیان لێ دەکرێ.

مافە مەدەنیەکانی هاووڵاتی زۆر سنووردار کراون، عیراقیەکان هەرگیز بۆیان نییە حکوومەت بگۆڕن. ئازادیی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەوانی و دامەزراندنی دەزگا جەماوەریەکان بە تەواوی زەوتکراون. گرفتەکانی تری کێشەی مافەکانی مرۆڤ، گشتگرن؛ سەرکوتکردن و گرتنی بەئارەزوو، کوشتن بەبێ دادگا، دەستێوەردانی بەرفراوانی کاروباری تایبەتی کەسایەتی، زیادڕەوی لە بەکارهێنانی هێزدا دژ بە مەدەنیە کوردەکان و زەوتکردنی بەشی زۆری مافەکانی کرێکار؛ ئەمانە هەموو دەگرنەوە. سەرەڕای ئەمانە و هەرچەندە ئاگربەستی جەنگی عیراق– ئێران لە مانگی ئابی ١٩٨٨ەوە لەئارادایە، خەڵکی مەدەنی سەرکوت دەکرێ و دەخرێتە بەر کۆنترۆڵی ڕۆژانەی جەنگ، لەوانە سنووردارکرنی ئازادیی سەفەر.

ڕاپەڕینی چەکداری کورد پێی ناوەتە ساڵی ١٩٨٩وە، بەڵام ئاستەکەی لە جاران نزمترە، هەرچەندە ئاشکرا نییە حکوومەت ساڵی ١٩٨٩، وەك ساڵی پێشتر، چەکی کیمیاییی دژی مەدەنیی کوردی بەکارهێنابێ، وەلێ ڕژێم، لە هەوڵەکانیدا بۆ شکستهێنان بەم شۆڕشە، درێژە بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ دەدات. حکوومەت لە مانگی حوزیرەندا، هەڵمەتێکی ئاشکرای کرد بۆ خەفەکردنی ئەم شۆڕشە، هەڵمەتەکە لە ڕێی بەرنامەی ساڵی ١٩٨٧وە هاتووە کە عیراق دەیویست ناوچەیەکی لەچەك داماڵراو لەسەر سنووره هاوبەشەکانی لەگەڵ ئێران و تورکیادا دروست بکات. حکوومەتی عیراق، کەوتە کاولکردنی هەموو ئەو گوندانە بە پانتاییی ٣٠ کلیۆمەتر به درێژاییی سنووری هاوبەشی عیراق و ئێران و تورکیا* بۆ جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە. لەوێوە نزیکەی نیو ملیۆن کورد و ئاسووریی گواستەوە بۆ ئەو شارو شارۆچکە و ئۆردووگایانەی نیشتەجێکردن کە بەتەواوی لە سایەی کۆنترۆڵی حکوومەتدان.

ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ

ماددەی یەك: ڕێزگرتن لە سەلامەتیی مرۆڤ و پاراستنی لە:

ئـ) کوشتن بە هۆکاری سیاسی و بە بڕیاری دادگای نائاسایی (فوق العادة):

ساڵانێکە ئیعدامکردن بووەتە تیۆرییەکی داڕێژراوی عیراقی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوانەی کە بە نەیاری سیاسی یا عەسکەری لەقەڵەم دەدرێن، بەتایبەتی ئەندامانی حیزبی دەعوە (ئەم حیزبە شیعەی ئوسوولییە سەر بە ئێرانن و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا کاری تیرۆریستی ئەنجام دەدەن). مامەڵەی کوشتن گەلێ گرووپی تریش دەگرێتەوە. زۆرجار خێزانی کوژراوەکە، کاتێك لە کارەساتەکە بەئاگا دێ، کە تاقمی ئەمن لاشەکەی دەبەنەوە سەر کەسوکاری و داوای پارەی کوشتنەکەی لێ دەکەن.

* دیارە درێژاییی سنووری ئەم ٣ وڵاتە تەنها ناوچەکانی کوردستان دەگرێتەوە. [وەرگێڕ]



بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەمنیستی ئینتەرناسیۆناڵ (AI) لە پێشنیارێکدا کە خستیە بەردەم کۆمیتەیەکی لاوەکیی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەرکی قەدەغەکردنی جیاوازیکردن و پاراستنی کەمە نەتەوایەتییەکانی کەوتووەتە ئەستۆ؛ دەڵێ بەڵگەیان بەدەست گەیشتووە، ئاماژە بە کوشتنی هەشتا سەربازی هەڵاتوو، لە کانوونی یەکەمی ١٩٨٨دا، دەکات. هەمان ڕاپۆرت کە لە مانگی ئابی ١٩٨٩دا پێشکەش کرا، جەخت لەسەر ئەوەیش دەکاتەوە کە حکوومەتی عیراق یازدە کوردی بەرهەڵستی لە مارت و مایسدا ئیعدام کردووە.

ئەمنیستی لە ڕاپۆرتەکەی مانگی شوباتدا – کە بە ناونیشانی (منداڵی بێتاوان لە عیراق دەکرێنە قوربانیی چەوساندنەوەی سیاسی)یەوەیە، دەڵێ ساڵانە بە سەدان عیراقی ئیعدام دەکرێن و بەڵگەیش لەسەر ئەم ڕاستییە کەوتووەتە بەردەست. ئەم ڕێکخراوە کوشتنی ٢٩ منداڵی کورد کە هەر بیستو نۆیان کانوونی دووەمی ١٩٨٧ لەلایەن حکوومەتی عیراقەوە کوژران، دەخاتەوە یاد. لەپاڵ ئەمانەیشدا، ئەمنیستی لە ڕاپۆرتی ١٩٨٨یدا کە ساڵی ١٩٨٩ دەرچوو، بەڵگە دەخاتە بەردەست کە بە سەدان مەدەنیی کورد –بە ژن و منداڵەوە– لە سەربازگەی تانجەرۆی نزیک بە سلێمانی ئیعدام کراون. هەواڵی سەربەخۆ بۆ سەلماندنی ئەم ڕاپۆرتانەی AI نەگەیشتووەتە دەستمان.

ب) بێسەروشوێنبوون: Disappearance

ئەمنیستی ئینتەرناسیوناڵ AI ئەوە دووپات دەکاتەوە کە بە هەزاران کەس، دوای ئەوەی لەلایەن هێزەکانی ئەمن و موخابەراتەوە گیراون، دیار نەماون، زۆربەیان مەترسیی ئەوەیان لێ دەکرێ هەر لە گرتووخانەکاندا کوژرابن.

AI، لە ڕاپۆرتەکەی مانگی ئابدا کە وەك پێشنیار دای بە کۆمیتەیەکی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، باسی دیار نەمانی مەلا محەمەد دەڵگەیی دەکات کە پێشنوێژی مزگەوتی قەڵادزێ بوو و بە یاوەریی شاندێك چاوپێکەوتنی لەگەڵ کاربەدەستانی ڕەسمیی حکوومەتی عیراقدا کردو سکاڵای دژ بە نیشتەجێکردنی

زۆرەملێـی لـە قـەڵادزێ خستە بەردەستیان؛ هـەر لـە بەغدا گیراو کـەس چاوی پێنەکەوتەوە. ڕێکخراوێکی ئاسووریەکانی عیراق کە لە ویلایەتە یەکگرتوەکان کار دەکات، وای ڕاگەیاند کە ٣٣ ئاسووری پشتیان بـە لێبوردنـە گشتییەکەی سـەدام بەست و ئێران و تورکیایان بەجێهێشت، گەڕانەوە بۆ عـیراق و ئـیتر کـەس چاوی پێیان نەکەوتەوە.

پ) ئەشـکەنجە Torture و مامەڵـەی تـری بێبەزییانـە و نامەردانـە و سووکایەتی پێکردن و سزادان:

دەستووری عیراق ئازاردانی قەدەغە کردووە و سزای بۆ ئەو کەسەیش دیاری کردووە کە ئەشکەنجە دەدات، بـەڵام ئاسـەواری ئـازاردانی جەسـتەیی و دەروونـی لەلایەن دەسـەڵاتەوە، بـە گیراوەکانـەوە دیـارن. بـە زۆری پۆلیـسی ئاسـایش ئـەم کارانـە دەکـەن. بـەپێی زنجـیرە بڕیـارێکی ڕەق و وشـکی حکوومـەتی عیراقـی، ئەشکەنجەدان بەبێ ئاگاداریی بەرپرسە گەورەکانی دەسەڵات، ناکرێ.

گرووپی Émigré* کە پێکهاتەیەکی ئەو کەسانەیە پێشتر گیراون، پـێداگری لەسـەر ئـەوە دەکـەن کـە ئـەو کەسـانەی وا لەسـەر مەسـەلەی سیاسـی و ئـەمنی گیراون، لەلایەن پۆلیسی ئاسایشەوە کەوتوونەتە بەر ئازاردان و مامەڵەی نابەجێ. قورسترین شێوەی ئەشـکەنجە، ڕاسـتەوخۆ دوابـەدوای گرتن دەسـت پـێدەکـات و لـەکاتی لێکۆڵینـەوەدا بـەردەوام دەبـێ، گـەڵێ جـار چـەند مانگێـك دەخایـەنێ. ئەشـکەنجە و سـووکایەتی پێکـردن، تـەنها بـە دۆخـی کێـشە سیاسـیەکانەوە نەبەستراون.

ئەو تۆمەتانەی وا پەیوەندن بە ئاسایشەوە، بە وردی بـاس کـراون و تـاوانی ڕۆژانەی ئاسایش دەگرنەوە.

---

* ئەم وشەیە فەڕەنسییە و بەم شێوەیە Émigré دەنووسرێ، بە واتای سەرگەردانیی کۆچکردنی زۆرەملێ دێت. [وەرگێڕ]

ئەمنیستی، لە راپۆرتەکەی ساڵی ١٩٨٩دا، ئاماژە بەوە دەدات کە ئەشکەنجە و سووکایەتی پێکردن کاری ڕۆتینین و ڕۆژانە تا ئاستێکی بەرز لە بەندیخانەکاندا ئەنجام دەدرێن. باسی ئەوەیشی تێدایە کە قوربانیەکانی تەمەن خوار ١٨ ساڵ، کەوتوونە بەر تێهەڵدان و قامچی وەشاندن، تەزووی کارەبایی لە لەشیان دراوە و خواردنیشیان لێ بڕیون.

حکوومەتی عێراق، بە توندی نکوولی لە ئەشکەنجەدانی منداڵ دەکات و لە سیاسەت و ڕەفتاری حکوومەتی بەدوور دادەنێ وە ئامادەگیی خۆی دەردەبڕێ بۆ پێداچوونەوە بە هەموو جۆرە تۆمەتێکدا لەوبارەیەوە، ئەگەرچی لە ئاستی تاکە کەسدا بێ و کۆ لەوە ناکاتەوە بیانخاتە بەر دادگا. بە هەرحاڵ چاودێریی بێلایەن نەیتوانیوە کەڵك لەم ئامادەگیانەی حکوومەتی عێراق وەربگرێ.

ت) گرتنی هەڕەمەکی، بەندی یا ژیان لە دوورەوڵات:

لەکاتێکدا دەستوور و کۆدی یاسا لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە پۆلیسخانەکان و بازنەی کۆنترۆڵ و گرتووخانەکان دەدوێن و هەمان باس لە گرتن و پشکنین دەکەن، هیچ کام لەم قایمکاریانە سەنگێکیان لە دۆزە سیاسیەکان و ئاسایشیەکاندا نییە. پێدەچێ ئەم یاسا و ڕێسایە لە تاوانی هاکەزاییدا ڕەچاو بکرێ. پۆلیسی ئاسایش، نەك تەنها گرتنی هەڕەمەکی ئەنجام دەدات، بەڵکوو بە نهێنیش خەڵك دەگرێ و تا دوای کوشتنی کەسی لێ ئاگادار ناکاتەوە. تاوانەکانی ئاسایش؛ سیخوڕی، خیانەت، پیلانگێڕیی دژ بە عێراق و هاوکاری لەگەڵ دوژمن (دوژمنی ناونەبراو)دا دەگرێتەوە.

گواستنەوەی نیو ملیۆن کەسی خەڵکی دێهاتە کوردیەکان و نیشتەجێکردنیان لە شوێنانی تری کوردستان، ساڵی ١٩٨٧، دەتوانرێ بە مەنفای ناوخۆ دابنرێ (Internal Exile). حکوومەت، لە حوزەیرانی ١٩٨٩دا جاڕی دروستکردنی ناوچەیەکی لە ژیان قەدەغەکراوی دا. ئەمە بە بیانووی پاراستنی

هاووڵاتیەکانی سەر سنووره ((گوایە سەردەمی جەنگی عیراق –ئێران لە تۆپبارانی ئێرانی دەیان پارێزێ)) و بە بەهانەی چاککردنی باری ژیانی دێهاتەکانەوە. هەرچەندە حکوومەت دەرکردنی هاووڵاتیەکانی خۆیی، بە بیانووی ئەوە کە بە ڕەچەڵەك ئێرانین، ڕاگرتووە، لەوەیش خراپتر ڕووی دا.

ئەوانەی کە ماونەتەوە، لەبەر مەترسیی گرتندان، ژیانی کولەمەرگی دەبەنە سەر و هەمیشە لەبەردەم هەڕەشەی دەربەدەرکردندا دەژین. ئەو عیراقیانەی کە هاوسەرگیرییان لەگەڵ ئێرانی (یا بە ڕەچەڵەك ئێرانی)دا کردووە، دەبێ ڕەسمی تەڵاق وەر بگرن، یا دوچاری هەمان چارەنووس ببن. وێڕای ئەمانە، ئەو عیراقیانەی کە دەرکەوتووە باپیریان عیراقییە [ئەمە هەڵەی چاپە و دەبێ ئێرانی بێ]، دەکەونە بەر هەڕەشەی گرتن یان دەربەدەرکردن.

ج) بێبەشکردن لە موحاکەمەی عادیلانە و کراوە:

پۆلیس، بەپێی یاسای عیراقی، بۆی هەیە لێکۆڵینەوە بکات و دۆخی کێشەکە بخاتە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە، ئەویش یا کێشەکە چارەسەر دەکات، یا فایلەکە دەنێرێتە دادگاکان. دادوەرەکان موحاکەمەی تاوانباران دەکەن، دەستەی سوێندخۆران لەئارادا نییە. بەرپەرچدانەوە، دەکرێ ڕەوانەی دادگای تەمیز بکرێ، لەوێ بڕیاری دروستی یا بێبناغەیی دەدرێ. دادگای سەر بە شەریعەت لە عیراقدا نییە، بەڵام لە کاروباری کەسایەتیدا، بە هەندێ دابونەریتی عیراقییەوە، پەیڕەوی دەکرێ.

موحاکەمەکردنی حاڵەتە ئاساییەکان لە دادگاکانی مەدەنی و جەزاو ئاینیدا، بە کراوەیی دەکرێ. تاوانبارکراو بۆی هەیە، ئەگەر دەستکورت بێ، پارێزەر لەسەر حیسابی حکوومەت بگرێ. پارێزەر، بۆی هەیە بە وردی بە تۆمەت و بەڵگەکاندا بچێتەوە. دادگای پێداچوونەوە (تەمیز) بۆی نییە دەستکاریی بڕیار و کاروباری دادگای شۆڕش (محکمة الثورة) بکات.

به پێچەوانەوە، ئەو حاڵەتانەی وا دەچنە دادگای شۆڕشەوە، ئاسایی یا سەر بە ئاسایش بن، موحاکەمە بە داخراوی دەکرێ. حاڵەتەکانی ئاسایش بریتین لە سیخوڕی، خیانەتکاری، قاچاخچێتی و پارەگۆڕینەوە و بازرگانیی مادده هۆشبەرەکان. مافی ((پارێزگاری لەخۆکردن Self defence)) لەم حاڵەتانەدا، بەتوندی سنووردار کراوە. دادگا تایبەتەکان کە بە بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش دامەزراون، تایبەتن بە موحاکەمەکردنی حاڵوبارەکانی پیلانگێڕیی دژ بە ڕژێم، چەشنە موحاکەمەکردنەکەی ساڵی ١٩٧٩*. ئەم شێوە ناوەندییەی موحاکەمەکردن بە هیچ جۆرێك پەیڕەوی دەستوور ناکات؛ تۆمەتباران مافی پارێزگارییان نییە و لە بەندیخانەی نهێنیی داخراودا، بە زەبری ئەشکەنجە ئیعترافیان پێدەکەن. سکاڵا، تەنها بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش (واتە سەدام خۆی) بەرز دەکرێتەوە. لێرەدا کێشەکە لەوەدایە کە لەوانەیە تاوانبار کراوەکە، پێش ئەوەی کەسوکاری فریای بکەوێ، ڕاستەوخۆ، دوای حوکمەکە ئیعدام کرابێ.

زۆرن ئەو چالاکیانەی کە حکوومەتی عیراق بە نەیاری و دژایەتیی ڕژێمیان دادەنێ و بڕیاری گرتنیان لەسەر دەردەچێ، گرتنیش لە بارودۆخێکدا ڕوو دەدات کە (لە زۆربەی حاڵەتەکاندا) کەس ئاگای لێ نییە و لەبەر ئەوەیش زۆر ستەمە ژمارەی گیراوە سیاسیەکان بزانرێ. ئەمنیستی لە ڕاپۆرتەکەی ١٩٨٩یدا، دەڵێ: هێشتا بە هەزاران بەندکراوی سیاسی لە بەندیخانەکاندان لەبەر: گرتن بە شێوەیەکی بێسەروبەر، زیندانکردنی ئەندامانی پارتە سیاسیە قەدەغەکراوەکان و سەربازە هەڵاتووەکان و ئەوانەی نایانەوێ سەربازی بکەن. خزمەکان، بە منداڵی گومانلێکراوەکانەوە، بە بارمتە دەگیرێن، بۆ ئەوەی داواکراوەکان خۆیان بەدەستەوە بدەن یا دان بە تاواندا بنێن.

---

* مەبەست لەو ڕۆژەیە کە سەدام بڕیاری ئیعدامکردنی ٢١ ئەندامی بەرزی حیزبەکەیی دەرکرد و ڕاستەخۆ جێبەجێ کرا. [وەرگێڕ]

چ) دەستێوەردانی هەڕەمەکی لە کاروباری تایبەتمەند، خێزانی، ناو ماڵدا و لە پەیوەندیی نامەنووسین و هەواڵ ناردندا.

دەستووی عیراق پیرۆزیی ماڵ دەپارێزێ، بەها بەرزەکانی کولتووریش ئەم پاراستنە بەهێز دەکەن. دەبێ پۆلیس مۆڵەت وەربگرێ، پێش ئەوەی پێ بنێنە ناو ماڵی تاوانباری گومانلێکراو. بە هەرچۆنێك بێ، مۆڵەت زەرووری نییە بۆ گرتنی گومانلێکراوی باری ئاسایش، هەرچەندە زۆربەی گرتنەکان لە دەرەوەی ماڵەکاندا ڕوو دەدات، بەڵام ڕاپۆرتەکان وا ڕادەگەیەنن کە پۆلیسی ئاسایش هەڵیان کوتاوەتە سەر ماڵان و کەوتوونەتە گرتن، بەتایبەتی دەرهەق بە ئەندامانی پارتی دەعوەی قەدەغەکراو*.

هەرچەندە دەستوور نهێنیی پۆستە و تەلگراف و پەیوەندیی تەلەفۆنی دەپارێزێ، گەلێ عیراقی پێیان وایە گوێ لە گفتوگۆ تەلەفۆنیەکان دەگیرێ و نامەکانیان لەلایەن کۆنترۆڵەوە دەکرێتەوە و دەخوێنرێتەوە. هێزە ئەمنیەکان و حیزبی بەعس تۆڕی بەرفراوانی خەبەرهێن بەکرێ دەگرن. حکوومەتی عیراقی زۆر بەوردی چاودێریی هاووڵاتیە شیعەکان دەکات، چونکە ترسی ئەوەی هەیە ئێرانیەکان کەڵك لە بارودۆخی خراپییان وەربگرن، بەتایبەتی ئەوانەی کە مەرجەعیان لە ئێران هەیە.

ح) زیادڕەوی لە بەکارهێنانی هێز و پێشێلکاریی یاسا مرۆییەکاندا لە شەڕو هەرای ناوخۆدا:

گەلێ کەسی کوردی عیراق، خەباتی چەکداریان دژی حکوومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عیراق، لە ساڵی ١٩٢٠وە تا ئێستا، کردووە. هەڵگیرساندنی جەنگ لەنێوان ئێران و عیراقدا، ساڵی ١٩٨٠، ڕاپەڕینی کوردی دژ بە حکوومەتی عیراقی سەرلەنوێ زیندوو کردەوە. گەلێ کەسی کورد لەکاتی جەنگدا یارمەتیی ئێرانی دا،

* جاروبار دەعوە بە ڕێکخراو ناوبراوە، نەك بە حیزب. [وەرگێڕ]

یا شانبەشانی ئێران شەڕی دژ بە عیراق کرد. ساڵی ١٩٨١–١٩٨٩ هەشت هەزار کەس، لە هەڵمەتەکانی سوپای عیراقدا بۆ تێکشکاندنی شۆڕشی کورد کوژران*، بەشێکی زۆریان ساڵی ١٩٨٨ بەر چەکی کیمیایی کەوتن. هەرچەندە، دوای ساڵی ١٩٨٩، شەڕ ڕووی لە کزی کرد، بەڵام ئۆپەراسیۆنی چەکداریی کورد بەردەوام بوو، حکوومەتیش دەیویست ئەم شۆڕشە خامۆش بکات. چەکدارە کوردەکان جاری بەردەوامیی بەگژداچوونی حکوومەتی عیراقیان دا. پێشەوایەکی یەکێك لەم گرووپە چەکدارانە، ٢٩ ئابی ١٩٨٩ لە جنێڤ، بە ڕۆژنامەوانانی ڕاگەیاند: گرووپەکەی ئەو لایەنانە دەکاتە نیشانە کە پاڵپشتی ڕژێمی عیراق دەکەن. ئەوساڵە هەتا کۆتاییی هات، پێکدادانی ئەم دوولایەنە هەر بەردەوام بوو، چارەسەری بۆ نەدۆزرایەوە.

بەشی دوو

ڕێزگرتن لە ئازادییە مەدەنیەکان ئەم خاڵانە دەگرێتەوە:

ئـ) ئازادیی ئاخافتن و ڕۆژنامەوانی:

ئازادیی ئاخافتن ڕۆژنامەوانی ڕێزیان لێ گیراوە، دەستوور ((هەموو کارێکی دژواری دژ بە یەکێتیی گەل و بزواندنی ڕەگەزی، مەزهەبی و بیرتەسکیی هەرێمی، یا زەرەردانی لە دەسکەوتەکانی وڵات یاساغ کردووە)). حکوومەت بە دیدی هەڕەشەکردن لە ئاسایشی وڵات ڕەچاوی بەرهەڵستیی سیاسی دەکات، لەم سۆنگەیەیشەوە بەتوندی کۆنترۆڵی ڕادەربڕین و هەموو چالاکیەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەکات. هەموو چاپەمەنییەك بە سانسۆردا دەڕوات. حکوومەت و حیزبی بەعس خاوەنداریێتی و سەرپەرشتیی ڕۆژنامەگەری و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن دەکەن. کاری دەزگاکانی ڕاگەیاندن نییە ڕەخنە لە حکوومەت بگرێ. هەواڵە

* ئەم ژمارەیە یەکجار کورت دەهێنێ، تەنها لە قەتڵوعامەکەی بەرزانیەکاندا ئەوەندە کوژراوە. تائێستا ئاماژە بە ١٨٢ هەزار قوربانیی ئەنفال نەدراوە. [وەرگێڕ]



بنکەی ژین
www.zheen.org

خەبەریـەکان، بەتـەواوی لـە ڕاسـتییەوە دوورن و هـەر بـەلای ڕاسـتیدا ناچـن. ڕاو بۆچـوونی ئۆپۆزسـیۆن بـە هـیچ جۆرێـك پێـشنیار نـاکرێ. ناوبـەناو گۆڤارێـك یـا نووسراوێکی بیانی دێتە عیراقەوە، بەڵام بە کۆنترۆڵدا تێپەڕیوە. ڕۆژنامـەی بیـانی ناکەوێتە بازاڕەوە. لەوانەیە گۆڤار، ڕۆژنامە، کاسێت، کامێراو ڤیدۆ لـە فڕۆکەخانـە گل بدرێتەوە. کۆمپیووتەرەکان و وردە بابەتی کەڵك لێوەرگرتنیان، بۆ ڕێگرتن لـە بڵاوبوونـەوەی بـیروڕای سیاسـی، پـاش ئـەوەی بـە تۆمارگـەی ئاسایـشدا دەڕۆن، مۆڵـەتیان دەدرێتـێ. ئەگـەر نـەتوانرێ تۆمـار بکـرێ، ئـەوە بـە تـاوانی گـەورە دەژمێـردرێ. عیراقـی، چیدی ئـامێری چـاپ (طابعة) و ئـامێری فۆتۆکـۆپی تۆمـار ناکەن، وەلێ بیانیەکان دەبـێ بیکـەن. وێنـەگرتن نزیك بـە سـەربازگەکان، تـەلارە حکوومەتیــەکان و شــوێنە گرنگــەکان قەدەغــەکراون و گرتنــی بەندیخانــەیان لێ دەکەوێتەوە. ئەو ڕۆژنامەوان و فۆتۆگرافچییانەی وا بانگی عـیراق دەکـرێن، دەبـێ لەدواییدا –پێش ئەوەی لە عیراق دەربچن– فلیمەکان پیـشانی چـاودێران بـدەن و بکەونە بەر کۆنترۆڵی ئاسایش.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ب) ئازادیی کۆڕ و کۆمەڵ و ڕێکخستنی ئاشتیانە:

ئەم ئازادیانە بەتوندی سنووردار کراون. کۆبوونەوەی جـەماوەری، تـەنها بـە سەرپەرشـتیی حکوومـەت و پـارتی حـوکمڕان و ڕێنماییـەکانیان، ڕێـك دەخـرێن. کۆڕگرتن بۆ مەبەستی غەیرە ئاینی و خۆپیـشاندان، بـەبێ سانـسۆری حکوومـەت، ڕووبەڕووی چەوساندنەوەی سەخت بووەتەوە. ڕێکخراوە پیشەییەکان بەتەواوی لە سایەی کۆنترۆڵی لقی پیشەییی حیزبی بەعسدان.

پ) ئازادیی ئاینی:

عیراق، کۆمەڵگەیەکی ئەتنی و ئـاینیی هەمەچەشـنەیە. لـە سـاڵی ١٩٨٦وە، ئەوەتی بەعس هاتووەتە سەرحوکم، حکوومـەت، لـە کاتێکـدا بـە وردی کـۆنترۆڵی گرووپە دینیەکان دەکات، باری هەمەڕەنگیی ئاینیشی (لەژێر لێویشەوە بێ) قبووڵ

کـردووه، هەوڵیـشی داوە ئاڕاسـتە ئاینیـەکان بناسـێنێ و گەشـە بـە عـەلمانیی نەتەوەیی بدات.

ساڵی ١٩٨١، یاسا دەسەڵاتی دا بە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینیی کە یاساو ڕێسای وا دەربکـات ئیـدارەی شـوێنە ئاینیـەکان بگرێتـە ئەسـتۆ و کارمەنـد (مـەلا) دابمـەزرێنێ و بڵاوکـراوەی ئـەدەبیاتی ئـاینی دەربکـات و لـە ئەنجومەنـە ئاینیەکان و کۆبوونەوەکانیاندا بەشداری بکات. دەبێ پێشەواکانی ئـاینیی ئیـسلام بەتەواوی لە سایەی سەرپەرشتیی حکوومەتدا کار بکەن و بە کارمەنـدی حکـوومی حیساب بکرێن و مووچە لە کەناڵە حکوومیەکانەوە وەربگرن. حکوومەت، ئیدارەی شوێنە پیرۆزەکانی ئیسلام و مزگەوتەکان و کڵێسەکان بەڕێوە دەبات و خەرجییان دەداتێ بۆ دەستپێداهێنان و نوێکردنەوە.

سزادان لە یاسـای عیراقیـدا دژ بـەوەی دیانەتەکـەی دەگـۆڕێ، نییـە، بـەڵام نامۆییەکی کۆمەڵایەتی هەیە دژ بـەو موسـڵمانانەی وا دەبنـە پێـڕەوی بـاوەڕێکی تر– واتە دیانەتەکەیان دەگۆڕن.

هەرچەندە حکوومـەتی عیراقـی گـەڵێ کاروبـاری ئـاینی ئیـسلامی، لـە سـاڵی ١٩٨١وە، گرتووەتــە ئەســتۆ، وەلێ کــەمتر خــۆی بەســەر ئــاینی مەســیحیدا سەپاندووە. مەسیحیەکان نیو ملیۆن دەبن و سەدی چواری دانیشتوانی عیراق پێك دێنن. خواپەرستی لە کڵێسەکاندا، بـەپێی ڕێوڕەسمـی ئـاینی، تـا ڕادەیـەکی زۆر پارێزراوە، بەڵام ڕێگەیان پێ نادەن پەیڕەویی ئاینزای تازە بکەن، بۆیـشیان نییـە لــە دەرەوەی دیوارەکــانی کڵێــسە کۆببنــەوە. خەڵوەتگــە و شــوێنی تایبــەتی ڕاهیبــەکان هــەن، هەنــدێ کڵێــسەی تــازە کراونەتــەوە و هەنــدێکیان بــە خــەرجیی حکوومەت بوون.

کۆمەڵگــەی جوولەکــە، لــە ١٥٠ هــەزارەوە لــە ســەردەمی دووەم جــەنگی جیهانیدا، بۆ ٤٠٠ کەس دابـەزیوە. لـەم دواییـیەدا بەڵگـەی ئیعـدامکردنیان نییـە. کەنیشتەیەك (سیناگوگ) تائێستا لە بەغدا کراوەیە و کاری خۆی دەکات.

ت) ئازادیی هاتن و چوون لە سنووری وڵاتدا، سەفەر بۆ دەرەوە، کۆچ و گەڕانەوە بۆ وڵات:

عیراقیەکان، بەگشتی، بۆیان هەیە لە سنووری وڵاتدا سەفەر بکەن، شوێنی نیشتەجێبوون یا ئیش بگۆڕن. بەڵام لەوانەیشە پابەندی نەریتی کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئاینی بن، ئەم نەریتانە شوێنی پێکەوەژیانی گرووپە جیاجیاکانی ئاینی و ئەتنی دیاری دەکەن. ناوچە گرنگ و نزیکە سنوورەکان حیسابێکی تریان بۆ دەکرێ. وێستگەی پشکنینی پۆلیس لەسەر ئۆتۆبانەکان و دەروازەکانی شارەکان هەن. بەڵام عیراقی و بیانییە غەیرە دیپلۆماسیەکان بۆیان هەیە لە شوێنانی تری ناو عیراقدا بە ئازادی جموجووڵ بکەن.

هەڵمەتە سەختەکانی حکوومەت بۆ چەوساندنەوەی کوردە شۆڕشگێڕەکان، گواستنەوەی زۆرەملێ و بەرفراوانی گوندنشینەکان، سەدان هەزار کوردی لە مافی نیشتەجێبوون، بەپێی ئارەزووی خۆیان، بێبەش کردووە.ساڵی ١٩٨٧، لەوسایەوە کە حکوومەت بەرنامەی جێگۆڕکێی کوردەکانی خستووەتە مەیدان، نیو ملیۆن کورد لە زێدی باووباپیریان ڕیشەکێش کراون. لەبەر ئەوەی نەریتی کوردی بە قووڵی لە دەرەوەی شارەکاندا چەسپاوە، چۆڵکردنی دێهاتەکان و تەختکردنیان کارێکیماڵوێرانکەریان کردووەتە سەر هەموو ئەو قوربانیانە.

هەموو ئەو بیانیانەی وا زیاتر لە ٣٠ ڕۆژ لە عیراق دەمێننەوە و هەموو عیراقییەکیش کە دەیەوێ سەفەر بکات، پێویستە مۆڵەتی چوونەدەرەوەی وڵات وەربگرێ. سەفەر لە مانگی ئەیلوولی ١٩٨٦ەوە بە توندی سنووردار کراوە، ئەمەیش هاوکاتی یاسای بەستنەوەی ئاڵوگۆڕی دراو بوو. ئەم یاساغکارییە ساڵی ١٩٨٩ کەمێك ئاسانکاریی بەرامبەر کرا، بە شێوەیەك کە هەر عیراقییەك بۆی هەبێ هەزار دینار (٣,٢٢٠ دۆلار) لە کاتی سەفەریدا بگۆڕێتەوە. لەبەر ئەو تەنگژەیەی وا بەهۆی جەنگ و پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە، بەسەر ئابووری عیراقدا، هات، سەفەری

دەرەوەی وڵات سنووردار کراو تەنها کەمە "هەڵبژاردەیەك" مۆڵەتی سەفەریان پێدراوە، لەوانە کاربەدەستە ڕەسمییە حکوومیەکان، بازرگانەکان، قوتابیانی سەر بە حکوومەت و ئەو کەسانەی کە پێویستیان بە چارەسەری پزیشکی لە دەرەوەی وڵات هەیە. ١٩٨٩ تەوقی سەفەر لەسەر ئەو دایك یا باوکەی کە وەچەکەی لە دەرەوە دەخوێنێ یا کار دەکات، سووکتر کرا.

لەکاتێکدا مۆڵەت بە نەخۆش دەدرێ لە هەندەران چارەسەر بکرێ، مەرج نییە مۆڵەتی پارەگۆڕینەوەی پێبدرێ. ئەو کەسەی کە دەیەوێ بۆ چارەسەر بچێتە ئەمریکا، دەبێ دۆستێکی ئەمریکی یا خزمێکی لە ئەمریکاوە، لە ڕێگەی باڵوێزخانەی عیراقییەوە لە واشینگتۆن، گرێبەستی دە هەزار دۆلاریی (بەلای کەمەوە) بۆ ڕەوانە بکات، ئەوسا مۆڵەتی بەجێهێشتنی عیراقی دەدرێتێ. حکوومەتی عیراق، گەلێ جار، ئەو وڵاتانەی کە عیراقیەکان بۆیان هەیە سەریان لێ بدەن، دیاریی کردوون. ئەگەر عیراقییەك سەر لە وڵاتێکی یاساغکراو بدات، ئەوە لەکاتی گەڕانەوەیدا، سزایەکی سووك دەدرێ. ئەو عیراقییەی کە لە وڵاتێکی تر دەژی و دەگەڕێتەوە بۆ عیراق، حکوومەتی عیراق کاتێ مۆڵەتی چوونە دەرەوەی دەداتێ کە بیسەلمێنێ پێش دەستپێکردنی جەنگ عیراقی بەجێهێشتبێ. ژنی مێردار بۆی نییە، بەبێ جەختی مێردەکەی، سەفەر بکات.

حکوومەتی عیراق دەتوانێ داوای کەفالەتنامەیەك لەو کەسانەی وا سەفەری دەرەوەی وڵات دەکەن، بکات بۆ مسۆگەرکردنی گەڕانەوەیان بۆ عیراق. ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش RCC، مەرسوومێکی لە ساڵی ١٩٨٧دا دەرکرد، تێیدا هاتووە؛ ئەو قوتابییەی کە لە دەرەوە دەخوێنێ و دواتر ناگەڕێتەوە بۆ عیراق، پێویستە هەموو ئەو خەرجییانەی حکوومەت بداتەوە کە لەناوەو دەرەوەی وڵات، بۆ کاری خوێندن و پەروەردەی کێشاونی. ئەم مەرسوومە ئەوانە دەگرێتەوە کە لە ڕۆژی ١٦ی مایسی ١٩٨٣وە خوێندیان تەواو کردووە و نەگەڕاونەتەوە. لەم ڕۆژەدا بڕیارێك دەرچوو کە دەڵێ ئەو کارمەندەی وا

دەیەوێ واز لە پۆستی حکوومی بێنێ، دەبێ لانی کەم بیست ساڵ خزمەتی کردبێ، بەم خزمەتە قەرەبووی ئەوە دەکاتەوە کە حکوومەت لە ساڵانی قوتابخانەدا بۆی خەرج کردووە. ئەگەرنا، ئەوە دەسەڵات بۆی هەیە دەست بەسەر ماڵیدا بگرێ، یا بەرامبەر بەو خەرجییە بیخاتە بەندیخانە. هەر قوتابییەك کە ڕوو لە دەرەوە دەکات بۆ خوێندن، دەبێ کەفالەتی ئەوە بدات کە دەگەڕێتەوە. کەفیل و دایك و باوکی قوتابی بەرپرسیار دەبن، ئەگەر قوتابیەکە نەگەڕێتەوە.

قەدەغەکردنی تایبەت لەسەر کۆچکردن ، سنووردارکردنی تایبەتیش لەسەر گرووپە کەمایەتیەکان نییە، بەڵام کۆچکردن کارێکی پەسندکراوە. لەم چەند ساڵەی ڕابوردوودا، ئەوانەی کە مۆڵەتی کۆچکردنیان پێ درابوو، بە زۆری هاوسەری (ژنی) ئەو عیراقیانەن کە مێردەکانیان لە دەرەوە دەژین و ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتە تازانەیان وەرگرتووە. ئەوانەیش کە بەم شێوەیە کۆچ دەکەن، زۆر درەنگ مۆڵەتیان دەدەنێ و هەراسانیشیان دەکەن، پێش ئەوەی سەفەر بکەن. زۆرێك لە کۆچکەران، ماڵو سامانی خۆیان بە ناچاری بەجێدێڵن، چونکە ناردنە دەرەوە لە عیراقەوە زۆر زەحمەتە. وێڕای ئەمە، پارەگۆڕینەوە تاوانکارییە بەرامبەر بە ئاسایشی نیشتمانی و لەوانەیە ببێتە هۆی سزادان.

هاوسەرگیریەکانی هاووڵاتیە عیراقیەکان، دوای ئەوەی پێنج ساڵ بەسەر جێگیربوونیاندا لە عیراق تێدەپەڕێ، مەرجە داوای ڕەگەزنامەی عیراقی بکەن، ئەگەرنا، ئەوە دەبێ عیراق بەجێبهێڵن. کەسانێکی زۆر، ئەمریکیشیان تێدایە، بەم جۆرە ناچار کراون بەعیراقیبوون ڕازی ببن و دوچاری تەنگژە و کۆسپ و چەڵەمەی سەفەرکردن ببنەوە. ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش RCC، لە نەورۆزی ١٩٨٤دا، ماوەی مانەوەی لە عیراق بۆ مەبەستی ڕەگەزنامە، کەم کردەوە بۆ یەك ساڵ، بەتایبەتی بۆ ئەو هاوسەرانەی کە لە دەزگایەکی ڕەسمیی عیراقیدا کار دەکەن. هاوسەری هاووڵاتیی عیراقی، دوچاری سزادان دەبێتەوە،

بنکەی ژین www.zheen.org

ئەگەر سەرپێچیی لە یاسای بەعیراقیبوون کرد. سزاکە بریتییە لە نزیکەی دە هەزار دۆلار و دەرکردن لەسەرکارو جیرۆکردنەوەی ئەو پارەیە کە لە خوێندنیدا بۆی خەرج کراوە.

جووت ڕەگەزنامەیی، لە عیراقدا، پەسند ناکرێ. زۆر عیراقیی "جووت ڕەگەزنامە" هەن، بەتایبەتی ئەو منداڵانەی وا لە باوکی عیراقی و دایکی غەیرە عیراقین، ڕێگەیان پێنەدراوە عیراق بەجێبهێڵن و سەر لە وڵاتی ڕەگەزنامەی دووەم بدەن. حکوومەت، لەم ساڵانەی دواییدا، هانی گەڕانەوەی خاوەنی بڕوانامەکان و شارەزا و ئەزموونداره‌کانی دا. هەڵگری ڕەگەزنامەی تر، ئەوانەی بە ڕەچەڵەك عیراقین، دەتوانن داوای بەڵگەنامەیەك بکەن، کە لەکاتی دەستکەوتنیدا، چیدی پێویستیی بە ڤیزای چوونە ناوەوەی عیراق و چوونە دەرەوە نابێ.

خەڵکانی تر، کە بە ئەسڵ عیراقین، بۆیان هەیە بگەڕێنەوە، ئەوانەیش دەگرێتەوە کە چوونەتە وڵاتێکی تر و داوای پەنابەرییان کردووە. ژمارەیەك لەم جۆرە خەڵکانە، بەتایبەتی مەسیحییە ئاسووریەکان، بۆ سەردانی کاتی گەڕانەوە، ئازادن بۆ ئەوەی بێن و بڕۆن، یاسا ڕێگەیان لێ ناگرێ، بە مەرجێك کارێکیان نەکردبێ یاسای عیراقیی پێشێل کردبێ. بە هەرحاڵ، ئەوانەی لە دەستپێکردنی جەنگدا کۆچیان کردووە، بۆیان نەبوە عیراق بەجێ بهێڵنەوە، چەندین عیراقی کە مافی نیشتەجێبوونی لە ئەمریکا هەبوو، بەم شێوەیە تووش بوون.

حکوومەت، لە مانگی ئەیلوول و نۆڤەمبەری ١٩٨٨ و مانگی شوبات و مارتی ١٩٨٩دا، جاڕی بۆ لێبوردنی کوردەکان دا، ئەو کوردانەی کە –بۆ هەر هۆیەك بێ– عیراقیان بەجێهێشتبوو. نزیکەی ٢٠٠٠ پەنابەر کە لە تورکیا بوون، خۆبەخۆ گەڕانەوە بۆ عیراق*.

---

* جێی بەبیرهێنانەوەیە، لە بەڵگەنامەیەکی تر باسی فشاری تورکەکان دەکات بۆ ئەوەی کوردە پەنابەرەکان، دژ بە ئیرادەی خۆیان بگەڕێنەوە بۆ عیراق. [وەرگێڕ]

بەشی ٣

ڕێزگرتن لە مافە سیاسیەکان: مافی هاووڵاتی لە گۆڕینی حکوومەتەکەیدا:

عیراقیەکان توانای ئـەوەیان نییـە حکوومەتەکـەیان لـە ڕێگـەی ئاشـتیانەوە بگۆڕن. سەرۆك سەدام حوسێن و ئەنجومەنی سـەرکردایەتیی شـۆڕش، لـە ڕێگـەی حیزبی بەعسەوە حوکمی عیراق دەکەن؛ دەوترێ یەك ملیۆن و نیو لایەنگری هەیە، ئەمەیش نزیکە سەدی نۆی دانیشتوانی عیراق دەکات.

جگـە لـە بـەعس، دوو پـارتی بـچکۆلەی تـر هـەن کـە ڕێگـەی کارکردنیـان پێدراوە، هەردوکیان کوردن. ئەم دووانە لەگەڵ پارتی بەعسدا؛ بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتووخواز پێك دێنن، ئەم بەرەیە لە گەوهەردا بووەتـە عەرەبانـەی پاڵپـشت بۆ حکوومەت. ئەنـدامانی سـوپا و هێـزە ئەمنیـەکان، لـە چـالاکی سیاسـیدا تـەنها بۆیان هەیە ئەندامی پارتی بەعس بن. هاوکـاریکردن (بەبـەعسیبـوون) نـاکرێ بـە مەرج بۆ ئەوەی لـە پۆسـتی بـاڵای حکوومیـدا کـار بکـەی یـا پلـەی بـەرزی سـوپا وەربگری، یان خۆت بۆ ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران (پەرلـەمان) بپـاڵێوی، بـەڵام ئاساییە کە دەبێ پشتگیریی سیاسیت هـەبێ. گرووپـەکانی ئۆپۆزسـیۆن، لەوانـە گرووپـــە کوردیـــە جۆراوجۆرەکـــان و پارتـــە بـــچووکەکان، زۆر بەتونـــدی دەچەوسێنرێنەوە. پارتی کۆمۆنیست لە بەرە دەرکراو سـاڵی ١٩٧٩ بـە ناشـەرعی لەقەڵەم درا. ڕێکخراوی دەعوە کە گرووپێکی شیعەی توندوتیژە، قەدەغـە کـراوەو ئەندامـــەکانی بـــەرەوڕووی گـــەمارۆدان و گـــرتن و کوشـــتن دەبنـــەوە، تۆمـــەتی سەرەکیش ئەوەیە کە ئەمانە سەر بە ئێرانن. پلانـەکانی حکوومـەت بـۆ ڕێگـەدانی یاسایی بە حیزبە سیاسییە بەرهەڵستەکان، لـە سـاڵی ١٩٨٨دا دەرچـووە، ئێـستا ١٩٨٩یە و هێشتا کاری پێنەکراوە.

هەڵبژاردنی گشتی بۆ ٢٥٠ کورسیی ئەنجومەنی نیشتمانی لە مانگی نیساندا ئەنجام درا. ئەم ئەنجومەنە لە ڕووی تیۆرییەوە ئەرکێکی بـەرفراوانی هەیـە، بـەڵام دەسەڵاتێکی زۆر بچووکی دراوەتێ. زۆرینـەی ئـەو نۆسـەد کەسـەی وا خۆیـان بـۆ

بنکەی ژین www.zheen.org

ئەنجومەن پاڵاوتبوو، سەربەخۆ بوون، بەڵام هەموویان پشتگیریی سیاسەتەکانی حکوومەتیان دەکرد. هەڵبژاردن بە دەنگدانی نهێنی بوو، بەڵام لە جاران کراوەتر بوو، هەندێ لە ئەندامانی سەرکردەی بەعس دۆڕاندیان.

هەڵبژاردنی ئەنجومەنی یاسادانان بۆ ناوچەی حوکمی ئۆتۆنۆمیی کوردی کە دوو ساڵ جارێك دەکرێ، لە ئەیلوولی ١٩٨٩دا ئەنجام درایەوە. هەر هەموو ١٧٤ پاڵوراوەکە لە ٣ پارتە ڕێگەپێدراوەکە و سەربەخۆکان بوون و دەبوایە هەمان مەرجی پاڵێوراوە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقیان تێدا بوایە. ئەنجومەنی یاسادانانی کوردی هیچ دەسەڵاتێکی ئەوتۆی پێنەبەخشراوە.

کۆمیتەیەکی شارەزاکان، لە ئۆکتۆبەری ١٩٨٩دا، ڕەشنووسێکی بۆ دەستووری تازە دارشت، تاکوو جێی دەستوورەکەی ١٩٧٠ بگرێتەوە. کاربەدەستانی ڕەسمیی عیراقی دووپاتیان دەکردەوە کە ئەم دەستووره تازەیە بایەخێکی زیاتر بە ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ دەدات. بە هەرحاڵ، ئەم دەستووره هێشتا نەکەوتووەتە ئاراوە، گوایە لەبەردەمی سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشدایە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

### ڕاپۆرتەکانی وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکان لەبابەت چەندوچۆنی مافەکانی مرۆڤەوە لە عیراق بۆ ساڵی ١٩٨٨

عیراق بە کردەوە دەوڵەتی یەك حیزبە، لەلایەن حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستییەوە حوکم دەکرێ. حیزبەکەیش (ABSP) دەکەوێتە ژێر ڕکێفی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش (RCC)، ئەم دەزگایە هەردوو کاری یاسادانان و جێبەجێکردن، بەپێی دەستووری کاتیی ١٩٦٨، بەڕێوە دەبات. سەدام حوسێن دەسەڵاتێکی یەکلاییکەرەوەی گرتووەتە دەست، بۆ خۆی سەرۆکی کۆمارە، سەرۆکی ئەنجومەنە، ئەمینداری گشتیی سەرکردایەتیی وڵاتی ABSPیە. دوو پارتی تر هەن، کاریان ئەوەیە پشتگیریی حکوومەت بکەن.

جەماوەری عیراق، بە تەنگەتاوی هەندێ گرووپیان پێك هێناوە، لەوانە؛ گرووپی شیعە و سوننە عەرەبەکان، کوردەکان، تورکمانەکان و مەسیحیەکان کە بە زۆری سەر بە ئاینزای ئاسووری و کلدانن.

سوپای عیراقی قەبەیە و باش مەشق دراوە، هەندێ بەشی ئەم سوپایە کاری ڕاگرتنی ئاسایشی گرتووەتە ئەستۆ، لەوانە؛ جاشەکان کە کوردن و بەرپرسیی ئاسایشی ناوچەی هەرێمی ئۆتۆنۆمیی کوردییان خستووەتە سەر شان. پۆلیسی نیشتمانی، ئەرکی ڕێکخستنی کاروباری مەدەنی دەبینێ. هێزە هەواڵگریەکانیش دژ بەو کەسانە کار دەکەن کە دەیانەوێ حاڵوباری ڕژێم بشێوێنن، دەسەڵاتی ئەمانە بێسنوورە، لە ئەشکەنجەوە بیگرە تا ئیعدامکردن.

حکوومەت دەسەڵاتێکی بەرزی بەسەر ئابووریی وڵاتدا هەیە، ئەمە بە زۆری بەندە بە داهاتی نەوتەوە. ڕژێم دەستی گرتووە بەسەر هەموو دەزگا گرنگەکاندا؛ لەوانە پەترۆڵ و بانقەکان. کەرتەکانی کشتوکاڵی و گەشتوگوزاری و دەزگا خزمەتگوزاریەکان، کەوتوونەتە بەر هەڵمەتی بوونە کەرتی تایبەت. حکوومەت لەنزیکەوە کۆنترۆڵی چالاکیيە ئابووریەکان دەکات، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەوڵی ڕاکێشانی شارەزا و سەرمایە دەدات بۆ گەشەدان بە دەرفەتی بەرەودان بە سەرمایەخستنەوە. تۆماری دڕاندانەی پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن حکوومەتی عیراقەوە، بە هەمان ئاستی ناپەسند، هاتە نێو ساڵی ١٩٨٨. مافە سیاسیەکان و ئازادیی تاك بە تەسکی و سنوورداری مانەوە. هەواڵەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە زۆری بە کۆنترۆڵی حکوومەتەوە بڵاو دەکرێنەوە و سانسۆر دەکرێن. لەپاڵ ئەمانەیشدا، فشاری چەوسێنەرەوەی ناوخۆ بە هەمان ئاستی دەستپێکی جەنگ ماوەتەوە و دوای ئاگربەستی جەنگ گۆڕان و ئاسانکاریی بەسەردا نەهات. ئەم چەوساندنەوەیە فەرمانێك دەگرێتەوە، حوکمی ئیعدام بەسەر ئەو کەسانەدا دەسەپێنێ کە پێگەی عەسکەری، سیاسی و ئابووری زەرەرمەند دەکەن. تەنگژەی ئازادیی سەفەر بۆ دەرەوەی وڵات، وەك ڕۆژانی جەنگ ماوەتەوە.

بەرچاوترین ڕووداوی ساڵی ١٩٨٨، ئەو پێشێلکارییەی مافەکانی مرۆڤە کاتێك سوپای عیراق هەڵی کوتایە سەر شۆڕشی کورد کە ڕۆژانێکی دوورودرێژ دژ بە حکوومەتی عیراق بەرپا بووە. دوابەدوای ئاگربەستی بیستی مانگی ئاب، هێزە چەکدارەکانی عیراق پەلاماری کوردەکانیان دا و بە شێوەیەکی زەق و بەرچاو چەکی کیمیاییان دژ بە گەریلاکان و مەدەنیەکانیش بەکار هێنا. ئەم کیمیابارانە ئاماژەدانێك بوو بەو پلانەی کە حکوومەت لە ساڵی ١٩٨٧دا دایڕشتبوو بۆ وێرانکردنی شارۆچکە و گوندەکان لە ناوچە کوردیەکانی باکووری عیراق و ڕاگواستنی زۆرەملێی نزیکەی نیو ملیون کورد و ئاسووری بۆ ئەو جێگایانەی کە دەکەونە ژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتی حکوومەت. وێڕای ئەمانە، ڕاپۆرتی (پشت ڕاست نەکراوە)، هەیە کە بە دەیان هەزاران کورد گواستراونەتەوە بۆ دەرەوەی ناوچە کوردیە ناسراوەکانی باکووری عیراق*.

ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ

لقی ١– ڕێزگرتن لە سەروەریی تاکە کەس، کە ئەم خاڵانە دەگرێتە خۆی:

ئـ) کوشتنی سیاسی:

ئیعدامکردن، ساڵانێکە بووەتە مێتۆدێکی چروپڕ بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە وا دەردەکەون نەیاری سیاسی و عەسکەریی حکوومەت بن، بەتایبەتی ئەندامانی ڕێکخراوی دەعوە ((موسڵمانی شیعەی ئوسووڵین، گرووپێکن سەر بە ئێرانن و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا سەرقاڵی کاری تیرۆرن)).

حکوومەتی عیراق بەوە تاوانبار دەکرێ کە نەیارە سیاسیەکانی پاکتاو دەکات، ئەم کارانەیش لە بریتانیا* و سوودان ڕوویان داوە. لە حاڵەتی سوودان؛ قوربانیەکە

* تا ئێستا، نە لە نزیك نە لە دوور باسی پرۆسەکانی ئەنفال نەهاتووەتە گۆڕێ. [وەرگێڕ]

* لەبەر ئەوەی حاڵەتی بریتانیا باس نەکراوە و خوێنەرانی ئەم بابەتە حەز بەزانینی هەموو ڕاستیەکان دەکەن، قوربانیی یەکەم عەبدولڕەزاق نایف بوو کە لەبەردەم ئوتێلی هیڵتۆن

یەکێك بوو لە پێشەواکانی ئەنجومەنی بەرزی شۆڕشی ئیسلامیی عیراق کە لە تاران نیشتەجێ بوو و پەیوەندیی گەرمیشی لەگەڵ ڕێکخراوی دەعوەدا هەبوو.

هەوڵو تەقەلای توندوتیژی حکوومەتی عیراق بۆ تێکشکاندنی شۆڕشی کورد لە باکووری عیراق، بوو بە هۆی کوژرانی نزیکەی هەشت هەزار کەس –بەپێی سەرچاوە کوردیەکان زۆربەیان مەدەنی بوون. هێزە چەکدارەکانی عیراق، بە شێوەیەکی نایاسایی، کیمیابارانی چڕوپڕی نیشانە عەسکەریەکان و مەدەنیەکانی کورد کرد. لە میانەی شەڕی ١٦ی ئازاری ١٩٨٨ی پاسەوانەکانی شۆڕشی ئێران و هێزە عیراقیەکاندا، نزیکی شاری (هەڵەبجە)ی باکووری عیراق ڕووی دا، نزیکەی ٦٠٠ بۆ ٣٠٠٠ کەس بەر کیمیابارانی عیراقی کەوتن و گیانیان لەدەست دا.

ویلایەتە یەکگرتوەکان بە توندی ئیدانەی ئەم کارەی کرد بە سەرپێچی لە پرۆتۆکۆلی ساڵی ١٩٢٥ی جنێڤی لە قەڵەم دا کە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی قەدەغە دەکات و عیراق بۆ خۆی بەشداریی لەم پرۆتۆکۆلەدا کردووە. شایانی باسە، هێزە ئێرانیەکانیش لە هەمان پێکداداندا چەکی کیمیایییان بەکارهێناوە. گەلێ تیپی نێو دەوڵەتی، بە تیپی نەتەوە یەکگرتوەکان و کۆمەڵی پزیشکی بەلجیکییەوە، سەریان لە هەڵەبجە داو جەختیان لەسەر ئەو کردەوەیە کە چەکی کیمیایی لە شەڕدا بەکار هاتووە. دووجار ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان، لە ساڵی ١٩٨٨دا، ئیدانەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاییی لە جەنگی ئێران– عیراقدا کرد.

---

بەدەستی سەعدوون شاکر (سەردەمێك وەزیری ناوخۆی ڕژێم) و ئەفسەرێکی هەواڵگری عیراقیی بە ڕەگەز فەلەستینی کوژرا. یەکەمیان سەر بە هەواڵگری خودی بریتانیا بوو، هەرچەندە گیرایش، بەڵام بەبێ موحاکەمەی دەموودەست نێردرایەوە بۆ عیراق. دووەم د. ئەیاد عەلاوییە کە ئێستا بەرەی تەوافوقی هەیە، لە لەندەن تووشی شالاوی "أبوطبر" بوو. هەموو ڕۆژنامەکانی بریتانیا لەسەر ئەوە ڕێك کەوتبوون کە بە کوژراو ناوی بەرن. وەلێ بە برینداری ڕزگاری بوو. [وەرگێڕ]

هەر ئەوەندەی پێکدادانی نێوان ئێران و عیراق لە مانگی ئابدا ڕاگیرا، هێزە چەکدارەکانی عیراق پەلاماری چەکدارە کوردەکانیان دا. ئەو هێزانەی وا لە سەنگەری بەرامبەری ئێراندا بوون، گوێزرانەوە بۆ شەڕی دێهاتە کوردیەکان، بە بیانووی ئەوەی وا شۆڕشگێڕان لە گوندەکاندا خۆیان حەشار دەدەن.

مانگی ئاب بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك، ئەم چەکە دژ بە کوردەکان بەکار هێنرا، دەستاودەست، نزیکەی شەست هەزار کورد ناچار بوون بەرەو تورکیا هەڵبێن. ڕۆژی ٨ی ئەیلوولی ١٩٨٨، وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکان جاڕی ئەوەی دا: بەڵگەی یەکلاییکەرەوەی پێگەیشتووە کە هێزە عیراقیەکان چەکی نایاساییی کیمیایی دژ بە کوردەکان بەکار دێنن و ئەم کارەیشی بە توندی مەحکووم کرد. لەو ساتەوە، چەند گرووپێك — کە کارمەندی ئەنجومەنی پیران و پزیشکی شارەزا «بە یاوەریی تاقیگەی خاكوخۆڵی بریتانی»ی تێدا بوو، سەری لە ناوچەکە داو جەختی لەسەر بەکارهێنانی ئەم چەکە کردەوە. عیراقیەکانیش لەلای خۆیانەوە نکوولییان لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی کرد.

ڕاپۆرتی ساڵی ١٩٨٨ی ئەمنیستی ئینتەرناسیوناڵ باسی بارودۆخی عیراق لە ساڵی ١٩٨٧دا دەکات و دەڵێ: حەڤدە منداڵی کورد کە تەمەنیان ١٤–١٧ ساڵ دەبوو، مانگی نۆڤەمبەرو دیسەمبەری ١٩٨٧ ئیعدام کران. هەروەها ئەمنیستی لە دەرمانخواردکردنی نەیارە کوردەکان دەدوێ کە مانگی نۆڤەمبەری هەمان ساڵ لەلایەن هێزە ئەمنیەکانی عیراقەوە ئەنجام دراوە.

ب. بێسەروشوێنکردن:

کۆچکردوەکانی عیراق ئەو ڕاپۆرتەیان پێشنیار کردووە کە چەندین کەس، بە تایبەتی لە نێوان ئەوانەی وا هێزە ئەمنیەکان بە تۆمەتی ڕووخاندنی ڕژێم گرتبوونی، دیار نەماون. شۆڕشگێڕانی کورد ناوبەناو ئیشکەرو بازرگانی بیانی دەفڕێنن*.

* چەکدارە کوردەکان تائێستا ئازاری هیچ بارمتەیەکی بیانییان نەداوە. [وەرگێڕ]

ئەمنیستی لە ڕاپۆرتەکەی ۱۹۸۸یدا، تێبینیی ئەوە دەکات کە ژمارەیەکی زۆری خەڵك سەرنگوم کران و مەترسیی ئەوە لەئارادایە کە زۆریان کوژرا بن.

پ) ئەشکەنجە و مامەڵە و سزادانی دڵڕەقانە و نامرۆییانە و سووکایەتی پێکردن:

دەستووری عیراق ئەشکەنجەدان یاساغ دەکات و سزایەکی قورسی ئەوانە دەدات کە ئەنجامی دەدەن. حکوومەتی عیراقی هەمیشە نکوولی لە ئەشکەنجەدان دەکات. وەلێ ڕاپۆرتە بڕواپێکراوەکان ئەوە ئاشکرا دەکەن کە هەردوو شێوەی ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی، بەتایبەتی لەلایەن پۆلیسی ئاسایشەوە، کراون. حکوومەتی عیراقی و دەزگاکانی ئاسایش هێندە بەزەبروزەنگ حوکمی وڵات دەکەن، ستەمە بەبێ ئاگاداریی کاربەدەستانی بەرز کاری ئەشکەنجەدان ئەنجام بدرێ.

وەك گرووپە کۆچکردووەکان و بەندکراوە ئازادکراوەکان دەیگێڕنەوە، ئەو بەندەی کە بکەوێتە بەردەستی پۆلیسی ئاسایش و تۆمەتی تاوانی سیاسی یا پەیوەندیدار بە کێشەی ئاسایشەوەی لەسەر بێ، بە زۆری ئەشکەنجە دەدرێ و سووکایەتیی پێدەکرێ.

www.zheen.org

مێتۆدەکانی ئازاردان لەلایەن هێزە ئەمنیەکانەوە، بە زۆری بۆ ناچارکردنی ددانپێدانان (ئیعتیراف)، یا بۆ دەرهێنانی زانیاری لەبابەت هاوڕێکانیەوەن. ئازاردان بە مستەکۆڵە، کێبڵ، تەزووی کارەبادان لە ئەندامی زاووزێ و شوێنی ناسکی تری لەش، دەرهێنانی نینۆکی پەنجەی دەست و قاچ و ئازاردانی دەروونی ئەنجام دەدرێ. ئەمنیستی لە ڕاپۆرەکەیدا باسی ئەوەیش دەکات کە حکوومەتی عیراقی هەمیشە حاشا لەم ئەشکەنجەدانە دەکات، ئەگەرچی بە بەڵگەی پزیشکیشەوە بۆیان بسەلمێندرێ. هەر لەم سۆنگەیەوە، حکوومەتی عیراقی هیچ بەدواداچوونێکی نەکردووە بۆ ئەوەی ڕاستیەکانی لەبارەوە بزانێ، یا هەوڵی موحاکەمەکردنی ئەوانە بدات کە ئەم کارانەیان لێوەشاوەتەوە.

AI له هه‌مان ڕاپۆرتدا، ده‌ڵێ: ئه‌شکه‌نجه‌دان له عیراقدا هه‌ر به‌رده‌وامه و هێزه‌کانی ئاسایش وازیان له‌م مێتۆدانه نه‌هێناوه. له ڕاپۆرته‌که‌دا هاتووه، به‌ندکراوه سیاسیه‌کان ئه‌شکه‌نجه دراون و ئاسه‌واره‌که‌یشی به له‌شیانه‌وه دیاره. لاشه‌ی ٢٩ گه‌نجی ئیعدامکراو، هه‌مان ئاسه‌وار به لاشه‌کانیانه‌وه دیاره و پێش کوشتنیان، ئه‌شکه‌نجه دراون و دادگایشیان به چاوی خۆیان نه‌بینیوه. ئه‌م قوربانیانه له‌نێوان ئه‌و ٣٠٠ منداڵ و گه‌نجانه‌دا بوون که ساڵی ١٩٨٥ گیران.

ت) گیران و به‌ندکردنی هه‌رچیوپه‌رچیانه‌و کۆچکردن

ده‌ستوور خاوه‌نی نیشانه‌یه‌کی تایبه‌ته بۆ پاراستنی مافه‌کانی هاووڵاتی دژ به پشکنینی هێزه پۆلیسیه‌کان و ڕاگیرکردن (ته‌وقیف) و به‌ندکردنیان. ئه‌م کۆده یاساییانه، به‌گشتی له تاوانه ئاساییه‌کاندا په‌یڕه‌و ده‌کرێن، به‌ڵام سه‌نگێکی ئه‌وتۆیان له دۆخی کێشه سیاسیه‌کان و کێشه‌کانی ئاسایشی نیشتمانیدا نامێنێ. پۆلیسه‌کانی ئاسایش، نه‌ك ته‌نها هه‌ڕه‌مه‌کیانه خه‌ڵك ده‌گرن، به‌ڵکوو به نهێنیش گومانلێکراوه‌کان ڕاپێچ ده‌که‌ن و که‌سیش پێیان نازانێ تا ئه‌وکاته‌ی ئیعدامیان ده‌که‌ن. تۆمه‌ته‌کانی ئاسایش بریتین له؛ سیخوڕی، خیانه‌تکاری، پیلانگێڕان دژ به عیراق، جاروباریش ده‌ست تێکه‌ڵکردن له‌گه‌ڵ ناحه‌زاندا که ته‌نانه‌ت ناویشیان نابرێ.

حکوومه‌ت، وه‌ك به‌شێك له هه‌ڵمه‌تی کۆتاییهێنان به شۆڕشی کورد و دابینکردنی پشتێنه‌یه‌کی زامنکراو به درێژیی سنووری باکووری عیراق، به‌رده‌وامه له‌سه‌ر سیاسه‌تی گواستنه‌وه‌ی زۆره‌ملێی چه‌ندین هه‌زار کورد. له‌کاتێکدا زۆربه‌ی ئه‌م ده‌رکراوانه له‌ناو یا نزیکی شاره کۆنترۆڵکراوه‌کاندا جێگیر ده‌کرێن، هه‌ندێ ڕاپۆرت وا ڕاده‌گه‌یێنن که به‌شێك له‌مانه له ناوچه غه‌یره کوردیه‌کاندا، ناوچه‌کانی تری عیراق، ده‌ربه‌ده‌ر کراون. مه‌به‌ستی سه‌ره‌کیی ئه‌م هه‌ڵمه‌ته کاولکردنی گونده‌کانی کورد بوو. ئه‌و دێهاتانه‌ی تورکمان و مه‌سیحیه‌کان که ده‌که‌وتنه سه‌ر هێڵی پێکدادان، ئه‌وانیش وێران ده‌کران.

عێراق لـه ڕابـوردوودا، ژمارەیـەك ئێرانیـی لـه عـیراق دەردەپەڕانـد و ڕەوانـەی ئێرانـی دەکـردن، بەشـێك لەمانـه عیراقـی بـه ڕەچـەڵەك ئێرانـی بـوون. ئـەم دیـوی سنوورکردنه له سـەرەتای سـاڵەکانی هەشـتادا ڕاگـیرا، بـەڵام هێـشتا زۆربـەی زۆری ئێرانیەکان دەخرانه بەندیخانەوە، یا له سـایەی مەترسـیی دەکـردن یـا زیندانکردنـدا دەژیان. هاوسەری (ژن یا مێـرد)ی ئێرانـی، دەبوایـه یـا یـەکتریان تـەڵاق بدایـە، یـان دوچاری هەمان چارەنووس ببوونایە. وێڕای ئەمانه، ئـەو عیراقیانـەی کـه باپیرەیـان ((وا دەردەکەوێ)) عیراقی نـەبوون، تووشـی گـرتن و دەربـەدەرکردن دەبـن. گرووپـە مەسیحیەکان له ویلایەته یەکگرتوەکان، ساڵی ١٩٨٧ وایان ڕاگەیاند کـه ژمارەیـەکی زۆری ئاسووری، بەپێی ئەم یاسایە، ئاودیوی سـنووری تورکیـا کـران. سـەبارەت بـه کارکردنی زۆرەملێ یا ناچاری، بڕوانه ((لقی ٦، بەندی (ت)ی ئەم یاسایە)).

ج) بێبەشبوون له دادگای عادیلانەو کراوە:

بەپێی یاسای عیراقی، لێکۆڵینـەوە لەلایـەن پۆلیسەوە دەسـت پـێدەکـات و دەدرێتە دادوەری لێکۆڵینەوە، پـێدەچێ ئەویش ڕەوانـەی دادگـای جـەزای بکـات. دادوەرێك موحاکەمەی تاوانبار دەکـات، دەسـتـەی سـوێندخواران (هیئـة المحلفـین) لـەئارادا نییـە. بڕیاری تاوانبـارکردن، لەسـەر داوای حوکمـدراو، ڕەوانـەی دادگـای تەمیز دەکرێ. تاوانه گەورەکان دەکەونه بەردەمی دادگای بەرزی تەمیز.

موحاکەمەکردنی ئەو حاڵەتانەی وا پەیوەندییان به بـاری ئاسایشەوە نییـە، ئەرکی دادگا مەدەنیەکان و ئاینیەکانه، به کراوەیی بەڕێوە دەچـن. پـارێزەر بـۆی هەیە ئامادە بێ. پـارێزەری تایبـەت هەیـە بـۆ ئـەو کەسـانەی کـه نـاتوانن پـارەی پـارێزەر دابـین بکـەن. بڕیـاری دادگـا قـابیلی پێداچـوونەوە و هەڵوەشـاندنەوەیە لەلایەن دادگای تەمیزەوە. وەلێ ئەم دادگایه ناتوانێ له بڕیاری دادگاکـانی شـۆڕش ورد ببێتەوە، چونکه ئەمانه مامەڵـه لەگـەڵ سـیخوڕی و خیانـەت و قاچاخـچێتی و بازرگـانیی مـادە هۆشـبەرەکان –بـه نهێنـی– دەکـەن. پـارێزەرانیش بۆیـان نییـە توخنی ئەم دادگایە بکەون.

دادگا تایبەتـەکان، کـە لـە ئەنجومـەنی سـەرکردایەتیی شـۆڕش بـۆ حاڵەتـە تایبەتەکانی وەك پیلانگێڕان بۆ ڕووخاندنی ڕژێم –بۆ نموونـە موحاکەمەکـەی سـاڵی ١٩٧٩، بە هەمان شێوە داخراون و ناکەونـە بـەر هـیچ یاسـاو بەنـدێکی دەسـتووری. تاوانبارکراوەکـان هـیچ جـۆرە مـافێکی خۆپارێزییـان نییـە، لـە زیندانـە تاکـە کەسیەکاندا، بە دابڕاوی incommunicato لەژێر ئازارو ئێشدا دوچـاری ددانپێدانان دەکرێن. سکاڵانامە تـەنها بـۆ سـەرۆکی ئەنجومـەنی سـەرکردایەتیی شـۆڕش –واتـە سەدام حوسێن– دەنێردرێ. بەڵام لێرەدا پرسیارێك دێتـە ئـاراوە ! ئایـا تاوانبارەکـە فریای سکاڵاکردن دەکەوێ، یا سزاکەی دەمودەست جێبەجێ دەکرێ؟

زۆرن ئـەو چـالاکیانەی وا ئەگـەر لـە هـەر کەسـێك بوەشـێنەوە، بـە نـەیاری سیاسیی ڕژێم لەقەڵـەم بـدرێ، لـەم حاڵەتانـەدا گـرتنو زینـدانیکردن بـە داخـراوی ئـەنجام دەدرێـن. لێـرەوە ئـەوە ڕوون دەبێتـەوە کـە مەحاڵـە ژمـارەی بەنـدکراوە سیاسـیەکان بزانـرێ. ڕاپۆرتەکـەی سـاڵی ١٩٨٨ی ئەمنیـستیی نێودەوڵـەتی AI، ژمـارەی بەنـدکراوەکان «بـە تۆمـەتی سیاسـی» بـە هـەزاران لەقەڵـەم دەدا و گرتنیشیان بە شێوەیەکی بێسەرەوبەرە وەسف دەکات.

چ) دەستێوەردانی هەرچیوپەرچیانە لە تایبەتمەندیەکانی خـۆیی، خێزانـی، خانەوادە و پەیوەندیی نووسین و نامەگۆڕینەوەدا:

دەسـتوور پاراسـتنی سـەروەریی مـاڵی دابـین کـردووە، بـەها بـەهێزەکانی کولتووریش، دەچنە پاڵ ئەم پاراستنەی دەستوور. پۆلیس دەبێ مۆڵەتی پشکنین لە حاکم وەربگرێ، پێش ئەوەی پێ بنێتە ناو ماڵی گومانلێکراو. ئەگەر گومانەکـە پەیوەندیی بە ئاسایشەوە هـەبوو، ئـەوە پێویـست بـە مۆڵـەت ناکـات. هەرچـەندە زۆربەی قۆڵبەستکردنەکان لە دەرەوەی ماڵەوە دەکرێن، بەڵام هێـشتا ڕاپۆرتـەکان وا دەگەیێنن کە بە بـەکارهێنانی هێـز هەڵکوتراوەتـە سـەر مـاڵان و گـرتن لەلایـەن پۆلیـسەوە ئـەنجام دراوە. نموونـەی ئـەم جـۆرە حاڵەتانـە لـە شـاڵاوی گرتنـی ئەندامەکانی ڕێکخراوی دەعوەدا زۆرن. کاتێکیش هەڵمەتی دژ بە شۆڕشـگێڕەکانی



بنکەی ژین
www.zheen.org

کورد تەشەنەی کرد، هێزەکانی حکومەتی عیراقی بە ڕێژەیەکی بەرفراوان پەلاماری خانووبەرەی کوردەکانی لە شارۆچکەکاندا داو کەوتنە گرتن و ڕاگواستن.

یاسا، بە هیچ شێوەیەك تایبەتمەندیی پەیوەندیی تەلەفۆنیی هاووڵاتیان ناپارێزێ، زۆربەی عیراقیەکانیش لەم ڕاستییە ئاگادارن. هەموو نامەیەکی پۆستە بە کۆنترۆڵی سانسۆردا تێدەپەڕێ. هێزە ئەمنیەکان و دەزگاکانی حیزبی بەعس تۆڕی بەرفراوانی بەکرێگیراوان دەگرنە خۆیان.

لقی ٢ ڕێزگرتن لە ئازادییە مەدەنیەکان، وەکوو:

ئـ) ئازادیی ڕادەربڕین و ڕاگەیاندن:

ئەم ئازادیانە ڕێزلێنەگیراون. دەستوور: «هەموو کردارێك قەدەغە دەکات کە یەکێتیی نیشتمانی تێك دەدات و هەستی نەژادی و مەزهەبی و ناوچەیی دەورووژێنێ، یا زەرەر بە دەسکەوت و بەرهەمەکانی وڵات دەگەیەنێ. حکوومەتیش لە ئاستی خۆیەوە نەیاری سیاسی بە هەڕەشەی سەر ئاسایش دادەنێ و بە چڕوپڕی کۆنترۆڵی ئاخافتن و زانیاریەکانی ڕاگەیاندن و چالاکیەکانی کۆمەڵگە دەکات. حکومەت خاوەنداریێتیی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەگەری دەکات و سانسۆریشی بۆ داناون. ڕاگەیاندن، بە هیچ شێوەیەك ڕەخنە لە حکوومەت ناگرێ و هەواڵەکانی دەنگوباس هەمیشە بەلای حکوومەتدا دای دەتاشن. گوێ لە ڕاو بۆچوونی ئۆپۆزسۆن ناگیرێ. زۆر کەمن ئەو گۆڤارە وەرزییە بیانیانەی کە دەگەنە عیراق، نابێ ڕۆژنامە ڕۆژئاواییەکان لە عیراق بفرۆشرێن. ئەگەر میوانە بیانیەکان ڕۆژنامە، گۆڤار، کاسێت، کامێرا و کاسێتی ڤیدۆ لەگەڵ خۆیاندا بهێنن، ئەوە لە فڕۆکەخانە گل دەدرێنەوە. ئامێرەکانی چاپ و فۆتۆکۆپی تۆمار دەکرێن، بۆ ئەوەی بەیاننامە و چاپەمەنیی سیاسی بڵاو نەکرێنەوە.

وێنەگرتنی سەربازگەکان و تەلارە حکوومەتیەکان قەدەغەیە، نابێ لە نزیکی شوێنە گرنگەکانیشەوە وێنە بگیرێ، ئەوەی ئەم کارانە بکات، دوچاری سزاو

بەندیخانە دەبێ. ئەو ڕۆژنامەنووس و وێنەگرانەی وا بانگ دەکرێن بۆ عێراق، پێویستە لەسەریان ئەو فلیمانەی کە لە عێراق گرتوویانە، بیخەنە بەردەست دەسەڵاتەکانی پشکنین.

ب) ئازادیی کۆبوونەوە و کۆڕبەستنی ئاشتیخوازانە:

ئەم جۆرە ئازادیانە بەتەواوی سنووردار کراون. کۆبوونەوەی جەماوەری، تەنها دەبێ بەهۆی دەزگاکانی حکوومەت و حیزبی بەعسەوە ساز بکرێ.

کۆبوونەوە، ئەگەر بۆ کاری ئاینی نەبێ، یا خۆپیشاندان بەبێ ڕەزامەندیی حکوومەت، ئەنجامی سەرکوتکردنێکی توندوتیژ و زیندانیکردنیان لێدەکەوێتەوە. ڕێکخراوە پیشەییەکان (سەندیکاکان)، هەموو دەکەونە ژێر باڵی نووسینگەی پیشەییی ناوەندیی حیزبی بەعس.

پ) ئازادیی ئاینی:

گەلی عیراق کۆمەڵگەیەکی ئاینی و ئەتنیی هەمەڕەنگە. بە هەرحاڵ، خەڵکێکی زۆری غەیرە ئیسلام، بە زۆری جوولەکە و مەسیحی، عیراقیان لە ساتەوەختی ڕژێمەکانی پێشوودا بەجێهێشت. ئەوەتی بەعسیەکان لە ساڵی ١٩٦٨وە حوکمی عێراق دەکەن، بەوردی کۆنترۆڵی گرووپە ئاینیەکان دەکەن، بەڵام هەڵکردن و پێکەوەژیانی گرووپە ئاینیەکانی بەزۆر چەسپاندووە. حکوومەت دەیەوێ لەپێناوی گەشەسەندنی عەلمانیی ناسیۆنالیزمدا، جیاوازییە ئاینیەکان بشارێتەوە.

یاسایەکی ساڵی ١٩٨١، ڕێگەی بە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی دا یاساو ڕێسای تایبەت بۆ بەڕێوەبردنی شۆێنەکانی خواپەرستی دابنێ، پیاوی دینی دابمەزرێنێ، بکەوێتە چاودێریی ئەدەبیاتی ئاینی و بەشداری لە ئەنجومەنەکان و کۆبوونەوەکانیاندا بکات. پێشەوا ئاینیەکانی ئیسلام دەکەونە ناو چنگی توندوتۆڵی حکوومەت، حیسابی کارمەندی حکوومەتییان بۆ دەکرێ و مووچەیان دەدرێنێ، حکوومەت ئیدارەی شوێنە پیرۆزەکان و مزگەوتەکان بەڕێوە دەبات،

بنکەی ژین
www.zheen.org

دەرماڵەی تازەکردنەوە و دەستپێداهێنانی بۆ زیاد کردوون، ئەمەیش بەشێکە لە هەڵەکانیان بۆ دابینکردنی پشتیگریی ئەم جۆرە دەزگایانە.

حکوومەتی عیراقی، لە ساڵی ١٩٨١وە، بە ئاشکرا دەستوەردەداتە کاروباری ئاینی ئیسلامەوە و دەسەڵاتێکی بەهێزی چەسپاندووە، بەڵام هیچ یاسایەکی دژ بە ئاینی مەسیحیی دەر نەکردووە. ژمارەی مەسیحیەکانی عیراق دەگاتە نیو ملیۆن، ئەمە دەکاتە سەدی چواری دانیشتوانی عیراق. خواپەرستی لە کڵێسەکاندا بە ئازادی جێبەجێ دەبێ و پارێزراوە، وەلێ بۆیان نییە لە دەرەوەی کەڵێسە کۆببنەوە یان دابمەزرێنن. خەڵوەتگە و پەرستگەی گۆشەگیری ڕێگەیان پێدراوە، هەندێ کڵێسەی تازە دروست کراون، حکوومەتیش بە بڕێ پارە بەشداریی کردووە. وا زانراوە ژمارەی جوولەکە پێش دووەم جەنگی جیهانی ١٥ هەزار کەس بووە و ئێستا چوارسەد کەسیان لە هەموو عیراقدا ماوە، لە ڕابوردوودا بەتوندی سەرکوت دەکران*، ئێستا بەڵگەی چەوساندنەوەی جوولەکە لەئارادا نییە و کەنیشتەیەك Synagogue لە بەغدا کراوەیە و لەکاردایە.

ت) ئازادیی هاتن و چوون لە ناوەوەی وڵاتدا، سەفەر بۆ دەرەوە، کۆچکردن و ناردنەوەی بەزۆر.

عیراقیەکان بۆیان هەیە بە ئازادی لەناو عیراقدا سەفەر بکەن و شوێنی نیشتەجێ و ئیشەکانیان بگۆڕن**. هەرچۆنێك بێ، هۆکارەکانی کۆمەڵایەتی و

---

* جگە لە ناردنی زۆرەملێی جوولەکە بۆ ئیسرائیل لە کاتی دامەزراندنی ئەم دەوڵەتەدا ساڵی ١٩٤٨دا، لەلایەن هیچ حکوومەتێکی عیراقییەوە توندوتیژییان بەرامبەر نەکراوە، تا ئەوکاتەی بەعسیەکان لە ١٩٦٨دا حوکمی بەغدایان گرتەدەست و پۆل پۆل جوولەکەیان لە جادەکانی بەغدادا بە تۆمەتی سیخوڕی هەڵدەواسی، مەبەست تۆقاندنی گەلانی عیراق بوو. [وەرگێڕ]

** جێگەی داخە باس لەو ڕاستییە نەکراوە کە کورد لە ناوچە بەعەرەبکراوەکاندا هەر ئەوەیان بۆ ماوەتەوە دەربەدەر بکرێن و شوێنەکانیان داگیر بکرێ و لەسەر کار لابرێن. ئەگەر دەرفەتی ژیانیان درابێتێ، ئەوە دەسەڵات شوێنی جێگیربوونیانی دیاری کردووە.[وەرگێڕ]



بنکەی ژین www.zheen.org

کولتووری و ئاینی ڕۆڵ دەبینین لەوەدا کە چ گرووپێکی ئاینی یا ئاینزایی لەکوێدا بژی.

شوێنە گرنگەکان و نزیک بە سنوورەکان، جیاوازن. مەدەنی بۆی نییە جموجووڵ لە ناوچەکانی جەنگدا بکات. بڕیاری قەدەغەکردنی چوونە دەرەوە لە ماڵو هاتوچۆ، لەو شوێنانەی وا چالاکیی شۆڕشی کوردیان تێدایە، لە ئارادایە. وێستگەی پشکنینی پۆلیس لەسەر شاڕێ (ئاوتۆبانەکان) و دەروازەی شارە گرنگەکاندا قووت کراونەتەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا زۆربەی عیراقیەکان و بیانیەکان بۆیان هەیە لە شوێنە ئازادەکاندا هاتوچۆ بکەن.

هەڵمەتی سەختی حکوومەت بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕشی کورد و گواستنەوەی زۆرەملێی خەڵکی دێهاتەکان، یاسای ئازادیی نیشتەجێبوونی سەدان هەزار کوردی پووچەڵ کردووەتەوە. بەرنامەی جێگیرکردنی زۆرەملێی دانیشتوانی گوندەکانی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٧دا جێبەجێ کرا. ساڵی ١٩٨٨، بەهۆی ئەم بەرنامەیەوە ٢٥٠ هەزار– ٣٠٠ هەزار کورد ناچار کران زێدی خۆیان بەجێ بهێڵن و بگوازنەوە بۆ ئەو شوێنانەی وا حکوومەت بۆی دیاری کردوون، ژمارەیەکی زۆریش بۆ خۆیان ماڵوحاڵی خۆیان بەجێهێشتووە و ڕوویان کردووەتە شارەکان. بە کۆ: نیو ملیۆن کەس لە ماڵی خۆیان هەڵکەندران. لەبەرئەوەی کولتووری کوردی نەریتێکە لە لادێکاندا گۆش کراوە، ئەم ڕاگواستنە زۆرەملێیە کاردانەوەی زیانبەخشی گەورەی لێ کەوتەوە.

هەموو عیراقییەك و هەموو ((بیانیەك کە زۆرتر لە دوو هەفتە لە عیراق دەمێنێتەوە))، دەبێ ڤیزای چوونە دەرەوەی عیراق پێش سەفەرکردن وەربگرێ. ئازادیی سەفەر لە ئەیلوولی ١٩٨٦وە بە توندی سنووردارتر کراوە، پارە گۆڕینەوەیش بە هەمان شێوە. هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نابووتبوونەی ئابووریی وڵات کە کاتی جەگ بەخۆیەوە بینی. مۆڵەتی سەفەر بۆ دەرەوەی عیراق تەنها بۆ جۆرە کەسانێکە: بەرپرسە حکوومیەکان، ئەو قوتابیانەی وا بەلای

حکوومەتــەوە پەسـند کـراون و ئـەو کەسـانەی کـە بـۆ چارەسـەری نەخۆشـی پێویستییان بە سەفەری دەرەوە هەیە؛ ئەمانە هەموو بۆیان هەیە بڕە پارەیەکی کەم بە ڕەسمی بگۆڕنەوە. حکوومەت لە هەوڵی ئەوەدایە ژمارەی ئەو وڵاتانەی کە عیراقیەکان سەفەریان بۆ بکەن، سنووردار بکات. ئەگەر عیراقییەك سەفەری وڵاتی ڕێگەپێنەدراوی کرد، ئەوا تووشی جەزادانێکی هاکەزایی دەبێ. ئەو عیراقیانەی کە لە دەرەوەی وڵات دەژین و سەر لە عیراق دەدەنەوە، تەنها کاتێ بۆیان هەیە لە عیراق بچنە دەرەوە ئەگەر سەلماندیان پێش دەستپێکردنی جەنگی عیراق — ئێران چوونەتە دەرەوە. بەگشتی، ئافرەتی شووکردوو تەنها بە جەختی مێردەکەی دەتوانێ سەفەر بکات.

حکوومەت دەتوانێ گرێبەستێك بە هەندێ ڕێبوار ئیمزا بکات* بۆ ئەوەی گەڕانەوەی مسۆگەر ببێ. ئەو قوتابییەی کە لە دەرەوە دەخوێنێ و دواتر ناگەڕێتەوە، بەپێی فەرمانی سەرکردایەتیی شۆڕش، دەبێ قەربووی هەموو ئەو خەرجییانەی حکوومەت بکاتەوە کە لە پرۆسەی پەروەردەکردنیدا لە ناوەو دەرەوەی عیراق بۆی خەرج کردوون. مەرسوومەکە ئەوانەیش دەگرێتەوە کە لە ڕۆژی دەرکردنیەوە، لە ١٦ی مایسی ١٩٨٣وە، نەیانویستووە بگەڕێنەوە بۆ عیراق. هەر ئەم بڕیارەیش بوو، کە ئەو کارمەندانەی وا پۆستەکانیان بەجێ دێڵن و بیست ساڵ خزمەتیان نەکردووە، ناچاری کردن خەرجیی خوێندن و پەروەردە جیرۆ بکەنەوە. ڕێی تێدەچێ موڵك و ماڵی ئەوانە کە ناتوانن پارەکە بگەڕێننەوە، دەستیان بەسەردا بگیرێ. بەلایەکی تریشدا زینداکردن لەئارادایە. هەموو قوتابییەك پێش ئەوەی سەفەر بکات بۆ خوێندن، دەبێ کەسێك بکاتە کەفیل. نەگەڕانەوە کەفیل و دایك و باوك بەرپرسیار دەکات.

مۆڵەتی کۆچکردن، نە بۆ سەرجەمی عیراقیەکان، نە بۆ ئەندامانی کەمایەتیەکان سنووردار نەکراوە، وەلێ ئەم کارە پەسند نییە. ئەم چەند ساڵەی

* باس نەکراوە چ داوای ئەم گرێبەستەی دەکرێ، پێدەچێ گومانلێکراو بێ. [وەرگێڕ]

ڕابوردوو، به زۆری مۆڵەت بەوانە درا کە بۆ هاوسەرگیری کۆچ دەکەن بۆ ئەو وڵاتانەی وا هاوسەرەکانیانی لێ جێگیر بوون و ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتەیان بەدەستهێناوە. بەشێك لەم داواکاریانە بەرەورووی کاری ڕۆتینی دوورودرێژ و هەراسانکردن بوونەوە، زۆریشیان بە ناچاری ماڵومولکی خۆیان بەجێهێشت، چونکە نەیانتوانی دراو بنێرن بۆ دەرەوەی وڵات. سەرپێچیکردن لە یاسای دراوگۆڕینەوە "Currency exchang" بە تاوانکاری بەرامبەر بە ئاسایشی نیشتمانی دەژمێردرێ و سزای قورسی لێ دەکەوێتەوە.

هاوسەری بیانیی عیراقیەکان و ئەو کەسانەی کە بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە عیراق نیشتەجێ بوون، دەبێ ببنە هاوولاتیی عیراقی، ئەگەرنا، پێویستە عیراق بەجێ بهێڵن. کەسانێکی زۆر کە ئەمریکیشیان تێدایە، بەم شێوەیە ناچار کران ڕەگەزنامەی عیراقی قبووڵ بکەن و بکەونە ژێر ڕکێفی یاساکانی سنووردارکردنی سەفەر. مەرسوومێکی ئەنجومەنی سەرکرایەتیی شۆڕش RCC لە مانگی ئازاری ١٩٨٤دا دەرچوو؛ مەرجی ڕەگەزنامەی لە پێنج ساڵەوە بۆ یەك ساڵ، بۆ ئەو هاوسەرانەی کە بە ڕەسمی لە عیراق کار دەکەن، کەم کردەوە. خۆ ئەگەر هاتوو هاوسەرێك ئەم پێشنیارەی ڕەت کردەوە، ئەوە دەکەوێتە ژێر باری نزیکەی دە هەزار دۆلار جەزاو لەدەستچوونی کارەکەی و قەرەبوودانەوەی ئەو برە پارەیەی وا بۆ خوێندنی خەرج کراوە. عیراق ((جووت ڕەگەزنامە Dual Nationlity)) پەسند ناکات. ژمارەیەکی زۆر لەم جووت ڕەگەزنامانە، بەتایبەتی ئەو زارۆکانەی کە لە باوکێك یا دایکێکی عیراقین، مافی سەفەری دەرەوەیان لێ یاساغ کراوە و نەشیان توانیوە سەردانی وڵاتی ڕەگەزنامەکەیان بکەن.

حکوومەت، لەم ساڵانەی دواییدا پرۆگرامێکی تایبەت بە هاندانی پرۆفیشناڵە لێهاتوەکان، خاوەنی بڕوانامەکان و ئاسانکاریی گەڕانەوەیانی بۆ عیراق، دانا. ئەوانەی بە ڕەچەڵەك عیراقین و لە هەندەران دەژین، بۆیان هەیە جۆرە بەڵگەنامەیەك لە دەزگا عیراقیەکانەوە وەربگرن، بۆ ئەوەی بەبێ ڤیزا سەر لە

عیراق بدەن و بەبێ مۆڵەتیش لە عیراقەوە بگەڕێنەوە. ئەوانەی لەوەوپێش عیراقی بوون، دەتوانن زۆر ئاسانتر وەك لە بیانیەکانی تر ڤیزای سەردانی عیراق وەربگرن، چونکە بیانی کەفیلی دەوێ.

خەڵکانی تریش کە بە ئەسڵ عیراقین، دەتوانن مۆڵەتی گەڕانەوە بۆ عیراق وەربگرن، بەو کەسانەیشەوە کە چوونەتە وڵاتی ترو داوای پەنابەرییان کردووە. چەند کەسێك لەمانە، بەتایبەتی ئاسووریەکان، لەسەر بنەمای ڤیزای کاتی، گەڕانەوە بۆ عیراق. ئەمانە لە چوونو هاتندا لە سنووری یاسای سەفەردا ئازادن، بە مەرجێك یاساکانی عیراقیان پێشێل نەکردبێ. بە هەرحاڵ، ئەوانەی دوای دەستپێکی جەنگی ئێران- عیراق وڵاتیان بەجێهێشتووە، ناتوانن جارێکی تر لە عیراق بچنە دەرەوە. چەند کەسێك لەوانەی وا مافی نیشتەجێبوونی هەمیشەییی ئەمریکایان هەبوو، گەڕانەوە بۆ عیراق و لەوێ ڕێگەی گەڕانەوەیان لێ گیرا.

ڕاپۆرتەکانی نۆڤەمبەری ١٩٨٧ی ئەمنیستی ئینتەرناسیۆناڵ باسی ئەو لێبوردنەی عیراق دەکەن کە: ((ئەو کەسانە دەگرێتەوە وا لە هەندەران دەژین و تۆمەتبار کراون یا گومانلێکراون کە تاوانی سیاسی یان ئیجرامییان ئەنجام داوە. نەزانراوە ئایا هیچ کەسێك تائێستا کەڵکی لەم لێبوردنە وەرگرتبێ!))

حکوومەت، لە مانگی ئەیلوولدا، جاڕی لێبوردنێکی بۆ ئەو کوردانە دەرکرد کە لە شاڵاوەکەی ئابدا عیراقیان بەجێهێشت. نزیکەی ١٤٠٠ کەس لە پەنابەرەکانی کامپەکانی تورکیا کەڵکیان لەم بڕیارە وەرگرت و گەڕانەوە* بۆ عیراق.

لقی ٣- ڕێزگرتن لە مافە سیاسیەکان:

مافی هاووڵاتی بۆ گۆڕینی حکوومەت:

---

* شایانی بەبیرهێنانەوەیە کە لە بەڵگەنامەیەکی تردا ژمارەی گەڕاوەکان بە دووسەد هەزار کەس مەزەندە کراوە، یا حکوومەتی تورکی- بە گەڵێ ئامراز و ڕێوشوێن دژی ئیرادەی خۆیان ناچاری گەڕاندنەوەی کردوون. [وەرگێڕ]

لە عیراق، هاوولاتیان مافی ئەوەیان نییە حکوومەت بگۆڕن. حیزبی بەعس، بە ئەندامە دەستڕۆیشتوەکانیەوە، دەکەونە ژێر دەستی سەرۆك و سەرکردایەتیی وڵاتی عیراق کە حوکمی ئەم وڵاتە دەکەن. وا ڕاپۆرت دراوە کە ئەم حیزبە یەك ملیۆن و نیو لایەنگری هەیە. ئەم ژمارەیە دەکاتە سەدی دەی دانیشتوانی عیراق؛ وەلێ لەمانە تەنها پەنجا هەزاریان چالاکن، یا ئەندامی تەواون، واتە ۰,۳۳٪ی ژمارەی دانیشتوانی عیراق بە لێبڕاوییەوە بەشداریی چالاکیەکانی حیزبی بەعس دەکات. دوو پارتی سیاسیی تریش ڕێگە پێدراون، هەردوکیان کوردین. ئەمان و حیزبی بەعس بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتووخواز پێك دێنن. ئەم بەرەیەیش (عەرەبانەی پاڵپشتی) حکوومەتە. ئەم دوو پارتە کوردییە گچکەن و خاوەنی چالاکییەکی سنووردارن. ستافی سوپا و هێزەکانی ئاسایش مۆڵەتی چالاکیی سیاسییان هەیە، بەلام تەنها لە چوارچێوەی حیزبی بەعسدا. پۆستی بالای حکوومی، پلەی بەرزی سوپا و کاندیدەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی، مەرجی هاوکاریی حیزبی بەعسیان لەسەر نییە، بەلام دەبێ پشتگیریی بەرپرسە دەستڕۆیشتوەکانیان لەپاڵدا بێ.

بنکەی ژین
www.zheen.org

گرووپەکانی ئۆپۆزسیۆن، بە گرووپە کوردیەکان و ئەو پارتانەیشەوە کەوا جیا بوونەتەوە، زۆر بەتوندی سەرکوت دەکرێن. پارتی کۆمۆنیستی عیراقی لە بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتووخواز دەرکراو ساڵی ۱۹۷۹ جاڕی ناشەرعیەتی بڵاو کرایەوە. ڕێکخراوی دەعوە کە گرووپێکی نەیاری شیعەی توندڕەوی سەر بە ئێرانن، ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە هەمیشە لە بەر مەترسیی گرتن و کوشتندان. حاڵی ئەندامەکانی گرووپەکانی تری سەر بە ئێران لەمان باشتر نییە. حکوومەت، مانگی نۆڤەمبەر، جاڕی ڕێگەدانی بە دامەزراندنی پارتی ئۆپۆزسیۆن دا. هەرچۆنێك بێ، لەوە ناچێ ئەمە کارێکی گرنگ بکاتە سەر حاڵوباری حکوومەت.

دوا دەنگدانی گشتی لە ساڵی ١٩٨٤دا، بۆ هەڵبژاردنی ٢٥٠ ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی، کرا. حکوومەت هەموو پاڵێوراوەکانی خستبوە بەر تیشکی هەڵسەنگاندن، تا بزانرێ پەیڕەوی ئایدیۆلۆجیای حیزبی بەعس دەکەن یا نا. هەرچەندە، ئەم ئەنجومەنە — لە ڕووی تیورییەوە— شان دەداتە بەر ئەرکێکی ڕەسمیی بەرفراوان، وەلێ لە واقیعدا هیچ دەسەڵاتێکی پێ نەبەخشراوە. تازەترین هەڵبژاردن ساڵی ١٩٨٦ لە هەرێمی ئۆتۆنۆمیی کوردەکان هاتە دی. لەبەر ئەوەی ماوەی ئەنجومەنی نیشتمانی (بەغدا) بەسەر چووە، نیاز وایە ئەنجومەنی تازە لە یەکی مارسی ساڵی ١٩٨٩دا هەڵبژێردرێ.

لقی ٤- هەڵوێستی حکوومی سەبارەت بە لێکۆڵینەوەی دەزگا نێودەوڵەتیەکان و ناحکوومیەکان لە بەڵگەکانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە عیراق:

عیراق بەردەوام نکوولی لەوە دەکات کە مافەکانی مرۆڤی پێشێل کردبێ. کاربەدەستانی ڕەسمیی عیراق دەڵێن: گوایە ئەمنیستی ئینتەرناسیۆناڵ، لە نووسینی ڕاپۆرتەکانیدا پشتی بە تۆمەتەکانی گرووپە کوردیەکان و گرووپەکانی سەر بە ئێران، کە لە لەندەن و پاریس دەژین، بەستووە.

ئەمنیستی لە ڕاپۆرتەکەی ١٩٨٨یدا باسی ئەوە دەکات کە دەسەڵاتی عیراقی توانجی لە ڕاپۆرتەکانی ئەم ڕێکخراوە داوە و لە چەند حاڵەتێکیشدا بەدواداچوونی کردووە، بەڵام هەموو جارێک، لە دەرئەنجامدا پاساوی بۆ پێشێلکاریەکان هێناوەتەوە، بە عادیلانەیشی لەقەڵەم داون. عیراق ڕێگەی بە پشکنینی ئازاد نەداوە، ڕێگەی بە تیپی نەتەوە یەکگرتوەکانی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن عیراقەوە لە هەڵمەتی تێکشکاندنی شۆڕشی کورددا، نەداوە. عیراق سوورە لەسەر ئەوە کە هەرگیز چەکی کیمیایی بەکار نەهێناوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

هیچ ئۆفیسێك یا كارمەندێكی ڕەسمی لە عیراقدا دەستنیشان نەكراوە هاوكاری لەگەڵ ڕێكخراوە نێودەوڵەتیەكان و حكوومەتەكانی تردا بكات بۆ بەدواداچوونی تۆمەتەكانی پێشێلكردنی مافەكانی مرۆڤ لەم وڵاتە. عیراق هاوكاری لەگەڵ كۆمیتەی بەرزی پەنابەریی سەر بە نەتەوە یەكگرتوەكان "UNHCR" دەكات بۆ نیشتەجێكردنی پەنابەرە ئێرانیەكان لە وڵاتی سێهەمدا. ئەم كۆمیتەیە چەند جارێك شاندی خۆی بۆ عیراق ناردووە، بۆ هاوكاری لەم بوارەدا. نوێنەرێكی UNHCR لە نیسانی ١٩٨٨وە لە بەغدا كار دەكات.

لقی ٥– جیاوازیكردن لەسەر بنەمای ڕەگەز و توخم و ئاین و زمان و باری كۆمەلایەتی:

حیزبی بەعس، ئەوەتی لە ساڵی ١٩٦٨وە هاتووەتە سەر حوكم، سەرقاڵی یەكسانیی جێندەرە، كۆمەڵێ یاسای لەم ڕووەوە دەركردووە و باری ئافرەتی بەرەو باشی بردووە. ئافرەتان لە بێگاری پارێزراون، پشووی منالبوونی پالپشتكراویان دەدرێتێ. ڕێگەیان پێدراوە بچنە ناو سوپای نیزامی و سوپای جەماوەری (جەیش شەعبی) و هێزەكانی پۆلیس. ئافرەت، لە حالەتی تەلاقدان، موڵكداریی زەوی، بەرامبەر بە باج، دەنگدان و خۆپالاوتندا بۆ پەرلەمان، هەموو مافێكی هەیە. حكوومەت، لە ساڵەكانی حەفتاوە، یاسای سزادانی ئەو كەسانەی دەركردووە كە بەشداریی ئافرەت لە نەهێشتنی نەخوێندەواریدا قەدەغە دەكەن، یا ئافرەت هەراسان دەكەن* Harassment.

ئەمانە و كەچی ئافرەت هێشتا دەبێ بە مۆڵەتی مێردەكەی سەفەر بكات. خوێندنی كچان لە قوتابخانەكاندا بە ئاستێكی بەرچاو بەرز بووەتەوە؛ لە سەرەتاییەكاندا دەگاتە ڕێژەی ٤٥٪ ی كۆی قوتابیەكان و لە ناوەندی و دواناوەندیەكاندا دەگاتە ٣٦٪. ئەمە ئاماری ساڵی خوێندنی (١٩٨٥–١٩٨٦)ە.

* لێرەدا مەبەست لە بێزاركردنە لەڕووی سێكسەوە ((واتە گەڕپێكردنی جنسی)). [وەرگێڕ]

ئافرەتان، سەدی چلوحەوتی ئیشکەرانی کشتوکاڵی و چواریەکی سەرجەمی هێزی کرێکاری عیراق پێك دێنن. جەنگ، تینی دا بە حکوومەت بۆ ئەوەی باری ئافرەت بەرزتر بکاتەوە. بەلای گەلێ عیراقییەوە، حکوومەت زۆر تەگەرەی کولتووریی بەزاندووە و هەمان نەخشی پیاوی بە ژن بەخشیوە. پەیتا پەیتا ئافرەت دەبینرێ وەك میعماری و ئەندازیاری بیناسازی و نەوت و کۆنترۆڵکردنی ترافیکی فڕۆکە و بەڕێوەبردنی کارگە و سەرپەرشتیکردنی کێڵگە کشتوکاڵیەکان لەڕووی ئەندازەییەوە، کار دەکەن. ئێستا چەندین ئافرەت فڕۆکەوانن، فڕۆکەی جەنگ دەئاژۆن و چل هەزار ئافرەت خۆبەخشانە لە ساڵی ١٩٨٢ەوە چوونەتە سوپای میللییەوە.

بەکارهێنانی زمانی کەمایەتیەکان ئاستەنگە. کوردی، زمانێکی ڕەسمییە، لە قوتابخانەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ناوچە کوردیەکاندا بەکار دێت. تورکمان، بڵاوکراوەیان بە زمانی تورکی هەیە. شیعە کە نزیکەی ٥٥٪ی دانیشتوانی عیراق پێك دێنن، دەرفەتی سیاسیی باشیان لەڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە، لە عیراق و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بۆ نەڕەخساوە. حکوومەت سیاسەتی ئەوەی خستە ڕوو کە دەیەوێ ئەمانیش ئاستی گوزەرانیان بەرز بێتەوە و دەرفەتی یەکسانی ئابووری و پێشکەوتنیان بۆ بڕەخسێنرێ.

ماوەی چوار سەدەیە حوکمی عیراق کەوتووەتە بەر بازووی پتەوی کەمایەتیی سوننە. ئێستاکەیش عەرەبی سوننە کە تەنها ٢٠-٢٥ لە سەددای دانیشتوانی عیراق پێك دێنن، زاڵن بەسەر ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش و سەرکردایەتی وڵاتی عیراقی حیزبی بەعس و ئەنجوومەنی وەزیراندا. لەگەڵ ئەوەیشدا، هەندێ شیعە پۆستی بەرزیان هەیە و گوزارانی شیعە باشتر بووە. ئەمانە و حکوومەت بە وردی ئاگاداری ئەو هەوڵانەی ئێرانە کە دەیەوێ نارەزاییی شیعەکانی عیراق بقۆزێتەوە و بەکاری بێنێ، بەتایبەتی ئەو شیعانەی وا سەر بە مەرجەعی مەزهەبی ئێرانین.

هەرچەندە مەسیحیەکان جاروبار گلەیی لەوە دەکەن کە لە بواری پەروەردە و دۆزینەوەی ئیشدا جیاوازییان لەگەڵدا دەکرێ، لایەنگرانی ئەم ئاینە توانیویانە سامان و گەشەکردنی پیشەیی دەستەبەر بکەن. جێگری سەرۆك وەزیران کە پۆستی وەزیری دەرەوەیشی لە ئەستۆدایە، بۆ خۆی مەسیحیی کلدانییە، تەنانەت لە کۆنفرانسی وەزیرەکانی دەرەوەی دەوڵەتە ئیسلامیەکانیشدا نوێنەرایەتیی عێراق دەکات*. مەسیحی تر هەن خاوەنی پۆستی ڕەسمی و سەربەخۆی گرنگن. ئەو هاووڵاتیانەی کە بە ڕەچەڵەك بە ئێرانی دانراون، پێناسەی تایبەتیان بۆ کراوە و بە زۆری لە پۆستی پسەندکراو بێبەش دەکرێن و بەرزبوونەوە لە پۆستەکانیاندا مەحاڵە. گەلێك خێزانی (ئێرانی) زۆر لەمێژە لە عێراق دەژین، لەڕاستیدا ئێرانی نین، وەلێ خۆیان وا لەقەڵەم داوە، چونکە ویستوویانە بە سەرباز نەگیرێن بۆ سوپای عوسمانی.

بەندی شەش، مافەکانی کرێکار

ئـ) مافی دامەزراندنی یەکێتی (سەندیکا):

کرێکارانی پیشەسازی بەشێکی بەرچاوی کۆی گشتیی کرێکاران پێك ناهێنن، کرێکاران بە زۆری جووتیار و دووکاندار و کارگوزاری حکوومەتین. بەپێی یاسای سەندیکای بازرگانی کە لە دووی گەلاوێژی ١٩٧٨دا دەرچووە، سەندیکاکانی لە قەوارەیەکی تازەی یەکگرتوودا کۆ کردەوە. کرێکارانی پرۆژە تایبەتەکان و تێکەڵەکان، بۆیان هەیە لە ئەندامێتیی ئەم سەندیکایەدا ئازاد بن. وەلاّم کرێکارەکانی دەزگا ڕەسمیەکان ئەم ئازادییەیان لێ زەوت کراوە. ڕێکخراوێکی (شێوە چەتر) لە عێراق هەیە، هەموو یەکێتیەکانی کرێکاران دەگرێتە خۆی، پێی دەوترێ فیدراسیۆنی گشتیی سەندیکای کرێکارانی عێراق، ئەمەیش

* لێرەدا مەبەست "تاریق عەزیز"ە کە بەعسێتی نەبێ، خاوەنی هیچ پرنسیپێك نەبوە، نە خاوەن ئاین بووە و نە مەزهەب. کلدانییەکەی ئەم، زیاتر لە کوردایەتیەکەی تەها جەزراوی دەچێ. [وەرگێڕ]

لەخۆیدا یەکێکە لە دەزگاکانی حیزبی بەعسی حوکمڕان و ئەرکی سەرەکیی ئەوەیە ئایدۆلۆجیای بەعس لەناو کرێکاراندا بڵاو بکاتەوە. لەلایەکی ترەوە، ئەم فیدراسیۆنە ئەندامی فیدراسیۆنی وڵاتە عەرەبیەکان و وڵاتەکانی بلۆکی سۆشیالیستییە کە لەلایەن یەکێتیی سۆڤێتەوە کۆنترۆڵ کراون. ئەم فیدراسیۆنە لە سەندیکای سێ قوڵیی کرێکارانی عەرەبدا، کە بارەگاکەی لە بەغدایە، چالاکە.

هەرچەندە کرێکاران مافی یاسایییان هەیە مان بگرن، بەڵام ئەوە نزیکەی بیست ساڵە –لەوەتەی بەعسیەکان هاتوونەتە سەر حوکم– هیچ مانگرتنێك ڕووی نەداوە.

ب) مافی ڕێکخستن و داواکاریی بە کۆمەڵ:

مافی داواکاریی بەکۆمەڵ، تەنانەت پێش هەڵوەشاندنەوەی فیدراسیۆنی کرێکارانیش، لەئارادا نەبوە. یاسای کارو پەیڕەویکردنی، لە هەموو وڵاتدا یەك شێوەیە.

پ) قەدەغەکردنی کاری بێگاری و زۆرەملێیی:

بنکەی ژین
www.zheen.org

جەیشی شەعبی و میلیشیاکانی حیزبی بەعس، میتۆدی کاری ناچاری جێبەجێ دەکەن. بازنەی کۆنترۆڵ لە ڕێگەو بانەکاندا قوت دەکەنەوە و پیاوان ڕاپێچی ئیشکردن دەکەن، گەلێ جاریش ڕێگەیان پێناردێ کەسوکاریان ئاگادار بکەنەوە، چەند حەفتەیەك تێدەپەڕێ کەس نازانێ ئەم سوخرەکێشانە چییان لێ بەسەر هاتووە. سەرکردەکانی ئەم سوپایە، بە ئازادی لە گەلێ شوێن کاردەکەن‌و دەچن بۆ سەنگەرەکانی جەنگ، لە جێی فەرماندەکانی سوپای نیزامیدا چالاکی دەبینن، لە گۆڕەپانی ئاوەدانکردنەوەیشدا کار دەکەن. هەرچۆنێك بێ، حکوومەت لە ٣٠ی ئۆکتۆبەردا جاڕی ئەوەی دا کە جەیشی شەعبی چیدی چەکداری تازە ناگرێتە خۆی و ئەوانەیش کە ئێستا لە سەربازگەکاندان، بەرەڵا دەکرێن. لەو ڕۆژەوە هیچ بەڵگەیەك لە بابەت بەسەربازگرتنی تازەوە نەهاتووەتە گۆڕێ. هەنگاوی بەرچاویش لە ئارادایە کە ئەم سوپایە زۆر سنووردار دەکرێ.

ت) کەمترین تەمەن لە دامەزراندنی منداڵدا:

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وا باوە هانی منداڵان بدریّ بۆ ئیشکردن و یاریدەدانی خێزان. ئەم دیاردەیە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەسند کراوە. لەڕووی یاساوە، ئیش پێکردنی منداڵ لە هەموو دەزگاکاندا، جگە لە پرۆژە بچووکە خێزانیەکان، قەدەغەیە.

**پەنابەرە کوردەکان**

**ئەنجومەنی پیران**

**وتاری بەڕێز لیهای Mr. Leahy**

**١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٩١**

بەڕێز سەرۆك، لەکاتێکدا ڕۆژبەڕۆژ زیاتر ڕێی تیّدەچیّ جەنگ لە کەنداوی فارسیدا بقەومیّ، من حەز دەکەم سەرنج بۆ مەینەتی کوێرەوەریی گرووپێکی خەڵك ڕابکێشم، کە ڕابوردوو و ئێستای چەوساندنەوەیان بە دەستی سەدام حوسێن، لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئیدارەی سەرۆك بۆشەوە پشتگویّ خراوە.

ئەمڕۆ نزیکەی دوازدە هەزار پەنابەری کوردی عیراق لە کەمپە پۆخڵەکەی قزڵتەپەی تورکیا دەژین. ئەم کەمپە تەنها دە میل لە سنووری عیراقەوە دوورە. ئەمانە بەشێکن لەو ٣٠٠٠٠ سی هەزار پەنابەرە کوردەی نێو تورکیا، ئەمانە هەموو لەسەر هێڵی سنووری عیراق– تورکیا جێگیر کراون و گوندەکانی خۆیان، لە ترسی کیمیابارانی سەدام حوسێن، لە ١٩٨٨دا بەجیّهێشتووە.

هەرچەندە ئەم کردەوانەی سەدام، گەلیّ جار وەك هێما بەربەریەکانی ئەو کابرایە وەسف کراوە، هێشتا هەموو کارێکی سەرسەختانەی بەرامبەر بە کورد نەخراوەتە ڕوو، دێهاتەکانیان بە تانك تەخت و تاراج کردوون، خەڵکەکەیانی ئەشکەنجە داوە و بەکۆمەڵ کوشتوونی.

www.zheen.org

بـەڕێز سـەرۆك، كوردەكـان بەتـەواوی لـەیاد كـراون، لانـی كـەم پێـشەوا نێودەوڵەتیەكان پشتگوێیان خستوون. زیاتر لە ٢٠ ملیۆن كەس هێشتا لە وڵات و خاكی خۆیان ناژین. لەوە ڕاهاتوون، بۆ هەر كوێیەك بچن، تووشی كوشتار ببنەوە.

كـوردە پەنابـەرەكانی سـەر سـنووری عـیراق، دەكەونـە بـەر مەترسـییەكی گەورە، ئەگەر جارێكی تر ئاگری جەنگی كەنداوی فارسی كڵپەی سەندەوە. ئەمانە خزێنراونەتە ناو جۆرە كەمپێكەوە و لەسایەی لوولەی تفەنگدا دەژین و بۆیان نییە كەمپ بەجێ بهێڵن. ئەگەر جەنگەكـە ڕووی كـردە ئـەوان، ئـەوە هـیچ دەرفـەتێكی خۆپاراستنیان نییە.

سـێ سـاڵ لەمەوبـەر، ئیـدارەی بـۆش لـە ئاسـتی ڕشـتنی گـازی خەرتەلـە Mustard Gasدا بەسەر كوردەكاندا، لەلایەن سـەدام حوسـێنەوە، بـێدەنگ بـوو. من هانی ئیدارەی ئەمریكی و حكوومـەتی توركیـا و ئـەورووپای ڕۆژئـاواو كۆمیتـەی بـاڵای پەنابـەریی سـەر بـە نەتـەوە یـەكگرتوەكان دەدەم بـە هانـای ئـەم كـوردە نەپارێزراوانەوە بچن، بۆ ئەوەی جارێكی تر دوچاری هەمان چارەنووس نەبنەوە.

جەنابی سەرۆك، مـن داوای ڕەزامەنـدیی هـەمووتان دەكـەم وتـاری ((كـوردە لـەیادكراوەكان)) چـاپەمەنیی Burlington free Press تایـپ بكـرێ و بخرێتـە تۆمـاری ئەنجومەنـەوە. ئـەم وتـارە لـە ٢ كـانوونی دووەمـی سـاڵی ١٩٩١دا بـڵاو كرایەوە، ڕەزامەندی لەسەر تۆماركردنی دەرچوو.

ئەگەر تۆ قوربانیی دەستی سەدام حوسێن بی، باش وایە بیرە نەوتت هەبێ، باش وایە كوێتی بی نەك كورد. كاتێ سـەدام حوسـێن سـوپاكەی بەسـەر كوێـتدا داباراند، هەموو پێشەواكانی جیهان لە ترسـاندا كەوتنـە لـەرزین و ڕاسـتەوخۆ نیـو ملیۆن سەربازیان خستە ڕێ. سەرۆك بۆش هیتلەرێكی تازەی لە سـەدام حوسـێنی كۆنە هاوپەیمانیدا دۆزییەوە. شێخەكانی كوێت بە لیمۆزینەكانیانەوە گواسـتیانەوە بۆ سعوودیە و شانیان لێ داداو چاوەڕێی ڕزگاركردنیان دەكرد.

بنكەی ژین
www.zheen.org

کورد کۆنترۆڵی نەوتی لەژێر دەستدا نییە، کاتێ سەدام گازبارانی کردن و گوندەکانی لە باکووری عیراق تەخت کردن و خاکەکەیانی کردە بیابان، کەس بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدان، بگرە هیچ کەسێك گوێی نەدانێ. بەلای کوردەوە، ئەمە ئەزموونێکی تازە نەبوو. نزیکەی ١٧ ملیۆن کورد، گەلێکی ئیندۆ ئەورووپی پێك دێنن، بە ئاین ئیسلامن– لە دەشتە تەپوتۆزاویەکان و گردەکانی سەر سنووری عیراق، ئێران، سووریا و تورکیا پێکەوە دەژین.

کاتێ ئیمپراتۆریای عوسمانی، دوابەدوای جەنگی جیهانی هەرەسی هێنا، کورد بەڵێنی کوردستانێکی سەربەخۆی درایێ. لەجیاتی ئەمە، خاکەکەی ترنجێنرایە ناو ئەو چوار دەوڵەتە دراوسێیەو یەکێتیی سۆڤێت. زۆربەی ئەم دەوڵەتانە سەرقاڵی تێکدان و لەناوبردنی کولتووری کوردی بوون. حکوومەتی تورکی، کە نیوەی کوردەکان لە خاکەکەیدا دەژی، نکوولی لە بوونی کورد دەکات، ناوی ناون تورکە خاوییە تورکیا. بە کوردی دووان لەسەر جادەکانی تورکیا، زیندانیکردنی لێ دەکەوێتەوە.

گاڵتەجارییەکی زۆر سەیر رووی کردووەتە کورد، ئەو کوردەی وا لەدەست سەدام حوسێن و گازە ژەهراویەکانی هەڵدێ، ڕوو دەکاتە تورکیا. سەدام لە داخی ئەوەی کوردەکان لە جەنگدا لایەنگریی ئێرانیان کرد، بڕیاری داوە زۆربەیان قەڵاچۆ بکات. ((عیراقیەکان، لە ٢٨ی ئابی ١٩٨٨دا، دەستیان کرد بە بۆردومان و چەکی کیمیایییان بەسەر ٧٠ شوێندا ڕژاند. بۆ خۆم لەوێ بووم)). ئەمانە وتەکانی ئەکرەم مایی، یەکێك لە سەرکردەکانی کورد بوو، ئێستا لە ئەمریکایەو چاوەڕێی وەرگرتنی پاداشتی مافەکانی مرۆڤە.

ئەکرەم مایی لەسەری دەڕوات و دەڵێ: ((ڕەنگی گازەکە لەنێوان سپی و زەردد بوو، ئەمە ڕەنگی گازی خەرتەلەیە، بۆنی سیری لێ دەهات، بە هەزاران پیاو و ئافرەت و منداڵی کوشت. هەزار بە هەزاریش بەرەو تورکیا هەڵاتن)).

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئێستاکە ٣٠ هەزار پەنابەری کوردی دانیشتووی تورکیا، هەر هەموویان لە ٣ کامپی پەنابەریدا دەژین. تورکیا پێیان دەڵێ ((میوانەکان)) و ڕێگە نادات هیچ یارمەتییەکی نێودەوڵەتییان پێبگات. تورکیا، یارمەتیەکان بە ناوی ئەم میوانانەوە ڕەت دەکاتەوە. ئەم پەنابەرانە دوو ساڵە لە چادرو شوقەی ساکاردا دەژین، چەندین خێزان خزێنرایەونەتە یەك ژوورەوە. خواردن سادەیە، بەڵام قووت دەچێ. مایی دەڵێ: خوێندن قەدەغەیە و ڕێگە بە ئیشکردنیش نادرێ. بەپێی قسەی مایی؛ کورد خوازیاری ئۆتۆنۆمییە لە باکووری عیراق، ئەگەر هاتوو ئەمریکا سەدامی لەناو برد. ئەم خواستەی کورد کورتی هێنا، زۆریان حەز بەوە دەکەن لە ئەوروپای ڕۆژئاواو ئەمریکای باکوور بە پەنابەر وەربگیرێن.

نەتەوە یەکگرتوەکان جەخت لەسەر باسی کێشەی کورد و جینۆسایدی کورد لەلایەن سەدام حوسێنەوە ناکات، تا ئەم ساتەوەختەیش ویلایەتە یەکگرتوەکان هیچ ئارەزوویەکی پیشان نەداوە وەك پەنابەر وەریان بگرێ. مایی لێرەدا دەپرسێ: ئەری کێ لەمان زیاتر دەکەوێتە بەر مەترسیی چەوساندنەوە؟ بە هەرحاڵ، ویلایەتە یەکگرتوەکان لەم دواییەدا ٣٠٠ خێزانی پەنابەری وەرگرت.

مایی، بە دەروونی پڕ لە زووخاوەوە، دەڵێ: ((عیراقیەکان ڕۆژانە هەزاران کورد دەکوژن، کەچی کەس هەر باسیشی ناکات! ئێستا باسی مافەکانی مرۆڤ دەکەن! مافی مرۆڤی چی! باشتر وانییە خەمخۆری مافەکانی پەترۆڵ بن، لەجیاتی مافەکانی مرۆڤ؟!)).

ئەنجومەنی پیران

**وتاری Mr. Pell لەبابەت جەنگی کەنداوەوە**

٢٨ی شوباتی ١٩٩١

بەڕێز سەرۆك، ئێستا لەوە دەچێ جەنگی کەنداو بەرەو کۆتایی بڕوات. سوپای ئەمریکی و هێزە هاوپەیمانەکانمان سەرکەوتنێکی سەرسوڕهێنیان

بەدەست هێنا. حەز دەکەم ڕۆڵی چەکدارەکانمان، بە پیاو و ژنەوە، بەرز بنرخێنم، ئەرکەکەیان زۆر پیشەکارانە و بوێرانە ئەنجام دا. هەموو ئەمریکیەکان دەستیان بە سنگەوە بۆ دەگرن بۆ ئەو ڕۆڵەی وا لە ڕزگارکردنی کوێتدا بەجێیان هێنا.

ئێمە فرە سوپاسگوزارین کە ئەمریکیـەکان و هاوپەیمانـەکانیان زەرەرێکـی زۆر کەمیان لێ کەوتووە. هـەرگیز لـە مێـژوودا ڕووی نـەداوە، لـە هەڵمـەتێکی ئـاوا گەورەی عەسـکەریدا، زیـانی دوژمـن ئەوەنـدە گـەورە و قوربانیـانی لایـەنی بـراوە ئەوەندە کەم بێ. لەگەڵ ئەوەیشدا، دڵم بـۆ خێـزان و هاوڕێکـانی ئـەو ٧٩ پیـاو و ئافرەتـەی کـە لـەپێناوی وڵاتەکـەمان و بەدەسـتهێنانی سـەربەخۆییدا ژیانیـان لـە ئۆپەراسیۆنی گەردەلولی بیاباندا لەدەست دا، لە حەسرەت و خەفەتدایە. هـەموو جیهان خۆکردنە قوربانیی ئەمانە بەرز دەنرخێنێ.

هەروەها ئێمە هاوسۆزی گەلی کوێتین لەو کارەساتە سامناکەدا کە تووشـیان بوو. ئەو نەهامەتییەی کە ئەوان دوچاری بوون و حەوت مانگی خایاند، بە ئاسـانی باسی ناکرێ. هەروەها نابێ قوربانیەکانی تری "سەدام حوسـێن"مـان لـەیاد بـچێ کە کوردەکانن، ئەوان بوون بە گازی ژەهراوی هێرشیان کرایە سەر، ئەوان بوون بە هەزارەها دێهاتیان کاول کرا.

من، بە هەمان شێوە، گەلی عیراق و سەربازەکانی دێنمەوە یادی خۆم، ئەوانیش کۆیلەی دەستی "سەدام حوسـێن"ن. گـەلی عـیراق دەکەوتـە بـەر زەبـری بوردومـانی ئاسمانی و شارەکانی نزیکەی سەد سـاڵە وەختێـك دوا کـەوتن؛ ئەمانـە هـەموو لەبـەر خاتری ئەوەی سەدام حوسێن ئارەزوو و حەزی مەزنایەتیی بهێنێتە دی.

سەربازی عیراقی، زۆربەیان، سوخرەکێش بوون، خۆراکیـان کـەم و هەژارانـە بوو، دەکەوتنە بەر هەڕەشەی دەسڕێژ بۆ ئەوەی خۆیان بەدەستەوە نەدەن، واتە سەربازیش قوربانیی سەدام بوو. ئێستاکە دەبێ ئاگامان لە بارودۆخی پاش جەنگ بێ و قازانجمـان لـە سـەرکەوتنی چـەکەکانماندا زۆر کـەم دەبـێ، ئەگـەر نـەتوانین ئاشتی مسۆگەر بکەین.

دەبێ لە بەشی سەرەوەی لیستی پاش جەنگدا جێگە بۆ دوارۆژی سیاسیی عێراق دابنێین. ڕۆژەکانی سەدام حوسێن، لە دیدی مندا، بەرەو تەواو بوون دەڕۆن. سەدام تەنگژەیەکی بێپێشینەی خستووەتە وڵاتەکەیەوە، یەکەم جار لە جەنگی هەشت ساڵەی دژ بە ئێراندا کە ٢٥٠ هەزار* کوژراوی لێکەوتەوە و وڵاتەکەی خستە بەر فشاری قەرزاری، ژێرخانی ئابووریی داوەشاند، سوپاکەیی تووشی کولەمەرگی کرد و بە هەزاران عیراقی گیانیان لەدەست دا. ئەمە بارودۆخێکە هیچ فەرماندەیەکی تر تاسەر بۆی قبووڵ نەدەکرا.

ئێمە دەبێ کارێکی وا بکەین جێگرەوەی دیموکراتی بخەینە جێی سەدام حوسێن. ئێستاکە هاوپەیمانییەکی کورد و عەرەبی شیعە و هەندێ گرووپی تر هەیە، پلانی جێگرەوەی دیموکراتیان کردووە بە بەرنامە، ئەم جێگرەوەیە زامنی حوکمی ئۆتۆنۆمییە بۆ کورد، بۆ ئەو گەلەی کە ژانوژووری زۆری لەم ڕێگەیەدا چێشت. دەبێ ئێمە پشتگیری لەم هەوڵانە بکەین و نایشبنێ ڕێگە بە جەنراڵێکی تری سوننەی عەرەب بدەین —ئەمانە تەنها سەدی پازدەی عیراق پێك دێنن— بێتە جێگەکەی سەدام و دەسەڵاتێکی ئۆتۆریتاری لە عیراق دابمەزرێنێ. حکوومەتی عەرەبی سعوودی جێگرەوەی خۆی بۆ حوکمی تازەی عیراق هەیە. هەرچەندە من زۆر دڵبەندی هاوپەیمانە سعوودیەکانم، بەڵام بۆ خۆیان خاوەنی حکوومەتێك نین مانای دیموکراتی بزانێ چییە. دەبێ جێگرەوەی ئێمە و ئەوان جیاواز بێ.

دەبێ کاری هەرە لەپێشەوەی داهاتووی دوای جەنگیان بەربەستکردنی ناردنی چەك بێ بۆ وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. سەیرو سەمەرە ئەوەیە ئەو وڵاتانەی وا عەمارەکانی عیراقیان پڕ کرد لە چەکی مۆدێرن، هەموویان ئێستا لە هێزی هاوپەیمانی دژی عیراق بەشدارن. ئەم فرۆشیارانەی کە چەك بە عیراق دەفرۆشن، لەوانەیە عیراقیان هان دابێ تا زیاتر شەڕەنگێز بێ. دەبێ وڵاتەکانی

* ئەم ژمارەیە ڕێژەیەکی یەکجار کەمی کوژراو و پەککەوتەی ئەم جەنگەیە. [وەرگێڕ]

ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت هـەموو سەرچـاوەکانیان تـەرخان بکـەن بـۆ گەشـەدان بـە وڵاتیان. ئەم وڵاتانە خاوەنی سەرچاوەی زۆر دەگمـەنن، وەلێ بـۆ کـاری ترسـناکی عەسکەری بەکاریان دێنن و دەیکەن بە هۆکارێك بۆ نائارامیی ناوچەکە.

لە کۆتاییدا، پێویستە لەسـەرمان هەوڵـەکانی پـاش جـەنگ دووجـار چڕپڕتر بکـەین، بـۆ دۆزینـەوەی ڕێگەچـارەی ئاشـتیانە بـۆ هـەموو کێـشەکانی ناوچـەکە، وەکـوو: هـەرای نێـوان عـێراق و کوێـت، پێکـدادانی عـەرەب و ئیـسرائیل، جـەنگی ئەهلیی نێو لوبنـان و ئـەوەی وا مـن لێـرەدا حەزدەکـەم بیخەمـە پـاڵی– خواسـتە ڕەواکانی میللەتی کورد.

سەرۆکی بەڕێز، ئەمە بردنەوەیەکی گەورە بوو بـۆ ویلایەتـە یـەکگرتوەکان و نەتەوە یەکگرتوەکان. ئێستا ڕووبەڕووی بەرهەڵستییەکی تازە دەبینەوە. بەهیوام سیاسەتمەدارەکانمان هەمان ئازایەتی و هەمان لێهاتوویی پیشان بدەن کە لە پیـاو و ئافرەتە سەربازەکانمان وەشانەوە.

ئەنجومەنی پیران

**کورد و تورکی قوبرسی: نەزمێکی تازەی جیهان بۆ کێ؟**

وتاری کرانستۆن، ٧ی نیسانی ١٩٩١

سەرۆکی بەڕێز، مەینەتیی کەسانی دژ بە سەدام حوسێن، پێش پـەلاماردانی کوێت لە دووی ئابدا و هی٣ ملیـۆن کـوردی عـێراق دوای ئـەم داگیرکردنـە، خـەمی تایبەتی ئێمە بووە.

زۆر کەمن ئەو گەلانەی کە ئەوەنـدە گرفتـاری دەردیسەری بـووبن و لەگـەڵ ئەوەیشدا پشتگوێ خرابن. هێنری کیسنجەر وەزیری دەرەوەی ئـەمریکا و شـای ئێران، ڕێککەوتننامەیەکیان لە ناوەڕاسـتی سـاڵانی حـەفتادا ئیمـزا کـرد، پـشتمان کردە کوردەکان کە لەوەوپێش هاوپەیمانمان بـوون، بـەو ڕێککەوتنـە ڕێگـەمان بـۆ چەوساندنەوەی خوێناوی خۆش کرد.

به دەیان هەزار کورد، لەم ساڵانەی دواییدا، ڕاپێچی زیندانەکان کراون، ئەشکەنجە دراون و بەدەستی هێزە دڕندەکانی سەدام کۆمەڵکوژ کراون. نیو ملیۆن کورد لە زێدی شاخاویی باووباپیران، لە کوردستان، دەرکراون.

لە ژمارەی ئەم بەیانیەی "واشینگتۆن پۆست"دا، وەزیری پێشووی خزمەتگوزاری دەیڤید کۆرن David korn وتارێکی دڵتەزێنی لەسەر مەینەتیی ئەم گەلە نووسیوە بە سەردێڕی ((کوردی عیراق پشتگوێ مەخەن– ئەمە هەڵە و کورتبینیی سیاسییە)) [ The Washington Post. March ٧, ١٩٩١ ]. ئەم جۆرە وتارە، بە ڕاستی جێگەی سەغڵەتییە، لەوە دڵنیانیم دەبێ بنووسرێ یان! هەرچۆنێك بێ، کۆرن دەڵێ:

کاتێ پێشەوای کورد "جەلال تاڵەبانی" لەم دواییەدا سەری لە واشینگتۆن دا، هیچ کاربەدەستێکی ڕەسمیی وەزارەتی دەرەوە یا کۆشکی سپی پێشوازیی لێ نەکرد. ئیدارەی ئەمریکی، تەنانەت لە بواری مافەکانی مرۆڤیشدا، ئاخافتنی لەگەڵ تاڵەبانیدا قبووڵ نەکرد، یاریدەدەری وەزیری دەرەوە بۆ کاروباری مرۆڤایەتیش چاوپێکەوتنیی ڕەت کردەوە. نوێنەرەکانی تری کورد لە واشینگتۆن دانیشتوون، خواخوای ئەوەیانە گچکە بەرپرسێك لە وەزارەتی دەرەوە گوێیان بۆ شل بکات.

بۆچوونێك –لە دیدی "کۆرن"دا هەیە، منیش هاوڕام، دەڵێ: نامۆییکردنی ئیدارەی ئەمریکی دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندیەکانمان لەگەڵ تورکیادا، ئەم وڵاتەیش لە ئاستی خۆیەوە گوڕی بە هەڵمەتی چەوساندنەوەی دانیشتوە کوردەکانی خۆی داوە. وەکوو کۆرن دەڵێ: حکوومەتی تورکی لە قووڵاییەوە نیگەران دەبێ، ئەگەر ببینێ حکوومەتی ئەمریکی کارێکی ئەوتۆ دەکات بۆ دابینکردنی حوکمی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکانی عیراق، چونکە بۆ خۆی (واتە حکوومەتی تورك) ئەم مافەی لە کوردەکانی خۆی زەوت کردووە.

بەڕێز سەرۆك، کەس نکوولی لە بایەخی تورکیا، وەك ئەندامی ناتۆ، یا لەو ڕۆڵەی وا ئەم وڵاتە لەم جەنگەی کەنداودا بینیی، ناکات. بە هەرحاڵ، من پرسیاری

ئەوە دەکەم: پەیوەندیەکانمان لەگەڵ تورکیادا چۆن دەبوو ئەگەر پێشێلکاریەکانی مافەکانی مرۆڤی تورکیامان بە ڕاستی ڕەچاو بکردایە. من وەك سەلماندنێکی قەبەتر هەر لەم بوارە، سەرنجتان بۆ داگیرکردنی بەشێکی قوبرس ڕادەکێشم.

بردنەوە لە جەنگی کەنداودا، سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ یاسای نێودەوڵەتی. بەڵام هێشتا، هەر وەکوو نەتەوە یەکگرتوەکان بە یەك قورگ قسە دژ بە دەستدرێژیی عیراق بۆ سەر کوێت دەکات، بە هەمان ئاستیش ئەنجومەنی ئاسایش چەندین پڕۆژە بڕیاری کشانەوەی تورکی لە قوبرس داوە.

هەموو جیهان چاوەڕێی ئەو ڕۆژە دەکات کە هێزەکانی تورکیا ئەو دوورگەیە بەجێ بهێڵێ و ڕێز لە سەروەری و سەربەخۆیی و یەکپارچەییی خاکەکەی بگرێ.

سەرۆکی بەڕێز، من لێرەدا داوا لە ئیدارەی کۆشکی سپی دەکەم بڕەو بە جێبەجێکردنی حوکمی یاسای نێودەوڵەتی بدات، هانی ئەوەیان دەدەم دەستی عادیلانە (بۆ دەستگوشین) بۆ کورد درێژ بکەن، لە هەمان کاتیشدا بە تورکیا بڵێن: هەموو جیهان چاوەڕێی چارەسەری بەویژدانانەی کێشەی قوبرس دەکەن.

بەڕێز سەرۆك، داوای ئەوەیش دەکەم وتاری "واشینگتۆن پۆست" بە هەند بگیرێ و بە چاپکراوی بخرێتە کۆماری ئەنجومەنی پیرانەوە، بە هەمان شێوەیش مامەڵە لەگەڵ وتەکەی پیتەر کالبرێس ئەندامی دەستەی کۆمیتەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی سەر بە پیران بکرێ، وتەکەیشی وەکوو لای خوارەوەیە:

### تێبینیەکانی پیتەر گالبرێت

ئەمرۆ هەموو جیهان سەرنج دەداتە دوا قوربانیی سەدام حوسێن کە گەلی کوێتە. لەگەڵ ئەوەیشدا، کوردەکان یەکەم قوربانی و بۆ درێژترین مەودا، چەوساوەی ژێردەستی سەدام بوون. گوشاری دڵ لەوەوە دێت کە زۆربەی قوربانیە کوردەکان لە شوێنێکدا دەچەوسێنرێنەوە، دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهانی لەبەر ستراتیجی سیاسی و هۆکاری جوگرافی، پشت گوێیان دەخات. من

پەنجەرەیەکی کراوەم هەیە کە بەشێك لە بەسەرهاتی ٣ ملیۆن خەڵکی کوردستانی عیراقی لێوە دەبینم و ئەم بەئاگابوونەم دەکەمە بابەتی سەرەکیی قسەکانی ئەمڕۆم.

بۆ خۆم، بەهۆی پەیوەست بوونمەوە بە کۆمیتەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی پیرانەوە بۆ خەملاندنی چۆنێتیی جەنگی ئێران– عیراق، دوو جار سەرم لە کوردستانی عیراق داوە؛ یەکەم ساڵی ١٩٨٤ و دواجار لە ساڵی ١٩٨٧دا. لە ماوەی نێوان ئەم دوو سەردانەدا توانیم ببمە شایەتحاڵی خراپتربوونی مامەڵەکردنی کوردی عیراق لەلایەن حکوومەتی عیراقەوە.

ساڵی ١٩٨٨، ئێش و ئازاری کورد، چۆکیان دایە سەر سنگی ویژدانی جیهان، یەکەم بەهۆی ڕاپۆرتە زەقەکانی تایبەت بە کیمیابارانی شاری هەڵەبجەی کورد، دواتر کۆڕەوی پەنابەری کوردەوە کە لە باکووری عیراقەوە بەرەو سنوورەکان دەکەوتنە ڕێ و چیرۆکی گازبارانی سوپای عیراقییان دەگێڕایەوە.

سەبارەت بە پێشنیارەکەی سیناتۆر پێڵ کە داوای پرۆژە بڕیاری گەمارۆی سەر عیراق دەکات بۆ تەمێکردنی دەرهەق بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژ بە کورد، کۆمیتەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی پیران داوای لێ کردم، بە سەرۆکایەتیی شاندێك، سەر لە عیراق بدەم و بەدوای بەڵگەی بەکارهێنانی ئەم چەکەدا بگەڕێم. یەکەم، بۆ دووپاتکردنەوەی ئەو خاڵە سەرەکیانەی کە ((کۆمیتەی گەڕان بەدوای ڕاستیدا)) لەلایان گەڵاڵە بووبوو، ئێمە بەڵگەی بەهێزمان دۆزییەوە کە عیراق کیمیاییی دژ بە مەدەنیە کوردەکان لە باکووری عیراق بەکار هێناوە.

ئەم چەکە بە چڕوپڕی لە ١٩٨٨/٨/٢٥دا بەکار هێنراوە. ئەم شاڵاوە بۆ تێکشکاندنی ڕاپەڕینی کورد بوو. هێرشەکانی کیمیاباران بەشێك بوون لە سیاسەتی عەسکەریی عیراقی کە مەبەستی سەرەکییان کەمکردنەوەی دانیشتوانی کورد بوو لە گەلێ شوێنی کوردستانی عیراقدا: ئەمانەیش بڕگەکانی ئەم سیاسەتە بوون:

١. کاولکردنی گوندەکان و شارۆچکەکان بە درێژاییی کوردستان.

٢. گواستنەوەی کوردەکان بۆ ئەو جێیانەی کە لەژێر کۆنترۆڵی عەسکەریدا بوون و ژمارەیەکی زۆریان لەو ئۆردووگایانەدا کۆ دەکردەوە.

٣. دەربەدەرکردنی کوردەکان بۆ شوێنەکانی دەرەوەی کوردستان.

٤. بەکارهێنانی تاکتیکی تۆقاندن، لەوانە: بەکارهێنانی گازی کۆمەڵکوژ بۆ چۆڵکردنی ئەو شوێنانەی کە دەیانویست کوردقڕانی تێدا ئەنجام بدەن.

ئەم سیاسەتە لەوپەڕی بێویژدانییەوەیە و وەك گاڵتەکردنێکە بەڕای جیهانی و یاسای نێودەوڵەتی. شاندەکەمان، لە پرۆسەی بەدوای ڕاستی گەڕاندا، توانیی پەلاماری کیمیابارانی سەر ٤٩ گوند بکاتە بەڵگەنامە، لەو باوەڕەیشداین ژمارەکە زۆر لەمە زیاتر بێ. دوابەدوای کیمیاباران، هێرشی عەسکەری دەستی پێکردووە، خەڵکێکی زۆر لەم هێرشانەدا، کە لە ژیاندا مابوون و نەیانویستبوو خاکەکەیان بەجێبهێڵن یا نەیانتوانیبوو بگەنە پەناگاکانی تورکیا، قەتڵوعام کرابوون. بەهۆی چاوپێکەوتنەوە، لەو ناوچانەدا، بۆمان دەرکەوت ژمارەی قوربانیانی کیمیاباران و هێرشە عەسکەرییەکانی دوای کیمیاباران، بە هەزاران مەزەندە دەکرێ. ئەمانە و ئێمە تەنها توانیومانە بچینە ئەو ناوچە کوردیانە کە لە تورکیاوە ڕێگەی پێگەیشتنیان هەیە، یا لە تورکیا بوونەتە پەناگە. واتە ئەگەر ئەم کیمیابارانانە لە قووڵاییی کوردستان و لە شوێنی تردا ڕووی دابێ، ئەوە ژمارەکە دەبێتە دەیان هەزار یا سەدان هەزار.

ئێمە ژمارەی ڕاستەقینەی کۆی کوژراوەکان نازانین. بە هیچ ئاستێکی دڵنیابوونەوە نازانین کتومت، لە ساڵی ١٩٨٨وە چی لە کوردستانی عیراق ڕووی داوە. سەربازەکانی عیراق سنووریان لەگەڵ تورکیادا، لە سەرەتای ئەیلوولی ١٩٨٨وە، داخستووە. بێدەنگییەکی کوشندە باڵی بەسەر کوردستاندا کێشاوە و کەس ئاگای لەوە نییە چی دەقەومێ.

www.zheen.org

٦٥ هەزار کورد، لە حەفتەی کۆتاییی ئاب و حەفتەی یەکەمی ئەیلوولی ١٩٨٨دا، بە شێوەیەکی چاوەڕێنەکراو لە سنووری هاوبەشەوە هاتنە تورکیاوە. هەرچەندە هەریەکە لە شوێنی جیاوازەوە، لە دێهاتە شاخاویەکانەوە، هاتبوو، هەموویان هەمان جۆرە شێوازی پەلاماردانی دەگێڕایەوە. ڕێگەم پێبدەن چۆنێتیی ئەم پەلاماردانەتان بۆ باس بکەم:

فڕۆکە جەنگیەکان و هەلیکۆپتەر، لە شەفەقی ڕۆژی ٢٥ی ئابی ١٩٨٨دا، بۆمبای پڕ لە گازی کیمیاییان بەسەر گوندەکانی دهۆك، زاخۆ و ئامێدیدا، ئەم ناوچانە دەکەونە باکووری عیراق، بەردایەوە. هەر فڕۆکەیەك چوار بۆ هەشت بۆمبای بەردەدایە خوارەوە. خەڵك ئەم بۆمبایانەیان وەك قوتووی سەوز وەسف دەکرد، دەنگێکی نزمیان لە کاتی تەقینەوەدا لێوە دەهات، لە شوێنی تەقینەوەکەیشەوە هەورێك دروست دەبوو. ڕەنگی هەورەکە بە سپیی زەردنوێن وەسف دەکرا. دوای تەقینەوەکە بۆی سیر و پیازی بۆگەن یا سێوی خراپبوو، یان مەعدەنووسی کۆن دەهات.

ئەوانەی بەر ئەم گازە دەکەوتن، دەماودەم یان زۆر خێرا گیانیان دەسپارد. تەرمەکانیان– وەك باسیان لێوە دەکرد– وەك لە سەرمادا بەستراو، یا لە چەند حاڵەتێکی تردا ڕەش‌وشین هەڵگەڕاو، دەکەوتنە بەرچاو. مانەوە لە ژیاندا یان مردن کەوتبووە دەست با، با گازەکەی بە سەرێکدا بدایە، ئەو کەسە دەبوو بە قوربانی. لە بۆنەیەکدا، لە دایکێکم بیست منداڵەکانی تەنها ٢٠ یاردە لە خۆی دوور بوون، هەموویان ماڵئاواییان لەم دنیایە کرد. خۆشبەختانە خۆی ئازارێکی ئەوتۆی پێنەگەیشتبوو.

بەپێی وەسفی ڕزگاربووەکان؛ ئاژەڵەکان بەلادا دەکەوتن، باڵندەکان لە ئاسمانەوە دەکەوتنە خوارەوە. دواتر، سەربازەکان بە بەرگی تایبەت بە پارێزەوە دەهاتنە ناو گوندەکان. لە چەند شوێنێکدا، گوندی (بازە) وەك نموونە، سەربازەکان لوولەی ڕەشاشیان دەکردە خۆڕزگارکردوو و بریندارەکان، هەموویان

دەکوشتن و بە بلدۆزەر فڕێیان دەدانە ناو گۆڕی بەکۆمەڵ. ئەم وەسفە پێکهاتەی شایەتیی سەدان کەسە کە چاوپێکەوتنیان لەلایەن تیپەکەوە لەگەڵدا کراوە. ئەوانەی چاومان پێیان کەوتووە، لە کامپە سەرەکیەکاندا یا لە شوێنی کۆکردنەوەیاندا بوون. چاوپێکەوتنەکان دوو حەفتە دوای ڕووداوەکەی وا باسمان کرد، جێبەجێ کران و هەموو جۆرە کەشێکمان چاو پێکەوت: لەوانە چەکدارەکان (پێشمەرگە)، پیاوی مەدەنی، ئافرەت و زارۆك؛ هیچ کێشەیەکمان لە دۆزینەوەی شایەتحاڵدا نەبوو. لەڕاستیدا من وای حیساب دەکەم کە نیوە بۆ سێ‌لەسەرچواری دانیشتوانی کەمپەکانی پەنابەری، بە چاوی خۆیان ڕووداوەکەیان بینیبوو وە شایەتییان دەدا، هەموویشی، بەوشێوەیە بوو کە لەسەرەوە باس کراوە.

شایەتحاڵەکان– Eye-Witness، بەپێی یاسای وڵاتەکەمان، بە باشترین سەرچاوەی بەڵگەکان دادەنرێن. لەپاڵ ئەم ڕاستیانەیشدا، ئاسەواری جەستەییی ئەم هێرشانە دەبینرێ. تیپێکی پزیشکیی ئەمریکی ئەو بریندارانەیان فەحس کرد کە بەرکەوتبوون، نیشانەی برین و نەخۆشیی ئاکامەکانی بەکارهێنانی چەکی کیمیاییان دۆزییەوە. تاقمێکی تەلەفزیۆنی بریتانی، بە ڕێبەریی Gwynne Roberts چووە عیراقەوە و پارچەی بۆمبای لەژێر زەوی دەرهێناو پشکنییان و پاشماوەی گازی خەرتەلەیان دۆزییەوە، وەکوو دەزگاکانی ڕاگەیاندن باسی دەکەن، وەزیری دەرەوە، شۆڵتز، بۆیە عیراقی شەرمەزار کرد، چونکە بەڵگەی تەکنیکیی لەبەردەمدا بوو کە عیراق بە کردەوە چەکی کیمیاییی بەکار هێناوە.

لەڕاستیدا، کاتێك مەسەلەی کاردانەوەی گونجاو لە ئاستی بەکارهێنانی چەکی کیمیاییدا لەلایەن عیراقەوە، بە گەرمی باس دەکرێ و کەوتووەتە کێبڕکێوە، لەلایەکەوە سیناتۆرەکان دەیانەوێ گەمارۆی مەحکەم بخەنە سەر ئەم وڵاتە، لەلایەکی ترەوە ئیدارەی ڕۆناڵد ڕێگان حەز بە هیچ کارێکی وا ناکات. کەسێك نییە بەوە قایل نەبووبێ کە عیراق بەبەڵگەوە چەکی کیمیاییی بەکار هێناوە. ڕێگەم بدەن لەم ئاستەوە دوو خاڵی تر بوروژێنم، پەیوەندییان بە بەکار

هێنانی ئەم چەکە ژەهراوییەوە هەیە کە بەسەر کورددا دابارێنراوە؛ یەکەم ئەم چەکە لە ٢٥ی ئابی ١٩٨٨دا بەکار هێنرا کە دەکاتە پێنج ڕۆژ دوای ئاگربەستی جەنگی عیراق– ئێران. دووەم، ئەو کەسانەی ژەهراوی کران چەکدارە کوردەکان نەبوون*. چەکدارەکان بنکەیان لەناو شاخەکانی باکووری عیراق دروست کردبوو، ئەم چیایانە ڕووتەن و بێدرەختن، لەبەر ئەوە بنکەکان بە ئاسانی لە ئاسمانەوە دەبینران و نیشانەیەکی ئاسان بوون بۆ هێزی ئاسمانیی عیراق، لەگەڵ ئەمەیشدا ڕژێمی عیراق لادێکانی کردە نیشانە و بە ئەنقەست ژنو منداڵ و پیاوی بێچەکی کۆمەڵکوژ کرد.

هێرشەکانی چەکی کیمیاییی عیراقی پاساویان نەبوو، شۆڕشی کورد، بەبێ چەکی کیمیایی و بەبێ کۆمەڵکوژی مەدەنییەکانیش، سەرکوت دەکرا. لەباتی کوژانەوەی شۆڕش، حکوومەتی عیراقی مەدەنییەکانی کرد بە نیشانە. گەلی کورد ئەم ڕژێمەی نەدەویست، هەر لەبەر ئەوەیش بوو بە دڕندەترین شێوە سزای دانیشتوانی کورد درا. گازی ژەهراوی تەنها یەك بەش بوو لە زنجیرەی سیاسیی عیراقی دژ بە کورد. لەکاتی سەردانەکەی ئەیلوولی ١٩٨٧مدا، لە ڕێگەی نێوان بەغداد و جەلاولا و دەربەندیخان و سلێمانی و کەرکووکدا، زیاتر لە ٤٠ گوندم ژمارد کە تازە خاپوور کرابوون. دیمەنی ئەم دەشتانەی کوردستان، کە پێشتر نیشتەجێیەکی دڵگیر بوون، ئێستا بووەتە جێگەی مەترسی و چۆڵەوانی و گۆڕستان.

گوندەکانیان دوورەدەست نەبوون، لەسەر ڕێگە سەرەکییەکانی کوردستان بوون، هیچ کارێك ڕووی نەدەدا کە لە پاساویدا ئەم دێهاتانە کاول بکرێن، لە سیاسەتی سەرکوتکردنی مەدەنیی بێتاوان بەولاوە، شتێکی تر لەئارادا نەبوو.

---

* لێرەدا دوو تێبینی پێویستە: یەکەم کیمیاباران لە ١٩٨٦/٣/١٦دا لە هەڵەبجە ڕووی دا. دووەم پرۆتۆکۆلی ساڵی ١٩٢٥ی جنێڤ، چەکی کیمیایی دژی چەکدار و بێچەك وەکوو یەك قەدەغە کردووە. [وەرگێڕ]

پـیٚشـەنگەکانی کـورد ٣٨٩٧ گونـدی وێرانکراویـان، بـە هـەزاران قوتابخانـە و سـەدان کڵێـسە و مزگـەوتی کۆنـەوە، کردووەتـە بەڵگەنامـە. ئـەو دانیـشتوانەی وا جێگەیان پێ لێژ کردن، خراوانەتە ئەو شـارو شارۆچـکانەوە کـە تائێـستا مـاون و بـە پەنجـەی دەسـت دەژمێـردرێن. ئـەم شـوێنە تازانـە کراونەتـە کـەمپی خڕکردنـەوە "Concentration Camp" ژیانی لەژێر کۆنترۆڵی پۆلیسیدا تێدا دەبرێتە سەر. ئەمە و ژمارەیەك لەم کەمپانە دەکەونە دەرەوەی سنووری کوردستان. کارێکی مەحاڵە بۆ من بتوانم ژمارەی کوژراوەکانی ئەم سیاسەتانە هەژمار بکەم، بەڵام ئەوەی دروستە بیری لێ بکەیتەوە، ئەوەیە کە ئەم ژمارەیە زۆرە. ئەم پرۆگرامەی قەڵاچۆکردنی دانیشتوان، دڵڕەقانە ئەنجام دەدراو کولتوورێکی دەوڵەمەندی کۆنی تێك دەدا.

لە کۆتاییدا، دەمەوێ —وەك سەرنجێك— ئەو ڕاستییە بـاس بکـەم کـە کـورد قوربانیی پێشێلکارییەکی مافەکانی مرۆڤە هەموو دانیشتوانی عیراقی گرتووەتەوە: پێشێلکاریەکان، بریتین لە ئیعـدامکردنی بەپەلـە، ئەشـکەنجە، زینـدانیکردن بـەبێ دادگا و زەوتکردنی ئازادییە بنچینەیی‌یەکان. ڕژێمی عیراقـی خـاوەنی داهێنـانێکی تازەیە، خاوەنی بیرۆکەی ئەشکەنجە و کوشتنی منداڵە بۆ تۆڵەسەندنەوە لە دایك‌و باوکیان، یا ناچارکردنیان کە ملکەچی سیاسەتی ڕژێم بن. ئەمنیستیی نێودەوڵەتی ڕاپۆرتی لەسەر ئەوە داوە کە دایك و باوك ناچـار کـراون پـارە بـدەن بەرامبـەر بـە وەرگرتنەوەی لاشەی پارچەپارچەکراوی منداڵەکانیان.

عیراق کوشتنی کوردەکانی زۆر بە ئاسایی بـۆ گونجـاوە. بەگـشتی، وەڵامـی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ وێرانکردنی کوردستان، بگـرە بـۆ قـەتڵوعامی مەدەنیـە کوردەکان لەلایەن حکوومەتی عیراقەوە، بێدەنگی بوو. وەکوو زۆربـەی بـەڕێزتان ئاگـادارن، سـاڵی ١٩٨٨، ڕاسـتەوخۆ دوای گەیـشتنی ڕاپۆرتـەکانی تایبەتـە بـە کیمیابارانی خەستی کوردەکانی عـیراق، هـەردوو سیناتۆر پـێڵ و هـێڵمس پـڕۆژە یاسـایەکی سـەپاندنی گـەمارۆی دارایـی و ئـابووریی چـڕوپڕیان بەسـەر عـیراقدا، پێشکەش کرد و ئەنجومەنی پیرانیش لە ئاسـتی خۆیـەوە جـەختی لەسـەر پـڕۆژە

بڕیـــاری قەدەغـــەکردنی جینۆســـاید کـــرد، ئـــەم جەختکردنـــە ڕۆژێـــك دوای پێـشکەشکردنی پڕۆژەکـە هـات، ئـەم خێراییـەیش بێپێـشینە بـوو. هەرچـۆنێك، جێگـەی نیگەرانییـە، چـونکە ئەمـە پـڕۆژە یاسـایە، نەگەیـشتە ئاسـاتی یاسـای جێبەجێکردن. گەلێ ((بەرژەوەندی تایبەت)) یا ڕێگر بوون یـان هـەر نەیاندەویست جێبەجێ بکرێ. ڕێگرەکان ئیدارەی ڕۆناڵد ڕێگان و خاوەنی بەرژەوەندی بازرگـانی بوون. ئەمانەو مانۆڕی خۆیان، تا دوارۆژ –سەدەم ڕۆژ– ی کۆبوونەوەی کۆنگرێس پڕۆژەکە لەسەر کاغەز مایەوە.

(ماددەی قەدەغەکردنی جینۆساید)، تەنها کاردانەوە بوو لـە هـەموو جیهانـدا، لە ئاستی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤی کورد و ڕێزنەگرتندا لە یاسای نێودەوڵـەتی. بەرامبـەر بـە هـەموو ئـەم کارانـەی عـێراق، تـەنها کاردانـەوە ئـەوەبوو لـە ڕێگـەی وەزیرەکانی دەرەوەیانەوە، وەك چاولێکەرییەکی هەڵوێستی وەزیـری دەرەوەمـان، شۆڵتز، وتەیەکی ئیدانەکردنی کوشتاری گازی ژەهراوییان، پێشکەش کرد.

کاتێك سەدام کوێتی داگیر کرد، پشتی بەوە ئەستوور بوو کە جیهان، هەموو جیهـان، وەك جـاری جـاران کاردانەوەکـەیان کـەم هێـز دەبـێ، یـا هـەمان بێهەڵوێستیی کیمیابارانی گەلی کوردیان دەبێ. بـە هـەرحاڵ، کوێـت ئێـستا ئـازاد کراوە، من هێشتا بە هیوام چەوساندنەوەی دووروودرێژی یەکەم قوربـانیی سـەدام حوسێن کە گەلی کوردە، لەیاد ناکەین. ناچێتە عەقڵی کەسەوە مافەکانی کورد لـە شوێنێکدا جێـی ببێتـەوە کـە ڕژێمێکـی دیکتـاتۆریی وەك ئـەوەی سـەدام حوسـێن حوکمی دەکات. سیستەمی جیهانی حوکمی ئۆتۆنۆمیی بۆ کورد دەستنیشان کـرد، کاتێك کۆمەڵەی نەتەوەکان League of Nation ((عصبة الامم)) دوابەدوای یەکـەم جـەنگی جیهـانی مانـداتی لەســەر عـێراق لابـرد. هەرچـۆنێك بـێ، کۆمەڵگـەی نێودەوڵـەتیی ئـەو سـەردەمە نەیدەویـست ئەمانـە بـۆ کـورد دابـین بکـات و دەیشیتوانی. ڕێـی تێدەچێ پاراستنی کەمایـەتیی کـورد لـە عـێراقدا، لـە هەنـدێ چوارچێوە و بەندی یاسای نێودەوڵەتیدا، هەبووبێ. بەگشتی، ئەگـەر ڕێزگـرتن لـە

www.zheen.org

مافەكانی مرۆڤ لە عیراقدا پەیڕەو بكرێ، ئـەوە كـورد و هـەموو هاووڵاتیـانی تـری عیراق مافە سیاسیەكان و بنچینەییەكانیان مسۆگەر دەبن.

ئۆپۆزسـۆن، كـە هەمیـشە بـەش بەشـن، بـە حیزبـە كوردیەكانـەوە، لەسـەر خاڵێك ڕێك كەوتوون، ئەویش دەستەبەركردنی پرۆگرامێكی دیمـوكراتیی سیاسـییە بۆ عیراقی دوای سەدام. من پێموایە ئەم ئارەزوومەندییە جێی ئومێدە. من باوەڕی پتەوم بەوە هەیە كە ویلایەتە یەكگرتوەكان و هاوپەیمانـەكانی دەتـوانن بەوپـەڕی تواناییانەوە یاریدەی ڕەخساندنی جێگرەوەی دیموكراتی لە عیراقی نوێدا بدەن. ئاوا جێگرەوەیەك باشترین هیوا بە كورد دەبەخشێ.

من دوابەدوای هۆلۆكست پـەروەردە كـراوم، كاتێـك بـەم ڕووداوە ترسـناكانە ئاشـنا كـراین، ئـەو نەوەیـەی ئێمـە ... هـەموومان بـووین بـە خـاوەنی یـەك بڕیـار (Never again) نابێ جـارێكی تـر ڕوو بـدات. بـەم بڕیـارە مەبەسـتمان لـەوە بـوو جارێكی تر نە دەبێ كاری وا ڕوو بدات، نە دەبێ بەبێ سزا بچێتە سەر.

كەسـێك نییـە بتوانـێ ڕووبـەڕووی كارەسـاتێكی ئـاوا قەبـەی وەك ئـەیلوولی ١٩٨٨ ببێتــەوە و خورپــە نەكەوێتــە دڵیــەوە. مــن گــەلێ وێنــەی ســەردانە پێــنج ڕۆژەیەكەی كوردستانم لە پشتی خەیاڵی خۆمدا تۆمار كردووە. پیرە دایكێكم، لـە قەدپاڵی شاخێكی مەزندا، بە تەنیا بەدی كرد، لەسـەر بوخـچەیەك دانیـشتبوو كـە هەموو سـامانەكەیی تێـدا پێچابووەوە، چـاوەڕێی داهاتوویـەكی نادیـاری دەكـرد، بارگیرەكەیـشی بــە كورتانــە خوریەكەیــەوە بــەو نــاوەدا، بــێ كــارو بــێ ئــەرك دەخولایەوە. پیرەمێردێكیش شـینو واوەیـلای بـۆ كوشـتنی منداڵـەكانی و منـاڵانی كوڕو كچەكانی دەكرد. ئەم وێنانـە بـە درێـژاییی ژیانم لەگەڵمدا دەمێننـەوە. مـن جارێكی تریش بەهیوام ئەم كارەساتانە بـەبێ چاوپۆشـی و بـەبێ بەرهەڵـستی ڕوو نەدەنەوەو هەرگیزاوهەرگیز دووبارە نەبنەوە بێتە دی.